# چەپکێک ڕوانگە و ڕەخنە

**کۆمەڵە وتار لەبارەی پرسی کورد**

**کامران ئەمینئاوە**

ناوی کتێب:     چەپکێك ڕوانگە و ڕەخنە
نووسەر:        کامران ئەمین‌ئاوە
پێداچوونەوە:    عەلی بداغی
دیزاینی بەرگ: چیمەن ئیلخانی‌زادە
دیزاینی نێوەوە: مەسعوود ڕەواندووست
نۆرەی چاپ:   یەکەم، ۱٤۰۰/۲۰۲۱
بڵاوکراوەی:     دەزگای"ڕۆشنگەری"، ئاڵمان

# پێرست

پێشەکی ........................................................................................ ٧

**کێشەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.......................................... ٩**

خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد و هۆیەکانی سەرنەکەوتنی ............................................ ١١

کورتەباسێك لەسەر ڕەمزی سەرکەوتنی بیری سەربەخۆییخوازیی لە ڕۆژهەڵاتی ............١٧

کێشەی کورد و دروشمی سەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.......................................٢٣

کورد و ناسیۆنالیزم و ئاواتی بەدەوڵەتبوون.................................................................٣٣

بزووتنەوەی نەتەوەیی–ڕزگاریخوازانەی کورد لە ئێران ................................................... ٥١

هەلومەرجی ئێستا و شەڕی چەکداری؟........................................................................٦٧

کورد لە ئەگەری ڕووخانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێراندا...................................................٧٥

خەمۆکیی سیاسی.......................................................................................................٨٧

بنەواشەی هەڵبژاردنەکان لە حکوومەتی ئیسلامیی ئێراندا ................................................. ٩١

چلو یەك گەورەتر لە پەنجاویەکە!.............................................................................. ١٠٥

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان فیدرالیزم و سەربەخۆییدا ...١٠٩

بنێشتەخۆشەی "ئەقلییەتی سیاسی".............................................................................. ١٢١

دروشمی ڕووخاندنی حکوومەتی تاران و ئێمەی کوردا!..................................................١٢٧

حیزبە کوردستانییەکان، کێشەی بەرە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ........................... ١٣١

گرینگی بەرەی یەکگرتووی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان...........................................١٣٣

بەربەستەکانی پێکهێنانی بەرە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.................................................١٣٧

حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کێشەی پێکهێنانی بەرە ........................................... ١٤٥

گرینگی بەرەی كوردستانی و كاری هاوبەش......................................................... ١٥٣
ڕەخنەگرتن بۆ كام مەبەست؟.......................................................................... ١٦١
كورد و ناتەبایی نەتەوەیی .............................................................................. ١٦٣
حیزبەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان و بیر و فەرهەنگی خێڵەكی!.................................... ١٦٧
حیزبە سێكۆلارەكانی كوردستان و ئایینەكان!...................................................... ١٧١
لەتبوونی حیزبی دێموكرات و شانتاژە سیاسییەكان! ............................................. ١٧٣
پرسی یەكگرتنەوەی دێموكراتەكان و چەند تێبینییەك!............................................ ١٧٧
حیزبی دێموكراتی كوردستان لە یادی ٧٢ ساڵەی دامەزرانیدا!.................................... ١٧٩
حیزبی دێموكراتی كوردستان دامەزرێنەری یەكەم كۆماری كوردستان ........................... ١٨٥
من و ڕۆژنامەی "كوردستان" ............................................................................. ٢٠٣
پێكهێنانی شۆڕای دێموكراسیخوازانی ئێران لە پێناوی چیدا؟ ..................................... ٢٠٧
تێرۆری شەوی یەڵدا!........................................................................................ ٢١٣
**مێژوویی، كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی............................................................ ٢١٥**
یادگاری شیرین............................................................................................ ٢١٧
ئەفسانەی دەوری یەكیەتیی سۆڤیەت بۆ پێكهێنانی كۆمەڵەی ژ.ك................................. ٢٢٣
كورتەباسێك لەسەر كەموكورتییەكانی وەرگێڕانی پەرتووكی مێژووی كوردستان........... ٢٢٩
كورتەیەك بۆ ناساندنی فیلمی"استاد"............................................................... ٢٤١
ژیان و بەسەرهاتی شاعیری شۆرشگێری كورد لاهووتی كرماشانی.............................. ٢٤١
زمانی زگماك هێڵی سوورە، بۆ گاڵتەپێكردن نابێت!............................................... ٢٤٥
ژنكوژی، شەرەف و نامووس و یاسا لە باشووری كوردستان....................................... ٢٥١
مرۆڤ لە بەرزەخی وتە و كردەوەدا ..................................................................... ٢٥٥
دادپەروەریی كۆمەڵایەتی و ئابووری لە "حكوومەتی بەڕاست ئیسلامیی ئێراندا" ............. ٢٥٩

مادەی سرکەر و قەیرانی ئینسانی لە ئێران ....... ٢٦٧

**کوردی ڕۆژهەڵات و هەرێمی کوردستان ....... ٢٦٩**

تامو چێژی زیندانی کوردان! ....... ٢٧١

"دار هۆرەی لەخۆی نەبێ، ناقەڵشێ!" ....... ٢٧٣

میدیای باشووری کوردستان و سووکایەتی کردنیان بە کوردی ڕۆژهەڵات!؟ ....... ٢٧٥

گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان و ئێمەی ڕۆژهەڵاتی ....... ٢٧٧

**موجاهیدین و ....... ٢٨١**

ئاکامی هێرشی دەوڵەتی عێراق بۆ بنکەی ئەشرەف ....... ٢٨٣

"ئاش بە نۆرەیە" ....... ٢٨٥

ئابڕووبەرەی ئابڕووچوو! ....... ٢٨٧

**وەرگێڕانەکان ....... ٢٨٩**

زمانی کوردی، گرووپی ئێرانی لە نێوان بنەماڵەی زمانەکانی هیند و ئورووپاییدا ....... ٢٩١

میدالیای سپایی ناودێر کراو بە "میدالیای کوردستان" ....... ٢٩٣

شەڕی ناگۆرنی قەرەباغ [قەرەباغی کوێستانی]هیچ شانسێك بۆ بووژاندنەوەی دادگەریی مێژوویی بە دەست کوردەوە ناهێڵێت! ....... ٢٩٥

## پێشەکی

ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکانی سێ دەیەی ڕابردوو لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی، ژیانی زۆربەی نەتەوەکانی ئەم ناوچەیەی تووشی ئاڵوگۆڕێکی چاوەڕواننەکراو و جیددی کردوە. لەو نێوەدا پرسی کورد وەك یەکێك لە سەرەکیترین کێشە چارەسەرنەکراوەکانی چوار دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان لە جێ خۆی ماوەتەوە و نەتەوەی کوردیش بۆ گەیشتن بە کەیان و سەروەریی نەتەوەیی خۆی بێپسانەوە و بەردەوام خەبات دەکات.

کۆتایی سەدەی ٢٠ و دەسپێکی سەدەی ٢١، سەردەمی ڕەنگدانەوەی کێشە و خەباتی کورد لە ئاستی جیهانداو، بە وتەیەکی دیکە بە جیهانیبوونی کێشەی نەتەوەیی کورد بووە. دامەزرانی هەرێمی باشوری کوردستان لە کۆتایی سەدەی پێشوو، بەرەنگاربوونەوەی گەلی کورد و بە تایبەتی حەماسەی کۆبانی لە بەرامبەر هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامیی داعش وەك دڕەندەترین و بێڕەحمترین هێزی دواکەوتووی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پشتیوانیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی حکوومەتی ئوردوغان، هەروەها گشتپرسیی سەربەخۆیی لە باشووری کوردستان و دەنگدانی زۆرینەی خەڵکی ئەم هەرێمە بە سەربەخۆیی و پشتیوانی بەکۆمەڵی خەڵکی ڕۆژهەڵات و بەشەکانی دیکەی کوردستان لەم ڕیفراندۆمە لەم ساڵانەی دواییدا، وەك هەستێکی بە هێزی نەتەوەیی بۆ یار و نەیاری کورد گەلێك سرنجراکێش بووە و پیشاندەری ئەم ڕاستییەیە، تاکی کورد لە تەواوی بەشە لێکدابڕاوەکانی کوردستان، تەنانەت لە ژێر حوکمی چەك و سەرنیزەی دوژمنیشدا، یار، هاوپەیمان، هاوخەم و هاودەردی هاونەتەوەکەیەتی و، بە سەرکەوتنی هەر بەشێك، هەست بە بەختەوەریی خۆی دەکات و لە کاتی سەرکوت و نەهامەتیاندا خۆی بە پشتیوانی هاو ڕەگەز و هاونەتەوەکانی خۆی دەزانێ.

جا با نەیاران و دوژمنانی کورد و ئەوانەی پێیان وایە کورد نەتەوە نیە یاخود کاتی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی تێپەر بووە، هوشیار بنەوە و بە چاوی خۆیان ئەم هەستە بە توانا و مەزنەی خەڵکێك ببینن کە بە درێژایی چەندین سەدە بۆ گەیشتن بە کەیان و سەروەری خۆیان کۆڵنەدەرانە خەبات دەکات و لە هیچ فیداکاریی و لە خۆبووردنێك درێغی نەکردوە.

دەبێ چاوەڕوان بین! بە پێی تەواوی ئەو فاکتانەی کە لەبەر چاون، بێگومان سەدەی ٢١ لە ئاستی جیهان و ناوچەدا، پڕ لە ڕووداوی سەرسامکەر و سەرسووڕهێنەر دەبێ، جا لەم ڕووداوانەدا چارەنووسی کورد چیی لێدێ و بە کوێ دەگات، بەشیکی دەگەڕێتەوە سەر ئاستی ئاگایی، یەکیەتی و تەبایی نەتەوەیی کورد لە هەر بەشێکی کوردستان و بە گشتی، بەشێکیشی بەستراوەتەوە بە هاوسەنگیی هێزەکان لە ئاستی جیهان و ئەو وڵاتانەی کە کوردستان لە نێوانیاندا دابەش کراوە.

***

ئەم کۆمەڵە بابەتەی ئەم کتێبەیان لێ پێك هاتوە، هەڵبژاردەی بەشێکی زۆر لەو نووسراوە و وەرگێڕانانەمن کە لە دوو دەیەی ڕابردوودا، بە بۆنەی جۆراوجۆر لە گۆڤار و ماڵپەرە کوردییەکانی تاراوگەدا بڵاو بوونەتەوە و ئێستا پاش پێداچوونەوە و وردە دەستکارییەکی ڕێنووسی و ڕێزمانی لە تویێ ئەم کتێبەدا لەبەر دەستی خوێنەرانی بەرێز دادەندرێت. بێگومان هەر کام لەم بابەتانە مۆڕ و نیشانی ڕووداوەکانی ئەم ساڵانەیان پێوە دیارەو، هەر کامیان ڕەنگدانەوەیەك لە ڕوانگەی نووسەر لە پێوەندیی لەگەڵ کێشەی کورد بە گشتیی و مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی دایە. لە ڕاستیدا کەس ناتوانێ ئیددیعای ئەوە بکات کە قسە و پێشبینییەکانی هەمیشە ڕاست دەردەچن و پێشتر نوسخەیەکی ئامادەکراوی بۆ تەواوی کێشەکان هەیە یا لە لێکدانەوەکانیدا هەڵە ناکات. لەم ڕەوتەدا، گرنگ ئەوەیە، هێڵی سەرەکیی ڕوانگەی نووسەر لە پێناو و لە خزمەتی گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەیی و دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین و دامەزراندنی کەیان و سەروەریی نەتەوەیی کورددا بووبێ.

لە کۆتاییدا ڕێز و سپاسی خۆم ئاراستەی بەرێز کاك عەلی بداغی دەکەم کە زەحمەتی پێداچوونەوەی ئەم کتێبەی کێشا.

کامران ئەمین ئاوە، دۆرتمۆند، جۆزەردانی ٢٠٢١

# کێشەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

# خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد و هۆیەکانی سەرنەکەوتنی[1]

مەسەلەی کورد لە سەد ساڵی پێشوودا قەت وەکوو ١٠ ساڵی ڕابردوو لە ئاستی جیهاندا نەهاتۆتە گۆڕێ. ئاڵوگۆڕییەکانی باشووری کوردستان و دامەزراندنی مەداری ٣٦ دەرەجە لە دوای شەڕی کوەیت، ڕووداوە خوێناوییەکانی باشووری کوردستان و کێشەی دزینی ئۆجالان و خوپیشاندانە بەربڵاوەکانی کوردەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان و ... بوونە هۆی هاتنەگۆڕی هەرچی زیاتری مەسەلەی کورد لە ئاست بیروڕای گشتیی جیهان، بڵاوکراوە گشتییەکان، ڕێکخراوەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ، کۆڕ و کۆمەڵی پێشکەوتنخواز، دەوڵەت و پاڕلمانەکانی ئورووپا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

ئێستا مەسەلەی کورد نەك وەکوو کێشەیەکی گرینگ لە حەیاتی سیاسی– کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش بووە، بەڵکوو وەك مەسەلەیەکی ناوچەیی بە دەنگدانەوەیەکی بەربڵاوی جیهانی لە ئارادایە. هاوکات سیاسەت و هەڵوێستی وڵاتانێك وەکوو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئورووپا و سۆسیال دێموکراتەکانی دەسەڵاتدار لەگەڵ مەسەلەی کورد، بەپێی ئامانجە ستراتێژییەکانیان بۆ بەدیهێنانی سیاسەتی خۆتێهەڵقوتاندن و دەسبەسەردا گرتنی ناوچەکە، کەلکوەرگرتن لە سەرچاوە مادییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پاراستنی بەرژەوەندیی سیاسی– ئابووری و نیزامییان لە ناوچەی کەنداو، دەستێوەردان لە کاروباری ئەو وڵاتانەی سەربەخۆ یان نافەرمانن، لاوازکردنی هەرچی زیاتری پێگەی سیاسی و نیزامیی ڕووسیە لە ناوچە و وڵاتەکانی سۆڤیەتی پێشوو، پێوەندییە سیاسی و بازرگانییەکان لەگەڵ تورکیە، ئێران، سووریە و عێراق و لە ئاکامدا

---

[1] ئەم بابەتە لە لایەن دۆست و هاوڕێ خۆشەویستم بەرێز د. تاهیر حیکمەت لە فارسییەوە کراوەتە کوردی.

لاڕێکردنی جووڵانەوەی نەتەوایەتی و دیمۆکراتیکی کورد لە ڕێگای ڕاستەقینەی خۆی و ڕاکێشانی بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆی، داڕێژراوە.
ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بە دانانی مەداری ٣٦ دەرەجە لە عێراق و پشتیوانی کردن لە حکوومەت و پارلمانی کوردستان، هەروەها نێوبژێری کردن بۆ لابردنی دژایەتی و شەڕی نیزامی لە نێوان پارتی و یەکیەتی، خۆیان بە دۆست و پشتیوانی کورد دەناسێنن، هاوکات بە دوژمنانەترین شێوە لەگەڵ جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد لە تورکیە هەڵسوکەوت دەکەن و چاویان لەوە دەنووقێنن کە ئەو کوردانە لە وڵاتی مێژوویی خویاندا لە ئاخافتن بە زمانی زگماکی خۆیان بێبەش کراون و لەژێر بێڕەحمانەترین فشاری سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدان، وەك بڵێی ڕووداوەکانی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی -کە بووە هۆی یەکبەربوونی ئیمپراتووریی عوسمانی و سەرلەنوێ دابەشبوونەوەی کوردستان لە نێوان سێ دەوڵەتی تورکیە، عێراق و سووریە و هەڵچوونی ڕاپەڕینی کوردان لە تورکیە و عێراق— بە شێوەیەکی تر دووپات دەبێتەوە. ئەدەمەی ئیمپێریالیزمی بریتانیا لە لایەکەوە زۆر بە توندی ڕاپەڕینی کوردەکانی لە کوردستانی عێراق سەرکوت دەکرد و شار و گوندەکانی بۆردمان دەکرد، هاوکات تەفرەدەرانە پشتیوانی لە بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانەی کوردستانی تورکیە دەکرد!! ئەویش هەتا ئەو جێگایە و بە مەبەستی دەستەمۆکردن و زەختکردنە سەر ئاتاتۆرك هەتا پتر و بێنقە مل بۆ ویست و داخوازی ئیمپێریالیستەکان ڕاکێشێ. دواتر و پاش گەیشتن بەم ئامانجەیان، وەك نە بای هاتبێ و نە بۆران، لە وەعد و بەڵێنی خۆیان پاشگەز بوونەوە و چ ئاوڕیان لە کوردان و ویستە ڕەواکانیان نەدایەوە و لە پەیمانی "سێڤر" کە خۆشیان مۆریان کردبوو پاشگەز بوونەوە و کوردانیان بەتەنێ لەبەردەم جبەخانە و جەندەرمەی تورك هێشتەوە. کەماڵیستەکانیش بە کەلکوەرگرتن لەم دەرفەتە بێبەزەییانە و "شەلم، کوێرم" کەوتنە سووتاندن و کاولکردن و داپڵۆساندن. ئەمڕۆش ئەمریکا هەر ئەو ڕۆڵە دووفاقییە دەگێڕێ کە دوێنێ بریتانیا پێوەی خەریك بوو. با نموونەیەك لەم سیاسەتە دووفاقییەی ئەمریکا بێنینەوە: ئەمریکا لە فەرتەنەی "کوەیت"دا داوای ڕاپەڕینی لە خەڵکی کوردستانی عێراق کرد، بەڵام خۆی لە نیوەی ڕێگادا گەڕایەوە و خەڵکی کورد و شیعەکانی عێراقی لە بەرامبەر ئەرتەشی پۆشتە و پەرداخی سەدام بەجێهێشت و ژمارەیەکی یەکجار زۆر کەوتنە بەر لرفەی ئاگری سەدام و کۆڕەوی بە میلیۆنی خەڵکی کورد

بەرەو ئێران و توركیەی لێ‌كەوتەوە. هیچ دوور نییە متمانەكردن و چاونووقاندنی لایەنە دەسەڵاتدارەكانی كورد لە كوردستانی عێراق دەرحەق بەم سیاسەتە دووفاقییە چارەنووسێكی گەلێك تاڵتر لە ڕابردوو بۆ جووڵانەوەی كورد لەم پارچەیەدا بە دواوە بێ. بێگومان ئەم سیاسەتەی ئەمریكا بە لەرزۆكییەكەشیەوە ئێستا و لە كورت‌ماوەدا سووكە نەخشی خۆی هەیە لە پاراستنی كورددا، بەڵام لە درێژخایەندا زەرەر بە ڕەوتی یەكگرتوویی و خەباتی نەتەوەیی و دێموكراتیكی گەلی كورد دەگەیەنێ و مەیدانی ڕەشبینی و دووبەرەكیی فراوان دەكا و داوێن بە شەڕ و نەفرەت و كێشەی نێوخۆیی دەبەخشێ و لەم ڕێگایەشەوە جووڵانەوەی كورد بە لاڕێدا دەبا. ئێستا كوردستانی عێراق كراوەتە دوو ناوچە و هەر ناوچەیەش لەژێر دەسەڵاتی لایەنێكدایە و ئەمەش بۆ داهاتووی ئەم جووڵانەوەیە گەلێك زیانبارە.

وەرنەگیرانی عەبدوڵڵا ئۆجالان لە لایەن ڕووسیە، ئیتالیا و ئاڵمانی ژێر دەسەڵاتی سۆسیال دێموكرات و سەوزەكانەوە، هاوكاری و عەمەلیاتی هاوبەشی سیا، مووساد و میت بۆ دزینی ئۆجالان، تەبلیغاتی بەربڵاوی بڵاوكراوەكانی ئوورووپا و بەتایبەت ئاڵمان دژبە جووڵانەوەی كورد لە توركیە، دەریان خست كە ئەمریكا و وڵاتانی ئوورووپایی بەگشتی و دەوڵەتانی ناوچەش بەتایبەتی وەك فاكتۆرێكی گرینگ لەم كێبەركێیەدا عەمەل دەكەن. هەموو نیشانەكان دەری دەخەن كە وڵاتانی ئوورووپاییش تا ڕادەیەكی بەرچاو بە سیاسەتی هەلپەرستانە و قازانجویستانەی خۆیان چێوەختەی ئەو وەزعە ئاڵۆزە دەدەن و تەنیا بە كەلكوەرگرتن لە ئاوی لێڵ بۆ قۆزتنەوەی دەرفەت و هەلی لەبار بۆ پڕكردنی گیرفانی خۆیانن. ئاشكرایە لەم نێوانەدا ئەو وڵاتانەش كە كوردستانیان بەسەردا دابەش بووە، لە پلەی یەكەمدا خەریكی كەلكوەرگرتن لە "هۆی كورد" لە شەڕ و كێشەی نێو دەوڵەتان و دەستێوەردان و ژاراوی كردنی جووڵانەوەی حەقخوازانەی گەلی كوردن. ئەمانە ئەمڕۆ پتر لە هەر زەمەن و فێڵاویانەتر لە هەر كاتێك بۆ چەواشەكردنی ئەم بزووتنەوەیە هەموو چەك و دەرفەتێكیان گرتۆتە بەر و پەنا بۆ هەموو سیاسەتێك دەبەن. ئەم وڵاتانە هەركام بەڕەنگێك لەگەڵ جووڵانەوەی كورد لە پارچە جیاوازەكاندا دەجووڵێنەوە. بەڵام هەموان لە یەك ئاسۆ دەنوارن، ئەویش خاشەبڕكردن، لێكدابڕان و بەگژ یەكدا كردنی جووڵانەوە جۆراوجۆرەكانی گەلی كوردە لە پارچە جیاوازەكانی كوردستاندا.

جێگای خۆیەتی وێڕای ئەم فاکتۆرانە ئاماژە بە دەوری خراپ و ساویلکانەی هێزە باڵادەستەکانی کوردیش بکەین کە هەرکام بە شێوەیەك کەلەبەرێکی فراوانیان بۆ خۆ تێوەخزاندنی دوژمنانی کورد لەنێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی گشتیدا خستۆتە سەر پشت. ئەم سیاسەتەش هەر وەك دوێنێ دەتوانێ تراژێدیی گەورەی بۆ گەلی کورد و جووڵانەوە گشتییەکەی بە دواوە بێ. ئەم سیاسەتەی ئەمڕۆ لایەنە کوردییەکان لە کوردستان دەیگێڕن، لە نێوەرۆکدا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ هەڵسوکەوتی "سیاسەتوانەکانی" کورد لە حەفتاکاندا نییە. ئەو هەڵسوکەوتەی کە ئاشبەتاڵ و هەرەسی بۆ کورد بە دیاری هێنا.

ئەمڕۆ ئەم پارچەیەی کوردستان بۆتە مەیدانی تەڕاتێنی سپای ئیمامی زەمان لە لایەك و کەمالیستەکانی تورکیە لە لایەکی تر. لە ڕاستیدا ناوچەیەکە کە تەنیا بۆ کوردە پەنابەرەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان نائەمنە. دەزگا ئەمنیەتییەکانی بەعسیش بە خشکەیی بەڵام دەستاوەڵانە خەریکی نەخشە و پلانی خۆیانن. وە بەمجۆرە ئاسۆیەکی گەلێك ناڕوون لەبەردەم میلیۆنها ئینسان کراوەتەوە، کە دەکرا بە کەمێك ئاوەز و بەرچاو ڕوونی و پشت بەستن بە خۆ و هێزی جەماوەری، وا نەبا.

ئەو ڕاستییەش نابێ لەبیر بەرینەوە کە هاوکاریی ڕێبەری جووڵانەوەی باشووری کوردستان لە حەفتاکاندا لەگەڵ ڕێژیمی ئێران و واشینگتۆن، نەك بووە هۆی سەرکوت و تێرۆری بەشێك لە شۆڕشگێڕانی کوردستانی ئێران و تورکیە لە ناوچە ئازادکراوەکاندا لە لایەن ڕێبەریی شۆڕشەوە، بەڵکوو لە ئەنجامدا تێشکان و کوژران و ئاوارەبوونی هەزاران کوردی باشووریشی بە دواوە بوو. بێگومان کەلکوەرگرتنی بەجێ لە ناکۆکی و دژایەتیی نێوان ڕێژیمەکان، ڕاکێشانی بیروڕای گشتی لە ئاستی جیهانی و بەتایبەت جووڵانەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و ڕوونکردنەوەی هەرچی زیاتری ڕاستییەکانی جووڵانەوەی کورد لەنێو ڕێکخراوە نێونەتەوەیی، دەوڵەت و پارلمانەکاندا، زۆر بەجێ و بەکەلکە، بەڵام لەو پێناوەدا، هەر چەشنە دووبەرەکی و شەڕی براکوژی. بە گرینگ دانانی بەرژوەندیی حیزبی—بازرگانی، بانتر لە بەرژوەندیی گشتی—نەتەوایەتی، بە سوودی دوژمنانی جووڵانەوەکە تەواو دەبێ.

ئەوەی کە شایانی تێڕوانینە، سیاسەتی حیزبە چەپ و ڕاستەکانی ئەو وڵاتانەیە کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە و تێڕوانینیان لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی و چارەسەری لە ئاست وڵات و ناوچەکەدایە. حیزبە ڕاستەکان ئەو مەسەلەیە هەر نابینن

و هیچ گەلێك بێجگە لە خۆیان کە خاوەنی بەرژوەندی و هۆگریی نەتەوەی تایبەت بە خۆیان بێ، بەڕەسمی ناناسن. حیزبە چەپەکانیش بەهۆی نەبوونی پرۆگرامێکی ڕوونەوە، لێکدانەوەیەکی لاواز و ناڕاستیان لە هەلومەرجی ئاڵۆزی جیهانی هەیە و هەر چەشنە مافێکی نەتەوەیی گەلانی بندەست وەکوو مەترسییەك بۆ تەواویەتی ئەرزی و دابڕانی خاك دەبینن. ئەوە لە کاتێکدایە کە حیزبە کۆن و بەهێزەکانی کوردستان لە چوارچێوەی دروشمی"خودموختاری بۆ کوردستان"دا قەتیس ماونەوە و بە شوێن خۆ نزیك کردنەوە و یەکیەتی لەگەڵ حیزبە سەرانسەرییەکاندان. تەنانەت حیزبی کرێکارانی کوردستان (پ ك ك) چەند ساڵێکە دروشمی سەربەخۆیی کوردستانی وەلا ناوە و خوازیاری چارەی مەسەلەی نەتەوایەتی لە چوارچێوەی تورکیە دایە. لە ڕاستیدا بڕێك هۆی عەینی و زەینی لەسەر ڕێی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا قوت بوونەوە کە بواری تێشکان و سەرنەکەوتنی لە پێناو دابین کردنی مافی نەتەوایەتیدا پێك هێناوە کە بەکورتی بریتین لە:

- نەبوونی بەرەیەکی یەکگرتوو و هەمە لایەنە کە کورد لە کوردستان و دەرەوە نوێنەری بکا و ئیرادە و ویستی زۆرینەی گەلی کوردستانی لەپشت بێ.
- نەبوونی پشتیوانێکی ڕاستەقینە لە ئاستی جیهانیدا کە داکۆکی لە دروشمی سەربەخۆیی و گۆڕانی سنوورە نێونەتەوەییەکان لە ناوچەدا بکا.
- یەکیەتی و سیاسەتی هاوبەشی چوار دەوڵەتی ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە بۆ سەرکوتکردنی جووڵانەوەی کورد و پاراستنی تەواویەتی ئەرزیی خۆیان.
- نەبوونی بەرەیەکی یەکگرتووی حیزبە کوردییەکان لە هەموو بەشەکانی کوردستان و بوونی جیاوازیی قووڵی فیکری–عەمەلی و تێکهەڵچوونی پەیتاپەیتای نیزامی لە نێوان ئەواندا، ئەویش نەك تەنیا لە چوارچێوەی وڵاتێك بەڵکوو لە ئاستی ناوچەدا (بۆ وێنە پارتی و یەکیەتی، پارتی و پ ك ك، یەکیەتی و پ ك ك و ...)
- پێوەندیی حیزبە کوردییەکان بە یەکێك لە وڵاتە دراوسێکانەوە کە سەرکوتکەری بەشێکی دیکە لە گەلی کوردن.

- هەڵکەوتنی کوردستان وەکوو دوڕگەیەك لە نێوان چوار دەوڵەتی دابەشکەردا و نەبوونی سنوورێکی ئازاد.
- ڕۆحی دەسەڵاتخوازیی تاکەکەسی و حیزبی و، هەروەها دانانی بەرژوەندیی تاك و تاقم لەبان بەرژوەندیی گشتی، لەنێو جووڵانەوەی کورددا.
- بوونی پێوەندیی قووڵی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە نێوان بۆرژوازیی تازە پێگەیشتووی کورد و بۆرژوازیی وڵاتانی دەسەڵاتدار، هەروەها نەبوونی پرۆژەیەکی سەرمایەدانان لە کوردستاندا.
- تێکچوونی سنووری ڕاستەقینەی کوردستان لەنێو هەر یەك لەو وڵاتانەدا، بەهۆی سیاسەتی تواندنەوە و پێکهێنانی شەڕ و کێشەی قەومی لە نێوەوە و کێشەی سەر سنوور لەگەڵ گەلانی تردا.
- نەچوونە پێشی دروشمی سەربەخۆیی کوردستان. بۆ وێنە پاشگەزبوونەوەی حیزبێکی بەهێز وەکوو پ ك ك لەو دروشمە و داواکاریی مافێکی زۆر کەمتر لە خودموختاری.

بەم پێیە مەسەلەی نەتەوایەتیی نزیکەی ٣٠ میلیۆن کورد، ڕاستییەکی عەینیی حاشاهەڵنەگرە کە پێویستی بە تێگەیشتن و دۆزینەوەی چارەسەرییەکی مەنتیقییە. بە لەبەرچاو گرتنی هەلومەرجی باسکراو، چارەسەری ڕاستەقینەی مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد لە هەرکام لەو وڵاتانەدا دەکەوێتە ژێر کارتێکەریی بارودۆخی گشتیی ئەو وڵاتانەوە. دامەزراندنی سیستمێکی فیدرالی دێموکراتیك، دابین بوونی دێموکراسیی ڕاستەقینە و بەشداریی خوازیارانەی خەڵك لە بەڕێوەبردنی وڵات و مافی دابین کردنی چارەنووس بۆ گەلانی بندەست، یان هەوڵی دامەزراندنی یەکیەتی یاخود بازاڕێکی هاوبەش لە ناوچەدا کە بتوانێ گیروگرفتی سنوورەکان لابدا، دەتوانن نەخشێکی بەرچاویان لە چارەسەری مەسەلەی کورد و گەلانی دیکەی ناوچەکەدا ببێ.

بەکار هێنانی شێوەی زۆرەملی و پێکهێنانی ترس و کوشتاری ئازادیخوازان، نەك دەنگی مافخوازی و ئازادیخوازی بە میلیۆن مرۆڤی کورد کپ ناکا، بەڵکوو بەتین و گوڕتریشی دەکا و ئاوری قینی خەڵك بڵێسەدارتر دەبێ. بە وتەی جەواهیر لەعل نەهرۆ: "کێ دەتوانێ نەتەوەیەك تەفر و توونا بکا، کە بۆ گەیشتن بە ئازادی بەردەوام خەبات دەکا و ئامادەشە نرخی ئەو ئازادییە بدا؟"

ڕەزبەری ٢٠٠١

# کورتەباسێك لەسەر ڕەمزی سەرکەوتنی بیری سەربەخۆیی‌خوازیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان[۲]

(گەلاڵەی مەسەلە)

ڕووداوەکانی پاش ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت و بەرەی سۆسیالیستی لە ڕۆژهەڵاتی ئورووپا و سەرهەڵدانی چەندین وڵاتی تازە و سەربەخۆ، ڕووخانی دەوڵەتی بەعسی سۆسیالیستیی عێراق و پێکهاتنی دەوڵەتی نیوەسەربەخۆی باشووری کوردستان، پێکهاتنی دەوڵەتی دێموکراتیکی تیموور و باشووری سوودان، ویستیی سەربەخۆیی لە کاتالۆنیای ئیسپانیا و قەیرانی نەتەوەیی بلژیك لە ئورووپای یەکگرتوودا، هەروەها قەبووڵی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی سکاتلەند لەلایەن دەوڵەتی ئینگلیسەوە، نزیك‌بوونەوەی پەیتا پەیتای فلستین بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و هتد، کۆمەڵگەی جیهانی تووشی ئاڵوگۆڕێکی گەورە و سەرنجڕاکێش کردووە. لەم بارودۆخەدا ئەم پرسیارە دێتە پێش، ئەرکی ئەوانەی لە خەمی پچڕاندنی تەوقی کۆیلەتیی نەتەوەییی کورددان و تێکۆشەری ڕێگای ڕزگاری و بە دەوڵەتبوونی کورد و سەربەخۆیی کوردستانن چییە؟ لەنێو ئەم گێژاوە نالەبارە سیاسییەدا کە بەشێك لە ڕووناکبیران و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بە دوای چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئێران کەوتوون، ئەرکی سەرەکیی کوردی سەربەخۆیی‌خواز چییە و پێویستە لەم پێناوەدا بە چ میکانیزمێکەوە بێتە نێو گۆڕەپانی خەباتی سیاسییەوە؟ ئایا دانی دروشمی سەربەخۆیی بە تەنیایی دەتوانێ ببێتە هۆی کۆکردنەوەی خەڵکی ئاسایی، ڕووناکبیر و خوێندەواری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجە؟ ئەمانە پرسیارگەلێکن کە پێویستە وڵامیان بدرێتەوە. بەڵام پێش هەرشتێك پێویستە نەتەوەخوازیی کورد لە پلەی یەکەمدا خۆی پێناسە بکا و سنووری هاوکاری و جیاوازیی خۆی بەپێی ئامانجی کورد لەگەڵ هێزە سەرانسەری و، هەروەها

---

[۲] ئەم بابەتە وێڕای پێداچوونەوە بەرۆژ کراوەتەوە.

نەتەوەکانی دیکەی جوغرافیای سیاسیی ئێران و پاشان ئەو حیزب و ڕێکخراوە و کەسایەتییانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەرژەوەندیی کوردی ڕۆژهەڵات لە مانەوە لە چوارچێوەی ئێراندا دەبیننەوە، ڕوون کاتەوە.

یەکێك لە خاڵە گرینگەکان، ڕوونکردنەوەی ستراتێژی و ئامانجی سەرەکیی کوردە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاش ڕووخاندنی کۆماری کوردستان لەلایەن دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانەوە، حیزبی دێموکرات لەژێر کاریگەریی بیری چەپ و حیزبی توودەی ئێران، بەو هیوایە، کە بوون لە ڕیزی چەپی ئێران و دامەرزاندنی سۆسیالیزم و پاشان سۆسیالیزمی دێموکراتیك دەتوانێ کۆتایی بە کێشەی نەتەوەیی لە کوردستان بێنێ، دروشمی خودموختاری بۆ کوردستان و دێموکراسی بۆ ئێرانی کرد بە دروشمی سەرەکیی خۆی. هاوکات کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانیش کە پاش ڕووخانی دەوڵەتی پاشایەتی لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، بوو بە پێکهاتەیەکی سیاسی لە گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەگەڵ ئەوەدا کە پێی لەسەر جیاوازیی ئایدۆلۆژیا و پێگەی چینایەتیی خۆی لەگەڵ حیزبی دێموکرات دادەگرت، بەڵام لە پرسی نەتەوایەتی و کێشەی کورددا، هەر خاوەنی هەمان دروشم و ستراتێژی بوو، ئەوەش هیچ لە نێوەرۆکی مەسەلەکەی نەدەگۆڕی کە ئامانج و ستراتێژیی هەر خودموختارییەکە بوو. بەم چەشنە ئەو دوو لایەنە هەرکام بەپێی توانا و نفووزی خۆیان لە کۆمەڵگەی ئەودەمی کوردستان ڕۆڵێکی گرینگیان لە گەشە و پەرەپێدان بە بیر و هزری خودموختاریخوازانە وەکوو گونجاوترین ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ئێراندا گێڕا و لەم پێناوەشدا هەزاران ڕۆڵەی کورد گیانی لە پێناو ئەو ستراتێژییەدا بەخت کرد. ئێستاش بەشێکی بەرچاوی هێزە کوردستانییەکان بە هێنانە پێشی فیدرالیزم لە ئێران بە شوێن دۆزینەوەی ڕێ و شوێنێك بۆ هاوکاری لەگەڵ هێزە جۆراوجۆرەکانی ئێرانی و سەلماندنی ئەم مەسەلەیە کەوتوون کە کورد هەرچەند نەتەوەیەکە، بەڵام جیاییخواز نییە و بەرژەوەندیی خۆی لە بوون لە چوارچێوەی ئێراندا دەبینێتەوە.

لەم بازنەیەدا کاری سەربەخۆییخوازی کورد کارێکی ساکار نییە و پێویستە لە چەند بەرەدا درێژە بە خەباتی خۆی بۆ سەلماندنی ئەم بیرۆکەیە بدا:

**یەکەم؛** خەبات بۆ سەلماندنی ئەم مەسەلەیە، کە لە بارودۆخی ئەمڕۆی جیهان، ناوچە و کوردستاندا دیاریکردنی ستراتێژیی سەربەخۆیی و کار و تێکۆشان بۆ وەدیهێنانی

دەوڵەت و سەروەریی سیاسی بۆ کورد، ستراتێژییەکی دروست و ڕاستەقینەیە بۆ چارەسەرکردنی یەکجاریی کێشەی کورد. بێگومان ئەم هەوڵ و تێکۆشانە کاتێك لەنێو خەڵکی کوردستاندا ڕەنگ دەداتەوە و، دەتوانێ بیروڕای ئەوان بەرەو خۆ ڕابکێشێ کە هێزی سەربەخۆییخواز بە خوێندنەوەیەکی نوێ و دروست لە هەلومەرجی ئەمڕۆی جیهان، ناوچە و کوردستان و، گەڵاڵەکردنی دروشمی شیاو، بتوانێ هێزە فکریی و مادییەکانی خۆی بۆ یەکگرتنی هەموو ئەو ئاڵقانەی خۆیان لە چوارچێوەی ئەم گوتارەدا دەبیننەوە، بخاتە گڕ و وێڕای کاریگەری لەسەر بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات بتوانێ وەك هێزێکی سەرەکی و پێشکەوتنخوازی دادپەروەر، بیر و سەرنجی خەڵکی ئاسایی و ڕۆشنبیرانی کورد بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و، ڕۆڵێکی جیددی لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بگێڕێ.

لە لایەکی تریشەوە بیسەلمێنێ کە بەرژەوەندیی کوردی ڕۆژهەڵات لە موکریانەوە تا دێهلۆڕان بە تەواوی توێژ و چین و ئایینەکانییەوە نە لە ستراتێژیی دێموکراتیزەکردنی ئێران، بەڵکوو لە دامەزراندنی کیانی نەتەوەیی و سەروەریی سیاسیی کورد، هەروەها دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دێموکراسی لە کۆمەڵگای کوردستانە.

ئیتر لەمێژە کاتی ئەوەی گەیشتووە، ڕێکخراوە و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە جێگای هەوڵ دان بۆ دیالۆگ لەگەڵ نوێنەرانی گشتخوازی ئێرانی، لە شاپەرستەوە هەتا ئەوانەی کاتی خۆی دەستیان لە سەرکوت و کوشتنی ڕۆڵەکانی کورددا بووە و ئێستا دوای زیزبوونیان لە حکوومەتی ئیسلامی، هاتوونەتە ڕیزی بەناو "ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی" بۆ ئیسلاحکردنی نیزام؛ تێکۆشن ئەم هێزە بۆ یەکگرتوویی هێزەکانی کورد لە پێناوی پێکهێنانی سەروەری و کیانی کورد تەرخان بکەن.

**دووهەم؛** ململانێی فیکری-سیاسی لەگەڵ هێزی فیدارلیخوازی کورد کە بەپێی خوێندنەوەی خۆیان لە بارودۆخی ئێستای کورد و جیهان، هەڵسەنگاندنی هاوسەنگیی هێز و توانای کورد لە بەراوەرد لەگەڵ هێزەکانی ناکوردی ئێران یاخود بەپێی باوەڕیان بە دابینبوونی مافەکان و بەرژوەندیی کورد لەچوارچێوەی ئێرانێکی فیدرالدا، سەرەڕای بەڕەوا زانینی مافی چارەی خۆنووسینی کورد، هێنانە گۆڕی دروشمی سەربەخۆیی بە نادروست لە قەڵەم دەدەن و لایەنگری کۆمەڵگایەکی فیدرالن. ئەوان لەم باوەڕەدان، هەبوونی ئێرانێکی ئازاد و فیدرال دەتوانێ بارودۆخی

پێویست بۆ گەشەکردنی ئابووری، فەرهەنگی و سیاسی لە کوردستان و بەشداریی کورد لە دەسەڵاتی سیاسیی ئێران پێك بێنێ.

بۆ سەربەخۆییخوازی کورد خەباتی فیکری لەگەڵ ئەم لایەنە کارێکی ساکار نییە، ئەوە پێویستی بە کارێکی بەهێزی فیکری و درێژخایەن هەیە تا بتوانێ بیر و هەستی سەربەخۆییخوازی لە نێو ڕیزی ئەو هێزانەشدا بەهێز بکا و، بەو قەناعەتەیان بگەیەنێ کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە چەپ و ڕاستییەوە لە باشترین حاڵەتدا تەنیا مافێکی بەرتەسکی فەرهەنگی و ئیداری بۆ کورد لە چوارچێوەی ئەرزیی ئێرانی یەکگرتوودا بەڕەوا دەبینن و، ئەمە دەبێتە هۆی وەپاش کەوتنی ڕەوتی ئاگایی نەتەوەیی و بەرهەڵستکاری بۆ گەیشتنی خەڵکی کورد و بەشێك لە نوخبەکانی بەم ڕاستییە، کە مەسەلەی کوردی ڕۆژهەڵات لە چوارچێوەی ئێراندا مسۆگەر ناکرێ. ئەزموونی دەوڵەتی هەرێمی کوردستان و کێشەی بەردەوامی لەگەڵ بەغداد لە وڵاتێك کە کورد لەباری چەندایەتی و چۆنایەتییەوە قورسایەتییەکی بەرچاوی لە بازنەی سیاسی و بڕیار داندا هەیە، نیشاندەری ئەم ڕاستییەیە، کە لە وڵاتی فرەنەتەوەیی ئێراندا، کورد بە حەشیمەتی ئێستایەوە، ناتوانێ ڕۆڵێکی وەها بۆ دابینکردنی کیان و سەروەریی خۆی لەم وڵاتەدا بگێڕێ و بە ئاوات و ئامانجەکانی خۆی بگا.

هێرشەکانی ئەم دوایانەی هێز و کەسایەتییەکانی چەپ و ڕاستی گشتخوازی ئێرانی بە دوو حیزبی فیدرالخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پیشاندەری شکستی ئەم چەشنە بیرۆکەیە لەنێو کوردی ڕۆژهەڵات و نەبوونی دەرفەت، تەنانەت بۆ گەیشتن بە سیاسەت و زمانی هاوبەش لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی گشتخوازی ئێرانی.

لە بەرەی **سێهەم**دا دوو لای ڕاست و چەپ بە دوو بیری جیاوازەوە، بەڵام ئاکامێکی یەکسانەوە هەیە. لایەکی بریتییە لە لایەنگرانی "نەتەوەی ئێران و ئۆمەتی ئیسلامیی ئێران" کە لە باشترین حاڵەتدا لەسەر ئەم باوەڕەن کە قەومگەلێك بە زمان و ئایینی جیاوازەوە لە ئێران هەن و بەهۆی ڕەگ و ڕیشەی هاوبەشیان مەسەلەی نەتەوەییان نییە و نابێ. لای دووهەم، بەشێك لە هێزە چەپەکانی کورد و سەراسەرین کە سەرەڕای باوەڕ بە بوونی نەتەوەی جیاواز لە ئێران و مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان، بەهۆی باوەڕ بە چارەسەریی مەسەلەی نەتەوەیی لە کۆمەڵگەی سۆسیالیزمدا، هەر چەشنە بزووتنەوەیەکی سەربەخۆییخوازانە بە دوژمنی چینی کرێکار و شۆڕشی سۆسیالیستی دادەنێن و، جیایی نەتەوەیی لە بیر دەبەنەوە.

لەوە ناچێ لە داهاتوودا ئەم هێزانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاریگەرییەکی وەهایان لەسەر بزووتنەوەی کورد هەبێ، بەڵام وەك فیکرێك هەن و پێویستە لەبەرچاو بگیرێن. مەسەلەیەکی دیکە کە سەربەخۆیی‌خوازی کورد دەبێ لە ئێستاوە لەبەر چاوی بگرێ، ناکۆکیی ئەرزی لەگەڵ نەتەوەکانی دەوروبەری و بەتایبەتی ئازەرییەکانە. لەم ڕەوتەدا دیتنەوەی زمانی هاوبەش لەگەڵ نوێنەرە فیکری و سیاسییەکانی ئازەری و پێکهێنانی بەرەی هاوبەش لەگەڵ ئەوان و نەتەوەکانی دیکەی ئێران دەتوانێ ڕۆڵێکی بەرچاو لە خەباتی سەربەخۆیی‌خوازانەی، نەتەوە بندەستەکان و پێشگیری لە شەڕ و ناکۆکیی ئەواندا بگێڕێ. لە لایەکی دیکەوە پێویستە سەربەخۆیی‌خوازی کورد لە هێرش‌کردن بۆسەر نەتەوەکانی دیکە وەك فارس و تورك و هتد وەك نەتەوە، خۆی بپارێزێ و؛ ڕووی نووکی هێرشی بەرەو ڕەگەزپەرستی بێ و سنووری خەبات لەدژی ڕەگەزپەرستان و پاوانخوازان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە تێکەڵ نەکا. هەروەها هێزی سەربەخۆیی‌خوازی کورد، ئەرکێکی قورسی دیکەشی لە ئەستۆیە کە بریتییە لە ڕوونکردنەوەی مانا و مەفهوومی چەمکی دێموکراسی و پێوەندی بە پرسی نەتەوایەتییەوە هەیە.

ئەمڕۆ وشەی دێموکراسی وەها جیهان‌پەسند بووە کە تەنانەت دیکتاتۆرەکانیش خۆیانی پێ ڕەنگ دەکەن. شۆڤینیستەکانی نەتەوە سەردەستەکان، هەوڵ دەدەن، پرسی کورد کە پرسێکی نەتەوایەتی و لە پێناوی سەروەریی سیاسییە، بخەنە نێو چوارچێوەی دێموکراسی‌خوازانە. ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە دێموکراسیی ڕاستەقینە دەتوانێ ڕێخۆشکەری خەباتێکی مەدەنی و ئاشتیخوازانەی گەلان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و یەك لەوان کێشەی نەتەوەیی بێ، بەڵام دێموکراسی ناتوانێ ستراتێژیی هێزێکی نەتەوەیی بێ کە کێشەی خاك و نیشتمانی هەیە.

بەم پێیە خەبات بۆ سەربەخۆیی، پێویستیی بە تێکۆشانی چڕ و ماندوویی نەناسانە، هەوڵ دان بۆ ئەمڕۆیی‌کردنی ئەم دروشمە و بردنی بۆ نێو خەڵکی کوردستان لە پێناوی کۆکردنەوەیان لە دەوری ئەم ئامانجە هەیە.

ئەمڕۆ چ لە نێو ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چ لە تاراوگەدا هێز و توانایی پێویست بۆ بەهێزکردن و پەرەپێدانی ئەم بیرۆکەیە هەیە، بەڵام هەر وەك لە سەرەوە ئاماژەم پێدا، هەڵگرانی ئەم ڕەوت و گوتارە دەبێ، لە پرژوبڵاوی بێنە دەرەوە و ڕوو لە یەکگرتن و یەکخستنی توانا فکری و سیاسییەکانی خۆیان بکەن. گەیشتن بە سەربەخۆیی

ڕێگایەکی ساف، ساکار و بێلەمپەر نییە و هێزە کوردستانییەکان پێویستە بە خوێندنەوەیەکی دروست لە بارودۆخی جیهانی، ناوچەیی و نێوخۆیی، دروشم و سیاسەت و تاکتیکی خۆیان بەدوور لە هەر چەشنە وۆلنتاریزمێك دیاری بکەن.

جولای ٢٠١٣

## کێشەی کورد و دروشمی سەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

(گەڵاڵەی مەسەلە)

کێشەی نەتەوایەتیی کورد لە کوردستان بەگشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی، هەروەها کۆسپەکانی ڕێگای گەیشتن بە سەروەری و کیانی کورد پێویستی بە لێکدانەوە و کارێکی زانستی و کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی لەلایەن پسپۆڕانی ئەم بوارەوە هەیە. ئەرکی ئەم بابەتە وڵامدانەوە بە تەواوی پرسیارەکانی پرسی کورد نییە، بەڵکوو بە لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی ئاڵۆزی کوردستان هەوڵێکە بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا و دیتنەوەی ڕێگایەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**قۆناغەکانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

ئەگەر ئێمە ئاوڕێك لە مێژوو و ڕەوتی بزووتنەوەی کورد لە سەد ساڵی ڕابردوودا بدەینەوە، دەبینین بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بەپێی هەلومەرجی کوردستان چەند قۆناغی تێپەڕ کردووە. بۆ وێنە لە زۆربەی بەشە لێك جیاکراوەکانی کوردستان تا کاتی کۆتایی هاتن بە شەڕی دووهەمی جیهانی، دروشمی یەکگرتنەوەی کوردستان دروشمی سەرەکی بووە. لە سەرەتادا سەرۆك عەشیرەکان بەهۆی وەزعییەتی ئابووری–کۆمەڵایەتی، سەروەر بوونی سیستمی فیۆدالی، نەبوونی بارودۆخی ڕەخساو، ئاستی نزمی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی حیزبایەتی، ڕێبەری ئەم بزووتنەوەیە بوون. لە ڕاستیدا هەر ئەوان بەپێی پێگەی کۆمەڵایەتییان توانایی و دەرفەتی کۆکردنەوەی خەڵك، پێکهێنانی هێزی چەکدار، هەروەها پێوەندی گرتن لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکەیان بۆ وەدەستهێنانی یارمەتی و پشتیوانی لە بزووتنەوەی کورد هەبوو. ئەم قۆناغە دەکرێ وەکوو بزووتنەوەی فیۆدالی-ڕزگاریخوازیی کورد پێناسە بکرێ. پێکهاتنی حیزبی هیوا، کۆمەڵەی ژ_کاف (حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەریی پێشەوا قازی محەممەد) و هتد، تا ڕادەیەکی زۆر بزووتنەوەی

کوردی خستە ژێر ڕێبەرایەتیی بەشێك لە ڕووناکبیرانی ئەو کاتەی کوردستان کە هەستێکی بەهێزی سەربەخۆیی‌خوازی و یەکگرتنەوەی تەواوی کوردستانیان هەبوو. سەرکوتکردن و ڕووخاندنی کۆماری کوردستان هاوکاتە لەگەڵ کۆتایی هاتنی ئەم قۆناغە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن. بەهێزتر بوونی دەوڵەتە داگیرکەرەکان و پەیمانی هاوبەشیان دژبە بزووتنەوەی کورد، پشتیوانیی دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان لەوان، لاوازبوونی هێز و کاریگەریی سەرۆك عەشیرەکان و گۆڕانکاریی بنەمای ئابووریی ئەم وڵاتانە، پەرەسەندنی سیستمی سەرمایەداری، کاریگەریی بیری چەپی سەراسەری و هیوا بە کۆتایی‌هێنان بە زوڵم و زۆری نەتەوەیی لە وڵاتێکی سۆسیالیستیدا، خەباتی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە سەرەتادا خستە قۆناغی خەبات بۆ مافی شارۆمەندی، پاشتر خودموختاری لە چوارچێوەی ئێراندا، هەروەها هەڵبژاردنی ئامانجی سۆسیالیزم و پاشان سۆسیالیزمی دێموکراتیك. باوەڕ بە چارەسەرکردنی ڕاستەقینەی چەوسانەوەی چینایەتی و نەتەوەیی لە یەکیەتیی سۆڤیەت و وڵاتە سۆسیالیستەکانی ئورووپا، خەباتی کۆمۆنیستەکان وەکوو هێزی سەرەکی-پێشکەوتنخوازی دژبە زوڵم و زۆری چینایەتی و نەتەوەیی کاریگەرییەکی زۆری بۆ ڕاکێشانی ڕووناکبیرانی کورد بەرەو ئەم حیزبانە بوو. حیزبە سەرەکییەکانی کوردستان لەو سەردەمەی جیهان لە نێوان دوو بەرەی سۆسیالیستی و کاپیتالیستیدا دابەش کرابوو، بەرەی سۆسیالیستییان هەڵبژارد. گۆڕانکارییەکانی پاش ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەتی و وڵاتە هاوپەیمانەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ئورووپادا، پێکهاتنی دەیان دەوڵەتی تازەی سەربەخۆ و، بێ‌باوەڕی بە چارەسەربوونی پرسی نەتەوەکان لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان دابەش‌کردووە، پێکهاتنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە بەرهەمی خەبات بۆ سەربەخۆیی تەواو یان گەیشتن بە خودموختاری سیاسی- ئابووری لە چوارچێوەی عێراقدا بوو؛ بوو بە هۆی وروژاندنەوەی هەستی سەربەخۆیی‌خوازی لە نێوان بەشیك لە ڕووناکبیرانی کورد و پێکهاتنی چەندین حیزبو ڕێکخراوەی سەربەخویی‌خوازی کوردی ڕۆژهەڵات لە تاراوگە.

لە حیزبگەلێك وەکو حیزبی دێموکراتی کوردستانیش ئامانجی سۆسیالیزم و سۆسیالیزمی دێموکراتیك جێگای خۆی بە وەدیهێنانی مافی دیاریی‌کردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتی فیدرال دا، بەڵام لە بەرنامەی حیزبی

دێموکراتی کوردستانی ئێراندا پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیکی سۆسیالیستی وەکو ئامانجی دوارۆژی ئەم حیزبە هەر لە جێ‌خۆی مایەوە. لەم سەردەمەدا بەپێی زۆربوونی ڕێژەی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵات داواکاری بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد پانتاییەکی بەرفراوانتری لە کۆنفدرالیسمی دێموکراتیك کە سەرەرای قەبەبوونی دروشمەکە، ویستێکە لە ئاستی مافی شارۆمەندی هەتا خودموختاری ـ فیدرال‌خوازی و سەربەخۆیی لەخۆی گرتووە.

زۆرینەی حیزب و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی هاودەنگی لەسەر چارەسەرکردنی پرسی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی فیدرال و دێموکراتیك، دانی دروشمی سەربەخۆیی بە دروشمێکی گونجاو نازانن. دروشمی سەرەکی چەند حیزبێکی کوردستانی وەکو پارتی ئازادی کوردستان، پارتی سەربەخۆیی کوردستان‌و پارتی سەربەستی کوردستان کە لە تاراوگەدا پێکهاتوون، سەربەخۆیی و بە دەوڵەت‌بوونی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. سەرەرای ئەوەی کە تەواوی ئەم حیزبانە لەسەر کێشەی کوردو خەبات بۆ وەدیهێنانی مافی دیاری‌کردنی چارەنووسی کورد هاودەنگن‌و لە ڕێگای ئازادی کوردستان گەلێك قوربانییان داوە، بەڵام لەسەر دروشمی ستراتێژیکی خۆیان ناتەبان. حیزبەکانی فیدرالی‌خواز یان سەربەخۆیی‌خوازیش نەیانتوانیوە تا ئێستا بەرەی هاوبەش لە نێو هاوبیرانی خۆیان پێك‌بێنن‌و بە پلاتفۆرمێکی نەتەوەیی هەوڵ بۆ مافی کوردی ڕۆژهەڵات بدەن. جیابوونەوەو لێکدابڕان لە نێو حیزبە کلاسیکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆتە ڕەوتێکی ئاساییو بەرژەوندی تاکەکەسی، گرووپی ئەم حیزبانە بەرژەوندی نەتەوەیی خستووتە پەراوێزەوە. لە لایەکی دیکەوە قەیرانی فیکریو ڕێکخراوەیی، بوونی درێژخایەنی ئەم حیزبانە لە تاراوگە، کەمایەسی پێوەندیی ئورگانیك لەگەڵ کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بێ‌دەسەڵاتی سیاسیو ڕێکخراوەییان لە باشووری کوردستان بە بۆنەی پاراستنی بەرژوەندیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان‌و هتد بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی خستۆتە ئاستێکی نزمەوە.

پارتە سەربەخۆیی‌خوازەکانیش چ لە باری فیکرییەوەو چ لە ئاستی کاری عەمەلییەوە کاردانەوەیەکی وەهایان نەبووە، تەنیا لە چوارچێوەی دانی دروشمی سەربەخۆیی قەتیس ماونەتەوەو هەتا ئێستا نەیانتوانیوە لێکدانەوەیەکی وەها لەسەر چۆنیەتی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شێوەی جەماوەری‌کردنی

ئەم دروشمەو خەبات بۆ گەیشتن بە مافی سەربەخۆیی کورد بکەن. ئەوانیش سەرەڕای ڕەخنەی زۆر لە ناچالاکی حیزبە کلاسیکەکانی کورد، بۆخۆیان تووشی هەر ئەو قەیرانەن کە حیزبەکانیتریان پێ تاوانبار دەکەن. لەم هەلومەرجە سیاسییەدا بڵێی کوردو نوێنەرانی ڕەنگاوڕەنگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مەعاملە سیاسییەکانیان لەگەڵ ئوپۆزیسیۆنی بە نێو فیدرالیخوازی ئێرانی یاخود تەنانەت بۆ وتوویژ لەگەڵ حکوومەتی ئێران کە بەشێکەیان هەوڵی بۆ دەدەن، دەنگێکی وەها بە هێز بن کە بتوانن پرسی کوردی پێ چارەسەر بکەن؟!

.........

بە پێی بارودۆخو بنەماکانی مادیو مەعنەویی کوردستان، دەکرێ **شێوەکانی خەبات** دژ بە ستەمی نەتەوەیی بەم چەشنە دابەش بکرێن:

- خەبات بۆ مافی شارۆمەندی و خودموختاری فەرهەنگی.
- خەبات بۆ خودموختاری سیاسی، ئابووری لەو وڵاتێکی فیدرالدا.
- خەبات بۆ سەربەخۆیی هەر پارچەیەکی کوردستان بە جیاجیا.
- خەبات بۆ سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی هەموو بەشەکانی کوردستان.

هەڵبژاردنی هەر کام لە خاڵەکانی سەرەوە پێوەندیی هەیە بە:

- ✓ ڕادەو ئاستی ئاگایی نەتەوەیی کورد کە وەکو بەشێك لە ژیانو فەرهەنگی کۆمەڵگا، پێکهێنەری هەستو سۆزێکی تایبەتی بۆ کۆتاییهێنان بە ستەمی نەتەوەییە.
- ✓ ڕادەی توانایی حیزبە کوردستانییەکان بۆ جەماوەریکردن، کۆکردنەوەو ڕێکخستنی خەڵك لە دەوری دروشمەکانیان، بە تایبەتی لە دەرەوەی بەشی موکریان، لە کرماشانەوە هەتا ئیلام، مێهرانو دێهلۆران کە لەباری ئایینییەوە شیعەن و مێژووی کاری حیزبەکوردستانییەکان لەوێ گەلێك ئەستەم بووە.
- ✓ هاوسەنگی هێزی کورد لەبەرامبەر دەوڵەتی داگیرکەردا.

- ✓ مسۆگەرکردنی پشتیوانی ولاّتە زلهێزەکانی جیهان لە خەباتی گەلی کورد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی هەتا ئاستی جیابوونە، پێكهێنانی کەیانو سەروەری کورد.

لێرەدا بە پێی مەرجەکانی سەرەوە بۆ هەلْبژاردنی دروشمی ستراتێژیكو تاکتیکی هەر حیزبێك، ئەم پرسیارانە دێتە پێش:

- لەنەبوونی حیزب یاخود پێکهاتەیەکی بەهێز کە کاریگەری لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا هەبێ، چۆن دەکرێ کورد ولاّتە لە یەك جیاکراوەکانی یەك بخاتو کوردستانی گەورە و سەربەخۆ پێکبێنێ؟
- کاتێك لەبەشە لەیەك دابڕاوەکانی کوردستانیش هێزەێکی وەها نیە کە بتوانێ ئەم دروشمە بکاتە گشتیو ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەدەستەوە بگرێ، دانی دروشمی سەربەخۆیی تا چ ڕادەیەك لەگەلْ ڕاستییەکانی ئەو بەشانە هاوئاهەنگی هەیە؟
- لەم حالْەتەدا داخوا بلّێی دروشمی یەکگرتنەوەی چوار بەشی کوردستان گونجاوبێ؟ یاخود باشترە کوردی هەربەشێکی کوردستان هەولْ بدا تا ئەو بەشە ئازاد بکاتو پاشان بە پێی هەلومەرجی ناوچەو ئازادکرانی هەر چواربەش، کوردستانی گەورەو سەربەخۆ پێك بێنن؟
- یاخود باشترە کوردەکانی هەر ولاّت بە پێی نەبوونی هەلومەرجی پێویست لەو ولاّتانەی کە تێدادەژین، تەنیا بۆ گەیشتن بە مافی شارۆمەندیو خودموختاری فەرهەنگی خەبات بکەن؟ یان ئامانجو دروشمی تاکتیکیو ستراتێژیکییان، پێکهێنانی ولاّتێکی فیدرال و دێموکراتیك بێ؟
- بلّێی خودموختاری سیاسی، ئابووری لە ئێرانێکی فیدرالدا وەکو قۆناغێك نەبێتە ڕێخۆشکەری سەربەخۆیی و لەم پێناوەدا باشتر نیە فیدرالیزم ببێتە دروشمی تاکتیکیو سەربەخۆیی دروشمی ستراتێژیك؟

ئەگەر بیرۆکەی مافی شارۆمەندیو خودموختاری فەرهەنگی وەلانێین، لەوەدەچێ دوو بۆچوونی سەرەکی لە نێوان ڕووناکبیرانی کورد ببیندرێ:

- یەکەم. لەم سەردەمەدا دروشمی سەرەکی گەیشتن بە وڵاتێکی فیدراڵە، بەڵام ئەگەر مافی کورد لەم چوارچێوەیەدا مسۆگەر نەکرێ، ئەوە مافی کوردە داوای جیابوونە بکات. زۆربەی حیزبو ئەو کەسانەی کە هۆگری ئەم بیرەن، مافی چارەنووسی کوردو تەنانەت سەربەخۆیی بە مافی کورد دەزانن، بەڵام ئێستا بە پێی لێکدانەوەی بارودۆخی ئەمڕۆ دانی ئەم دروشمە بە گونجاو نازانن. بە پیێ بۆچوونێك، بۆ گەیشتن بە سەربەرخۆیی پێویستە بە پێی هەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستانو جیهان، لاسەنگی هێزی کوردو دەوڵەتەکان، بوونی زۆرینەی ئەم حیزبانە لە تاراوگە، دوور بوونیان لە کۆمەڵگای کوردستان، نزمبوونی ئاستی ئاگایی نەتەوەییو بیری سەربەخۆییخوازی، نزمبوونی ئاستی گەشەسەندنی بنەمای ئابووریو کۆمەلایەتی- سیاسی کوردستان، بۆ وەدیهێنانی ئەم ئاواتە دەبێ لە کاناڵی فیدرالیزمەوە بۆی بچن. فیدرالیزم بە پێی کۆتایی هێنان بە نەخشی ناوەندو بەهێزکردنی ڕۆڵی نەتەوەکان لە کارو باری ژیانی خۆیان، دیاریکردنی سنووری جوغرافیایی - مێژوویی، پێکهێنانی ستروکتوری دەوڵەتی کوردی، دەبێتە ڕێخۆشکەری سەربەخۆیی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان. بە پێی ئەم باوەڕە فیدرالیزم ئەو دەرفەتە پێکدێنی کە کورد پەیتا پەیتا بە خەرجێکی کەمتر ڕێگای خۆی بۆ گەیشتن بە ئاواتی دێرینە خۆی یانی سەربەخۆیی و پێکهێنانی کەیانو سەروەری خۆی ببڕێ. بۆ وێنە ئەو وڵاتانەی کە بەرهەمی ڕووخانی یەکیەتی سۆڤیەتن نموونەیەك لەو حاڵەتەن. پێکهاتنی کۆمارەکانی سۆسیالیستی لە یەکیەتی سۆڤیەت پاش شۆڕشی ئۆکتۆبر لە ساڵی ١٩١٧ی زایینی بوو بە هۆی بە نەتەوەبوونو پێکهاتنی دەزگاو سیستمی دەوڵەتی ئەو گەلانەی، لە کاتی تێزاردا لە ژێر زۆڵم و زۆری

دەوڵەتی ڕووسیەدا بوون. بە ڕووخانی یەکیەتی سۆڤیەت، ئەم کۆمارانە بە پێی هەبوونی بنەمای پێویست بۆ وڵاتێکی سەربەخۆ، هەر کامیان وڵاتی سەربەخۆی خۆیان پێکهێنا و ڕایانگەیاند.

لێرەدا چەند پرسیار سەبارەت بەم چەشنە چارەسەرکردنەی کێشەی نەتەوەیی لە ئێراندا دێتە پێش:

- ✓ بڵێی هێزە فیدرالیخوازەکانی ئێرانی دابەشکردنی سیستمی دەسەڵات بە پێی تایبەتمەندیی جوغرافیایی – مێژوویی قەبووڵ بکەن؟
- ✓ داخوا ئەم هەموو دانیشتنو کۆبوونەوەی حیزبە کوردستانییەکان لەگەڵ نوێنەرانی جۆراوجۆری بە ناو دێموکراتو چەپی ئێرانی تا ئێستا توانیویێتی بیرو ڕای ئەوان بۆ چارەسەرکردنی پرسی کوردو نەتەوەکانی دیکەی ئێران ڕابکێشێ؟
- ✓ بڵێی بەشوێن ئەم بیرۆکەیە چوون، ئەویش لە حاڵێکدا بواری پێویست لە نێو ئێرانییەکاندا بە شێوەیەکی جیددی بۆ قەبووڵی تەنانەت هەبوونی نەتەوەکان (میللەت) لە ئێران نیە و تەواویەتخوازی ئێرانی هەر بە چاوی جیاییخواز تەماشای کورد دەکەن، بە فیرۆدانی کات و هێزی کورد نەبێ؟
- ✓ کاتێك لە بەرنامەی بەشێك لە حیزبو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باسی خەبات بۆ کومەڵگایەکی سۆسیالیستی یاخود سۆسیالیزمی دێموکراتیك وەکو ئامانجی دوارۆژ ئەویش لە وڵاتێکی ئایینیو جیهان سێهەمی دەکرێ، بۆ نابێ بە ڕاشکاوی باسی مافی کورد بۆ گەیشتن بە سەربەخۆییو پێکهێنانی کەیانو سەروەری لە دوارۆژدا بکرێ؟ بێگومان، بوونی مافی جیابوونەوە بە مانای جیابوونەوە نیە بەڵام زەمانەتێکە، ئەگەر دەوڵەتی فیدرال مافی گەڵی کوردی پێشێل کرد، کورد مافی خۆیەتی هەتا ڕێگای خۆی بە پێی یاسایەکی دارێژراوی پەسەندکراو لەم دەوڵەتە جیا کاتەوە.

- دووهەم: سەربەخۆیی وەکو دروشمی هەم ستراتێژی و هەم تاکتیك تەنیا ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەی کوردە. بەپێی ئەم باوەڕە هەر چەشنە بیرێکی فیدرالیخوازیی دەتوانێ کۆسپێك بێ لە سەر ڕێگای گەیشتن بۆ پێکهێنانی کەیانی نەتەوەییو سەربەخۆیی کورد. بەپێی ئەو ئاڵوگۆرانەی کە لە ئاستی ناوچەو جیهان لە دوو دەیەی ڕابردوودا پێکهاتووە کاتی سەربەخۆیی و بە دەوڵەت بوونی کورد گەیشتووە و دەبێ داوای سەربەخۆیی بکردرێ. لێرەدا ئەم پرسیارانە دێنە پێش:

✓ ئێستا پتر لە دوو دەیەیە لە وڵاتی دوو نەتەوەیی عێراقدا حکوومەتی نیوەسەربەخۆی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە. ئەم حکومەتە ستروکتوری دەوڵەتیو هێزی گەورەی پێشمەرگەی هەیە، بەڵام سەرەرای ویستی زۆرینەی خەڵك بۆچی هەتا ئێستا داوای سەربەخۆیی نەکردوە؟

✓ لە بەراوەرد لەگەڵ ئەوان، کاتێك کوردی ڕۆژهەڵات لە وڵاتێکی فرەنەتەوەیی دەژیو تەنانەت لە بەشێکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (لە کرماشانەوە بەرەو دێهلۆران) بیرو هزری نەتەوایەتی، کاریگەری حیزبە کوردستانییەکان، تەنانەت بوونیان لەو بەشانەی کوردستان هەر زۆر ئەستەمە، چۆن دەکرێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئازادو سەربەخۆ بکرێ؟

✓ لە لایەکی دیکەوە بڵێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە سەرەڕای ئەم هەموو دەسەڵاتە داوای سەربەخۆیی ناکا و خۆی هەر بە بەشێك لە عێراقی فیدرال دەزانێ، نموونەیەکی باش بێ بۆ کوردی ڕۆژهەڵات بۆ هەڵگرتنی دروشمی سەربەخۆیی وەکو هەم ستراتێژیو هەم تاکتیك و سەرۆکی هەرێم وەکو ڕەمزی سەرکەوتنی کوردو کۆڵەکەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە چوارپارچەی کوردستان پێناسە بکرێ؟

- ✓ بڵێی باشتر نەبێ بە لەبەر چاوگرتنی ئەو بارودۆخەی کە باسی کرا سەربەخۆیی‌خوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان فیدرالیزم وەکو قۆناغێك بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی لەبەرچاو بگرێ‌و نەکەوێتە دژایەتی لەگەڵ ئەم بیرە؟

**کۆتایی**

تەواوی ئەم پرسیارانە جێگای باس‌و لێکدانەوەن، دەکرێ نوێنەرانی جۆراوجۆری کورد سەبارەت بە شێوەی گەیشتن بە مافی کورد لە فیدرالیزمەوە هەتا سەربەخۆیی بیروڕای جیاوازیان هەبێ. بەڵام ئەساس ئەویە، ئەوان باوەڕیان بە چارەسەریی کێشەی نەتەوەیی کورد تەنیا بە پێکهێنانی سەروەری‌و کەیانی خۆی هەبێ و، بە ڕاشکاوی پاریزگەری مافی نەتەوەی کورد هەتا ئاستی جیابوونەوە بن. لەم قۆناغەدا کوردی ڕۆژهەڵات پێویستە بە پێی بەرژوەندی ئەو بەشەی کوردستان بۆ گەیشتن بە مافی ڕەوای خۆی تێبکۆشێ‌و قۆناغ بە قۆناغ بە پێی هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێگای خۆی بۆ گەیشتن بە مافی ڕەوای کورد ببڕێ‌و سیاسەتی خۆی بە باشووری کوردستان گرێ‌نەدا. سیاسەتی کاربەدەستانی باشوور بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان زۆرجار لەگەڵ بەرژوەندی پارچەکانی دیکەی کوردستان‌و بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناتەبایە. ئەوە مافی کوردی باشوورە کە بە پێی بەرژوەندی خۆی سیاسەت بکا، بەڵام ئەم سیاسەتە کاتێك دەکرێ ناوی نەتەوەیی لەسەر دانێی کە بەرژوەندی پارچەیەکی دیکەی کوردستان نەخاتە مەترسییەوە، مافی ئەوانی دیکەی پێشێل‌نەکا، یاریدە بە گەشەسەندنی بزاڤی کورد لە چواربەشی کوردستان بدات و نەبێتە کۆسپێك لەسەر ڕێگای ئەوان. بە پێێ ئەو بارودۆخەی کە حکوومەتی باشووری کوردستان بە تایبەتی لە پێوەندیی لەگەڵ وڵاتانی دراوسی‌و دەوڵەتی ناوەندی لە بەغدای هەیە، هەروەها بە پێی ستروکتوری حیزبەکان‌و بیرو سیاسەتیان، توانایی وەدی هێنانی ئەم ئەرکەیان نیە، ناتوانن ڕەمزی سەرکەوتنی کوردو کۆڵەکەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە چوارپارچەی کوردستان بن. کوردی ڕۆژهەڵات حیزب‌و

ڕێکخراوەی جۆراوجۆری خۆی هەیە و ئەگەر کۆڵەکەیەکیش بۆ ڕزگاریی ئەو نەتەوەیە لەو بەشەی کوردستان پێویست بێ، بێگومان هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرهەڵدەدات. پێویستە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئەمڕۆ بە پێی وەزعییەتی خۆیان دانیشتووی باشووری کوردستانن‌و پاساویان بۆ کێشانەوە لە شەڕی چەکداری‌و هتد بەرژەوەندی باشووری کوردستانە، بۆ خەڵکی لێکدەنەوە کە سنووری بەرژوەندی ئەوان لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە چی‌دایە و هەتا کەی ئەم ڕەوتە دەتوانێ ئاوا بچێتە پێش؟ ئەویش لەکاتێکدا برادەرانی باشوور بەرژەوەندی ئەوانیان لەبەر چاو نیەو قەدریشیان لێ‌ناگرن!

ژانویەی ٢٠١٤

# کورد و ناسیۆنالیزم و ئاواتی بەدەوڵەتبوون

**دیمانە: عەلی بداغی**

**د.کامران ئەمین‌ئاوە: کێشەی سەرەکیی کورد نەبوونی ناسیۆنالیزمێکە کە بتوانێ زۆرینەی خەڵکی کوردستان لە دەوری ئاڵای سەربەخۆیی کۆ بکاتەوە**

"سەت ساڵ لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی تێپەڕی. ڕووداوێك کە بووە هۆی دروستبوونی چەندین وڵات لەسەر نەخشەی سیاسیی جیهان. ڕەوتێك کە دواتریش لەدایکبوونی کۆمەڵێك وڵاتی دیکەی لەسەر بنەمای نەتەوەخوازی لێکەوتەوە. بەڵام کورد سەرەڕای خەباتی بەردەوامی بە درێژایی سەدەی بیستەم و تا ئێستاش، ئەم ئاواتەی نەهاتووەتە دی، بۆ؟ هۆکارەکان چین؟ ئەم بابەتەمان لەگەڵ د.کامران ئەمین‌ئاوە، نووسەر و توێژەری مێژووی کورد و ئێران تاوتوێ کردووە"

**یەکێك لە دەرەنجامەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی، هەڵوەشانی ئیمپراتوورییەکان و بەهێزبوونی نەتەوەخوازی بوو، ئەوەش بوو کە بە دەیان وڵاتی نوێ هاتنە سەر نەخشەی سیاسیی جیهان، بۆ عەرەب لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەفریقا توانییان چەند وڵاتی نوێ دروست بکەن، لە باڵکان و ئورووپاش چەند وڵاتی نوێ دروست بوون، بەڵام بۆ کورد نەیتوانی لەو دەرفەتە کەلك وەرگرێ؟**

تەواو بوونی شەڕی یەکەمی جیهانی و دانوستانی وڵاتە زلهێزەکان هەر ئەو جۆرەی بۆخۆشتان لە پرسیارەکەدا ئاماژەتان پێ کرد، هەر چەند هۆی پێکهاتنی چەندین وڵاتی سەربەخۆی نوێ لە سەر نەخشەی جیهاندا بوو، بەڵام لە بۆ کورد، نەك ئاکامێکی باشی نەبوو، بەڵکوو کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی کرایە سێ کوت و چارەنووس و کێشەی کورد، هەروەها ڕەوتی خەباتی ئەوانی گەلێك ئاڵۆزتر کرد. لەوە بەولا خەڵکی کورد تووشی شەڕ و خەباتێکی بێ پسانەوە لەگەڵ چوار دەوڵەت هات کە هەر کامیان سەر بە وڵاتێکی زلهێزی جیهانی بوون و وێڕای تەواوی

ناکۆکییەکانیان لەگەڵ یەکتری، زۆر بە هاسانی بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە بەشە داگیرکراوەکانی کوردستان یەکەیان دەگرتەوە. پێم وایە لەبەر ئەوەی بتوانین هۆیەکانی بەدەوڵەت نەبوونی کورد لەو سەردەمەدا تا ڕادەیەك دەستنیشان بکەین، پێویستە بە کورتی، ئاوڕێك لەم شەڕە و ئاکامەکانی وەکوو گەورەترین کارەساتی سەدەی بیستەم؛ هەروەها جێگە و پێگەی کورد لە ڕووداوەکاندا بدەینەوە.

دەستپێکی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ئاگۆستی ساڵی ١٩١٤ لە نێوان بەرەی ئوتریش (نەمسا)ـ ئاڵمان و پەیوەستبوونی دەوڵەتی عوسمانی بەوان، لەگەڵ بەرەی ئینگلیس، فەڕانسە و ڕووسیە کە زۆرتر بەرهەمی گەورە قەیرانێکی مێژوویی و لە پێناوی دابەشکردنی کۆلۆنییەکان بۆ وەدەستهێنانی سوود و ئیمتیازێکی زۆرتر لە بازاڕە جیهانییەکان بوو، کوردستانیشی کردە گۆڕەپانی شەڕ و ململانێی ئەم دوو بەرەیە، بە تایبەتی پاش داگیرکرانی بەشێکی بەرچاو لە خاکی ئێران لە لایەن بەشدارانی شەڕەوە لە سەرەتای نوامبری ساڵی ١٩١٤، کوردیش خوازیار و ناخوازیار تێکەڵاوی ئەم شەڕە بوو و وڵاتەکەشی تووشی خەسارێکی گەورەی مادی و ئینسانی هات.

دەوڵەتی عوسمانی بەپێی ئەوەی کە سیاسەتەکانی تەبابیەکی زۆری لەگەڵ بەرژوەندیی ئاڵمان لە ناوچەی ڕۆژهەڵات هەبوو، لەلایەکی دیکەشەوە گرووپە دەست ڕاستییەکانی پان تورکیست و پان ئیسلامیست خوازیاری پێکهێنانی حکوومەتێکی گەورەی تورك بوون و، پێشیان وابوو ئاڵمانییەکان لەم ڕەوتەدا پشتیوانییان لێ دەکەن، لە نوامبری ساڵی ١٩١٤ بە فەرمی تێکەڵاوی بەرەی ئوتریش و ئاڵمان بوو لەم شەڕەدا. سوڵتانی تورك لەبەر ئەوەی ڕەنگ و ڕووی ئایینی بە شەڕەکە بدا و پشتیوانیی موسڵمانەکانی کورد و عەرەبیش بەرەو خۆ ڕابکێشی، وێڕای فتوای جیهاد، ڕایگەیاند دەوڵەتەکانی ڕووسیە، بریتانیا و فەڕانسە هەوڵی کوژاندنەوەی ڕووناکیی ئاسمانی ئیسلام دەدەن، بەڵام ئاڵمان، ئوتریش و مەجارستان پشتیوانی ئیسلامن. ئەم «جیهادە پیرۆزە» و هەوڵەکانی تۆڕی سیخۆری تورك و ئاڵمانی، بوون بە هۆی وروووژاندنی بەشێك لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژ بە ڕووسەکان و، بەشداریی هاوبەشی تورك و کورد بۆ وێنە لە هێرشکردنە سەر یەکەکانی سپای ڕووس لە ورمێ، گرتنی سابلاغ، مەراغە، تەورێز و خۆی و شارەکانی دیکە. بەڵام پاش سەرکەوتنی ڕووسەکان لە سەرەتای ساڵی ١٩١٥ لە بەرەی شەڕەکانی دژ بە

توركەكاندا، تەواوی ئەو بەشانە دەكەونەوە دەستی ڕووسەكان و شەڕەكە تەنانەت ناوچەی وان، هەمەدان، كرماشان و زۆربەی شارەكانی كوردستانی ئێران دەتەنێتەوە. پاش ئەم سەركەوتنانەی كە ڕووسەكان بە تایبەتی لە كوردستاندا وەدەستی دەهێنن، لە مارسی ١٩١٥ ئینگلیس و ڕووسیەی تزاری گرێبەستێك بۆ دابەشكردنی خاكی ئێران لە نێو خۆیان واژۆ دەكەن.

**بەدەر لە هەڵوێستی ڕەسمیی ئێران، هەڵوێستی كوردەكانی ئەم وڵاتە و عەشیرەتەكانی دیكەی كوردستان لە لایەنگریی بەرەكانی شەڕدا چ بوو؟**

لەم كاتەدا هەرچەند ئێران بە فەرمی خۆی بێلایەن ڕاگەیاندبوو، بەڵام لە كردەوەدا ڕووس و ئینگلیسییەكان لەلایەك و تورك و ئاڵمانییەكانیش لەلایەكی دیكەوە دژ بە یەك شەڕیان دەكرد و ئێران تووشی تاڵان و وێرانی و كوشتاری هەر دوو لایەنی شەڕ ببوو. ئێران تەنیا بە ڕواڵەت وڵاتێكی سەربەخۆ بوو، دەنا لێنین گوتەنی لەو سەردەمەدا نۆ لە دەی ئەم وڵاتە بە كۆلۆنی دەژمێردرا.

عەشیرەكانی كورد، بە تایبەتیی ئەوانەی لەسەر یان نیزیكەی سنووری ڕووسیە و عوسمانی بوون بە هۆی گۆڕانكاریی هێزەكانی ڕووسیە و عوسمانی، هاوپەیمانەكانی خۆیان دەگۆڕی. بۆ وێنە هەر وەكوو ئاماژەم پێكرد لە سەرەتای شەڕەكەدا عەشیرە كوردەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان زۆرتر پشتیوانییان لە عوسمانی دەكرد، بەڵام پاشەكشەی عوسمانی و پێشڕەوی ڕووسیە لە بەرەكانی شەڕدا، بوو بە هۆی گۆڕانی بارودۆخی ئەم ناوچەیە و نیزیكبوونەوە و دەستپێكی پێوەندیی سەرۆك عەشیرە، بەگ، دەرەبەگ و شێخ و ئاغاكانی كوردستان لەگەڵ ڕووسەكان.

بەگشتی ڕووس و ئینگلیس لە ڕەوتی ئەو شەڕەدا وێڕای كەلك وەرگرتن لە كوردەكانی ئێران و عوسمانی، لەكردەوەدا هیچ پلان و بەرنامەیەكی ڕاستەقینەیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردی نەبوو، كوردیش لە باشترین حاڵەتدا بۆ ئەوان ڕۆڵی شەڕڤانێكی باش و بە جەرگی هەبوو.

**ئەدی ئەو هاوكێشە و هاوسەنگییە دوای كۆتاییهاتنی شەڕ چی لێ بەسەر هات؟**

لە سەردەمی شەڕ و پاش تەواوبوونی شەڕی یەكەمی جیهانی وڵاتانی ڕووسیە، ئینگلیس و فەڕانسە بەپێی بەرژەوەندیی و هاوسەنگیی هێزەكانیان لە ئاستی جیهان و

ڕۆژهەڵاتی نیزیك، هەڵسوکەوت و مامەڵەیان لەگەڵ یەکتر و خەڵکی ئەو ناوچەیە و یەك لەوان کوردەکان دەکرد.
بۆ وێنە لە نێوان کۆبوونەوەی ئاشتیی پاریس لە ساڵی **١٩١٩** هەتا واژۆکردنی گرێبەستی لۆزان لە ساڵی **١٩٢٣**، بە پێی بەرژوەندی و هاوسەنگیی هێزەکان، ئاڵوگۆڕی جۆراوجۆر لە هەڵوێستی ئەم وڵاتانە سەبارەت بە گەلانی ناوچەی ڕۆژهەڵات و یەك لەوان کورد پێك دێ و پێم وایە خراپ نییە بە کورتی ئاماژەیان پێ بکەین.
کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس لە ژانویەی **١٩١٩** هەتا **١٩٢٠** درێژەی هەبوو و دەوڵەتە سەرکەوتووەکانی شەڕ بڕیاریان لە سەر داهاتووی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی دەدا. لەم هەڵوێستانەدا بە چەشنێك چواردە خاڵی «وودرۆ ویلسۆن» سەرۆك کۆماری ئەمریکا لە بەرچاو گیرابوو. لە خاڵی **١٢**ی ویلسۆندا سەرەڕای ئاماژەکردن بە سەربەخۆیی و دەسەڵاتداریی بەشە تورك نشینەکانی عوسمانی، باس لە پێدانی دەرفەتی پێویست بۆ ژیانێکی هێمنانە و بارودۆخی پێویست بۆ گەیشتنی نەتەوەکانی دیکە بە سەربەخۆیی دراوە. لەم کۆنفرانسەدا ژێنڕاڵ شەریف پاشا کە لە ساڵی **١٩٠٩**وە لە پاریس دەژیا، وەکوو نوێنەری کورد و، بۆغوس نۆبار پاشا، نوێنەری ئەرمەنییە تاراوگەنشینەکانی عوسمانی و ئاوتیس ئاهارۆنیان، نوێنەری یەکەم کۆماری ئەرمەنستان بەشدار بوون. لەم کۆنفرانسەدا لە بڕیارنامەی لێژنەی بریتانیا باس لە جیابوونەوەی ئەرمەنستان، سووریە، بێن چۆمان، کوردستان. فەلەستین و عەرەبستان لە ئیمپڕاتووریی عوسمانی کرابوو. پاش گرێبەستی ئاشتی لەگەڵ ئاڵمان لە ژوئەنی **١٩١٩**، ئەمریکا خۆی لەم ڕەوتە دەکێشێتە دواوە و لە کۆنفرانسی سان ڕێمۆ [ئاوریل_ مای **١٩٢٠**] وڵاتە سەرکەوتووەکانی شەڕ، شەرت و مەرجەکانی خۆیان بۆ ئاشتی لەگەڵ عوسمانییەکان دەدەنە ئەستەنبووڵ. دەوڵەتی تورك لە درێژایی ئەم ڕەوتەدا هەوڵی خۆی دەدا هەتا پانتایی ئەو ناوچانەی کە قەرار بوو لێی جیا کرێتەوە، کەم کاتەوە و هاوکات کوردەکان تووشی چەند بەرەکی بکا. لە نێو کوردەکانی عوسمانیدا «جەمعییەتی تەعالی کوردستان» خوازیاری چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ڕێگای وەرگرتنی خودموختاری لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها هاوپەیمانی حیزبی حوڕییەت و ئێتلاف بوو. هەڵبەت لە نێو ئەم ڕێکخراوەیەشدا دوو بەرەکی هەبوو و جەوانەکانی خوازیاری سەربەخۆیی کوردستان بوون. لە کۆنگرەی

ئەرزڕۆمیش لە ژوئەنی ١٩١٩ کەسایەتییەکانی بزووتنەوەی کورد، بڕیارنامەیەکەیان سەبارەت بە هۆگریی خۆیان بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی تورك پەسەند کرد، هەڵبەت هاوکات ڕایانگەیاند ئەگەر کاربەدەستانی تورك بەڕێوەبردنی وڵاتی کوردانیان پێ نەسپێرن، دەست بە ڕاپەرین دەکەن. لە لایەکی دیکەشەوە کەماڵ ئاتاتورك هەوڵی دەدا لە ڕێگای پان ئیسلامیستییەوە دەرەبەگە کورد و شێخەکان و هتد بە دژی ئەرمەنییەکان هان بدا و لە شەڕی دژ بە ئەرمەن کەلکەیان لێ وەربگرێ.
لەهەر حاڵدا لە پەیمانی سێور لە ئاگوستی ١٩٢٠ مافی بەشێك لە کوردان [تورکیە] وەکوو نەتەوەیەکی سەربەخۆ بە فەرمی ناسێندرا و لە مادەی ٦٤ی ئەم پەیماننامەیە ئاماژە بە مافی جیابوونەوەی دانیشتووانی کورد لە تورکیە بەپێی سەلماندنی ئەم ویستە لەلایەن خەڵکی کوردەوە کرا.
بەڵام لەساڵی ١٩٢١ بەپێی سووربوونی تورکەکان لەسەر نەدانی ئەم مافە، وڵاتە سەرکەوتووەکان لە سەرەتا هەتا ئاستی مافی خودموختاری بۆ کورد پاشەکشە دەکەن، و بە پێی گرێبەستی لۆزان لە ٢٤ ژوویيەی ساڵی ١٩٢٣ مافی دەسەڵاتداریی تورکەکان لەسەرتاسەری ئاناتۆلی مسۆگەر دەکرێ و مەسەلەی خودموختاری کوردەکانیش لەبیر دەچێتەوە. ئەمە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دروشمی پان تورکیستەکانی کەمالیست بۆ دروستکردنی یەك وڵات، یەك دەوڵەت، یەك ئایین، یەك نەتەوە و یەك زمان و سەرەتایەکی دیکە بۆ هەڵگیرسانەوەی کێشەی کورد لە باکووری کوردستان، کە هەتا ئێستاش چارەسەر نەکراوە و هەر بەردەوامە.
خاڵێکیش کە پێم وایە دەبێ ئاماژەی پێ بکرێ، ڕۆڵی ڕووسیە پاش سەرکەوتنی باڵشویکەکان لە ساڵی ١٩١٧ و نیزیکبوونەوەی مسکۆ بە تورکیە و بەستنی پەیماننامەی دۆستی لە ساڵی ١٩٢١، هەروەها پاشەکشەکردنی فەڕانسە و ئینگلیس لە بەشێك لە داواخوازییەکانیان بۆ دیتنەوەی زمانی هاوبەش و سات و سەودا لەگەڵ تورکەکان بوو. بەم پێیە، سەرەڕای جیابوونەوەی بەشێکی زۆر لە وڵاتە ناتورکەکان لە ئیمپڕاتووریی عوسمانی، تورکەکان توانییان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر کوردستان و خۆرئاوای ئەرمەنستاندا مسۆگەر بکەن.

**ئەدی کوردەکان بۆخۆیان لەو هاوکێشەیەدا چییان کرد، چۆن بەو قەدەرە ڕازی بوون؟**

نەبوونی بەرنامە و هاوئاهەنگی لە نێوان جەمعییەت و کۆمیتە کوردستانییەکان، هەروەها لە نێوان عەشیرەکان و پێوەندییە لاوازەکانی ئەم ڕێکخراوانە لەگەڵ جەماوەری خەڵك و نەناسینی ئامانجی ڕاستەقینەی دەوڵەتەکانی ئینگلیس و فەڕانسە، هەروەها پەیمانشکێنی ئەم دەوڵەتانە، تەواوی هیواکانی کوردی بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی کرد بە هیچ و شۆڕشەکانی کورد یەك بە دوای یەك لەلایەن سپای تورکەوە سەرکوت کران. خەباتی دژ بە ئێمپریالیستی تورکەکان کە بە ناوی شۆڕشی کەمالییەکان کەوتبووە سەر زمانی بەشێك لە کەسایەتییەکانی کورد، تا ڕادەیەك هیوای چارەسەرکردنی کێشەی کوردی لە چوارچێوەی خودموختاری لە تورکیە و پشتیوانی لە ئاتاتورك و سیاسەتەکانی پێك هێنابوو. سەرنجڕاکێش ئەوەیە، تورکەکان سەرەڕای سەرکوتی کوردەکانی خۆیان، پشتیوانییان لە بزووتنەوەی کوردی باشوور دەکرد. بەگشتی کۆنفرانسی لۆزان و ئاکامەکانی وێڕای زەبرێکی حقووقی و مێژوویی لە بزووتنەوەی کورد، پیشاندەری ئەم ڕاستییەش بوو کە زلهێزەکانی جیهان و تورکیە هەر کامیان بە چەشنێك کەلکەیان لە کورد بەپێی بەرژوەندیی خۆیان وەردەگرت. پێویستە لێرە جارێکی دیکە ئاماژە بەوەش بکەین، لە هیچ یەك لەم دانوستانانەدا کێشەی کوردی ڕۆژهەلات باس نەکرا، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕاستییە کە ولاتانی سەرکەوتوو لە شەڕدا دەیانویست ولاتی ناتورکەکانی عوسمانی لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست هەتا ئەفریقا دابەش بکەن و هیچ بەرنامە و پلانێکەیان بۆ کوردی ئێران نەبوو.

سەرنەکەوتنی بزووتنەوەکانی گەلی کورد وێڕای کاریگەریی نەرێنیی ولاتە زلهێزەکان و لەبار نەبوونی بارودۆخی جیهانی و ناوچەیی، هەر وەکوو لە ڕابردوشدا ئاماژەم پێ کردووە، تا ڕادەیەکی زۆر پێوەندی بە هۆکارە نێوخۆییەکانەوە هەیە. کوردستان لە قۆناغی ناوبراودا سەرەڕای ئەوەی گۆڕەپانی ڕاپەڕینی گەلی کورد بە ڕێبەریی سەرۆك عەشیرە و شێخ و هتد دژ بە حکوومەتەکانی ئێران و عوسمانی بووە، بە هۆی نەبوونی یەکیەتی و تەبایی نەتەوەیی، شکڵ نەگرتنی ناسیۆنالیزمێکی بەهێزی فیۆدالی، پێك نەهاتنی فدراسیۆنێکی بەهێز لە میرنشینە سەربەخۆ و نیوە سەربەخۆکان لەژێر ڕێبەرییەکی بەتوانا و کارزاندا بۆ هاوئاهەنگی و بەڕێوەبردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە تەواوی کوردستان، قەتیس مانەوە لە بەرژوەندیی تەسکی تاکەکەسی- عەشیرەییدا، شەڕی نێوخۆیی، کوشتن و تالانکردنی

یەکتری، هەروەها فاکتەری جوغرافیایی وەکوو پانتایی بەرچاوی خاکی کوردستان کە بەربەستێك بۆ پێوەندی لە نێوان ناوچەکانی کوردستان بووە، نەیتوانی بە ئاکامی دڵخوازی خۆی واتە پێکهێنانی کەیان و دەوڵەتی کوردی بگا.

**کەم نین کەسانی خاوەنڕا کە پێیان وایە نەبوونی ڕێبەرێکی کاریزما لەو سەردەمدا کوردی لەوە وەپاش دا؟**

ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، بوونی ڕێبەرێکی کاریزما و توانا دەیتوانی فاکتەرێکی گرینگ و پێویست بۆ پێکهێنانی یەکیەتیی نەتەوەیی، کۆکردنەوەی ڕێکخراوە، عەشیرە و هۆزەکانی کورد و بەتایبەتی ناسینی دەرفەتەکان و کەڵك وەرگرتن لەوان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بزووتنەوەی کورد بێ. لێرەدا توانایی ڕاکێشانی خەڵك، تێگەیشتن لە دەرفەتەکان و سنوور و بەرتەسکییەکانی بزووتنەوە یەکێك لە ئەرکەکانی ڕێبەرییەکی کاریزما بۆ بەڕێوەبردنی جووڵانەوەکە و پێشڕەوی و پاشەکشەکردنی دروست و هەڵبژاردنی شێوەی خەباتە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش، ئەمە هەمیشە ناتوانێ فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە بێ و لەم نێوەدا زۆر فاکتەری نێوخۆیی وەکوو هاوسەنگی هێزەکانی دژبەر، ئاگایی نەتەوەیی و پشتیوانیی جەماوەر، لێکدانەوەی دروستی سیاسەتی زلهێزەکانی جیهانی، هەروەها بارودۆخی ناوچە و جیهان و ئەوەی گۆڕانکاری لە جوغرافیای سیاسی ناوچەی ڕۆژهەڵات تا چ ڕادەیەك لەگەڵ بەرژوەندی و بەرنامەی زلهێزەکان دێتەوە، دەتوانێ کاریگەریی ئەرێنی یان نەرێنی لەم ڕەوتەدا هەبێ. بە داخەوە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی واتە لە ساڵی ١٩١٧ هەتا کۆتایی کۆنفڕانسی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣، کورد نەك یەکدەنگ نەبوو، بەڵکوو بە هۆی ئاستی خوارەوەی پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەروەها فەرهەنگی سیاسی و ئایینی خۆی تووشی ناکۆکی و چەند بەرەکیی بەرچاویش بوو، هاوکات دەوڵەتانی سەرکەوتوو لە شەڕ بەپێی بەرژوەندیی خۆیان لەم ناوچەیە و ململانێی سیاسی لەگەڵ مسکۆ کە هاوپەیمانی ئانکارا بوو، زۆر بە ئاسانی لە قەرارەکانی پەیمانی سێور پاشگەز بوونەوە و لە کۆتاییدا ئەم دوو دیاردەیەی دەرەکی و نێوخۆییە، لە دوو لاوە مۆری نەرێنیی خۆیان لە دادێی ژیانی سیاسی و چارەنووسی کورد دا و، نەك کێشەی کورد چارەسەر نەکرا بەڵکوو بارودۆخی کوردستان بە گشتی بەرەو خراپی و ئاڵۆزیی زۆرتریش چوو.

**لەگەڵ ئەوەشدا سەدەی بیستەم سەدەی شۆڕشە بێ ئاکامەکانی کورد بۆ بەدەستەوەگرتنی مافی دیاریکردنی چارەنووس بوو. ئێوە پێتان وایە ئەم سەدەیە بۆ کورد پتر دەرفەت بوو یان هەڕەشە و مەترسی؟**

لە ڕەوتی خەباتدا هیچ دەرفەتێك بێ هەڕەشە نییە، واتە ژیانی سیاسی بە چەشنێك یەکیەتی و ململانێی دژبەرانە، ئەوە نەك تەنیا یاسایەکی فەلسەفی، بەڵکوو ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە لە ژیان و خەباتی نەتەوەکانیشدا. واتە گۆڕانکاریی لە بارودۆخی سیاسی کۆمەڵگە کاتێك دەرفەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە هەلومەرجێکی نوێدا دەخوڵقێنێ هاوکات هێزی نوێخوازیش بەرامبەری لەگەڵ هەڕەشەی دیار و نادیاری دوژمنانێك دەکا، کە دەیانەوێ پێشگیری لە پەرەسەندنی ئەم جوڵانەوەیە بکەن، جا کەلك وەرگرتن لە دەرفەتەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە و یان لە نێوچوونی ئەم دەرفەتە بە هۆی سەرکەوتنی پیلانەکانی دوژمن، پێوەندیی بە بارودۆخی لەبار یان نالەباری نێوخۆیی و دەرەکی و هاوسەنگیی هێزەکان هەیە.

سەدەی بیستەم بە هۆی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان، سەدەی دەرفەت و هاوکات هەڕەشە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد بووە. بۆ وێنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێن ئاماژە بە دوو ڕووداوی گرینگ واتە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەساڵی ١٣٢٥ هەتاوی و ئازادکرانی کورتخایەنی بەشێك لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵەکانی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی، هەروەها دەسەڵاتی کورد لە باشووری کوردستان پاش سەرکەوتنی کوودەتای ٢٣ی پووشپەڕی ١٣٣٧ بە ڕێبەریی عەبدولکەریم قاسم هەتا ڕێکەوتننامەی ئەلجزایر لە ڕەشەمەی ١٣٥٣ی هەتاوی بکەین. لێرەدا تەنیا ئاماژە بە یەکێك لەم ڕووداوانە دەکەم؛ داگیرکرانی ئێران لەلایەن هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت و بریتانیا لە کۆتایی ئاگوستی ١٩٤١، بوو بە دەرفەتێك بۆ گەشەسەندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد و ئازەری لە ئێراندا، هەروەها سەرهەڵدانی هەڕەشە و پیلانەکانی تاران و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی بۆ لە نێوبردنی ئەوان.

گەڕانەوەی هێزەکانی سپای سوور بۆ یەکیەتیی سۆڤیەت لە مای ١٩٤٦، پاشەکشەی پەیتا پەیتای حکوومەتی ئازەربایجان، هێرشی سپاسی ئێران و گرتنەوەی تەورێز و هەڵاتنی ڕێبەرانی فرقەی دێموکرات بۆ باکۆ، ناچالاکی، دەست لەسەردەستدانان و بێدەنگیی هێزە سەرانسەرییەکانی ئێران وەکوو حیزبی توودەی ئێران، و لە کۆتاییدا

خۆڕانەگری ڕێبەرانی کۆماری کوردستان، ڕووخانی کۆماری کوردستان و شەهیدبوونی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی لێ کەوتەوە. بەڵام شکان و شکست لە ڕەوتی مێژوودا کاتییە و دەرفەتی نوێ بۆ هێزی پێشکەوتنخواز بێگومان پێك دێتەوە.

**پێت وانییە کورد بۆ خۆی وەك کێشەکانی، وەك تایبەتمەندییەکانی، وەك ئەوەی ئێستا لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان دەیبینین، ئێستاش نەبووەتە خاوەن ناسیۆنالیزم و شوناسخوازییەك کە دەوڵەتی کوردیی لەسەر دابمەزرێ، کە هەڵگری پرۆژەی دەوڵەت ـ نەتەوە بێ؟**

دەیوید مەك داوڵ لە کتێبی «مێژووی هاوچەرخی کورد» دوو بنەماڵەی سادات نەهری (یان شەمدینان) و بەدرخانەکان وەکوو دوو بەرەی بەرچاوی ناسیۆنالیزمی کورد لە چەشنی خودموختاری و جیاییخواز پێناسە دەکا و پێی وایە ئەم دوو لاگیرییە ئێستاش پێکهێنەری دەستەبەندییەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردن. ئەگەر ئاوڕێك لە خەباتی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان بدەینەوە، بە چەشنێك ئەم دوو ڕەوتە بە درێژایی ژیانی سیاسی لە دوو سەدەی ڕابردوودا وەپاڵ یەك بوون، بەم جیاوازییەوە، کە ڕەوتی خودموختاری یان فێدراڵخوازی پاش ڕووخاندنی کۆماری کوردستان هەتا ئەمڕۆ هێزی زاڵ لە بزووتنەوەی کورد بووە و لەم بەرەیەشدا بەشێك لە هێزە کوردییەکان هەر چەند دروشمی فێدرالیزمیان هەڵگرتووە، بەڵام لە پرۆگرامی خۆیاندا باس لە مافی چارەنووسی گەلان هەتا سەربەخۆیی دەکەن و بڕیاری کۆتایی بۆ گەلی کورد دادەنێن. من پێم وایە ئەگەر هێزێك مافی سەربەخۆیی بۆ کورد بە ڕەوا بزانێ، دەتوانێ هەر یەك لەم حاڵەتانە وەکوو قۆناغێك بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی پێناسە بکا. بەڵام حاشاکردن لە مافی چارەی خۆنووسین بۆ ئەوەی کە تاوانی جیاییخوازیمان لێ نەدەن، بە کارێکی شیاو نازانم. بێگومان هەڵبژاردنی هەر کام لەم ڕێبازانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەگەڕێتەوە سەر جیاوازیی فیکری و شێوەی هەڵسەنگاندنی ئێمە لە هەلومەرجی ئێستا، بەڵام، ئەو خاڵەی پێویستە بۆ هێزێکی کورد جێگای سەرنجدان بێ «بەرژوەندیی و ستراتێژی نەتەوەییە». واتە ناکرێ لە لایەکەوە حاشا لە «نەتەوە» و «مافی بە دەوڵەت بوونی کورد» بکرێ و لە لایەکی دیکەوە باس لە هەبوونی کلیلی چارەسەرکردنی کێشەی کورد و نەتەوەکانی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی گەورەی نێوەڕاست بکردرێ، یان ئەو هیوایە لە دڵ و مێشکی

جەماوەر پێك بهێندرێ کە فیدرالیزم یان خودموختاری و هەبوونی مافی شارومەندی هێڵی ئاخرە. بە باوەڕی من، یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی کورد بە پێچەوانەی تەواوی ئەو پڕۆپاگەندە و «تاوان!»ی ناسیۆنالیست بوون کە لەلایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکان و بەشێکی بەرچاو لە هێزە سەرانسەرییەکان بە بیروڕای جیاوازەوە وەپاڵی دراوە و دەدرێ، کەمایەسیی ناسیۆنالیزمێکی ڕاستەقینەی مۆدێرن و ئەمڕۆیی لە نێو کورد دایە، ناسیۆنالیزمێك کە بتوانێ زۆرینەی خەڵکی کوردستان لە دەوری ئاڵای سەربەخۆیی کۆ بکاتەوە، بەڵام ئەوە بەو مانایەش نییە کە ئێمە بیر و هزری ناسیۆنالیستیمان نییە و ناتوانین هەڵگری پرۆژەی دەوڵەتی نەتەوەیی بین. بێگومان یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی وڵاتێکی فرە حیزبی هەبوونی بیروڕای جیاوازە و، هەتا کاتێك زۆرینەی ئاڵاهەڵگرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەسەر «ستراتێژییەکی نەتەوەیی» کۆك نەبن و بە یەك پلانی هاوبەش بەرەو چارەسەرکردنی کێشەی کورد نەڕۆن چەتوونە باس لە دەرفەتێك بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی، تەنانەت لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان بکردرێ؛ بەڵام پێویستە لەم پێناوەدا کاری فیکری و تەبلیغاتی بکردرێ و بیرەکە بۆ نێو کۆمەڵگەی کوردی ڕاگوێزرێتەوە و بکرێتە بەشێك لە ڕەوانی خەڵك. لەبیرمان نەچێ پێکهاتنی بەشێك لە دەوڵەتە سەربەخۆکان نەك تەنیا بە هۆی شکڵگرتنی ناسیۆنالیزمێکی بەهێز، بەڵکوو بە پێی ئاڵوگۆڕەکانی جیهانی پاش شەڕ، یان شۆڕش و گۆڕانی حکوومەتی ناوەندی و هتد بووە.

**ئەم ناسیۆنالیزمەی جەنابت دەیفەرمووی لای کورد کاڵ و کەمڕەنگ بووە و وەك کەمایسییەك باست کرد چییە؟**

ئێمە دەبێ خوێندنەوەی خۆمان لە ناسیۆنالیزم بێ و نەکەوینە داوی شانتاژی ئەو ڕەگەزپەرستانەی کە بە بەدناوکردنی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیەکی چەوساوە، پاکانە بۆ شوینیزمی خۆیان و نەتەوەی باڵادەست دەکەن. ناسیۆنالیزم بۆ کورد بە مانای خەبات بۆ گەیشتن بە مافێکە کە لەلایەن داگیرکەرانی وڵاتەکەی بە زۆر لێی زەوت کراوە. پێویستە سنووری نێوان ناسیۆنالیزمی بەرچاو تەنگی نەتەوەی حاکم و ناسیۆنالیزمی نەتەوەی ژێردەست ڕوون کرێتەوە. بە قەولی لازاریف «ناسیۆنالیزم بەشێکی گرینگ لە ژیانی مرۆڤایەتیی، لە قۆناغی گەشەسەندنی مێژوویی و ئەتنیکی ئەو لە سەردەمی نوێ و ئەمڕۆی دایە». ئاڵوگۆڕەکانی پێشکەوتنخوازانە لە کۆمەڵگەی کورد دەبێتە هۆی سەرهەڵدان و بەهێزبوونی سیاسەت و بیر و هزری ناسیۆنالیزمی کورد و

پەرسەندن و گەشەکردنی بیری ناسیۆنالیستی لە پێناوی گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین. بزووتنەوی نەتەوەیی کورد لە درێژایی خەباتی خۆی لە سەدەی ڕابردوودا لە سەر بناغەی دێموکراتیزم، ناسیۆنالیزم، هەروەها بیری چەپی سۆسیالیستی و بە دوور لە هەر چەشنە هەڕەشە و بێڕێزییەك بە نەتەوە دروانسێیەکان یان ئەوانەی کە لە کوردستان ژیاون و دەژین، بووە. بزووتنەوەی کورد جووڵانەوەیەکی پێشکەوتنخوازانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی کورد، و بێ دەستدرێژی بە خاکی نەتەوەیەکی دیکەیە. ئەوەیە نەتەوەی کورد شایانی پێکهێنانی کەیان و دەوڵەتی خۆیەتی.

**هەندێ بۆچوون هەیە دەڵێ کورد تا نەبێتە دەوڵەت نابێتە نەتەوە، لە بەرامبەریشدا ئەو ڕایە هەیە کە دەوڵەتە مۆدێرن و ئەمڕۆییەکان لەسەر بنەمای نەتەوەخوازی دروست دەبن. ئێوە ڕاتان چییە؟**

وڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بۆچوونانەی کە لەسەر چەمکی نەتەوە ــ دەوڵەت یان دەوڵەت ــ نەتەوە هەیە. هەر کام لەمانە دەتوانێ سووژەی لێکدانەوە و باسێکی دوور و درێژ بێ. بۆ ئێمەی کورد ئەوەی گرینگە، هەنگاو هەڵێنان بۆ گەیشتن بە سەروەریی نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییە. کورد یەکێك لە گەورەترین نەتەوەکانی جیهانە کە هەتا ئێستا مافی بەدەوڵەتبوونی لێ زەوت کراوە. دوا نموونەش پیلانەکانی پاش گشتپرسی سەربەخۆیی باشووری کوردستان لە سێپتامبری ٢٠١٧ و هێرشی سپای عێراق، حەشدی شەعبی بە ڕێبەریی و یارمەتی ماڵی و سپایی کۆماری ئیسلامیی ئێران، و بە هاوکاری و سازانی بەشێك لە هێزەکانی کوردستانی، هەروەها دژایەتیی زۆرینەی وڵاتانی جیهان لەگەڵ ئەم ڕاپرسییە بوو. بەڵام سەرەڕای ئەم دژایەتییەش، کورد سەلماندی ئەگەر بۆی هەڵکەوێ بێگومان واز لە مافی نەتەوەیی خۆی ناهێنێ و پشتیوانی و شادی و خۆشی کوردەکان لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش پیشاندەری هەستی بەهێزی نەتەوەیی میللەتێکە کە بە درێژایی مێژوو بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانی، خەباتێکی بێوچانی کردووە و هیچ کاتێك ملی بۆ سەرکوتکەران و داگیرکەرانی وڵاتەکەی شۆڕ نەکردۆتەوە. ئەوەی کە ئێمە بە کام پێناسە نەتەوەین، پێم وانییە گۆڕانکارییەك لە ئامانج و هەڵوێستەکانی مێژوویی ئێمە پێك بێنێ. هەر وەکو بۆخۆشتان ئاگادارن، نەتەوە لە ڕوانگەی جۆراوجۆرە پێناسە کراوە و وێڕای پێناسەی فەڕانسەوی و ئاڵمانی یان

پێناسەی بەرەی چەپ و ڕاست و هتد، دەتوانێ تەنیا «هەبوونی هەستی نەتەوەیی» پێناسەیەك بۆ نەتەوە بوون بێ. هەر وەکوو ئاگادارن پێناسەی فەڕانسەوی و ئاڵمانییەکان لە نەتەوە جیاوازە، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە سەر تایبەتمەندییەکانی شێوەی شکڵگرتنی دەوڵەت و نەتەوە لە هەر یەك لەم وڵاتانە.

## ئێستا کامیان لەگەڵ دۆخی کورد دەگونجێ؟ کێشەکانی بەردەم یەکبوونی کورد کامانەن؟

بێ لەبەرچاو گرتنی تەواوی ئەم پێناسانە و ئەوەی کە کامیان باش یان خراپە، یان کامیان لەگەڵ وەزعییەتی ئێمەی کورد دێتەوە، ئێمە لە ڕەوتی یەکیەتیی نەتەوەیی گەلێك کێشەمان چ لە ئاستی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان دابەش کردووە و چ لە ئاستی کوردستان بە گشتی هەیە. ئەگەر ئاوڕێك لە وەزعییەتی هەر بەشێکی کوردستان بدەینەوە شایەدی ناکۆکی، ناتەبایی و پاوانخوازی و پاشقولدانی یەکتری لە نێو هێزەکانی کوردستانین. نەبوونی بەرە یان کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کە بتوانێ زۆرینەی هێزەکانی کورد لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان بە چەشنێکی ڕاستەقینە لە دەوری یەك کۆکاتەوە یەکێك لە کەمایەسی و کێشەکانی نێو بزووتنەوەی کوردە. لە ئاستی تەواوی کوردستانیش بێگومان ناکرێ کاتێك ئەم ئاڵۆزییانە لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان بەم زەقییە هەیە، بتوانین چاوەڕەوانی ئەو بکەین، بەرە یان ڕێکخراوەیەك وەکوو چەترێك بۆ کۆکردنەوە و هێنانە ئارای دروشمی یەکگرتنەوەی کوردستان پێك بێ و ڕۆڵێکی بە هێز لەم پێناوەدا بگێڕێ، لە لایەکی دیکەشەوە پاوانخوازیی بەشێك لە هێزەکانی کوردستان و دەستێوەردان لەکار و باری بەشەکانی دیکەی کوردستان، پێوەندییەکان ئاڵۆزتر دەکا و ئەم هێزانە لە یەك دوورتر دەکاتەوە. مەسەلەیەکی دیکەش کە پێویستە لە ئاستی کوردستان و بە تایبەتی لە باشوور و ڕۆژهەڵات وەکوو خاڵێکی نەرێنی یان وەکوو کۆسپێك لەسەر یەکیەتیی نەتەوەیی سەرنجی بدرێتێ، مەترسی «ئیسلامی سیاسی» لەسەر چارەنووسی کورد و مەسەلەی نەتەوەیی، سێکۆلاریزم، دێموکراسی، مافی ژنان و هتد لە کۆمەڵگەی کوردی دایە. چارەنووسی مێژووی کورد بە چەشنێك شکڵی گرتووە کە ئەستەمە ئایین و ئیسلامی سیاسی نەك بتوانێ ڕۆڵ بۆ یەکخستنی هێزەکان و جەماوەری کورد بگێڕێ، بەڵکوو بە پێچەوانە هەتا ڕادەیەکی زۆر نەخشێکی نەرێنی و جیاکەرەوەی نەتەوەیی هەیە و دوژمنە بیانی و نێوخۆییەکان بۆ زەبرلێدان لە بزووتنەوەی کورد و یەکیەتیی نەتەوەیی

کەلکی لێ وەردەگرن. بۆ وێنە ئێمە لە سەرەتای ساڵەکانی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ شایەدی ڕۆڵی نەرێنی و دوژمنانەی مەکتەبی قورئان و لایەنگرانی ئاغای موفتیزادە لەگەڵ بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەلاتی کوردستان بووین.
کێشەیەکی دیکەش لە ڕەوتی «یەکگرتوویی نەتەوەیی» مانەوەی ئاسەواری بیر، داب و نەریتی عەشیرەیی لە نێو کۆمەڵگەی کوردی و تەنانەت لە شێوەی حیزبایەتی دایە. هەر چەند لە پێوەندییە ئابوورییەکاندا تەنیا کاریکاتۆرێك لە سیستمی عەشیرەیی ماوە، بەلام ئاسەواری فەرهەنگی و سیاسی ئەم سیستمە وەکوو باوکسالاری، زاڵبوونی بەرژوەندیی تاکەکەسی، بنەماڵەیی و حیزبی، پێشێلکردنی مافی ژنان و مەسەلەی فرەژنی، بێ پرەنسیپی لە چالاکی سیاسی و هتد، ڕۆڵێکی نەرێنی و مەترسیدار لە کوردستاندا دەگێڕێ. بەم پێیە ئێمە بۆ گەیشتن بە یەکیەتیی نەتەوەیی ڕووبەڕووی گەلێك کێشە و کۆسپین و ئەرکی ڕووناکبیری کورد و ئەو ڕێکخراوانەی خۆیان لە بەرەی ناسیۆنالیزم، سێکۆلاریزم، سۆسیال دێموکراسی، چەپی مارکسی و هتد دەبیننەوە هەنگاو هەڵێنان بۆ چارەسەرکردنی مەدەنی ئەم کێشانە و بردنە سەرەوەی ئاگایی نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازانەی کۆمەڵگەی کوردستانە. ئێمە بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانمان پێویستیمان بە یەکیەتی نەتەوەیی، پلۆرالیزمی سیاسی، ڕێزگرتن لە بیر و هزری یەکتری، خۆپارێزی لە پاوانخوازیی و دەستێوەردان لە کار و باری بەشەکانی دیکەی کوردستان و، ڕێز گرتن لە بڕیاری خەڵك هەیە هەتا هەنگاوی بە هێز بۆ چوون بەرەو داهاتوو و پێکهێنانی بەستێنێکی شیاو بۆ پێکهێنانی بەرەی نەتەوەیی و خەبات بۆ گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین هەڵێنین.

**بۆچوونێکیش هەیە کە دەڵێ سەردەمی ناسیۆنالیزم کۆتایی هاتووە و جێی خۆی بە هەندێ پرەنسیپی وەك «مافی مرۆڤ» و «پێکەوە ژیان» و «هاوبەشیی وەك یەك» لە چوارچێوەی سنوورە جوغرافیاییە سیاسییەکانی ئێستادا داوە، ئێوە لەگەڵ ئەوە کۆکن؟**
ئەگەر قەرار بێ بە وشەیەك وەلامی ئەم پرسیارەتان بدەمەوە، نا لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم. بەلام هۆی ئەم ناکۆکییە چییە؟ هەر وەکوو پێشتریش ئاماژەم کرد، پێم وایە پێناسەی هێزەکانی دژ بە ناسیۆنالیزمی کورد واتە ناسیۆنالیزمی نەتەوەیەکی چەوساوە کە بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوەیی و ڕەوای خۆی خەبات دەکا، لە جێی خۆیدا نییە. بێگومان دەبێ ئەم مەسەلەیە شی کرێتەوە، بۆچی سەردەمی ناسیۆنالیزم بە تایبەتی بۆ کورد کۆتایی هاتووە و پێوەری ئەم چەشنە هەڵسەنگاندن و بڕیارانە چییە؟ کام یەك

لە ویستە نەتەوەییەکانی کورد لە نێو وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان، بێجگە لە ستاتوویەکی سەقامنەگرتوو لە باشووری کوردستان جێبەجێ کراوە، کە بڵێین تەنیا کێشەی «مافی مرۆڤمان» ماوە کە دەبێ چارەسەر بکرێ؟ چۆنە بۆ سکاتلەندی، یان کاتالۆنیایی و باسکە جیاییخوازەکانی ئیسپانیا، هەروەها فەڕانسەوی و هۆلەندییەکانی بلژیك و خەڵکی کوبێك لە کانادا و تەنانەت بایەری ئاڵمان، ئەویش ڕاست لەنێو جەرگەی ئورووپا و کانادای پێشکەوتوودا کە پرەنسیپەکانی مافی شارومەندی، مافی مرۆڤ و پێکەوەژیان و هتد تا ڕادەیەکی زۆر بە پێی دەستوور لەبەر چاو گیراوە و ستاتووی ئەوان بۆ بەراوەردکردن لەگەڵ حاڵ و وەزعی ئێمەی کورد نابێ، کێشەی نەتەوەیی بە یەکجاری چارەسەر نەکراوە و خەباتی ئەوان بۆ جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی هەر بەردەوامە، بەڵام بۆ ئێمەی کورد کە تەواوی مافەکانی نەتەوەیی و شارومەندیی و هتدێکمان لێ زەوت کراوە کاتی تەواو بووە؟ پێم وایە پێویستە ئاوڕێك لە بارودۆخ و وەزعییەتی باشووری کوردستان و پێوەندیی ئەوان لەگەڵ بەغدا و هەڕەشە و هێرشەکانی سپای عێراق لە کاتی مالیکی و عیبادی بۆ کوردستان و مانەوەی گەلێك کێشەی دەستووری و هتد، ئەویش لە وڵاتێکدا بدەینەوە کە بە پێی یاسای بنەڕەتیی عێراق، وەکوو وڵاتی عەرەب و کورد پێناسە کراوە، هەتا بۆمان دەرکەوێ کە کێشەی نەتەوەیی نەك لای ئێمە و نەك بەشێك وڵاتانی ئورووپایی هەتا گەیشتنی گەلانی ناوبراو بە کەیان و دەوڵەتی خۆیان چارەسەر ناکرێ. هەر چۆن پێشتریش ئاماژەم کرد، ناسیۆنالیزمی کورد، ناسیۆنالیزمێکی پێشکەوتنخواز، ئینسانی، بەرحەق و بە دوور لە هەر چەشنە هەڕەشە بۆ دراوسێیەکانی کوردستان و ئەو گەلانەیە کە لە خاکی کوردستان بە هێمنی لەگەڵ کورد دەژین. کێشەی گەلی کورد هەتا کاتێك بە مافی خۆی واتە دروستکردنی دەوڵەتی کوردی نەگا، بە یەکجاریی چارەسەر ناکرێ.

**ئەگەرەکانی بەردەم بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد بۆ بەدەوڵەتبوون چین و کامانەن، لە حاڵێکدا هیچ حیزبێکی بەدەسەڵات و دەستڕۆیشتووی کورد لە هیچ کام لە بەشەکانی کوردستان ئێستاش بە ڕەسمی داوای سەربەخۆیی و بە دەوڵەتبوونی نەکردووە و بە کردەوەش کاری بۆ نەکردووە!؟**

ئەگەر سەرنجێك بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد لە سێ دەیەی ڕابردوو بدەین، دەبینین هیچ کاتێك مەسەلەی کورد سەرەڕای تەواوی کەم و کورتییەکانی هەتا ئەم

ڕادەیە نەبۆتە کێشەیەکی نێونەتەوەیی و ئاوا گەشەی نەکردووە. سەرەڕای تەواوی ئەو کێشانەی کە لە نێو هێزەکانی کوردستانی هەیە، سەرەڕای تەواوی ئەم هەوراز و نشێوانە، شکست و پاشەکشە و ناکۆکی و هتدی نێوخۆمان، بەم باوەڕەم ئەمڕۆکە بزووتنەوەی کورد لە ئاستێکی بەرز دایە. کێشەی نەتەوەیی کورد وەکوو چوارەمین گەورە نەتەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و گەورە نەتەوەی بێ دەوڵەت لە ئاستی جیهاندا، گەیشتۆتە قۆناغێك، کە ئیتر ناکرێ لە بیروڕای گشتیی جیهانی و مامەڵە نێونەتەوەییەکان و ململانێی هێزەکانی جیهانی و ناوچەییدا لەبەر چاو نەگیرێ. بێگومان ناسیۆنالیزمی کورد کەم کێشە نەبووە و نیە، بەڵام خەباتی هیچ نەتەوەیەکیش بێ لەمپەر و بێ کێشە نەبووە. ئەمڕۆکە ئاستی ئاگایی نەتەوەیی، ئاستی خوێندەواریی خەڵك و، توانایی کەلك وەرگرتن لە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەباتی مەدەنی بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەراورد لەگەڵ ساڵەکانی پێش کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم نابێ. مانگرتنی ٢١ی خەرمانان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لوتکەی خەباتی مەدەنی نەك لە تەواوی کوردستان بەڵکوو لە ئاستی ئێرانیش بوو. ئێمە لەم ساڵانەدا ئەویش لە کۆمەڵگەیەکی میلیتاریزەکراوی وەك کوردستان کە هەر چەشنە داکۆکییەك لە مافی ڕەوای کورد بە گوللە و گرتن و ئەشکەنجە وڵام دەدرێتەوە، شایەدی چەشنە جووڵانەوەیەکی بەهێزی خەڵکی بووین، کە دەتوانێ وانەیەك بۆ گەلانی دیکەی ئێران و ناوچەش بێ. پێشتریش خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاستی بەرزی هەستی نەتەوەیی خۆیان لە کاتی شەهیدکردنی نەمر شوانەی قادری لە پووشپەڕی ١٣٨٤ی هەتاوی، شەهیدکردنی نەمر فەرزادی کەمانگەر و هاوڕێیانی لە بانەمەڕی ١٣٨٩، بەسترانی دووکان و بازاڕەکانی کوردستان لە تەواوی ساڵەکانی پاش تێرۆری نەمر دوکتور قاسملوو، پشتیوانیی جەماوەری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گشتپرسیی سەربەخۆیی باشووری کوردستان لە پاییزی پارەکەدا، پشتیوانیی بەرفراوانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خۆڕاگریی کۆبانی، بەهاناچوونی خەڵکی پارێزگای کرماشان لە کاتی بۆمەلەرزەکەدا، کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ ئاوارەکانی شەنگال و هتد بووین. ئەمانە ئەستێرەگەلێکی گەش لە ئاسمانی ڕەنگینی کوردستان و هیوادەری خەباتی کورد بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانیان لە داهاتوو دایە.

**ئەدی ڕاتان لەسەر دۆزی سیاسیی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان چییە؟ لەوێندەرێش ئایا چاخی نسکۆیە یان هەرەتی هیوا؟**

لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش ئەم ڕەوتە بە چەشنێکی دیکە بەردەوامە و بەرەو پێشەوە دەچێ، کوردەکانی باشووری کوردستان سەرەڕای تەواوی کەمایەسی و کێشەکانیان ئەمڕۆ ستاتوویەکی حقووقیان هەیە، و ئەم حکوومەت و پارلمانە پڕ کێشە و ناکۆکە سەرەڕای تەواوی ئەو ڕەخنانەی کە بە حەقیش لێی دەگیرێ، بناغەیەك بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد لە داهاتوو دایە.

لە ڕۆژئاوای کوردستانیش، کورد بۆتە فاکتەرێکی کاریگەر لە سیاسەتی ئەم وڵاتە و حەماسەی کۆبانی یەکێك لە گەورەترین ڕووداوەکانی مێژووی جیهان لە بەربەرەکانی لەگەڵ ڕەشترین و تاوانبارترین هێزی ڕەش و پاشکەوتوو و جینایەتکاری سەدەی ٢١ واتە داعش بوو. بەشداری بێوێنەی ژنە شەڕڤانەکانی کورد خوڵقێنەری جوانترین شێعر و چیرۆکە حەماسییەکان و بابەتێکی سەرنجڕاکێش بۆ تەواوی گەلانی جیهان بوو. کام گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی بەناوبانگ و پڕخوێنەری ڕۆژئاوایی و ئەمریکایی دەیتوانی خۆ لەم خەبات و خۆڕاگرییە بە شکۆیە بدزێتەوە و باسی ئەم حەماسەیە نەکا؟

لە باکووری کوردستانیش سەرەڕای سیاسەت و بیروبڕوای کۆنەپەرستانەی ئەردۆغان، گرتنی ئازادیخوازانی کورد وەکوو بەڕێز سەلاحەدین دەمیرتاش و هاوڕێیانی، حیزبی دێموکراتیکی گەلانی تورکیە ڕۆڵێکی بەرچاو لە جووڵانەوەی مەدەنیی ئەم وڵاتە دەگێڕێ و پارتی کرێکارانی کوردستان بە تەواوی ئەو ڕەخنانەی کە دەکرێ لێی بگیرێ، جەمسەرێکی سیاسی لە خەباتی کوردی باکوورە. ئەمن لەسەر ئەم باوەڕەم حوکمی مێژوو بەرەو پێشەوە دەچێ و بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستانیش پێ بە پێی گۆڕانکارییەکانی جیهان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تووشی گۆڕانکاریی جیدی دەبن و هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی ژێئۆپۆلیتیکی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و نیزیکدا گرێدراوی مەسەلەی کوردە. ئەوەی کە ئێمە تا چ رادەیەك بتوانین کەلك لەم دەرفەتانە بگرین، بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە تا چ ڕادەیەك تێگەیشتنێکی دروست و ڕاستبینانەمان لە سیاسەتی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی هەیە و چۆن دەتوانێن بە پێی بەرژوەندیی نەتەوەیی خۆمان، هەنگاوی بەهێز بۆ گەیشتن بە

ئاواتە مێژینەکەمان، واتە مافی چارەی خۆنووسین هەتا سەربەخۆیی کوردستان هەڵێنینەوە. لەم ڕەوتەدا بە گشتی، بە داهاتووی کورد گەلێك گەشبینم و هیوادار.

**سپاس بۆ ئەوەی بەشداری ئەم وتووێژە بوون**

ئێوەش ماندوو نەبن، ٠٧/١٢/٢٠١٨

# بزووتنەوەی نەتەوەیی-ڕزگاریخوازانەی کورد لە ئێران

**"ئەرك و دەرفەتەکان"**

"مێژوو شتێك بێجگە لە چالاکیی مرۆڤ
بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی نییە!"
کارل مارکس

**پێشەکی**

چارەنووسی سیاسیی کورد بەهۆی دابەشکران و سەرلەنوێ دابەشکرانەوەی کوردستان لە دوو قۆناغی مێژوویی واتە شەڕی چاڵدوران [ڕێکەوتی ٢٣ی ئووتی ١٥١٤ی زایینی] و کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی و قەبووڵی پەیمانی تەواوبوونی شەڕ لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە [ڕێکەوتی ٣١ی ئۆکتۆبری ١٩١٨ی زایینی]، گرێدراوە بە چارەنووسی سیاسیی ئەو چوار وڵاتەی کە خاکی کوردستانیان بە پانتایی ٥٠٠ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشە دابەش کردووە؛ کە بەراوەرد دەکرێ لەگەڵ کۆی خاکی فەڕانسە و ئیسپانیا. لە تەواوی ئەم ساڵانەدا کوردستان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست شایەدی شۆڕش و خەباتی بێ‌پسانەوەی گەلێك بووە کە بۆ ئازادی و ڕزگاریی وڵاتەکەی ساتێك ملی نەداوە. بێ‌گومان بزووتنەوەی کورد لە هەر چوار بەشیدا بەپێی ڕادەی ئاگایی نەتەوەیی، زاڵبوونی ڕێبەریی سەرۆك عەشیرە یاخود حیزبێکی سیاسی، لەباربوونی بارودۆخی نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانی، هەروەها بوون لە بازنەی سیاسەتی نێوجیهانیدا، قۆناغی جۆراوجۆری تێپەڕاندووە. سەرەڕای تەواوی هەوراز و نشێو و گۆڕانگارییە جۆراوجۆرەکانی ژیانی سیاسی، بۆ تێکۆشەرانی کورد هەمیشە و لەهەر حاڵەتێکدا ڕزگاریی نەتەوەیی چرا و ڕێنمای خەباتی سیاسی بووە. لەم ڕەوتەدا زۆر جار حیزب و کەسایەتییەکانی کورد بەپێی بیر و هزری جۆراوجۆر خەباتیان کردووە و بزووتنەوەی کورد لەژێر کاریگەریی ئەوان و هاوڕێژەیی هێزەکانی دژبەر و گۆڕانکارییە سیاسییەکان تووشی سەرکەوتنی کاتی، پاشگەزبوون یاخود شکان بووە، بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەوانەش، گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین تەوەرەی سەرەکیی خەباتی هێزە سەرەکییەکانی کوردستانی پێك هێناوە.

لە ساڵەکانی پاش ڕووخاندنی کۆماری کوردستان [١٩٤٦زایینی] و لەسێدارە دانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەسەلەی ئێرانی یان کوردستانی بوون، شێوەی خەباتی سیاسی [چەکداری و ئاشتیخوازانە]، پێوەندیی خەباتی نەتەوەیی و چینایەتی، هەروەها هەڵبژاردنی ڕێبازی سیاسی و دروشمی سەرەکی، کاریگەری لەسەر خەباتی گەلی کورد داناوە. پاش ڕووخاندنی کۆماری کوردستان هەتا ئەم دووایانە، دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان و گرێدانی چارەی کێشەی کورد بە بزووتنەوەی سەرتاسەری، هەروەها دەسەڵات لە تاران و هەبوونی دێموکراسی، تەوەرەی سەرەکی بووە. ئێستاش دروشمی فیدرالیزم یان بە وتەیەکی دیکە خودموختاری بۆ تەواوی نەتەوەکانی ئێران بۆتە دروشمی سەرەکیی زۆرینەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. چەند حیزب و گرووپێکی سەربەخۆییخوازیش لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهاتوون کە بەرنامە، میکانیزم یاخود پرۆژەیەکی ڕوونیان لە پێوەندی لەگەڵ قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەبات و ڕێکخستنی خەڵکی لە دەوری دروشمی سەربەخۆیی نییە.

## درێژەخایەندنی خەبات و ڕادەی ڕاستبینی سیاسی[3]

همتم بدرقه راه کن! ای طایر قدس
که دراز است ره مقصد و من نو سفرم
حافظ

بێ‌گومان ڕەوتی خەبات و سەرکەوتنی هێزی پێشکەوتنخواز زۆرجار ماوەیەکی زۆرتر لەوەی کە خەڵك یاخود ئازادیخوازان دەیخوازن، دەخایەنێ، ئەم کاتە ئەگەر بەراوەرد لەگەڵ ماوەی تەمەن و ژیانی مرۆڤ بکرێ گەلێك دوور و درێژ دێتە بەرچاو، بەڵام بۆ هێزێکی سیاسیی بەرپرس کاتێك ئەم چەشنە دیاردەیە لە ڕەوتێکی مێژوویی لەبەرچاو بگیرێ، درێژەخایەندنی خەباتی سیاسی نە تەنیا نابێتە هۆی خەمۆکیی سیاسی، بەڵکوو دەبێ ببێتە هۆی بەکارهێنانی تەواوی هێز و وزەی حیزب

[3] Political realism, واقع بینی سیاسی

بۆ پەروەردە کردنی کادر و ئەندامەکانی، ئامادەکاری بۆ کار و چالاکیی پێویست لە کاتی گونجاودا، کەلکوەرگرتن لە دەرفەتە سیاسییەکان، بردنەسەرەوەی ئاگایی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی-سیاسیی خەڵك، ڕێکخستنی خەڵك لە نێو ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی حیزب یاخود یاریدە دان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و مەدەنییەکانی نێو وڵات و، بەم پێیە بەشداریی ئاشکرا و نهێنی لە ژیانی سیاسیی کۆمەڵگە و هتد. لەم پێناوەدا حیزبێکی سیاسی، پێویستە دووربینی و تاکتیك و ستراتێژیی ڕوونی بۆ خەبات بێ و وڵامی پرسیارگەلێك بداتەوە کە پێوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ژیانی سیاسیی حیزب و خەڵك لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەبات هەیە. زۆرجار دیکتاتۆرەکان بە کەلکوەرگرتن لە ئەزموونی سەدان ساڵەی هێزە سەرکوتکەرەکان و بە یارمەتیی دوکتورین و پسپۆڕە بەکرێگیراوەکان، بەکارهێنانی شێوە جۆراوجۆرەکانی سەرکوت، هەروەها بێئەزموونی و هەڵەی سیاسی و نەبوونی یەکیەتیی هێزە پێشکەوتنخوازەکان، دەتوانن دەسەڵاتی سیاسی و حکوومەتی خۆیان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بپارێزن. لەم ڕەوتەدا هێز یاخود بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخواز ناتوانی بە شێوەیەکی وۆلنتاریستی واتە خۆویست حکوومەتێك بگۆڕێ یان بە ویستەکانی کاتی و درێژخایەنی خۆی بگات. بۆ هەر گۆڕانکارییەکی جیددی لە کۆمەڵگەدا پێویست بە بارودۆخی گونجاو، هاوڕێژەیی و ئەزموونی هێزەکانی دژبەر، توانایی ڕێکخستن و پێکهێنانی ڕێکخراوەی سیاسی، فەرهەنگی، پیشەیی و کۆمەڵایەتی و، بەپێی پێداویستیی پێکهێنانی هێزی چەکداری، هێرش و پاشەکشەی بەوەخت، پێکهێنانی یەکیەتی و بەرەی هاوبەش لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دژبە دەسەڵات، پێوەندی لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی جیهان و ڕاکێشانی بیروڕای جیهانی بۆ پشتیوانی لە بزووتنەوەی دژبە حکوومەتی دیکتاتۆر، بەکار هێنانی دیپلۆماسی بۆ گوشار هێنانی ئابووری و سیاسیی وڵاتە بیانییەکان بۆ سەر حکوومەتە دیکتاتۆرەکان و هتد هەیە.

لەم ڕەوتەدا هێزی سیاسی، پێویستە لە تەواوی شێوەکانی خەبات بۆ لە پەراوێزخستنی حکوومەتی سەرکوتکەر و دوورکردنەوەی خەڵك لە دەسەڵات کەلك وەربگرێ. هەر چەشنە بڕیارێکی هەڵە و نەگونجاوی هێزە سیاسییەکان یاریدە بە دەوامی دەسەڵات و درێژەکێشانی ماوەی ژیانی دیکتاتۆر دەدا. لە نەبوونی بارودۆخی بابەتی (ئابژێکتیڤ) و زەینی (سوبژێکتیڤ)، بێگومان پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی سیاسی لە

دەسەڵات بە زەبری ویستی هێزەکانی پێشکەوتنخواز وەدی نایە، بەڵام هێزێکی سیاسی بەپێی خوێندنەوەی دروست لە بارودۆخی سیاسیی کۆمەڵگە، هەڵسەنگاندنی هێزە دژبەرەکان، کۆکردنەوە و ڕێبەریی خەڵك لە دەوری دروشمی گونجاو و دروست، هەروەها بەکار بردنی تەواوی شێوەکانی خەبات دەتوانێ یاریدە بە خێراکردنەوەی ڕەوتی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا بدا. لێرەدا پێویستە ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵات کە بە چەشنێك بەستراوە بە ئاڵوگۆڕەکانی سیاسی لە ئێرانین، خوێندنەوەی دروستمان لە بارودۆخێ نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانیی بێ و بتوانین سیاسەتمان بەپێی بەرژەوەندیی گەڵەکەمان و لە پێناوی گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین داڕێژین.

**کوردی ڕۆژهەڵات و کێشەی ئێرانی بوون**

کوردستان وەکوو وڵاتی کوردان، وڵاتێك لە باشووری ڕۆژاوای ئاسیا بە درێژایی ٣٠٠ هەتا ٥٠٠ کیلۆمیتر لە باکوورەوە بەرەو باشوور و نزیکەی هەزار کیلۆمیتر لە ڕۆژاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات پێك دەهێنێ. بەهۆی نەبوونی دەوڵەتێك بە ناوی کوردستان، ئەم چەمکە زۆرتر مەفهوومێکی جوغرافیایی-ئەتنیکی هەیە هەتا دەوڵەتی-سیاسی. پاش شەڕی چاڵدران پتر لە ١٦٠ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشە لە خاکی کوردستان کەوتۆتە نێو چوارچێوەی جوغرافیای سیاسیی ئێرانەوە و بەپێی ئەو ئامارانەی کە لەبەردەست دان، کورد پتر لەسەتا ١١ی دانیشتوانی ئەم وڵاتە پێك دێنێ.

ئەمڕۆکە بەشێك لە کوردەکان و بەتایبەتی کوردەکانی دەرەوەی وڵات هەستیارییەکی تایبەتیان بە چەمکی ئێرانیبوون هەیە، بەڵام ڕاستییەکانی ژیان و سنووری دەستکردەکان لە دەرەوەی بازنەی ویست و ئارەزووی ئێمە کار دەکەن. کوردی ڕۆژهەڵات یان نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە پێچەوانەی بۆچوونی شوڤینیستە پاوانخوازە ئێرانییەکان کە باسی یەك وڵات و یەك نەتەوە دەکەن، تەنیا لە ڕوانگەی حقووقی و شارۆمەندییەوە وەکوو ئێرانی پێناسە دەکرێن، بەڵام لە ڕوانگەی ئەتنیکییەوە، نەتەوەیەکی جیان کە لە چوارچێوەی جوغرافیای سیاسیی ئێراندا دەژین، بەم هۆیە ئێران وەکوو وڵاتێکی فرەنەتەوەیی پێناسە دەکرێ.

لە وڵاتە چەند نەتەوەییەکانی ئورووپا بۆ وێنە سویس و بلژیك یاخود کانادا، بۆ فەڕانسەوی، ئیتالیایی و ئاڵمانییەکان یاخود هۆلەندییەکانی ئەم وڵاتانە -سویسی،

بلژیکی یاخود کانادایی بوون نە حاڵەتێکی ئەتنیکی، بەڵکوو مافێکی حقووقی و شارۆمەندییە کە دەتوانێ لە کاتی تێکچوونی سیستمی فیدرالی و کۆنفیدرالی یان بە شوێن ڕێفراندۆم و جیابوونەی یەکێك لەم نەتەوانە بگۆڕدرێ. بۆ وێنە پاش ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١ی زایینی، کۆتایی بە شارۆمەندی و ناسنامە و پێناسەی سۆڤیەتیی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئەم وڵاتە هات. لە ئێرانیش سەرەڕای زاڵبوونی سیستمێکی ناوەندخواز، ئەندامی هەر نەتەوەیەك سەرەڕای هەبوونی مافی شارۆمەندیی ئەم وڵاتە، پێناسەی ئەتنیکیی خۆی هەیە و مافی ئەو نەتەوەیە بۆ وەدەسهێنانی ئەم مافە پەسەندکراوە جیهانییە کە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە پێشێل کراوە، خەبات بکا و بڕیار بۆ بوون یان نەبوون لەم چوارچێوەیەدا بەپێی بەرژوەندی و ئاستی ئاگایی نەتەوەیی خۆی بدا. سەرەڕای ئەوەش تا کاتێك کورد لەنێو ئەم کۆیەدا بێ، چارەنووسی بە شێوەی سیستمی دەسەڵاتداری لەم وڵاتەدا بەستراوەتەوە و لایەنی شەڕ و وتووێژی لە هەر حاڵەتێکدا تارانە.

ئێستا بەپێی بوونی حکوومەتێکی تێئۆکراتیکی ئیسلامی، پێویستە ئێمە وڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە: بڵێی کێشەی کورد لە وڵاتێکی فرەنەتەوەیی، بەڵام ناوەندخواز وەکوو ئێران [بەپێچەوانەی تورکیە، سووریە و عێراق کە سەرەڕای بوونی ئاسۆری یان تورکمەنەکان، تەنیا دوو نەتەوەی سەرەکی لەخۆ دەگرن] بێ هەبوونی دێموکراسی و تێکچوونی سیستمی ناوەندخواز چارەسەر بکرێ؟

## چارەسەری کێشە کورد لە ڕێگەی وتووێژ: وەهم یان ڕاستبینی!

درختی که تلخش بود گوهرا<br>
اگر چرب و شیرین دهی مرورا<br>
همان میوه تلخت آرد پدید<br>
از او چرب و شیرین نخواهی مزید

ابوشکور بلخی

لە بارودۆخی ئێستادا کە سیستمێکی تێئۆکراتیکی ئیسلامی لە ئێراندا دەسەڵاتی بەدەستەوەیە و، بەپێی ئایدیۆلۆژی و یاسای سەرەکیی نوێنەرانی خودا کە باوەڕیان بە بوونی نەتەوە و کێشەی نەتەوەیی لە ئێراندا نییە، هەروەها بەپێی ئەزموونی ٤٠ ساڵ

دەسەڵاتداریی حکوومەتی ئیسلامی، ئاسۆیەك بۆ چارەسەری کێشەی کورد یاخود هەر نەتەوەیەکی تر لە ئێراندا نابیندرێ. هەر چەشنە هەوڵ و تێکۆشانی بەشێك لە ڕێبەرانی کورد بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەسەر مێزی وتوویژ نە تەنیا ئاکامێکی ئەرێنی لێ نەکەوتۆتەوە، بەڵکوو لە کۆتاییدا بەپێچەوانەی هەر پرەنسیپێکی سیاسی و ئەخلاقی، کوژرانی کەسایەتییەك وەکوو نەمر د. قاسملوو و عەبدوڵڵا قادریئازەر لەسەر مێزی وتوویژی لێکەوتۆتەوە. ڕاستییەکانی ژیان نیشانیان داوە کە تێرۆری د. قاسملوو نە تەنیا بە هۆی لەبەرچاو نەگرتنی باری ئەمنیەتی، بەڵکوو بەپێی پیلانێکی زۆر حیساب کراو و لە پێناوی بێسەرکردنی یەکێك لە حیزبە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. بە قەولی "نیزامی گەنجەوی" (اصل بد در خطا نکند). بێگومان "کاتێك، سەرەڕای بە هێزبوونی دیکتاتۆرەکان، بزووتنەوەیەکی خۆڕاگری تووڕەش [لە کۆمەڵگەدا] هەبێ، لەوە دەچێ دیکتاتۆرەکان لە ڕێگەی وتوویژ لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن و لەژێر ماسکی مسۆگەرکردنی ئاشتی، ئەوان بۆ خۆبەدەستەوەدان بانگهێشت بکەن. هەرچەند بانگهێشتن بۆ وتوویژ دڵخۆشکەرەش بێتە بەرچاو، بەڵام لەوە دەچێ لە دیوی وتوویژدا مەترسییەکی زۆر لە بۆسەدا بێ".[٤]

حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە سەرەتای شۆڕشی ڕێبەندانی ساڵی پەنجاوحەوتی هەتاوی، ئەویش لە بارودۆخی ئەو کاتی ئێران و کوردستاندا و تەنیا بۆ بەهێزکردنی هێزی نیزامیی خۆی و داڕشتنی پیلان و هێرشی تازە بۆ کوردستان نەبێ، قەت ئاوڕی لە مەسەلەی کورد یاخود هیچ نەتەوەیەکی دیکەی ئێران نەداوەتەوە و، هەتا کاتێك ئەم دەسەڵاتە بەم نیوەرۆکەوە بمێنێتەوە ئەگەری چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا نییە و جموجووڵی تەسکی چەکداری و ناردنەوەی چەند پێشمەرگەیەکیش نابێتە هۆی گوشارهێنانی جیدی بۆ سەر حکوومەتی ئیسلامیی ئێران و ڕاکێشانی سەرنجی دیکتاتۆرەکانی ئێران بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد. لەم پێوەندییەدا زۆر جار دەبیندرێ وتەکانی د. قاسملوو لەمەڕ شەڕی چەکداری و مەسەلەی وتوویژکردن لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی لە لایەن کەسانێك کە خۆیان وەکوو هۆگرانی "ڕێبازی قاسملوو"! پێناسە دەکەن، بە چەشنێکی تر شرۆڤە دەکرێ و بێپسانەوە ئەم وتەیە دووپات دەکرێتەوە کە مەبەست لە شەڕی چەکداری نە

[٤] از دیکتاتوری به دمکراسی، جین شارپ، مترجم: جادی، موسسه آلبرت انیشتن، فصل دوم، ص ٢

ڕووخاندنی حکوومەتی تاران بەڵکوو سەرنجڕاکێشانی کاربەدەستانی ئێران بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردی ئێران لەسەر مێزی وتووێژە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە د. قاسملوو لە لاپەڕەی ١٠ و ١١ی "کورتە باسدا بەم چەشنە ئاماژە بەم مەسەلەیە دەکا و دەبێژێ: "[...] دەبینین کە تاکتیکی شەڕی چەکداریی ئێستامان لەگەڵ شەڕی چەکداریی سێ مانگەدا فەرقی هەیە: ئەو کاتە ئێمە شەڕمان دەکرد بۆ ئەوەی ڕێژیم ناچار بە وتووێژ بکەین، بەڵام ئێستا شەڕ دەکەین بۆ ئەوەی ڕێژیم بڕووخێنین، چونکە لەم بڕوایەداین کە هیچکام لە داخوازەکانی خەڵکی کوردستان و گەلانی ئێران، لە چوارچێوەی ڕێژیمی خومەینیدا وەدی نایە. واتە دروشمی ئێستای ئێمە: "ڕووخاندنی ڕێژیمی خومەینییە". لەبەرچاو نەگرتنی هەر ئەم وتەیە و دانیشتنی د. قاسملوو لەگەڵ تێرۆریستەکانی تاران، بە نرخی گیانی بەڕێزیان تەواو بوو. لێرەدا دەکرێ ئەم پرسیارە ئاراستەی ئەوانەی بکەین کە پێیان وایە بە شەڕی چەکداری [ئەگەر بتوانین ناردنەوەی چەند پێشمەرگەیەك بۆ نێو وڵات بە شەڕی چەکداری ناو بەرین]، دەتوانن حکوومەتی دەسەڵات ناچار بە وتووێژ بکەن:

- لە بەراوەرد لەگەڵ ساڵەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی بەتایبەتی پاش تێرۆری د. قاسملوو و شەرەفکەندی و تێرۆری سەدان پێشمەرگەی دێموکرات و کۆمەڵە لە باشووری کوردستان و کوشتن و لەسێدارە دانی سەدان ئازادیخوازی کوردی نێوخۆ، چ شتێك گۆڕدراوە کە پێمان وابێ لەم ئیمامزادانە ئەگەری مۆجزەیەك بۆ کێشەی کورد دەبێ؟!
- بڵێی نێوەرۆکی حکوومەتی ئیسلامی و لاسەنگیی هێزە پێشکەوتنخوازەکان و حکوومەتی ئیسلامیی ئێران وەها بۆ لای ئێمە شکابێتەوە کە بتوانین دەسەڵاتدارانی تاران ناچار بە دانیشتن لەسەر مێزی وتووێژ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بکەین؟
- بڵێی بزووتنەوەی مەدەنی لە ئێران و کوردستاندا هەتا ئەو ڕادەیە پەرەی گرتبێ کە نوێنەرانێکی ڕاستەقینەی کورد لە نێوخۆی وڵات بتوانن ڕۆڵی "هەدەپە"—مان بۆ بگێڕن و ئێمە بە هەبوونی شاخ و شار بتوانین حکوومەتی ئیسلامی ناچار بە پاشەکشە بکەین؟

- بڵێی بەبێ گۆڕانکاری لە سیستمی ناوەندخوازی دەسەڵات و یاسای بنەڕەتیی ئێران، ویچوونی چارەسەری کێشەی کورد و گۆڕینی سیستمی ئیداری و سیاسی تەنیا لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبێ؟
- ئەگەر ویچوونی ئەم چەشنە ئاڵوگۆڕانە لە چوارچێوەی حکوومەتی ئیسلامیی ئێراندا هەیە، چ بەربەستێك دەبێتە هۆی مانەوەی هۆگرانی ئەم بیرۆکەیە لە تاراوگە و نەگەڕانەوەیان بۆ ئێران و دەستپێکی کار و چالاکیی سیاسی لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیی ئێرانی ئیسلامیدا؟

**جێگە و پێگەی کورد لە ڕەوتی ڕووخاندنی حکوومەتی تاراندا!**

ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە ڕێژیمی تاران قەت تەنیا بە هێزی کورد کە سەتا ١٠ هەتا ١١ی دانیشتوانی ئێرانی پێك‌هێناوە، ناڕووخێ. بەڵام چارە چییە و پێگە و جێگەی کورد لە بازنەی هێزە دژبەرەکاندا لە کام بەرەدایە؟ ئایا کورد دەبێ خۆی لە نێوان بەرەی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئێرانیدا ببینێتەوە یان چونکە کێشەی نەتەوەیی هەیە دەتوانێ لە سیستمێکی نادێموکراتیك و پاشکەوتووی حکوومەتی ئیسلامیدا بە ئاواتەکانی خۆی بگات؟ ئەگەر وایە، بە کام میکانیزم و سیاسەتێك؟ ئەویش لە حاڵەتێکدا کە حکوومەتی تاران ئامادەی پێدانی ئیزنی چالاکیی سیاسی بە هێزە مەدەنی و سیاسییەکانی خۆشی نییە و، هەر چەشنە دەنگێکی ئازادیخوازانە بە سێدارە، بەندیخانە و تیرۆر وڵام دەداتەوە. پیلانی تیرۆری کاك ڕەزا کەعبی جێگری سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، پیلانی سەرنەگرتووی تەقاندنەوەی بنکەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە ساڵی ٢٠١٥، کوژرانی ٧ کەس لە کارەساتی شەوی یەڵدا لە ٢١ی دێسامبری ٢٠١٦ لەبەر قەڵای دێموکرات، هەروەها مووشکبارانی قەڵای دێموکرات -بنکەی دەفتەری سیاسیی حدك- و بنکەی ڕاهێنانی حدکا و ئێعدامی ڕامین حوسێن‌پەناهی و لوقمان و زانیار مورادی لە ١٧ی خەرمانانی ٢٠١٨ی زایینیدا، نموونەی بەرچاوی نەگۆڕیی سیاسەتی

پتر لە چوار دەیە سەرکوت و تاوانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانە و؛ پێویستە لەم پێوەندییەدا وڵامی ئەم پرسیارانەش بدەینەوە:

- بڵێی ئێمەی کورد کە نەمانتوانی لە ساڵەکانی سەرەتای پاش شۆڕشی ڕێبەندانی ٥٧، بە هەبوونی هەزاران پێشمەرگە و پشتیوانیی جەماوەری کورد، نەبوونی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی لە شارەکانی کوردستان، هەروەها سەقامگیر نەبوونی دەسەڵاتی تاران و هەبوونی چالاکیی سیاسیی هێزە چەپ و دژبەرەکان لە تەواوی ئێراندا، تەنانەت بە یەك خاڵ لە ویستەکانمان بگەین، بتوانین لە بارودۆخی ئێستادا بە بەشێك لە ئامانجەکانمان بگەین؟
- بڵێی ئەمە نەبێتە هۆی پێکهێنانی ئەو وەهمە کە بۆ وێنە بە بەشداریکردنی خەڵك لە نمایشەکانی هەڵبژاردندا وێچوونی هێنانە بەرباس و چارەسەری کێشەی کورد هەیە، یاخود حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بەم ڕادەیە لە ئەقلییەتی سیاسی گەیشتوە بەبێ لەبەر چاوگرتنی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ لە ئێراندا، ئامادەی پێدانی تەنانەت بەشێك لە مافەکانی کورد بێ، ئەویش لە کاتێکدا کە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرووەی وڵات ئاوا تووشی قەیرانی ڕێکخراوەیی و فیکریی بوون؟
- بڵێی حکوومەتی تاران ئەوەندە لاواز و بێدەسەڵات بووبێ کە بیەوێ بە یەك-دوو دانیشتن لەگەڵ جەماعەتێکی دیاریکراو کە بە چراسەوز دان بە حکوومەتی تاران دەیانەوێ پێشەنگی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەگەڵ هێزەکانی ئەمنی ئێران بن، مافی کورد بدا؟!
- بڵێی ئەم چەشنە سیاسەتکردنە نەبێتە هۆی پێکهێنانی دووبەرەکیی زۆرتر لە ماڵی کورد و دڵخۆشترکردنی حکوومەتی تاران؟

بێگومان پێکهاتنی بارودۆخی نوێ وەکوو هێرشی هێزەکانی ئەمریکا و ناتۆ بۆ ئێران [وەکوو عێراق]، یان دەستپێکی شەڕی نێوخۆیی [وەکوو سووریە] یاخود کودەتای هێزە دژبەرەکانی نێو حکوومەت کە بەرژوەندییان پێکەوە ناتەبا بێ! یان شۆڕشی جەماوەری دەتوانێ لە داهاتوودا ببێتە هۆی سەرهەڵدانی سناریۆیەکی تازە. بەڵام

ئێستاکە هیچ کام لەم خاڵانە چ "بالقوه" و چ "بالفعل" نین و کوردی ڕۆژهەڵات یاخود گشت بزووتنەوەی دژبە حکوومەتی ئیسلامی ئێران لە بارودۆخێکدا نین، کە بەرژوەندییان تەبایی لەگەڵ بەرژوەندیی وڵاتانی ڕۆژاوایی و ئەمریکا لەسەر ئێران بێ، بەم پێیە لەوە ناچی کاتی ئەوەی گەیشتبێ بەشێك لە برادەران توورەکەی بۆ بدوورێنن! تەنانەت لەم حاڵەتەشدا کاتێك حیسابێك لەسەر کوردی ڕۆژهەڵات دەکرێتەوە کە یەکگرتوو و بەهێز بێ! ئەو حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییانەی کە پێشڕەو و ئاڵاهەڵگری دروشمی فیدرالیزم بۆ ئێرانن و خۆیان وەکوو بەشێك لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پێناسە دەکەن، هەروەها لەم باوەڕەدان کە بەشێك لە کێشەکانی نەتەوەیی کوردی ڕۆژهەڵات لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی "فیدرال و دێموکراتیك"دا چارەسەر دەکرێ، بێگومان دەچنە نێو خانەی حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێرانی و پێویستە هاواهەنگ لەگەڵ ئەوانەی کە باوەڕیان بە کێشەی نەتەوەیی و مافی چارەی خۆنووسین هەیە، بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە تێبکۆشن. لەم ڕەوتەدا حیزبێکی سەربەخۆییخوازیش ناتوانێ بەبێ تێکچوونی سیستمی ئیداری-سیاسیی ناوەندخواز و ڕووخانی حکوومەتی ئیسلامی بە بەشێك لە ویستەکانی خۆی بگات. بۆ گەیشتن بە سەربەخۆییش پێویستە بارودۆخی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی مسۆگەر بکرێ، هەتا خەڵکی بە ئاستێك لە ئاگایی نەتەوەیی بگەن کە بتوانن بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن. حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەبێ لەبەرچاو گرتنی دروشمی کاتی یان درێژخایەنیان، بۆ بردنەسەرەوەی ئاگایی نەتەوەیی و کۆکردنەوەی خەڵك و ڕێکخستنیان لەنێو پێکهاتە جۆراوجۆرە سیاسی و مەدەنییەکاندا، پێویستیان بە بارودۆخێکی ئازاد و دێموکرات هەیە تا کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لە ژیانی ڕۆژانەی گەلەکەیان هەبێ. ئەم بارودۆخە بەبێ ڕووخانی سیستمی ناوەندخواز لە ئێراندا وەدی نایە. نەیاران و دوژمنانی حکوومەتی ئیسلامی کە خوازیاری ڕووخانی ئەم ڕێژیمە بن، کەم نین، بەڵام جێگە و پێگەی کوردی ڕۆژهەڵات لە ڕەوتی ڕووخاندنی حکوومەتی ناوەندخواز و تێئۆکراتیکی ئێراندا، تەنیا

دەتوانێ بەرەیەك لە هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان بێ کە باوەڕیان بە ئێرانێکی فرەنەتەوە، بوونی کێشەی نەتەوەیی و مافی چارەی خۆنووسین هەیە!

**پرەنسیپەکانی خەبات!**

راست کن لفظ و استوار بگوی
سره کن راه و پس دلیر بتاز
مسعود سعد سلمان

حیزبێکی سیاسی، پێویستە لە درێژایی خەباتی خۆیدا، بەپێی بارودۆخ، دەرفەتەکانی نێو کۆمەڵگە، توانا و ڕادەی کاریگەریی خۆی لەنێو جەماوەری خەڵك، بۆ وەدهێنانی ئامانجە سەرەکییەکانی، هەڵوێست و تاکتیکی شیاو هەڵبژێرێ و لەم ڕەوتەدا بە بەکارهێنانی شێوە جۆراوجۆرەکانی خەباتی ئاشتیخوازانە و مەدەنی هەتا شۆڕش و شەڕی چەکداری؛ پاشەکشە بە دوژمن بکا. ڕەوتی خەبات، ڕێگەیەکی ساف و بێلەمپەر نییە و هیچ حیزب و بزووتنەوەیەکیش ناتوانێ چاوەڕێی ئەوە بێ کە لە ماوەیەکی کوورتخایەندا بە ئامانج و ئاواتەکانی بگات. لە کاتی هاتنە سەر کاری حکوومەتی ئیسلامییەوە هەتا ئێستا هێزە کوردستانییەکان بەپێی هاوڕێژەیی هێزەکانی خۆیان و دەسەڵاتی ناوەندی لە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەبات وەکوو بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی سەرەتای شۆڕشی ڕێبەندانی ٥٧، شەڕی چەکداری و وتوویژکردن لەگەڵ نوێنەرانی تاران و هتد کەلکیان وەرگرتووە، بەڵام بە هۆگەلێکی ڕوون وەکوو نەبوونی هاودەنگی و بەرەی یەککگرتووی هێزەکانی کوردستان، دابڕان و شەڕی نێوخۆیی، سەرکوتی تەواوی هێزەکانی پێشکەوتنخوازی ئێرانی و کوردستانی لە لایەن ڕێژیمی ئیسلامییەوە و زۆر هۆکاری دیکەش، لەم ڕەوتەدا بەداخەوە سەرکەوتوو نەبوون و پەیتا پەیتا ناچار بە پاشەکشەی نیزامی و ڕێکخراوەیی هەتا دانیشتنیان؛ لە باشووری کوردستان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن کراون. پاش بەجێ هێشتنی قەندیل و نیشتەجێ بوونی دێموکرات و کۆمەڵە لە کۆیە و زڕگوێز، پێکهاتنی هەرێمی کوردستان و نەمانی ڕێژیمی بەعس وەکوو پشتەبەرەی شەڕی دژبە ئێران، دابڕان و لەت لەتبوونی ئەم حیزبانە و بەهێزتر بوونی سیستمی دەسەڵات لە ئێراندا، هەروەها قەیرانی سیاسی و ڕێکخراوەیی، نەبوونی بەرەیەکی کوردستانی و

گوشارە نهێنی و ئاشکراکانی حیزبە سەرەکییەکانی باشووری کوردستان، کێشەی ماڵی و هتد کاریگەریی نەرێنییان لەسەر ئەم حیزبانە وەکوو نوێنەرانی فیکری و سیاسیی بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات بووە و هەیە. ئەمڕۆکە هەبوونی هێزی پێشمەرگە زۆرتر حاڵەتێکی هێمایی و سەمبولیکی بۆ حیزبەکان هەیە هەتا هێزێکی کاریگەر لە ڕەوتی خەباتی دژبە حکوومەتی ئیسلامی ئێران. بێ‌گومان لەبەرچاو گرتنی بەرژوەندیی باشوور و نەبوونی پشتی بەرەی شەڕ، نەبوونی ناوچەی ئازادکراو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەبوونی پشتیوانیی جەماوەر و کەمبوونی ڕێژەی هێزی پێشمەرگە و بەهێزبوونی هێزە سەرکوتکەرەکانی تاران، ڕێگە بەم چەشنە خەباتە بە چەشنی ساڵەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی لە بارودۆخی ئێستادا نادەن.
هەوراز و نشێوی خەبات و بەکارهێنانی شێوە جوراوجۆرەکانی خەبات لە پێوەندی لەگەڵ وەزعی هێزی خۆیی و دوژمندایە. لە کاتی بەهێز بوونی دوژمن پێویستە هێزی پێشکەوتنخواز بەدوور لە هەر چەشنە کێشەخوازییەك[5] بە شێوەی پەیتا پەیتایی چالاکی بکا و، هێزەکانی خۆی بپارێزێ، بەڵام کاتێك هێزی دوژمن لاوازە، دەبێ کار و چالاکیی هێزی پێشکەوتنخواز بچێتە قۆناغێکی ڕادیکاڵترەوە. دیتنەوەی هاوڕێژەیی نێوان ئەم دوو حاڵەتە و داڕشتنی سیاسەتی دروست و بەدوور لە هەڵەی سیاسی کارێکی هاسان نییە و حیزبێکی بەرپرس دەبێ توانایی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکان، وەزعییەتی خۆی و دوژمن، فاکتۆرە لەبار و نالەبارە نێوخۆییەکان، ناوچەیی و جیهانی بێ، هەتا بتوانێ هێزێکی زۆرتر لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و دوژمن لە پەراوێز بخا، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە بەرنامە و خوێندنەوەی دروستی لە ڕووداوەکانی نێو کۆمەڵگا هەبێ و بتوانێ متمانەی خەڵکی، بەرەوخۆ ڕابکێشێ. کاتێك دەرفەرتی پێویست بۆ کار و چالاکیی ڕادیکاڵ نییە، حیزب دەبێ تێ‌بکۆشی لە نێوخۆی وڵات پەرە بە شانەکانی حیزبی بدات و لە ڕێگەی پێکهێنان و یاخود بەشداری لە پێکهێنانی یەکیەتیی جۆراوجۆری پێشەیی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، بەشداری لە چالاکییەکانی نێو وڵات بکات.
**مەبەست و ئامانجی خەباتی مەدەنی نە پێدانی ڕەوایی زۆرتر بە دەسەڵات بەڵکوو لە پەراوێزخستنی هەرچی زۆرتری هێزەکانی دەستەڵات و دوورکردنەوەی خەڵك**

---

[5] Adventurism, ماجراجویی

**لەوانە.** بۆ وێنە بەشداری لە ڕەوتی هەڵبژاردنەکان لە وڵاتێکی سەرەڕۆ[٦] وەك ئێران و هاندانی خەڵکی بۆ بەشداریی لەم چەشنە نمایشانەدا، بەپێچەوانەی ئەوانەی کە پێیان وایە دەبێتە هۆی چالاككردنی خەڵك و بردنەسەرەوەی ئاگایی نەتەوەیی، نەتەنیا یاریدە بەم دوو خاڵە نادا، بەڵکوو ئەو وەهمە پێك دێنێ کە دەکرێ لە چوارچێوەی سیستمێکی بەستراو و کۆنەپەرستانەدا ئاڵوگۆڕی دێموکراتیك پێك بێ؟!

جین شارپ یەکێك لە دوکتورینی خەباتی مەدەنی لە کتێبی "لە دیکتاتۆرییەوە بەرەو دێموکراسی" ئاماژە بەم ڕاستییە دەکا کە: "دەنگدان لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتە سەرەڕۆکاندا ئامرازێکی باش بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی بنەمایی لە پێکهاتەی سیاسی نییە. بەشێك لە حکوومەتە دیکتاتۆرییەکان جاروبار بۆ پاراستنی ڕواڵەتی دێموکراتیكبوونی خۆیان، هەڵبژاردنیش بەکار دێنن (وەکوو دەنگدان لە وڵاتەکانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی پێشوو) بەڵام ئەم دەنگدانانە، ڕاپرسییەکی بەستراوەن کە تەنیا بۆ پشتیوانی لێکردنی خەڵك و هەڵبژاردنی یەکێك لە کاندیدە هەڵبژاردووەکانی دیکتاتۆر، بەکاردەهێندرێ. ئەگەر تەنانەت کاندیدێکی ئۆپۆزیسیۆنیش ئیزنی بەشداری لە هەڵبژاردنی پێبدرێ و هەڵبژێردرێ (وەکوو ئەو حاڵەتەی کە لە ساڵی ١٩٩٠ لە برمە و لە ساڵی ١٩٩٣ لە نیجێریە ڕوویدا)، ئاکامی هەڵبژاردنەکان بە هاسانی لەلایەن دیکتاتۆرەوە ڕەت دەکرێتەوە، جاروباریش کاندیدی "سەرکەوتوو" هەڕەشە و گوڕەشەی لێ دەکرێ و، تەنانەت لەسێدارەش دەدرێ. دیکتاتۆرەکان هیچ کاتێك بە هاسانی ئیزنی دەنگدان بە ئەوانەی کە بیانەوێ، ئەوان لە تەختی پاشایەتی بکێشنە خوارێ، نادەن."[٧]

لە ئێرانیشدا ئێمە ئەزموونی ئەم حاڵەتانەمان هەیە، بۆ وێنە پیلانی گیرانی د. قاسملوو پاش دەنگهێنانەوەی لە هەڵبژاردنەکەی مەجلیسی "خبرگان" وەکوو نوێنەری خەڵکی ورمێ و لە گەمارۆ دانیماڵیی مووسەوی و کەرووبی پاش بزووتنەوەی سەوز. جین شارپ زۆر بە جوانی ئاماژە بە خاڵێکی سەرنجڕاکێش دەکا، واتە هاوکاریی خەڵك وەکوو سەرچاوەی هێزی سیاسیی دیکتاتۆرەکان و، دەڵێ: "مەبەستە سەرەکییەکە سادەیە، دیکتاتۆرەکان نیازیان بە هاوکاریی ئەو خەڵکە هەیە کە حکوومەتیان

---

[6] Despotism, استبدادی

[٧] از دیکتاتوری به دمکراسی، جین شارپ، مترجم: جادی، موسسەی آلبرت انیشتن، فصل اول، ص ۶

بەسەردا دەکەن، هاوکارییەك کە بەبێ ئەو، ناتوانن سەرچاوەی هێزی سیاسیی خۆیان مسۆگەر بکەن و لە جێی خۆی ڕاگرن. سەرچاوەکانی هێزی سیاسی بریتین لە:

- ڕەوایی، پێکهێنانی باوەڕی گشتی لەسەر یاسایی بوونی حکوومەت و پێبەندیی ئاکاریی خەڵك بۆ گوێڕایەڵی لەوان.
- سەرچاوەی ئینسانی، ڕێژە و بایەخی کەسان و گرووپگەلێك کە فەرمانبەری لە دەسەڵاتداران دەکەن، هاوکارییان دەکەن یاخود یاریدەی دەسەڵاتداران دەدەن و هتد." [٨]

لێرەدایە کە هەڵویستی حیزبێك بۆ هاندانی خەڵك بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکان یاریدە بە مانەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆر و، ڕەوایی زۆرتر بەوان دەدا و زۆرجار وەکوو خاڵێکی ڕەش لە ژیانی سیاسیی ئەم حیزبانەدا تۆمار دەکرێ. حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆن لە ڕەوتی تێکۆشانی سیاسیی خۆیدا ئەگەر نەرمشی لە کردەوەدا هەبێ، بۆی نییە لە بنەماکاندا سازش بکا و ئەگەر کاتێك دەرفەت بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی نییە، پێویستە جارێ لەو شێوانەی کە توندوتیژییان لەگەڵ نییە کەلك وەربگرێ؛ کە نزیکەی٢٠٠ شێوەی هەتا ئێستا ناسراون. ئەم شێوانە لە سێ دەستەی سەرەکیدا پۆلبەندی کراون: دربڕینی ناڕەزایەتی و هەڵگرساندن، هاوکاری نەکردن و هێرش کردن. شێوەکانی دەربڕینی ناڕەزایەتی و هەڵگرساندن زۆرتر خۆپیشاندانە سەمبولیکەکانن وەکوو ڕێژە ڕۆیشتن، ڕێپێوان و هتد. هاوکاری نەکردن بەسەر ٣ ژێرگرووپدا دابەش دەکرێ (ئەلف) هاوکاریی کۆمەڵایەتی نەکردن، (ب) هاوکاریی ئابووری نەکردن وەکوو تەحریمەکان، مانگرتنەکان (ج) و هاوکاریی سیاسی نەکردن. هێرشی بەبێ توندوتیژی لە ڕێگەی کار و چالاکیی ڕەوانی، فیزیکی، کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی، [...] هەروەها [پێکهێنانی] دەوڵەتە هاوتەریبەکان لە دەستەی ئاخردا جێگیر دەبن.[٩]

---

[٨] از دیکتاتوری بە دمکراسی، جین شارپ، مترجم: جادی، موسسەی آلبرت انیشتن، فصل سوم، ص ٢

[٩] سەرچاوەکەی سەرێ، بەشی ٥، لاپەڕەی ٢، بۆ زانیاریی زۆرتر بڕوانە لاپەرەکانی ٦٣ هەتا ٧١ی ئەم کتێبە لە:
http://www.aeinstein.org/wp-content/uploads/2013/10/Farsi-FDTD.pdf

مانگرتنی سەرانسەریی ڕۆژی چوارشەممە ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ هەتاوی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و هتد، نموونەیەکی بەنرخ و بەهێز لە خەباتی مەدەنیی گەلی کورد و وانەیەکی گەورە بۆ گەلەکانی دیکەی ئێران و حیزبە سەرانسەرییەکانە.

## کۆتایی و ئاکامبەندی

"ڕاستیی سەردەکەوێ، بەڵام پێویستی بە یاریدەی جیددیی ئێمە هەیە."
ژولیوس فۆچیك

چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ سیستمی ئیداری ـ سیاسی ئێران هەیە. حکوومەتی ناوەندخواز، نادێموکراتیك و تیوکراتیکی ئیسلامی کە باوەڕی بە بوونی نەتەوە و کێشەی نەتەوەیی لە ئێراندا نیە، بەربەستی سەرەکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی لە چوارچێوەی سیستمی ئەمڕۆی ئێراندایە. ئەرکی هێزێکی ئوپۆزیسیۆن لە خەباتی پێشکەوتنخوازانەی خۆی بریتییە لە: دوورکردنەوەی خەڵك لە دەسەڵات، بردنە سەرەوەی ورە و متمانە بە خۆیی خەڵك، ڕێکخستن و سازماندانی ئەوان لە ڕێکخراوە نهێنی و ئاشکراکانی نێو کۆمەڵگا، بردنە سەرەوەی ئاگایی نەتەوەیی و سیاسی، لە پەراوێزخستنی هەرچی زۆرتری حکوومەتی ناوەندی و ئاشکراکردنی جەنایەت و تاوان و ئاکارەکانی نادێموکراتیکی ڕژێم لە نێو خۆ و دەرەوەی وڵات، پێکهێنانی لۆبی کوردی ڕۆژهەڵات لە دەرەوەی وڵات بۆ پێوەندیی دیپلۆماتیك لەگەڵ پارلمان، دەوڵەت و ڕاگەیەنە گشتییەکانی وڵاتەکانی ڕۆژئاوایی و ئەمریکا، هەوڵ بۆ پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی کورد و هاوکاری لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی سەر بە نەتەوەکانی دیکە، هەروەها ئەو ڕێکخراوە سەرتاسەرییانەیە کە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوکانی ئێران بە فەرمی دەناسن. پێش شەرتی تەواوی ئەمانەش، ئەوەیە کە حیزبە کوردستانییەکان ماڵی خۆیان ڕێکخەن و لە سەر خاڵە هاوبەشەکانیان ڕێك

کەون. بێگومان کاتێك بەرەی کوردستانی پێك بێ، نوێنەرانی سیاسی کوردی ڕۆژهەڵاتیش دەتوانن بە متمانە و قورساییەکی زۆرتر بکەونە نێو بازنەی کایە سیاسییەکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات.

ژووەنی ٢٠١٦

# هەلومەرجی ئێستا و شەڕی چەکداری؟

یەکێك لە پرسە گرینگەکانی هەر ڕێکخراوەیەکی سیاسی، هەڵبژاردنی شێوەی خەبات و بەکار هێنانی ئامرازی جۆراوجۆر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیەتی. لەم ڕەوتەدا ناکرێ هیچ چەشنە شێوازێکی خەبات بە چەشنێکی ڕەها دیاری بکرێ. بەپێی گۆڕانکاری لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی، چەشنە ڕێبازێکی سیاسی دەتوانێ جێی خۆی بە چەشنێکی دیکە بدا و حیزبێکی شۆڕشگێڕ پێویستە بزانێ چ کاتێك بە شێوەیەکی ڕادیکال و چ کاتێك بە چەشنێکی مەدەنی یاخود رفۆرمیستی چالاکی بکات. واتە شێوەی خەبات و تاکتیکەکانی دەتوانێ توشی جێگۆڕکێ ببێ، بەڵام ستراتژی و ئامانجی سەرەکی لە جێی خۆیدا دەمێنێ و بە پێی وەزعییەتی بابەتی و زەینی، حیزبێکی شۆڕشگێر تاکتیکەکانی خۆی دەستنیشان دەکا. یەکێك لە شێوەکانی خەبات، شەڕی چەکدارییە، بەشێك لە حیزب و کەسایەتییەکانی کوردستان بایەخێکی زۆر بەم چەشنە چالاکییە دەدەن و جاروبار هەر چەشنە ڕەخنەگرتنیش لە بەکارهێنانی ناوەختی ئەم شێوازە دەکەوێتە بەر ڕەخنە و گازندەیەکی بێ پسانەوە و بوختان و تاوانی ترسەنۆکی، ڕفۆرمیست، خۆبەدەستەوەدەر، جاش، خۆفرۆش، لادەر و ... وەپاڵ ئەوان دەدرێ.

لە یەك دووساڵی ڕابردوودا مەسەلەی دەستپێکردنەوەی شەڕی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان [ئەگەر ناردنەوەی پێشمەرگە بۆ بوونی لە نێو وڵات وەکو دەستپێکی خەباتی چەکداری پێناسە بکرێ]، دروست یان نادروست بوونی ئەم جموجوڵە یەکێك لە بابەتەکانی باس و لێکدانەوەی حیزب و کەسایەتییەکانی کوردستانی و ئێرانی لە تاراوگە، هەروەها نێوخۆی وڵات بووە. پاش چەندین ساڵ ڕاگرتنی شەڕی چەکداری، ناردنەوەی پێشمەرگە بۆ نێو خۆی وڵات و لە کەمین کەوتنی بەردەوام، گیران، و گیانبەختکردنی پێشمەرگەکان لە بۆسەکان و بەندیخانەکانی حکوومەتی ئیسلامی، سەرنجی زۆر کەسی بەرەو ئەم مەسەلەیە ڕاکێشاوە. بە تایبەت ئەم پرسیارە دێتە پێش ئەم جموجوڵانە و لە دەستدانی دەیان پێشمەرگەی فیداکار، ئەویش کاتێك بزووتنەوەیەکی بە هێزی مەدەنی لە نێو خۆی

ولاّت لە حاڵی گەشەسەندایە، بلێی لە جێ خۆیدابێ و زەبر لە بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەلاّت نەدات و نەبێتە هۆی میلیتاریزە کردن و سەرکوتی هێزە مەدەنی و پێشکەوتنخوازەکانی نێو ولاّت؟ یان ناردنەوەی پێشمەرگە و بوونی ئەوان لە نێو خۆی ولاّت، سەرەڕای قوربانیدان و تەواوی کێشە و سەختیەکانی ئەم کار و چالاکییە، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ورەی خەڵك، و پاڵپشتێکی بە هێز بۆ جولاّنەوەی مەدەنی و ئاشتیخوازانەی نێو ولاّت؟ ئایا دەتوانێ وەکو ماتۆڕێکی چکۆڵە ببێتە هۆی جوولاّندنی خەڵك بۆ شۆڕش و وەڕێخستنی ماتۆری گەورەی بزووتنەوەی جەماوەری؟

لەم بابەتەدا تێدەکۆشین تیشك بخەینە سەر ئەم باسە و تا ڕادەیەك لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی شی کەینەوە.

***

لە دوو سەدەی ڕابردوودا نەك لە کوردستان بەڵکوو لە بەشەکانی دیکەی ئێرانیش جموجوڵ و ڕاپەرینی چەکداری دیتراوە. بۆ وێنە: بەشداری هێزە چەکدارەکانی ئازەربایجان بە سەرۆکایەتی سەتارخان و باقرخان لە بزووتنەوەی مەشروتە(١٢٨٧-١٢٨٥)، پێکهاتنی هێزی نیزامی لە بزووتنەوەی جەنگەڵ و تەنانەت بەشداریی چەکدارە کوردەکان بە ڕێبەریی خاڵۆ قوربان لەم بزووتنەیەدا( ١٣٠٠-١٢٩٣)، پێکهاتنی هێزی فیدایی لە بزووتنەوەی ئازەربایجان بە ڕێبەریی فرقەی دێموکرات (٢٥-١٣٢٤)، ڕاپەرینی ئەفسەرانی خوراسان  بە ڕێبەریی سەرگورد عەلی ئەکبەری ئەسکەندانی و سەرهەنگ عەبدولرەزا ئازەر (گەلاویژی ١٣٢٤)، بزووتنەوەی چریکیی(موجاهید و فیدایی) لە دەیەکانی ٤٠ و ٥٠ی هەتاویی سەدەی ڕابردوو، ڕاپەرینی ئەفسەرە شۆڕشگێرەکانی هێزی ئاسمانی لە شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ و پەیوەست بوونی خەڵك بەوان، بزووتنەوەی خەلکی عەرەب لە ئەهواز(جۆزەردانی ٥٨)، بزووتنەوەی خەڵکی موسڵمان لە تەورێز(ڕەشەمەی ٥٨)، ڕاپەرینی یەکیەتیی کۆمۆنیستەکانی ئێران لە ئامۆڵ(ڕێبەندانی ١٣٦٠)، تێرۆرەکانی گرووپی فورقان(١٣٥٨) و بە تایبەتی موجاهیدینی خەڵك پاش ٣٠ی جۆزەردانی ١٣٦٠، هەروەها عەمەلیاتی "فروغ جاودان"ی موجاهیدین لە گەلاویژی ١٣٦٧ نموونەگەلێك لەم جموجوڵ و خەباتی چەکداری لە نێو هێزەکانی دیکەی ئێرانە.

شەڕی چەكداریی لە كوردستان بە تایبەتی بە هۆی تایبەتمەندیی جوغرافیایی ئەم وڵاتە وەكو كوێستانی بوون، هەبوونی كێو، جەنگەڵ، دۆڵ، و گەلیە باریك و پڕ پێچاوپێچەكانی، هەروەها كەش و هەوای وشك، بەرگریی بەردەوامی خەڵك لە بەرامبەر هێرشی نەیارانی و هتد وەكو داب و نەریتێكی كۆن و گەلێك پیرۆزی لێ هاتووە. مێژووی كورد بە تایبەتی لە سەدەی ٦ و ٧ی زایینییەوە هەتا ئێستا پڕ لە فیداكاری، خۆڕاگری، لەخۆبردوویی و پاڵەوانییەتیی ڕۆڵەكانی كورد لەبەرامبەر دوژمنانی ئەم گەلەیە. لە چەند سەدەی ڕابردوودا چەندین ڕاپەرینی چەكداری بەڕێوە چوون كە وەك نموونە دەكرێ ئاماژە بەوانە بكەین: ڕاپەرینی بەدرخان لە بۆتان(١٨٣٤ ز)، ڕاپەرینی یەزدانشێر(ساڵەكانی ١٨٥٥-١٨٤٤ز)، ڕاپەرینی شێخ عوبێدوڵلای نەهری(١٨٨٠ی ز)، ڕاپەرینی سمایل ئاغای سمكۆ(١٣٠٩-١٢٩٩)، دامەزراندنی كۆماری كوردستان(١٣٢٤) بزووتنەوەی ساڵەكانی ٤٦ و ١٣٤٧ بە ڕێبەریی كومیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموكراتی كوردستان، خەباتی چەكداریی بە ڕێبەریی حیزبی دێموكرات و كۆمەڵە پاش هێرشی هێزەكانی سەركوتكەری ئێران بۆ كوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ و هتد.

***

بێ گومان لە كۆمەڵگایەك كە ڕێژیمی سەركوتكەر، ڕێ بە خەباتی مەدەنی نەدات و فەزای سیاسیی قڕو قەپ بكرێ، بەكارهێنانی شێوەكانی توند و تیژی خەبات دەبێتە خاوەنی جێگە وپێگەیەكی تایبەت. سەركەوتنی هەر چەشنە شێوەیەكی خەبات، ڕاپەرین و شۆڕشێك پێوەندیی بە زۆر فاكتەری نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانی، هەروەها بارودۆخی سیاسی نیوكۆمەڵگا، ئاستی ئاگایی نەتەوەیی و سیاسی، هاوسەنگی هێزەكانی دژبەر، ئاستی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵك و خۆڕاگریی هێزەكانی ڕێژیمی سەركوتكەر لە بەرامبەر بزووتنەوەی خەڵك و هتد هەیە. لە مێژووی ئێراندا بەشێكی بەرچاو لە ڕاپەرینەكان بە هۆی نەبوونی بارودۆخی پێویستی سیاسی و كۆمەڵایەتی، لاسەنگی هێزەكانی شۆڕشگێر و سەركوتكەر و نەبوونی پشتیوانیی جەماوەر شكستیان هێناوە و نەیانتوانیوە گۆڕانكارییەكی سیاسی و ئەرێنی لە كۆمەڵگادا پێك بهێنن. حەرەكەتە خۆویست و سكتاریستیەكانی ڕۆشنبیرە ئازادیخوازەكانی ئێران سەرەڕای ئاوێتە بوونیان لە گەڵ لەخۆبردوویی و فیداركارییەكی زۆر، نەیتوانیوە بزووتنەوەی ئەوان بە ئاكام بگەیەنێ، بەڵام هەر كات

خەباتی چەکداریی لەسەر بەستێنی بزووتنەوەی جەماوەر شکڵی گرتبێ، ئەگەر بە ئامانجی خۆشی نەگەیشتبێ، کاریگەریەکی بە هێزی لەسەر ڕەوانی کۆمەلگا داناوە. سەرکەوتنی شۆڕشی ڕیبەندانی ٥٧ی هەتاوی بە شوێن ڕاپەرینی هومافەرەکان و پەیوەست بوونی ئەوان بەخەڵك ، گەیشتنی هێزە چەکدارەکانی سەتارخان و باقرخان بۆ تاران لە کاتی مەشروتە و کاریگەریی ئەوان لە سەرکەوتنی مەشروتەخوازەکان، پێوەندیی خۆڕاگریی و بەرگریی چەکداریی لە کوردستان لەگەڵ جەماوەری خەڵکی کورد سەرەرای پاشەکشە و شکستی نیزامیی هێزە کوردەکان، نموونەی بەرچاوی هاوئاهەنگیی بزووتنەوەی جەماوەری و خەباتی چەکدارییە. بەڵام ڕاپەرینی ئەفسەرانی خوراسان، بزووتنەوەی چریکی، ڕاپەرینی یەکیەتی کۆمۆنیستەکان لە ئامۆل، عەمەلیاتی "فروغ جاویدان" و هتد نموونەی بەرچاوی جموجوڵێکی خۆویستانە، سەرنەکەوتوو و ناهاوئاهەنگ لەگەڵ باردوخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگانو ئاکامەکەیان شەهیدبوون و گیرانی دەیان شۆڕشگێری ئازادیخواز بووە کە خوازیاری گۆڕانگاریی جیددی لە کۆمەڵگادا بوون.

بۆ گەیشتن بە ئاکامی سەرکەوتوانە و وەدیهێنانی بەرنامە و ئامانجەکانی هەر ڕێکخراوەیەك، پیویستە ئەم خاڵانە لەبەر چاو بگیرێن: مەبەست لە ئەنجامی ئەو کار و چالاکییەی کە دەیکەن چیە و چ نەخشە ڕێگایەکی شیاویان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان هەیە؟ ئایا کادری پێویست و پەروەردەکراو، ڕێبەرییەکی کارا و شیاو، ئامرازی پێویست و توانایی ئەم کارەیان هەیە و هێزی شۆڕشگێر توانیویەتی سازماندەیی پێویستی بۆ بکات؟ بە بوونی زەبر و زونگ و دەسەڵاتی ڕێژیمی دیکتاتۆر تا چ ڕادەیەك خەڵکی بەرەو پێری ئەم چەشنە خەباتە دێن و پشتیوانیی لێ دەکەن؟ ئایا نەخشە ڕێگاکە، قازانج و زیانەکانی ئەو حەرەکەتەی کە قەرارە لە ئاکامی ئەو خەباتە چەکدارییەدا وەڕی کەوێ، هەروەها ئیمکاناتی خەبات بە باشی هەڵسەنگێندراوە و دەرفەتەکانی پێویست بۆ پاشەکشەیەکی ڕێكو پێك و کەم خەسار یان بێ خەسار لێکدراوەتەوە؟ لەبیرمان نەچێ "لێپرسینەوە لە خەڵکی سەرکەوتوو ناکرێ" بەڵام خۆ ئەوانی تووشی شکست دێن، دەکەونە بەر ڕەخنە وگازندەی یاران و نەیاران و بە قەوڵێك "سەرکەوتن هەزاران باوکی هەیە و شکست هەتیو و بێ دایك و باوکە". بێ ئەوەی بمانەوێ باسی دروست یان نادروست بوونی شەڕی چەکداری بکەین پێویستە بە پێی ئاکامەکانی ئەم یەك دوو ساڵەی کە جموجوڵی

چەكداری لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان دەستی پێكردۆتەوە، دەستكەوتەكان و زیانەكانی هەڵسەنگێنین و بزانین چ كاریگەریەكی لەسەر گەشەسەندنی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان بووە و هەتا چ ڕادەیەك لە مەبەستەكانی نزیك بۆتەوە! بەم پێی پێویستە، ئێمە وڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە:

١. ئایا ئەم جموجوڵانە بوونەتە هۆی پاشەكشەكردنی دوژمن و نزیككردنەوەی ئێمە لە مەبەستەكانی خۆمان؟

٢. لەم جموجوڵانەدا، خەساری گیانی و كوژراوی هێزەكانی سەركوتكەر زۆرتر بووە یان ئی لایەنی پێشمەرگەكان؟ ئەو ئامارانەی كە لەبەر دەستن پیشانیان داوە كە بە دەیان پێشمەرگەی كورد بە هۆی لە كەمین كەوتن و گەمارۆدران، گیانی خۆیان بەخت كردوە و ئەگەر تەنانەت زەبرێكی زۆریش لە دوژمن درابێ بە پێی ئەوەی كە حكومەت هەزاران هێزی سەركوتكەری هەیە، دەتوانێ بە هاسانی جێگەی كوژراوانی خۆی پڕكاتەوە، بەڵام بڵێی حیزبە كوردستانییەكان بەم سادەییە بتوانن جێی ئەم گیانبەختكردوانە پڕ كەنەوە؟

٣. ئایا چالاكیی پێشمەرگە و دەستكەوتەكانی ئەوندە بەرچاو بووە كە ببێتە هۆی بەرزكردنەوەی ورەی خەڵك و پەیوەست بوونیان بە هێزی پێشمەرگە یان بە پێچەوانە لە كەمین كەوتنی بەردەوام، شەهیدبوون و گیرانی پێشمەرگەكان كاریگەریەكی نەرێنی لە سەر ڕەوانی كۆمەڵگایەك بووە كە شایەدی شكست و زەبرخواردنی بەردەوامی هێزێكە كە لە ڕابردوودا وەكو پاڵەوانی ڕزگاركەر پێناسە دەكرا؟

٤. ئایا توانایی هێزی پێشمەرگە لەو ئاستەدا هەیە كە بتوانی ناوچەگەلێك ڕزگار بكات و دەسەڵاتی ئەو بەشە بە دەستەوە بگرێ و ڕایگرێ؟

٥. ئایا ئەم جموجوڵانە بوونەتە هۆی بەرزكردنەوەی ئاگایی سیاسیی خەڵك و متمانەی زۆرتر بە حیزبە كوردستانیەكان؟

٦. ئایا كاتێك حیزبە كوردستانییەكان نەك ناوچەیەكی ئازادكراو بەڵكو پشت جەبهەیەكی جێ متمانە و ئیمكاناتی ماڵی و لۆجەستیكیشیان نییە، تا چ ڕادەیەك ئەم كار و چالاكی‌یانە دەتوانێ بە قازانجی نەك بزووتنەوە، بەڵكوو خۆشیان تەواو بێ؟

٧. بڵێی كاتێك ئەم هەموو دەرفەتە میدیاییە بۆ پێوەندیی گرتن لەگەڵ خەڵك لە ڕێگای ئینترنێت، تەلەویزیون وهتد هەیە، پێویست بێ تەنیا لەبەر پیشاندانی حزوری حیزبێك، گیانی پێشمەرگەكان بكەوێتە مەترسییەوە؟ بڵێی لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان

کە پانتاییەکەی دەگاتە ١٦٠ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشە، بوونی جارو باری پێشمەرگە لە چەند گوندێکی کوردستان و زەبرخواردنی بەردەوام و گەیشتنی خەبەری شکست و سەرکووتکرانیان بە جەماوەر، ببێتە هۆی ڕاکێشانی خەڵك بۆ گۆڕەپانی خەبات و وروژاندنی هەستی نەتەوەیی ئەوان؟

٨. کاتێك باردۆخی پێویست بۆ جووڵانەوی چەکداری ئامادە نییە، ڕێژەی پێشمەرگە، و ئامرازی خەباتی نیزامی و توانایيەکان بۆ شەڕێکی سەرکەوتوو بە هیچ جۆر بەرابەریی لەگەڵ ئیمکاناتی دوژمن ناکات، و باردۆخەکە گەلێك نابەرامبەرە، بلێی دەس بۆ چەك بردن نەبێتە هۆی بردنی هێزی شۆڕشگێر بۆ نێو مەیدانێك کە ڕێژیمی دیکتاتۆر دەستی باڵای تێدا هەیە و بە هەبوونی تەواوی دەرفەتە سوپایی(نیزامی)یەکان، توانای سەرکوتکردنی یەکجار بەرزترە؟ ئایا لەم حاڵەتەدا، ئەم جۆرە حەرەکەتە چەکدارییە نابێتە هۆی ئەوە نەك پێشمەرگەکان بەڵکوو خەڵکی ئاساییش تووشی چەرمەسەریی و ئازار و زیانێکی زۆر بن؟ و هتد.

**ئاکامگیری:**

حیزبێکی بەرپرس و بە ئەزموونی سیاسی، بە پێی هەڵسەنگاندنی بارودۆخ و وەزعیەتی سیاسیی کۆمەڵگا، هاوسەنگیی هێزەکانی دژبەر و چۆنیەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی جەماوەر دەبێ توانایی کەڵك وەرگرتنی شیاو و دروستی لە تەواوی شێوەکانی خەباتی ئاشتیخوازانە و ڕادیکاڵ، واتە شەڕی چەکداریی و ڕاپەرین و هتد هەبێ و لە کاتی پێویستدا بتوانێ شێوازی دروستی خەبات وا هەڵبژێرێ کە بە کەمترین خەسار زۆرترین زەبر لە دوژمن بدات و لە مەبەست و ئاکامەکانی خۆێ نزیك بێتەوە. بێ‌گومان خەباتی چەکداریی پێویستی بە بیرێکی گەلێك وردتر و هەبوونی دەرفەتەکانی پێش و پاشی بەرەی شەڕ و بارودۆخێکی شیاو هەیەو تەنیا کاتێك لە جێی خۆیدایە کە بتوانێ لەسەر بەستێنی شۆڕشێکی جەماوەریی و لە کاتی پێویستدا بۆ چارەسەرکردنی یەکجاری بێتە ئاراوە. هێنانە مەیدانی هێزی پێشمەرگە لە کاتێکدا بارودۆخی پێویست تەیار نییە و هاوسەنگیی هێزەکانی شەڕ لە قازانجی هێزی سەرکوتکەر دایە، چ لە باری نیزامی و چ لە باری ڕووحی و ڕەوانییەوە بە زیانی هێزی شۆڕشگێر و خەڵك تەواو دەبێ. زەبرخواردنی بەردەوامی پێشمەرگە، گیران و

شەهیدبوونیان چ لە باری ئینسانیی و چ لە باری کاریگەریی ڕەوانییەوە کۆمەڵگاو حیزب تووشی خەسار و کارەسات دەکات.

خەڵك حەقی خۆیانە ئەم پرسیارانە ئاراستەی ئەم چەشنە ڕێکخراوانە بکەن: هۆی چیە تەنیا پێشمەرگەیە کە بەردەوام دەکەوێتە کەمینی دوژمن و هیچ دەستکەوتێکی نیزامی و سیاسی نەسیبی هێزی پێشمەرگە نابێ؟ ئایا باشتر نییە حیزبەکانی کوردستانی زۆرتر بایەخ بە پەروەردەکردنی سیاسی و نیزامیی پێشمەرگە و ئامادەکردنیان بۆ ڕۆژێك بدەن کە بارودۆخی پێویست لە کۆمەڵگا پێك دێ و ئەوان بتوانن وەکو کادرێکی سیاسی بەشداری لە خەباتی جەماوەریدا بکەن. بڵێی باشتر نەبێ لەم بارودۆخەدا کە خەباتی مەدەنی لە حاڵی گەشەسەندنایە هێزی خۆمان بۆ کۆکردنەوە و پەرەپێدان بە خەباتی ئاشتیخوازانەی کۆمەلایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و سیاسی بخەینە گەڕ؟ مانگرتنی ٢١ی خەرمانان نموونەیەکی باش بوو لە خەباتی مەدەنی و جەماوەریی کوردستان و نیشانەی ئەو پەڕی وشیاریی و ئاگایی سیاسی کوردی ڕۆژهەلاتە کە دەتوانێ نموونەیەك باش نەك بۆ تەواوی ئێران بەڵکوو بۆ تەواوی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بێ. حیزبێکی بە ئەزموون نابێ بە حەرەکەتێکی کاڵ و ناسەرکەوتووی نیزامیی خۆی، زەبر لە بزووتنەوەی لە حاڵی گەشەسەندنی خەڵك بدات و ڕێخۆشکەری سەرکوتی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی نێو کۆمەڵگا و میلیتاریزە کردنی وڵات بێ. لە لایەکی دیکەشەوە تێچووی ئەم چەشنە خەباتە ڕادیکالە، لەدەستدانی دەیان پێشمەرگەی ئازایە کە سەرمایەی ئەم کۆمەڵگایەن و دەتوانن لە داهاتوی کوردستاندا ئەگەر بە باشی پەروەردە بکرێن، نەخش و ڕۆڵێکی باش و چارەسازیان هەبێ! بێگومان خەباتی سیاسی لە کۆمەڵگایەکی نادێموکراتیکدا هەمێشە لەگەڵ گرتن و ئەشکەنجە و شەهیدبوونی ئازادیخوازان ڕووبەڕوویە، بەلام حیزبێکی سیاسی پێویستە زۆر ورد و بەرپرسانە لە گەڵ گیانی ئەندامەکانی خۆی و خەڵکی ئاسایی بجووڵێتەوە و شێوەیەك هەڵبژێرێ کە بە کەمترین خەسارەوە بە زۆرترین ئاکام بگات!

ڕەزبەری ٢٠١٨

# کورد لە ئەگەری ڕووخانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێراندا

هەڵوێست و ئەرکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی و حیزبە کوردستانییەکان بە تایبەتی، دوای ڕووخانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران یەکێك لەو پرسیارانەیە کە دەبێ لە ئێستاوە بیری لێ بکرێتەوە و وڵامی بۆ بدۆزرێتەوە. حکوومەتی ئیسلامیی ئێران وەك هەر دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ ناتوانێ هەتاهەتایە بمێنێتەوە و زوو یان درەنگ کۆتایی بە دەسەڵاتی نگریسی دێ، بەڵام هەڵوێستی کورد وەکوو نەتەوەیەکی زوڵملێکراو کە پاش هاتنە سەر کاری ڕێژیمی ئیسلامی، چوار دەیەیە بەردەوام بۆ گەیشتن بە ئاواتە لەمێژینەکانی خەبات دەکا و گەلێك قوربانیی داوە، بەرامبەر بە دەوڵەتی داهاتوو چۆن دەبێ؟ ئایا کورد دەسبەجێ دەبێ داوای جیابوونەوە لە ئێران و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکا؟ یاخود شانبەشانی هێزە سەرانسەری و ناوچەییەکانی ئێران بۆ پێکهێنانی ئێرانێکی دێموکراتیك و فیدرال تێبکۆشێ؟

بێگومان هەڵوێست گرتنی حیزبێکی بەئەزموون لە جیهانی سیاسەتدا لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی جیهانی، ناوچەیی و نێوخۆیی، بە گوێرەی هاوسەنگیی هێزە سیاسی‌ـسپاییەکان و، ئاستی هوشیاریی نەتەوەیی و سیاسیی خەڵك، ڕادەی ڕێکخستنی جەماوەر لە ڕێکخراوە سیاسی، کولتووری و پیشەییەکاندا، هەروەها ئامادەبوونی ئەوان بۆ خەباتی سیاسی لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانیاندا دەبێ. حیزبێکی تێکۆشەر و پێشکەوتنخواز بەپێی ستراتێژیی نەتەوەیی و پەسەندکردنی تاکتیکی شیاو بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی، دەتوانێ ڕۆڵێکی گرینگ لە ڕەوتی ژیانی سیاسیی کۆمەڵگە بگێڕێ. لەوە دەچێ هەر لە ئێستاوە نەکرێ بڕیاری یەکلاکەرەوە بۆ هەڵوێستی داهاتوو بدرێ و نوسخەی بۆ بپێچرێتەوە، بەڵام هەموو هێزێکی سیاسی پێویستە بۆ کاتی سەرهەڵدانی ڕووداوە لەناکاوەکانی کۆمەڵگە، پلانی «**A**» و«**B**» ی هەبێ.

لە وڵاتێکی فرەئەتنیکیدا کە جارێ کێشەی نەتەوەیی چارەسەر نەکراوە، ئەرکی سەرەکیی حیزبێکی نەتەوەیی، خەبات لە پێناوی گەیشتن بە کەیان، دەوڵەت و سەروەریی نەتەوەییە. لەم ڕەوتەدا هەبوونی ستراتێژییەکی ڕوونی نەتەوەیی ڕۆڵێکی گرینگ لە هەڵویست گرتن و هەڵبژاردنی شێوەی خەبات دەگێڕێ. بێگومان حیزبێکی نەتەوەیی ناتوانێ لەمەڕ کێشەکانی نێو کۆمەڵگە وەکوو دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، بێکاری، گرانی، زوڵم و زۆری چینایەتی و چەوسانەوەی خەڵك و هتد بێهەڵویست بمێنێتەوە، بەڵام ئەرکی سەرەکیی ئەم حیزبە، وێڕای خەبات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، ڕێکخستنی خەڵك و بردنەسەرێی ئاگایی نەتەوەیی بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی، واتە سەروەریی نەتەوەیی و ڕزگارکردنی نیشتمانی خۆی لە دەست حکوومەتی داگیرکەرە. هەر بەم جۆرە کە بۆ حیزبێکی چەپی سۆسیالیستی یان مارکسی، گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی ئامانجی سەرەکییە، بۆ حیزبێکی نەتەوەییش، ئازادکردنی نیشتمانی داگیرکراو و گەیشتن بە سەروەریی نەتەوەیی ئامانجی سەرەکییە.

## فاکتەرەکانی هەڵویست گرتن

هەروەك پێشتریش ئاماژەی پێکرا، ئەستەمە لە ئێستاوە بە چەشنێکی یەکلاکەرەوە باس لە هەڵوێستی پاش ڕووخانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران و پێشبینیی وردی ڕەوتی ڕووداوەکانی داهاتوو بکرێ. مێژوو بەپێی ئەزموون پڕ لە هەوراز و نشێو، پێشڕەوی و پاشەکشە کردنە و لەسەر هێڵێکی ڕاست ناجووڵێتەوە. بەم حاڵەش لەوە دەچێ بکرێ بەپێی لێکدانەوەیەکی ڕاستبینانە لە بارودۆخی ئەمڕۆی ئێران و بەرزبوونەوەی ئەوپەڕی جیاوازیی چینایەتی، وەزعی خراپی ژیانی ئابووریی خەڵك، پێشێلکردنی تەواوی مافەکانی ئینسانی، نارەزایەتیی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئێران، کێشە لەگەڵ وڵاتە زلهێزەکانی جیهان و هتد باس لە تەواو بوونی کاتە خۆشەکانی دەسەڵاتدارانی حکوومەتی سەرەڕۆ و تێئۆکراتی ئێران و بەرەو هەڵدێرچوونی ژیانی سیاسیی ئەم ڕێژیمە بکرێ.

هەر لەم پێوەندییەدا، پێویستە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێستاوە خۆیان بۆ بەرەو ڕووبەروو بوونەوە لەگەڵ ڕووداوە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵگە ئامادە بکەن و بە لێکدانەوەی بارودۆخی ئێران، ناوچە و جیهان، هەروەها ئەگەرە

جۆراوجۆرەکان، هەوڵ بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی بەرفراوان یان کۆنگرەیەکی نەتەوەیی، داڕشتنی بەرنامە و سیاسەتێکی هاوبەش، هەروەها ڕێکخستنی سپایەکی نەتەوەیی بدەن. بە گشتی بۆ هەڵوێست گرتنێکی شیاو، پێویستە ڕێکخراوەیەکی شۆڕشگێڕ توانای هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە و لەبەرچاو گرتنی خاڵەکانی خوارەوەی هەبێ:

**بارودۆخی سیاسی- کۆمەڵایەتی، هەروەها ئابووری و فەرهەنگیی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی.**

لێرەدا پێویستە ئاست و دۆخی بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازانە لە ئێران، جێگە و پێگەی هێزی دەستەڵاتدار لە وڵات، خاڵە لاواز و بەهێزەکانی دەوڵەت و ململانێی باڵەکانی نێو حکوومەت، خۆڕێکخستنی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، هاوسەنگیی هێزە پێشکەوتنخواز و دواکەوتوو و کۆنەپەرستەکان لە ئاستی ئێران و کوردستان، هەروەها ئاستی ئاگایی نەتەوەیی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد بە چەشنێکی ڕاستەقینە لێك بدرێتەوە. لەم ڕەوتەدا یەکێك لە ئەرکەکان، هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەی هێزە پێشکەوتنخوازەکان لە ئاستی ئێران و کوردستان، داڕشتنی بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ گەیشتن بە دێموکراسی، ئازادی و پێکهاتنی بەستێنێکی شیاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و، یەك لەوان کێشەی نەتەوەیی بە شێوەیەکی مەدەنی و لە ڕێگای دانوستان و وتووێژە.

**سیاسەت و هەڵوێستی زلهێزەکان و دەوڵەتەکانی جیهان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هتد.**

هەڵسەنگاندنی هەڵوێست و هەڵسوکەوتی هێزە جیهانی و ناوچەییەکان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی و هێزە خۆجێییەکان، هەروەها ململانێی ئەو هێزانە پێکەوە و ناسین و جیاکردنەوەی دۆست لە دوژمن، ڕادەی پشتیوانیی ڕاستەقینەی ئەو هێزانە و بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی جیهانی لە بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کورد دەتوانێ ڕۆڵێکی بەرچاو لە هەڵوێست گرتنی هێزێکی تێکۆشەردا بگێڕێ. بۆ وێنە لێکنەدانەوەی دروستی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان لە هەڵسوکەوت و هەڵوێستی هێزەکانی جیهانی لە کاتی گشتپرسیی سەربەخۆیی لە ٢٥ی سێپتامبری ٢٠١٧، پشتیوانی نەکردنی زلهێزەکانی جیهانی و ناوچە لە دەنگدانی زۆرینەی خەڵکی

باشووری کوردستان هاوکات لەگەڵ ناتەبایی نەتەوەیی لەم وڵاتەدا، زەبرێکی کارای لە بزووتنەوەی سەربەخۆیی خوازانەی کوردستان دا و، تەنانەت لە هێرشی هێزەکانی سەر بە بەغدا و ئێران بۆ کەرکووك و خانەقین و هتد لە ئۆکتۆبری هەر ئەو ساڵەدا، کورد بێ پشتیوان مایەوە و کۆنترۆڵی پتر لە سەتا ٥٠ی خاکی نیشتمانەکەشی لەدەست دا. بەم پێیە ناسینی بارودۆخی جیهانی و ناوچە و، خوێندنەوەی دروستی ژێئۆپۆلیتیکی جیهان بۆ گرتنی بەشێکی بەرچاو لە هەڵوێستەکانی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەی هەیە.

## وەزعییەت و جێگە و پێگەی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان

یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی هەر بزووتنەوەیەك و بە تایبەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد، هاوکاریی حیزبە کوردستانییەکان و هەبوونی تەبایی نەتەوەییە. کاتێك حیزبە کوردستانییەکان نەتوانن بە زمانێکی هاوبەش بگەن و بەرەیەکی ڕاستەقینە و کارا دروست بکەن، هەروەها بەرژەوەندیی نەتەوەیی فیدای بەرژەوەندیی حیزبی، عەشیرەیی و تاکەکەسی بکەن، نەك هەر ئەگەری شەڕ و پێکدادانی نێوخۆیی بەرز دەبێتەوە، بەڵکوو بەستێنێکی شیاو بۆ پیلانگێڕی هێزەکانی کۆنەپەرست و سەرکوتکەر پێکدێ و زەبرێکی گەورە لە متمانە و ورەی خەڵك دەدرێ. شەڕی نێوخۆیی لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران_کۆمەڵە [١٩٨٤ هەتا١٩٩١ز.]، شەڕی نێوان دوو باڵەکەی حیزبی دێموکرات پاش کۆنگرەی هەشتەم [١٩٨٨_١٩٩٣]، شەڕەکانی پارتی و یەکیەتی [١٩٩٧_١٩٩٤]، کوشتاری شیووعییەکانی عێراقی بە دەست هێزەکانی یەکیەتیی نیشتمانی لە پشت ئاشان [١٩٨٣ز]، پێکدادانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان [١٩٩٤]، هەروەها تێکهەڵچوونەکانی پارتی و پ. ك. ك [١٩٩٧] و هتد وەکوو ئەزموونێکی تاڵ، بەڵام هاوکات وەك وانەیەکی گەورە بۆ داهاتووی کوردستان دەمێنێتەوە. پێویستە هەر لە ئێستاوە هێزەکانی کوردستانی خۆڕاهێنانی دێموکراسی و کاری هاوبەش بکەن هەتا ئەم چەشنە کارەساتانە دووپات نەبنەوە. لەم پێوەندییەدا، پێکهێنانی «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران» هەنگاوێکی باشە، بەڵام بەس و تەواو نییە و، پێویستیە پەرەی پێبدرێ و ببێتە بەستێنێك بۆ پێکهێنانی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی بۆ کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەزموونی پتر لە دوو دەیە دەسەڵاتداریی هێزەکانی هەرێمی کوردستان و نەبوونی یەکیەتییەکی ڕاستەقینە لە پێناوی بەرژوەندیی نەتەوەییدا، هەروەها ناتەبایی هێزە سەرەکییەکان هەتا ئێستا زەبرێکی گەورەی لە متمانەی خەڵکی باشووری کوردستان داوە و، حکوومەتی بەغدا قازانجێکی زۆری لەم ناتەباییە بردووە. کارەساتی ئۆکتۆبری ٢٠١٧ی کەرکووك وێڕای پیلانی حکوومەتەکانی بەغدا و تاران، هاوکات بەرهەمی ناتەبایی نەتەوەیی و هاوکاریی بەشێك لە هێزەکانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی بەغدا بوو.

لە ساڵانی پاش شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی، بە هۆی دابڕان، دەرکران و جیابوونەوەکانی فراکسیۆن و ئەندامەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، گەلێك حیزب و گرووپ و تاقمی جۆراوجۆری سیاسی هاتوونەتە نێو گۆڕەپانی خەباتی سیاسییەوە. ئەمڕۆ دوو حیزبی دێموکرات و سێ کۆمەڵە بەهۆی مێژووی خەباتیان، بوونەتە بەشێکی ڕاستەقینە لە ئەندێشە و بیروهزری کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بێگومان ناکرێ نکۆڵی لە ڕێکخراوەکانی دیکە وەك پژاك و هتد بکرێ کە لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەریان هەڵداوە. لەو نێوەدا ئەوەی ڕەنگ و ڕووی کوردستانی بوون بە هێزێك دەدا، نەك هەبوونی پاشکۆی کوردستانی، پێشمەرگە و لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی، بەڵکوو سنووری چالاکی، ستراتێژی و هەڵوێستی ئەوان لە پێوەندی لەگەڵ شێوەی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی و گەیشتن بە کەیان و سەروەریی کوردە. ئەوانەی کە بە جلوبەرگی کوردی نکۆڵی لە بەدەوڵەت بوونی کورد و نەتەوەکانی دیکە دەکەن و پێیان وایە سەردەمی ناسیۆنالیزم کۆتایی هاتووە یاخود خۆیان لە بەرەی بەناو «ئێرانییە سۆسیالیستەکان» یان «چەپەکانی کوردستان» دژ بە «بۆرژوا– ناسیۆنالیستەکانی کورددا! دەبیننەوە، لە کردەوەدا خۆیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد دوور دەخەنەوە، و بەگوێرەی هەبوونی بیروهزری پۆلپۆتی و پاوانخوازانە دەکەونە نێو بەرەیەك کە دەتوانێ لە داهاتوودا خوڵقێنەری کارەساتێکی نێوخۆیی بێ. بەکارهێنانی دەستەواژەی بۆرژوا–ناسیۆنالیست بۆ ئەو ڕێکخراوە کوردستانییانەی ئێران کە لایەنگری بیری سۆسیالیستین و بەرنامەکانیشیان لە پێوەندی لەگەڵ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ئازادی، دێموکراسی، مافی مرۆڤ و هتد دایە، شتێك نییە بێجگە لە چەواشەکارییەکی مەبەستدار. هێزەکانی «بۆرژوا —

ناسیۆنالیستی!؟» کورد بە پێی پانتایی چالاکیی سیاسییان لە جوغرافیای سیاسیی کوردستان، وێڕای لەبەرچاو گرتنی تەواوی ئاڵوگۆڕەکانی ئێران بە گشتی، بۆ خۆشبژیوی، پێکهێنانی ژیانێکی هێمنانە، دادپەروەرانە، بەختەوەرانە و شارستانیانە، هەروەها چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی تێدەکۆشن.

بەپێی ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، ئەستەمە تاقمگەلێکی سەرلێشێواو لە باری بیروهزری سیاسییەوە، بەبێ هاوکاری و پێوەندی لەگەڵ هێزەکانی کوردستانی بتوانن ڕۆڵێك لە داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بگێڕن و بە یارمەتیی «پڕۆلتاریای کورد» توانای لادانی «بەرەی بۆرژوا ناسیۆنالیزم»! کوردیان لە گۆڕەپانی سیاسەتدا هەبێ و ببن بە ئاڵتێرناتیوێکی بەهێزی «چەپ»! لە کوردستان و، پاش دامەزراندنی سۆسیالیزمی خەیاڵییان کێشەی نەتەوەکان لە ئێران و یەك لەوان کورد چارەسەر بکەن؟

لە هەر حاڵدا، پاش ڕووخانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران و کرانەوەی فەزای سیاسی لە ئێران و کوردستان، جێ بۆ کار و چالاکیی حیزب و گرووپە جۆراوجۆرەکان دەکرێتەوە. ئەو شتەی لێرە گرینگە، هاوتەبایی هێزە کوردستانییەکان، هەبوونی بەرەیەکی یەکگرتوو و بەهێزی کوردستانی، پێکهێنانی سپایەکی نەتەوەیی لە پێشمەرگەکانی ئەم ڕێکخراوانە و لەژێر فەرمانی کومیتەیەکی هاوبەش، نەك حیزبێکی تایبەتییە. پێویستە ئەم هێزە سپاییە پاش پێکهاتنی حکوومەتی کورد لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تەواوی بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی وەزارەتی پێشمەرگە، هەتا ڕێگە بە ئاژاوەگێڕی و شەڕفرۆشیی هیچ حیزب و تاقمەیەك و کەلکوەرگرتن لە هێزی چەکدار دژ بە حیزب و هێزەکانی گەورە و بچووکی سیاسی بە بیروڕای جیاوازەوە نەدرێ و باروودۆخێکی باش و شیاو بۆ چالاکی و ململانێی سیاسی و مەدەنیی تەواوی هێزەکان مسۆگەر بکرێ و، بەربەستێکی قانوونی بۆ هەر چەشنە دەستدرێژی و شەڕێکی نێوخۆیی پێك بێ. لەم حاڵەتەدا قانوون دەبێ دەستنیشانکەری سنوور و پانتایی چالاکیی سیاسیی تەواوی ڕێکخراوە و کەسایەتییەکان بێ، نەك هێزی چەکداریی حیزبێکی سیاسی!

لەم پێناوەدا پێویستە هەر لە ئێستاوە خۆڕاهێنانی دێموکراسی و حاوانەوە لەگەڵ یەکتری بکەین. لەوە دەچێ هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی بەرفراوان، کۆنگرە یان پارلمانی کوردی ڕۆژهەڵات لە دەرەوەی وڵات بە بەشداریی تەواوی حیزب و

کەسایەتییە سیاسی و فەرهەنگییەکانی کورد هەوڵێکی بەرپرسانە و ڕاستبینانە بۆ گەڵاڵەکردنی یەك بەرنامە و سیاسەتی هاوئاهەنگ و گشتی بێ.
لێرەدا پێویستە وێڕای پێشوازی کردن لە بەشداریی لقی کوردستانیی حیزبێکی سەرانسەری بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی و هاوکاری لەگەڵ بەرەی کوردستانی، ئاماژە بە جیاوازییەکی هەستیار لە نێوان ئەوان و حیزبە کوردستانییەکان بکەین.
خەباتی ڕێکخراوەیەکی کوردستانی هەر بەپێی نێو و نێوەرۆکی بەرنامەکەی، ناوچەیەکی جوغرافیایی بە ناوی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەم چەشنە حیزبانە وێڕای خەبات بۆ هێنانە سەر کاری دەوڵەتێکی دێموکرات و پێشکەوتنخواز لە ئێران، بەپێی بەرژوەندیی نەتەوەیی بەرەوڕووی ڕووداوەکان، دانوستان و وتوویژ و خەباتی سیاسی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی دەچن، بەڵام ڕێکخراوەیەکی ئێرانی وێڕای هەبوونی لقی خۆی لە کوردستان، کێشەی نەتەوەیی تەنیا وەکوو بەشێك لە مەسەلەکانی ئەو وڵاتە لەبەرچاو دەگرێ. زۆر جار بەپێی زاڵبوونی بیری چینایەتی یان هەر بیروهزرێکی دیکە، چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی لە پلەی چەندەمی بەرنامەکەیدا دادەنێ. واتە بۆ وێنە بۆ حیزبێکی سەرانسەریی چەپ گەیشتن بە سۆسیالیزم، لەنێو بردنی جیاوازیی چینایەتی، دامەزراندنی حکوومەتێکی کرێکاری و هتد ئەرکی سەرەکییە و پاشان دەکرێ لەم چەشنە حکوومەتەدا ئاوڕێك لە کێشەی نەتەوەییش بدرێتەوە. بۆ لقی کوردستانیی ئەم حیزبانە تەنانەت ئەگەر هەست و سۆزێکی بەهێزی نەتەوەییشیان هەبێ، سیاسەتیان لە کوردستان شوێنکەوتنی سیاسەتی گشتیی حیزبەکەیانە بە گشتی و ناتوانن بەپێچەوانەی ئەو سیاسەتە گشتییە بجووڵێنەوە.

**هەڵبژاردنی شێوەی خەبات و دروشمی سیاسی**

پێویستە بۆ هەڵبژاردنی شێوە جۆراوجۆرەکانی خەبات و هەڵگرتنی دروشم، چەند فاکتەری سەرەکی وەکوو هاوسەنگی و وەزعییەتی هێزەکانی خۆیی و دوژمن، شیاو بوونی بارودۆخی جیهان و نێوخۆیی و، بە تایبەتی ئامانجی سەرەکی و ئامادەبوونی بارودۆخ بۆ گەیشتن بە خاڵی مەبەست بەدروستی لێك بدرێتەوە. لێنین گوتەنی: «خەڵك دەبێ بتوانێ بە پێستی خۆی هەست بە ڕاست و دروست بوونی ئەو دروشمانەی بکا» کە هاتوونەتە ئاراوە. لەبەرچاو نەگرتنی ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵگە و

جیهان، هەروەها هەڵنەسەنگاندنی هاوسەنگیی هێزەکان، دەتوانێ هۆی هەڵبژاردنی پێشوەخت، ناوەخت، یان نادروستی شێوەیەکی خەبات و دروشمێك بێ، کە شکستی لێ دەکەوێتەوە. بەپێی ئەزموون، پێویستە کاتێك دوژمن بەهێزە و هێزی پێشکەوتنخواز لاوازە، حیزبێك یان ڕێبەرانی بزووتنەوەیەك پارێز لە جووڵانەوەیەکی ڕادیکال بکەن و، کاتێك هاوسەنگیی هێزەکان بەپێچەوانە بێ، بەپێی ستراتێژی و شیاوبوونی بارودۆخ، تاکتیکێك هەڵبژێرن کە ئەگەری سەرکەوتن و پێگەیشتن بە ئامانجەکان لە ئاستێکی بەرزدا بێ. سەرکەوتنی هەر خەباتێك ئاکامی هاوسەنگیی هێزەکانی دژبەر و ئامادەبوونی ڕێکخراوەیی، لێکدانەوە و جیاکردنەوەی بەرەی دۆست لە دوژمن، پێکهێنانی یەکیەتیی هێزەکانی پێشکەوتنخواز، کۆکردنەوە و ڕاکێشانی زۆرینەی خەڵك بۆ گۆڕەپانی خەباتی سیاسی و؛ هاوکات دوورپارێزیی لە هەر چەشنە سێکتاریزم و ڤۆڵونتاریزمی ماڵوێرانکەرە. هێزێکی سیاسی دەبێ توانای کەلکوەرگرتنی دروست و بەجێی لە هەر پێشهاتێکی لە ناکاو و گۆڕانکارییە سیاسییەکان هەبێ و، ئەمە دەگەڕێتەوە سەر ئاستی ئەزموون و خۆڕێکخستن و ئامادەبوونی ڕێکخراوەیی، ڕادەی نفووزی لە نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، هەروەها توانای ناسین و لێکدانەوەی ڕاستبینانەی ڕووداوەکان. لێرەدا بێگومان ئەزموون و ئاگایی ڕێبەرایەتیی حیزب یا بزووتنەوەیەك دەتوانێ ڕۆڵ بگێڕێ و پێشگیری لە جووڵانەوەیەکی ناوەخت بکا. پێویستە لە تەواوی قۆناغەکاندا بایەخ بە پێوەندیی ڕاستەوخۆی ڕێبەریی حیزب یا بزووتنەوەیەك لەگەڵ خەڵك و پێکهێنانی متمانەی ئەوان بدرێ و چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە ڕێکخراوە سیاسی، کولتووری و پیشەییەکان و هتددا ڕێك بخرێن. حیزب و ڕێکخراوەیەکی سیاسی هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە خۆی بە نوێنەری بزووتنەوەیەك دەزانێ و دەبێ دەنگی ئاشکرا و ڕوونی ویستی سەرەکیی کۆمەڵگەکەی بێ، دەبێ خۆی لە پۆپۆلیزم بپارێزێ و نەبێتە پاشکۆی جەماوەر و بەپێی لێکدانەوەیەکی دروست و شارەزایانە، شێوەی خەبات هەڵبژێرێ و لێنین گوتەنی بزانێ «لە کوێ بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە هەڵسوکەوت بکا و لە کوێ بە شێوەیەکی ڕیفۆرمیستی».

بە داخەوە نەك لە ئێران، بەڵکوو لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەهۆی نەبوونی سیستمێکی دێموکراتیکەوە، ڕادەی ئەزموونی کار و چالاکیی مەدەنی و سیاسی گەلێك نزمە. لە سەدەی ڕابردوودا چوار بەشی کوردستان بەپێی بارودۆخی

سیاسیی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش بووە زۆرتر تووشی شەڕ و پێکدادان لەگەڵ حکوومەتەکانی ناوەندی بووە و دەرفەتی کاری سیاسی و مەدەنیی بۆ هێزە پێشکەوتنخوازەکان نەڕەخساوە. تەنانەت هەرێمی کوردستانیش لە تەواوی ئەم ساڵانەی کە پێك هاتووە بە چەشنی جۆراوجۆر لەژێر مەترسیی هەڕەشە، پیلان و هێرشی سپای عێراقی بە هاوکاریی ملیشیاکانی حەشدی شەعبی دروستکراوی ئێران، هەروەها داعش بووە. لە باکووری کوردستانیش، سەرەڕای هەبوونی دێموکراسییەکی ناسەقامگرتوو هەزاران ئەندامی «حیزبی دێموکراتیکی گەلان» و هێزەکانی چەپ و دێموکرات کە دەیانەوێ لە ڕێگای ئاشتیخوازانە و مەدەنی گۆڕانکاری لە سیستمی کۆمەڵگەدا پێك بێنن، گیراون و لە بەندیخانەکان دان.

لە ئەگەری ڕووخانی حکوومەتی ئیسلامیدا دەبێ ئێمەی کورد ئەوە لەبەرچاو بگرین نیازمان بە بوونی ڕاستەوخۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کەلکوەرگرتن لە تەواوی شێوەکانی قانوونی و مەدەنی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و بڕینی قۆناغ بە قۆناغی بەربەستەکانی سەر ڕێگای جووڵانەوەی کورد هەیە. ئەمە کارێکی دژوارە و بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر هەڵسوکەوتی دەوڵەتی تازە پێکهاتووی داهاتوو لەگەڵ کێشەی نەتەوەیی و ئاستی ویستەکانی ئێمە.

لە ئێرانی داهاتوودا هێزێکی سیاسیی کوردستانی دەبێ ستراتێژییەکی ڕوونی نەتەوەیی هەبێ و کێشەی کوردیش هەتا پێکهاتنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بەیەکجاری چارەسەر ناکرێ. بەڵام لە نەبوونی بارودۆخی پێویست بۆ گەیشتن بەم ئاواتە لە کورتخایەندا، چارە چییە؟ بێشك هیچ دەوڵەتێکی تەنانەت دێموکراتیکیش خوازیاری لەت لەت بوونی ئێرانی داهاتوو نییە و، ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات بە چەپ و ڕاستییەوە هەڵویستی خۆیان لەم پێوەندییەدا ڕوون کردۆتەوە. پێشتریش ئاماژەی پێ کرا، ڕێگەی گەیشتن بە سەربەخۆیی ڕێگایەکی ڕێك و ڕاست نییە و بەپێی بارودۆخ دەبێ ئەم ڕێگایە قۆناغ بە قۆناغ ببڕدرێ. بەم پێیە سەرەڕای هەبوونی ستراتێژی بۆ دامەزراندنی کەیان و دەوڵەتی کورد، پێویستە ئێمە پێشوازی لە هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی سیاسی بکەین کە ببێتە هۆی دێسنترالیزەکردنی ئێران لە چەشنی فێدراڵ یاخود کۆنفێدراڵ و، تێبکۆشین وێڕای بردنەسەرەوەی ئاگایی نەتەوەیی لە تەواوی شێوەکانی خەباتی مەدەنی و قانوونی بۆ چەسپاندنی ئەم مافە کەلك وەربگرین. خەڵکی کورد دەبێ بەپێی هەست و ئەزموونی خۆی بەم ئاستە لە ئاگایی نەوەتەویی

بگات کە بەرژوەندیی خۆی لە مانەوە لە چوارچێوەی ئێران یان لە جیابوونەوە لە جوغرافیای سیاسیی ئێران و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کورددا ببینێ و ئەم هەنگاوەش هاوتەبایی لەگەڵ بارودۆخی جیهانی و ناوچەیی هەبێ.
پێویستە ئێمە ئەم ڕاستیەش لەبەر چاو بگرین، ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا لە چوارچێوەی موکریان و ئەردەڵان قەتیس نامێنێتەوە و پانتاییەك لە سنووری ئازەربایجانەوە هەتا سنووری خوزستان لەخۆ دەگرێ، بەم هۆیەش، هێزە کوردستانییەکان بۆ پێشوازیی تەواو چێن و توێژەکانی کوردستان لەم ویستە نەتەوەییە، پێویستییان بە زەمەن و دەرفەتی شیاو بۆ پەرەپێدان و سەقامگرتووکردنی بیری نەتەوەیی و سەربەخۆییخوازانە لە بیر و هزری کۆمەڵگە هەیە.
پێویستە هەروەها ئاماژە بە خاڵێکی دیکەش، واتە چۆنیەتیی ڕووخانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بکەین. ئایا ئەم حکوومەتە بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە و مەدەنی، بەپێی کوودەتایەکی نێوخۆیی، شۆڕشی گەلانی ئێران یاخود هێرشی هێزەکانی بیانی لە چەشنی عێراق دەڕووخێ و شەڕێکی نێوخۆیی لێ دەکەوێتەوە؟ لە هەر یەك لەم حاڵەتانەدا دەکرێ بەپێی وەزع و بارودۆخێك کە پێك دێ، هەروەها شێوەی هەڵسوکەوتی وڵاتانی زلهێز و ناوچە، ویست، هەڵوێست، تاکتیك و شێوەی خەباتی هێزێکی شۆڕشگێڕ بگۆڕدرێ.
بێشك ئەگەر پاش ڕووخانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران حکوومەتێکی دێموکراتیك ـ فێدراڵ یاخود کۆنفێدراڵ یان هەر چەشنە سیستمێکی ناکۆجێیی بێتە سەرکار و، نەتەوەکان بەپێی جوغرافیای سیاسیی وڵاتەکەیان لە چوارچێوەی ئێراندا مافی بەرامبەریان هەبێ، هەڵسوکەوتی ڕێکخراوە سیاسییەکان لەگەڵ دەسەڵات جیاوازی دەبێ لەگەڵ حکوومەتێکی سەرەڕۆی تازە، تەنانەت ئەگەر بە بیری چەپ یان هەرچەشنە بیروهزرێکی بەناو دێموکراتیکیشەوە بێ. هەبوونی دێموکراسی ڕێخۆشکەرەی خەباتێکی ئەمڕۆیی و مەدەنییە، بەڵام سیاسەتی سەرکوتکەرانەی دەوڵەت دەبێتە هۆی ڕادیکاڵیزە بوونی شێوەی خەباتی هێزێکی سیاسی.

### ئاکامگیری

- حکوومەتی سەرەڕۆی ئێران لە ئاستی نێوخۆیی و جیهانی ڕووبەڕووی قەیرانێکی هەمەلایەنە بۆتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە لە ئێستاوە ناکرێ بە

وردی پێشبینیی تەواوی ڕووداو و پێشهاتەکانی داهاتووی ئێران بکرێ، ئەگەری ئاڵوگۆڕێکی جیدی لەم وڵاتە بە بەراورد لەگەڵ تەواوی ساڵەکانی دەسەڵاتداریی حکوومەتی ئیسلامی بەهۆی گوشاری نێوخۆیی و دەرەکی لە هەر کاتێکی دیکە بەهێزترە. بەم پێیە، پێویستە هێزەکانی کوردستانی لە ئێستاوە خۆیان ئامادەی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هەر چەشنە ڕووداو و ئاڵۆگۆڕێکی سیاسیی کوتوپڕ لە ئێران بکەن. بێگومان ناکرێ کات و شێوەی ڕووخانی ئەم حکوومەتە بە وردی دیاری بکرێ، بەڵام ئاواتی هێزێکی بەرپرسی سیاسی، ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بە کەمترین خەرج و زۆرترین دەسکەوت بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، بەبێ هێرشی سپایی یان خۆتێهەڵقوتاندن و دەستێوەردانی وڵاتێکی بیانییە. وێڕای ئەوەش زۆر جار پێشهاتەکانی نێونەتەوەیی لە دەرەوەی ویست و ئیرادەی خەڵك و هێزە سیاسییەکانە. بەم پێیە پێویستە ڕێکخراوە کوردستانییەکان بە هەبوونی بەرنامە و پلانی «A» و «B» و هتد بەرەو پیری ڕووداوەکان بچن و لەبەرامبەر ڕووداوە چاوەڕەواننەکراوەکاندا خافڵگیر نەبن و بەپێی دەرفەت و شیاوبوونی بارودۆخی نێوخۆیی و جیهانی ئامادەی هەر چەشنە مانۆڕێکی سیاسی و هەڵگرتنی دروشمی شیاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی و دامەزراندنی کەیان و سەرەوەریی کورد بن.

- پێکهێنانی بەرە یان کۆنگرەیەکی نەتەوەیی وەکوو نوێنەری زۆرینەی حیزب و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەروەها گەڵاڵەکردنی بەرنامەیەکی هاوبەش و پێکهێنانی سپایەکی نەتەوەیی دەتوانێ ڕۆڵێکی بەرچاو لە هەموو بوارێکی خەباتی سیاسیی ئێستا و داديێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ لە ئاستی نێوخۆیی لە کوردستان وەکوو دڵخۆشی و بەرزکردنەوەی ورە و متمانەی خەڵك، و چ لە ئاستی ئێران لە ڕەوتی پێکهێنانی بەرەیەکی گشتی لەگەڵ هێزەکانی پێشکەوتنخواز و وتوویژ و دانوستان لەگەڵ دەسەڵاتی داهاتووی ئێران بگێڕێ.
- نوێنەرانی سیاسیی کورد بەپێی وەزعییەتی سیاسیی ئێران و جیهان، شیاوبوونی بارودۆخی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی و ڕادەی ئاگایی خەڵك و

ڕێکخستنی جەماوەر لە حیزب و یەکیەتییە سیاسی، فەرهەنگی و پیشەییەکاندا، هەروەها هاوسەنگیی هێزەکانی دژبەر و هتد وێڕای هەبوونی ستراتێژییەکی ڕوونی نەتەوەیی، باشترە دروشمێك هەڵبژێرن کە دەرفەتی هاتنەدیی زیاتر و ڕاستبینانەترە و خەڵکی کوردستان قۆناغ بە قۆناغ لە ئامانجە سەرەکییەکەی نیزیکتر دەکاتەوە. لەم پێناوەدا هەبوونی دێموکراسی لە ئێران و کوردستان ڕێخۆشکەری پێکهاتنی بەستێنێکی شیاو بۆ کار و چالاکیی سیاسی، مەدەنی و ئاشتیخوازانەیە. هێزێکی پێشکەوتنخوازی کوردستانی نیازی بە کات و زەمەنی پێویست بۆ کار و چالاکییەکی کارا بۆ بردنەسەرەوەی ئاگایی نەتەوەیی و ڕێکخستنی خەڵك لە تەواوی کوردستان لە ماکۆوە هەتا دێهلۆڕان هەیە. لە کوردستانی ئازادکراودا پێویستە لە جیاتی چەکداربوونی ئەندامەکانی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان، سپایەکی نەتەوەیی لەژێر ڕێبەرایەتیی وەزارتی پێشمەرگەدا پێك بێ و، چوارچێوەی کار و چالاکیی پێشمەرگە بەپێی یاسای وڵات بێ، نەك ویستی حیزب و ڕێکخراوەیەکی دیاریکراو.

ئاوریلی ٢٠١٩

# خەمۆكیی سیاسی

- بەبۆنەی دەهەمین گەڕی هەڵبژاردنی "مەجلیسی شۆڕای ئیسلامیی ئێران" -

"فاكتەكان هاوئاهەنگ لەگەڵ تیئۆریی من نین،
وای بە حاڵی فاكتەكان!".
هێگێل

حیزبێكی سیاسی بەپێی ڕادەی پێوەندیی خۆی لەگەڵ كۆمەڵگە و لێكدانەوەی لە ئاڵوگۆڕەكانی نێو وڵات، تاكتیكەكانی هەڵدەبژێرێ و هیواداره سیاسەتەكانی تا ڕادەیەكی زۆر ڕەنگدانەوەی ڕاستییەكانی كۆمەڵگەی خۆی بێ. گەیشتن بە هەر ئامانجێك لە پێوەندی لەگەڵ لێكدانەوەی بارودۆخی بابەتی [ئابژێكتیڤ] و زەینی [سوبژێكتیڤ]ی وڵات، لاسەنگیی هێزە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزیسیۆنەكانی نێو كۆمەڵگەدایە. گرتن یان گۆڕانی تاكتیكی حیزبێكیش هەر لەم پێوەندییەدا جۆراوجۆرە و دەتوانێ دووركەرەوە (دفعی) یان پەیتا پەیتایی، تێكەڵ بە توند و تیژی یان ئاشتیخوازانە، هەروەها ئاشكرا یاخود نهێنی بێ. لەم ڕەوتەدا هێزێك دەتوانێ كاریگەری لە كۆمەڵگەدا ببێ كە بەپێی هەبوونی شانە حیزبییەكان، كادری لێهاتوو و توانایی تەبلیغاتی سیاسی بتوانێ ئامرازی پێویست بۆ وەدیهێنانی ئامانجەكانی خۆی تەیار بكا. لە نەبوونی ئەم مەرجانە بێگومان وتە و بڕیارەكانی ئەم حیزبە ناتوانێ ڕەنگدانەوەی لەنێو كۆمەڵگەدا هەبێ.

كاتێك حیزبێك باس لەوە بكات كە خەڵكی گوێ بە قسەیان نادەن و بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەوان بەپێی بارودۆخێ نێو كۆمەڵگە و بەرژوەندیی خۆیان، لە هەڵبژاردەكانی كۆماری ئیسلامیدا بەشداری دەكەن، ئەوە نیشاندەری ئەم ڕاستییە تاڵەیە كە نەیانتوانیوە بە هەر هۆیەك بێ، كاریگەرییان لەسەر خەڵكی بێ! بە لەبەرچاو گرتنی ئەم ڕاستییە، ئەم پرسیارە دێتە پێش: "ڕۆڵی حیزبێكی سیاسی كە قەرارە پێشەنگی خەڵك بێ و ڕێ و شوێن بە خەڵكی نیشان بدا، لە چیدایە؟ ئایا ئەم حیزبانە بە

هەڵبژاردنی سیاسەتێکی پۆپۆلیستی بەدوادا چوون بۆ ڕووداوەکان بکەن؟ یان بێهەڵویست بمێننەوە و بە ترس و دڵەڕاوەکێ لەوەی کە نەکا تووشی هەڵەیەك بن تەنیا پاش تێپەڕبوونی ڕووداوەکان دەس بە لێکدانەوە و ئاکامبەندی بکەن؟
لە ڕاستیدا، حیزبێك کاتێك دەتوانێ بڕیاری دروست بدا کە لە ڕەوتی دیاریکردنی دروشمی دوور و نزیك، پاش کۆکردنەوە و پلەبەندیی زانیاری و فاکتە پێویستەکان بتوانێ پێوەندیی زنجیرە ڕووداوە سیاسییەکان نە بە چەشنێکی جیا لەیەك، بەڵکوو بەگشتی بەیەکەوە گرێ بدا و پاش لێکدانەوەی وردی ئەم فاکتانە و تەیارکردنی تەواوی ئامرازە پێویستەکان ئەرکی خۆی بۆ دیاریکردن و وەدیهێنانی ئامانجەکانی بخاتە گەڕ و خەڵکی بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە کۆبکاتەوە. ئەگەر لەم ڕەوتەدا سەرکەوتنی وەدەس هێنا، ئەوە خۆی بۆ ڕۆیشتن بۆ قۆناغێکی سەرتر ئامادە دەکا، بەڵام کاتێك سەرکەوتوو نەبێ، ئەمجار پاش پێداچوونەوەیەك لەسەر ڕووداوەکان و دۆزینەوەی هەڵەکان، تێدەکۆشێ ئەو کەمایەسییانە قەرەبوو بکاتەوە. لێرەدا گرینگ هاواهەنگیی تێئۆریی جووڵە و تێکۆشان لەگەڵ فاکتە دیاری کراوەکانە، نە پێچەوانەکەی، دەنا "هێگێل" کوتەنی "وای بە حاڵی ئەو فاکتانەی کە هاواهەنگ لەگەڵ تێئۆرییەکانی من نەبن."
لەم دوایانەدا بە بۆنەی دەوری تازەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی "مەجلیسی شۆڕای ئیسلامیی ئێران" لە ٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٤ی هەتاوی، گەلێك بیر و باسی جۆراوجۆر هاتۆتە ئاراوە. بەشێك ئەم چەشنە هەڵبژاردنانە بایکۆت دەکەن و بەشێکیش سەرەڕای بە گونجاو زانینی هەڵبژاردن و کرانەوەی فەزایەك لەم پێوەندییەدا، جارێ چاوەڕەوانی ڕووداوەکانی ئێران لە یەك مانگ و نیوی داهاتوو دەکەن تا بەڵکوو لە ساتی ئاخردا ئەگەر مەجالێك ما، بتوانن بڕیارێك بدەن یا نەدەن! بە وتەیەکی دیکە، سەرەڕای دێموکراتیك نەبوونی هەڵبژاردن لە ئێران بەدرێژایی مێژووی نیزیك لە چوار دەیە دەسەڵاتداریی حکوومەتی ئیسلامی، بەشداریی خەڵکی بە کارێکی گونجاو دەزانن و، بەپێی ئەوەی کە خەڵکی کورد هەمیشە بە "تشخیص"ی خۆیان بەبێ لەبەرچاو گرتنی ویستی حیزبەکان چوونە سەر سەندووقی دەنگدان و بەشدارییان کردووە، بایکۆت کردن بە کارێکی شیاو و دروست نازانن!! لە لایەکی دیکەشەوە سەرەڕای ئەوەی کە بۆخۆیان بە باشی دەزانن کەس وڵامی بڕیاری ئەوان ناداتەوە، لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆمار و مەجلیسی ئیسلامیی ئێرانیشدا، لە قۆناغێکدا کە ئیتر

مەجال بۆ هەڵوێست گرتن نەمابوو، بە دڵگەورەییەوە فەزاکەیان بۆ هەڵوێست گرتنی خەڵکێك هێشتەوە کە بایەخێکیان بە هەڵوێستی ئەم حیزبانە نەداوە!!

ئەم شێوە بۆچوونانە تەنیا پێشاندەری دژوازییەکی حاشا هەڵنەگر و پاکانە بۆ بێئەرك کردنی خۆیان لە ڕەوتی هەڵوێست گرتندایە. هەڵوێست گرتنی حیزبێك نە بەپێی بەشداریی خەڵك یان بەشداری نەکردنیان، گوێ دان بە قسەی ئەوان یان گوێ نەدان، بەڵکوو بەپێی ئەو بنەواشانەیە کە لە پێوەندی لەگەڵ سیستێمی دەسەڵات و ئامانجەکانی ئەم حیزبە بنەمای سیاسەت و هەڵسوکەوتی ئەوان بەپێی پێڕەو وپرۆگرامی پەسەندکراوی کۆنگرەکەیان پێك دەهێنێ. ئەم چەشنە بۆچوونانە بنەمایەکی پۆپۆلیستی هەیە کە بە شایەدیی مێژوو چ لە ئاستی ئێران و چ لە ئاستی جیهاندا هەرەسی هێناوە، نموونەکەی پشتیوانیی جەماوەریی خەڵکی ئاڵمان و ئیتالیا لە فاشیزم لە دەیەی ٤٠ی سەدەی ڕابردوو و خەڵکی ئێران لە حکوومەتی ئیسلامیی پاش شۆڕشی ڕێبەندانی ٥٧ی هەتاوی و پشتیوانی کردنی بەشێك لە هێزە چەپەکانی ئێرانی وەکوو "حیزبی توودەی ئێران" و پاشان "سازمانی فیداییانی ئەکسەریەت" لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە.

بە باوەڕی نووسەری ئەم بابەتە، هەڵبژاردنی دروشم و شێوەی سیاسەتی بەشێك لە حیزبەکان نە لە تەبایی لەگەڵ ئاستی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، کە بەدرێژایی دەسەڵاتداریی حکومەتی ئیسلامی کۆڵی نەداوە و لەم دوایانەشدا چ لە کاتی شەڕی کۆبانی و هێرشی داعش بۆ کوردستان و چ لە کاتی شەهیدکردنی نەمر فەرزاد و هاوڕێیانی، چ بەردەوام لە ساڵڕۆژی تیرۆری نەمر دوکتور قاسملوو ئاستی ئاگایی نەتەوەیی خۆی نیشان داوە، بەڵکوو بەپێی بارودۆخی نێوخۆیی و ئابووریی حیزبەکان لە باشووری کوردستان، نەبوونی پێگەیەکی بەهێز و کەمایەسیی کار و چالاکیی جیددی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دابڕانەکانی بێپسانەوەی نێو حیزبەکان و دوورکەوتنەوەی بەشێکی زۆر لە کادر و ئەندامە لێهاتووەکانیان، هەروەها بێکاریگەرییان لە ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستانە.

ئەم خاڵە نەرێنییانە بۆتە پێوەری پێناسەکردنی ئاستی بزووتنەوەی کورد لە ئێران و هەڵسوکەوت لەگەڵ کاربەدەستانی تاران! ئەم چەشنە هەڵسوکەوت و زەوی و ئاسمان بە یەك گرێدانە، دەتوانێ تەنیا نیشانەی خەمۆکیی سیاسی و ناتەوانی لە هەڵبژاردنی دروشمی شیاو و سیاسەتی دروست بێ، کە بەداخەوە چەپ و ڕاست وەکوو بنێشتە

خۆشەی ئەقڵیەتی سیاسی دووپات دەکرێتەوە؟ بێ گوومان ئەرکی حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوەی وڵات پێویستە جیاوازی لەگەڵ ڕێکخراوەیەکی مەدەنی، فەرهەنگی و سیاسی لە ئێراندا بێ و نابێ ئەرکی حیزبێکی سیاسیی کورد کە خۆی بە بەشێك لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەزانێ و بە شوێن پێکهێنانی "کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدرالی ئێران"دایە، بێتە ئاستی ڕێکخراوەیەکی مەدەنی و فەرهەنگیی نێو وڵات کە لە چوارچێوەی قانوونی ئەساسیی ئێراندا کار و چالاکی دەکا و، بەردەوام بە دووپاتکردنەوەی ئەم ڕاستییە کە دەوڵەتی ئێران بە کورد ناڕووخێ پاکانە بۆ بێدەسەڵاتیی خۆی بکا.

ئەگەر حیزبێك خۆی بە پێشڕەوی خەڵك دەزانێ و ئاڵاهەڵگری دروشمی دێموکراسی و فیدرالیزم بۆ ئێرانە، بێگومان دەچێتە خانەی حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران و دەبێ هاواهەنگ لەگەڵ ئەوان بۆ ڕووخاندنی ئەم حکوومەتە تێبکۆشێ، بەڵام ئەگەر تەنیا پێی وایە مەسەلەی کورد مەسەلەی سەرەکیی ئەوە و دەتوانێ لەگەڵ شەیتانیش بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لەسەر مێزی وتووێژ دانیشێ و، لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا بە ئامانجەکانی بگات، باشترە ڕاشکاوانە لەم ڕەوتەدا هەڵوێست بگرێ و تێبکۆشێ ببێتە حیزبێکی قانوونی لە چوارچێوەی ئێرانی ئیسلامیدا. بەڵام لە بیرمان نەچێ ئەگەر حیزبێکی فیدرالیخوازی کورد بتوانێ لە ئێراندا کار و چالاکیی سیاسی بکا، ئەوە لە دوو حاڵەت بەدەر نییە، یان نێوەرۆکی ئەم حیزبە گۆڕاوە یان دیاردەیەك بە ناوی حکومەتی ئیسلامیی ئێران ئیتر بوونی نەماوە. لە لایەکی دیکەش ئەزموونی پارتی و یەکیەتیمان لە کاتی دەسەڵاتداریی سەددام لەبیر نەچێ، کە بەجیا کەوتنە معامەلە لەگەڵ دەسەڵات و چیان بەسەر یەکتر هێنا و چۆن سەددام لە ڕەوتی سیاسەتەکانی خۆی کەلکی لەم ئالۆزییانە وەرگرت. لێرەدایە ئەم وتە جوانەی "خواجە عبدالله انصاری" خۆی بەجوانی دەنوێنێ کە دەڵێ: "آن ارزی کە میورزی." واتە نرخی هەر کەسێك لە کارەکەیدایە.

٢٠١٦\١\١٦

# بنەواشەی هەڵبژاردنەکان لە حکوومەتی ئیسلامیی ئێراندا

به بۆنەی دەیەمین دەورەی هەڵبژاردنی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامیی ئێران
و مەجلیسی "خبرگان"

**"لە شوێنێك كە ئازادیی نییە، ئەگەر دەنگدان ببوایەتە هۆی گۆڕانی شتێك، بێ‌گومان نەیاندەهێشت ئێوە دەنگ بدەن."**

مارك تواین[10]

لە وڵاتێکی دێموکراتیك مافی مەدەنیی کاندیدبوون و دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا، هەروەها ئەندامی حیزب و ڕێکخراوەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بوون یەکێك لە ڕەهەندەکانی سەرەکیی دێموکراسی و مافی شارۆمەندییە و بەم پێیە تاك بەشداری لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی دەکا. ئەم مافانە بێجگە لە مافی دەنگدان، لە لایەن حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە هەر لەسەرەتای شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوییەوە بەردەوام پێشێل کراوە. ڕێبەرانی حکوومەتی "ولایت فقیه" لە کاتی دەستپێکی نمایشی هەڵبژاردنەکاندا بۆ ڕەوایی دانی زۆرتر بە خۆیان بانگێشتنی خەڵکی و تەنانەت دژبەرەکانی نیزامیش بۆ دەنگدان دەکەن. بۆ وێنە خامنەیی لە قسەکانی خۆی بۆ خەڵکی قوم باس لە پێداویستیی بەشداریی هەمووان، تەنانەت ئەوانەی دەکا کە نیزام و ڕێبەریان قەبووڵ نییە. بە وتەی خامنەیی بەشداریی هەمووان لە هەڵبژاردندا دەبێتە هۆی سەقامگیری و بەهێزبوونی نیزامی ئیسلامی، مسۆگەرکردنی هێمنایەتیی تەواو، چوونە سەرەوەی جێ‌باوەڕی و ئابڕووی نەتەوەی ئێران لە چاوی

[10] Mark Twain( Samuel Langhorne Clemens -November 30, 1835 – April 21, 1910)

خەڵکی جیهان و گەورەیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە لای دوژمنانی."[١١] لێرەدا ڕێبەری حکوومەتی ئیسلامیی ئێران تەنیا باس لە بەشداری لە دەنگ دان دەکا، نە ڕێ پێدان بە کاندیدبوونی دژبەرەکان. پاش ڕەتکرانەوەی سەلاحییەتی زۆربەی ڕیفۆرمیستەکان لە لایەن "شورای نگهبان"ـەوە، خامنەیی لە ٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٤ی هەتاویدا بۆ پاراستن و داکۆکی لە بڕیارەکانی ئەم ڕێکخراوە نادێموکراتیکە، لە کۆبوونەوەی لەگەڵ بەڕێوەبەرانی هەڵبژاردنی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی و مەجلیسی "خبرگان" لەمەڕ بەشداریی دژبەرەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە هەڵبژاردنی مانگی ڕەشەمەی ئەمساڵدا دەڵێ: "بەندە گوتم ئەو کەسانەی کە نیزامیان قەبووڵ نییە دەنگ بدەن، نە ئەوەی کە کەسانێك بۆ مەجلیس بنێرن کە نیزامیان قەبووڵ نییە."[١٢] جێگای سەرنجە کە زۆربەی ئەوانەی کە "سەلاحییەتیان" ڕەت کراوەتەوە، نە دژبەرانی نیزامی ئیسلامیی ئێران، بەڵکوو بەشێك لە نیزام یان بە وتەیەکی دیکە ڕیفۆرمیستەکانن کە باوەڕیان بە تەواویەتی کۆماری ئیسلامی و یاسای بنەڕەتیی ئێران هەیە. ئەوە بۆخۆی پێشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە لە نیزامێکی تێئۆکراتیکدا هەڵبژاردن و بەشداریی خەڵکی وەکوو "میزانی مەشروعییەتی نیزامی سیاسی، پشتیوانیی نەتەوەیی لە ئاستی نێوخۆیی و جێباوەڕی و متمانە پێکردن لە ئاستی نێونەتەوەیی و ناوچەیی لەبەرچاو دەگیرێ."[١٣] لەم چەشنە پێکهاتەیەدا بەپێی ئەزموونی پتر لە سێ دەیە دەسەڵاتداریی ئیسلامییەکان و ٣٢ جار هەڵبژاردندا، لەوە ناچێ لە کۆماری ئیسلامیدا هەڵبژاردن ڕۆڵێکی وەها لە ژیانی سیاسیی خەڵك و دیاریکردنی چارەنووسی ئەوان بگێڕێ. ئاڵوگۆڕی جیددی لە سیستمی سیاسیی هەر وڵاتێکدا پێویستی بە مێکانیزمێك

[١١] همه در انتخابات شرکت کنند؛ حتی کسانیکه نظام را قبول ندارند برای حفظ و اعتبار کشور بیایند، تاریخ انتشار : ۱۹ دی ۱۳۹۴

http://www.entekhab.ir/fa/news/246849

[12]http://www.bbc.com/persian/iran/2016/01/160120_l2_iran_election94_khamenei

[١٣] مبانی جغرافیایی خاستگاه آرا مردم در هشتمین دورەی انتخابات مجلس شورای اسلامی، دکتر زهرا پیشگاهی فرد، سید محمد جواد شوشتری، فصلنامەی ژئوپلیتیک / سال چهارم، شماره دوم، تابستان ۱۳۸۷، صص ۱۳۰-۱۰۹

هەیە کە بە چەشنێکی مەدەنی بتوانێ بواری بەشداریی خەڵك و نوێنەرانی ڕاستەقینەی ئەوان بۆ بڕیاردان پێکبێنێ. کاتێك لەم حکوومەتەدا ڕیوشوێن بە هێزە خۆییەکان نادرێ، کە بەشێکی زۆریان لە دارشتن و دروستکردنی بنەماکانی ئەم ڕێژیمە ڕۆڵی سەرەکییان بووە، چۆن دەتوانین چاوەڕێی ڕێپێدان بە هێزە پێشکەوتنخوازەکان بە بیر و باوەڕێکی جیاوازەوە بین؟ بەپێی وتەکانی "حوسێن مەرعەشی ئەندامی شۆڕای بەرزی دارشتنی سیاسەتی ڕیفۆرمیستەکان، لە ٣٠٠٠ کاندیدای ئەوان بۆ دەیەمین دەورەی هەڵبژاردنی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامیی ئێراندا تەنیا ٣٠ کەسیان قەبووڵ کراون و لەسەتا ٩٩ی ئەوان لەلایەن لێژنەکانی چاودێرییەوە ڕەت کراونەتەوە."[١٤] ئەوە پێشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە ناکرێ لە سیستمێکی نادێموکراتیکی تێئۆکراتدا چاوەڕوانی هەڵسوکەوتێکی دێموکراتیك لە نوێنەرانی "ولایت فقیه" بکردرێ.

**ڕەوایی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامیی ئێران!**

لە ڕێژیمی تێئۆکراتیکی ئێراندا، بوونی "چاودێریی چاکزانی" واتە "نظارت استصوابی" ئامرازی سەرەکیی و قانوونی بۆ پاراستنی بنەما سەرەکییەکانی حکوومەتی ئیسلامی و "ولایت فقیه" و، پێکهاتەیەکی نادێموکراتیك و دژبە تەواوی مافەکانی مرۆڤ وەکوو مافی مەدەنی، سیاسی و کۆمەڵایەتییە. لە نەبوونی ئەم سێ بنەمایەدا مافی خەڵك بۆ بەشداری لە ژیانی سیاسیی-کۆمەڵایەتی‌یان پێشێل دەکرێ و خەڵکی ناتوانن لە ڕێگەی بەشداری لە هەڵبژاردندا، چەشنی حکوومەت و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵات، یەك لەوان مەجلیسی دڵخوازی خۆیان پێك بێنن. بەپێی ئەم پێوەرە، بوونی بەربەستێکی نادێموکراتیك وەکوو "شورای نگهبان" بۆ ڕەتکردنەوەی ڕەوایی ئەو پێکهاتەیە واتە مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی کە هەڵبژاردنی بۆ دەکرێ، بەسە، بەڵام بێ‌گومان بۆ هۆگران و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، چاکسازیخوازەکان یان

---

[١٤] مرعشی: از ٣٠٠٠ کاندیدای اصلاح‌طلب، تنها ٣٠ نفر تأیید شده‌اند.
http://www.kaleme.com/1394/10/27/klm-235239

ئەوانەی کە لەو بڕوایەدان کە بەپێی یاسای بنەڕەتیی ئێران دەکرێ لە چوارچێوەی حکوومەتی ئیسلامیی ئێراندا ڕێگەیەك بۆ پاشگەزبوونەوەی هێزی دەسەڵاتدار و دێموکراتیزە کردنی ئەم ڕێژیمە بدۆزرێتەوە، ئەم چەشنە پێکهاتەیە وەکوو سیستمێکی قانوونی دەناسێندرێ و بەشداریی خەڵك لە هەڵبژاردنەکاندا وەکوو پێوەری ڕەوایی و کارامەیی ڕێژیمی سیاسی، سیاسەتداڕشتن و جێ پەسەندبوونی کارگێڕانی سیاسیی ئەو ڕێژیمە پێناسە دەکرێ. چۆنیەتیی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەمیشە لەسەر بنەمای خەوشدار کردنی تەواوی پێوەرە دێموکراتیکە پێویستەکان، بۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد بووە و لەم ڕەوتەدا تەنیا ئەو کەسانەی کە مەترسییەکیان بۆ نیزام نییە و دڵخواز و پەسەندکراوی "ولایت فقیه"، "شورای نگهبان" و ڕێبەریی "سپای پاسداران" بوون و بەدرێژایی حکوومەتی نوێنەرانی خودا، خزمەتیان بە ڕێژیمی سەرکوت و سێدارە کردووە؛ ڕەوانەی مەجلیس کراون. ئەرکی سەرەکیی ئەم چەشنە نوێنەرە دەسەمۆکراوانە تەنیا یاریدەدان بە پاراستنی ڕێژیم و نیزامێکە کە لە سەرەتای پێکهاتنیەوە هەتا ئێستا نادێموکراتیك و دژبە مافی مرۆڤ بووە. بەپێی مادەی ٢٥ی "کونوانسیۆنی نێونەتەوەیی مافی مەدەنی و سیاسی"، هەر شارۆمەندێك بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەو سنوورانەی کە لە بەندی ٢دا هاتووە، بەبێ هەر چەشنە بەرتەسکردنەوەیەکی نابەجێ، مافی کەلکوەرگرتنی لە دەرفەتەکان بۆ بەشداری لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی بە چەشنێکی ڕاستەوخو یاخود لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادی نوێنەرەکان، مافی دەنگدان و کاندیدبوون لە هەڵبژاردنی ڕاستەقینەی دەورەیی لەسەر بنەمای مافی دەنگدانی گشتی، بە شێوەی بەرامبەر و نهێنی هەیە.[١٥] ئێران یەکێك لەو وڵاتانەیە کە ئەم کونوانسیۆنەی واژۆ کردووە، بەڵام دەسەڵاتدارەکانی ئێران بەپێی یاسای بنەڕەتیی ئێران، مافی مەدەنی و سیاسیی شارۆمەندەکانیان پێشێل کردووە.

---

[١٥] کنوانسیون بین المللی حقوق مدنی و سیاسی سازمان ملل متحد، مصوبه ٢۶ دسامبر ١٩۶۶/ قطعنامه 2200 A قدرت اجرائی بنابر مادەی ۴٩، ٢٣ مارس ١٩٧۶. ترجمه: ن. نوریزاده

**بەشێك لە خاڵە پێشێلکراوەکانی حکوومەتی ئیسلامی لە ڕەوتی هەڵبژاردندا بریتین لە:**

- ڕەوتی لێکدانەوەی سەلاحیەتی کاندیداکان دوو قۆناغ لەخۆ دەگرێ. لە قۆناغی یەکەمدا "شورای نگهبان" لە دەسەڵاتی بێسنووری خۆی بۆ دیاریکردنی کاندیداکان یان ڕەتکردنەوەی مافی بەربژێر بوونیان کەلك وەردەگرێ و، لە قۆناغی دووهەمدا خەڵکی دەبێ دەنگ بەو کەسانەی بدەن کە نە هەڵبژاردەی خۆیان، بەڵکوو دیاریکراوی "شورای نگهبان"ن. پێوەرەکانی لێکدانەوەی لێهاتوویی کاندیداکان بەپێی مادەی ٢٨ی یاسای هەڵبژاردنی مەجلیسی ئێران، کە لە ساڵی ١٩٩٥ی زایینیدا پەسەند کراوە و پاشان چەندین جار پێداچوونەوەی بەسەردا کراوەتەوە، لە دژایەتی لەگەڵ مادەی ٢٥ی کونوانسیۆنی نێونەتەوەیی مافی مەدەنی و سیاسیدایە. بەپێی ئەم مادەیە "کاندیداکان پێویستە باوەڕ و پێبەندیی ڕاستەقینەیان بە ئیسلام و نیزامی پیرۆزی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەبێ"، هەروەها دەبێ وەفاداریی خۆیان بە "یاسای بنەڕەتی و مادەی پێشکەوتنخوازانەی ویلایەتی فەقیهـ" ڕابگەیەنن.[١٦] "کاندیداکانی سەرۆك کۆماری بەپێی مادەی ٣٥، بەندی ٦ی مەرجەکانی هەڵبژاردن و کاندیدبوون بۆ سەرۆك کۆماری، پێویستە بیسەلمێنن کە باوەڕیان بە بنچینەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و مەزهەبی فەرمیی وڵات هەیە."[١٧] بەم پێیە مافی کاندیدبوونی بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی ئێران وەکوو سوننییەکان و پێڕەوانی ئایینەکانی دیکە یاخود ئاتێئیستەکان و هتد کە لە چوارچێوەی مەزهەبی "شیعەی اثنی عشری"دا ناگونجێن و باوەڕیان بە "ولایت فقیە" نییە، پێشێل دەکرێ.
- "شورای نگهبان" بەردەوام لە تەواوی هەڵبژاردنەکاندا سەلاحیەتی زۆرینەی ژنانی بۆ کاندیدبوون لە هەڵبژاردنی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی و تەواوی ژنە کاندیدەکانی سەرۆك کۆماری بەپێی مادەی ١١٥ی یاسای بنەڕەتیی

---

[١٦] قانون انتخابات مجلس شورای اسلامی ایران، مادەی ٢٨، http://www.shora-gc.ir

[١٧] متن کامل قانون انتخابات ریاست جمهوری ، سەرچاوەی سەرێ

ئێران[١٨] ڕەت کردۆتەوە. بۆ وێنە بەپێی بەیانییەی "کومیتەی من کاندید دەبم" سەلاحییەتی پتر لە ٨٠٠٠ ژن بەپێی بەندی ١ و ٣ی مادەی ٢٨ی یاسای هەڵبژاردنی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی بۆ کاندیدبوون لە دەیەمین دەوری هەڵبژاردنی ئەو مەجلیسەدا ڕەت کراوەتەوە. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە بەپێی پێبەندیی نێونەتەوەیی کە لە لایەن دەوڵەتی ئێرانیش قەبووڵ کراوە، قەرار وابوو تا کۆتایی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی لەسەتا ٣٠ی کورسییەکانی مەجلیس بە ژنان بدرێ.[١٩] سەرنجڕاکێش ئەوەیە، ئەگەر لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاك و تووك ئیزنی کاندیدبوون بە ژنان دراوە، بەپێی ڕاگەیەندراوەکان سەلاحیەتی تەواوی کاندیدە ژنەکانی پارێزگای کرماشان، سنە، کامیاران و دیواندەرە ڕەت کراوەتەوە.[٢٠]

ئەو چەند نموونەیە نیشان دەدا کە "شورای نگهبان" لە ڕێگەی "نظارت استصوابی" و سەلیقەی باڵی و سیاسی، خۆسەرانە توانایی ڕەت کردنەوەی تەواوی کاندیدەکانی هەیە و هیچ دەزگا و سیستمێکی دەوڵەتی و مەدەنی، توانایی بەرتەسك کردنەوەی پانتایی دەسەڵات و بڕیار دانی ئەوانی نییە.

**بایکۆت، بەشداری یان بایکۆتی نیوەچڵ و بەشدارییەکی نائەکتیڤ.**

لە ڕوانگەی بیربێژییەوە، بایکۆت یاخود بەشداریکردن، هەروەها ڕێگەی سێهەم واتە"نە بایکۆتی تەواو و نە بەشدارییەکی ئەکتیڤ"!! لە پێوەندی لەگەڵ بنەواشەی حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆن و خوێندنەوەی لە بارودۆخی سیاسی و مەدەنیی ئێران، لاسەنگیی هێزە دژبەرەکان و دەسەڵات، پانتایی کاریگەریی ئەم ڕێکخراوەیە لەنێو

---

[١٨] بەپێی ماددەی ١١٥ی یاسای بنەڕەتیی ئێران بەربژێری سەرۆک کۆماری دەبێ یەکێک لە ""رجال"ـە ئۆلی و سیاسییەکان بێ. "رجال" وشەیەکی عەرەبی و بە مانای پیاوانە.

[١٩] بیانیه در اعتراض به رد صلاحیت گسترده کاندیداهای زن: بگذارید زنان توانمند در معرض رأی و داوری مردم قرار گیرند.

http://www.women4parliament.org

[٢٠] رد صلاحیت گسترده زنان از سوی شورای نگهبان، سەرچاوەی سەرێ

خەڵکی ئاسایی و وڵامدانەوەی ئەوان بە ویست و هەڵوێستی حیزبەکانە. لە نەبوونی بارودۆخی پێویست و وڵامنەدانەوەی خەڵك بە ویستی حیزبەکان، بایکۆت‌کردن یان نەکردن، هەروەها هەڵبژاردنی ڕێگەی سێهەم ناتوانێ کاریگەری لە فەزای دەوری هەڵبژاردن یان لە گەشەسەندنی ئاگایی نەتەوەیی بێ، لە لایەکی دیکەشەوە کەلکوەرگرتن لە بارودۆخ و فەزای دەورەی هەڵبژاردن بە مانای بەشداری یان پشتیوانی کردن و هاندانی خەڵك بە دەنگدان نییە و ناکرێ ئەم دوو چەمکە یەکسان بگیرێ. لە بارودۆخێکی ئازاد و لە ڕێگەی پشتیوانی کردنی جەماوەریی خەڵك لە نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان کە خەبات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەکەن، دەرفەت بۆ بەرۆژ کردنی پرسی کورد لە کۆمەڵگەدا پێك دێ و پاشگەزبوونەوەی دەوڵەتی ناوەندی بەستراوە بە ڕادەی هاوسەنگیی هێزە کوردەکان و دەسەڵاتە. لە نەبوونی ئەم مەرجە، هەر چەشنە بانگەوازێك بۆ دەنگدان لە هەڵبژاردنەکانی حکوومەتی ئیسلامی یاریدە بە مانەوە و سەقامگیریی زۆرتری دیکتاتۆری لە ئێران، سەر لێشێواندن و بەلاڕێدا بردنی بیروڕای گشتی لەسەر حکوومەتی تاران دەدا. سیاسەتی "نە بایکۆت و نە دەنگدان"یش زۆرتر نیشاندەری بنبەستی فیکری و ناتوانیی هۆگرانی ئەم بیرۆکە لە لێکدانەوەی ڕاستییەکانی کۆمەڵگە و بارودۆخی نێو وڵاتە. پێویستە هێزێکی سیاسی بە هەبوونی هەڵوێستێکی ڕوون، ڕێپێشاندەری خەڵك بێ و؛ لە خەڵك و ڕووداوەکان بەجێ نەمێنێ. کۆماری ئیسلامی بەپێی ئەزموونی پتر لە سی ساڵ حکوومەت کردن لە ئێراندا، نیشانی داوە ئامادەی پاشگەزبوونەوە لە بنەواشەی ئۆلی و شەرعیی خۆی نییە و بەپێی پێوەرەکانی خۆی نە تەنیا ڕێ بە دژبەرەکانی، بەڵکوو تەنانەت ڕێ بە باڵەکانی نێوخۆیی و چاکسازی لە سیستمی دەستەڵاتداری و هتد نەداوە و نایدا، بێ‌گومان "بەپێی نادێموکراتیك بوونی گشت سیستمی دەسەڵاتداری و هەڵبژاردن لە ئێراندا، کە پێشتریش تا ڕادەیەك ئاماژەی پێکرا، ئاسۆیەك لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی جیدی لە بارودۆخی کۆماری ئیسلامی نابیندرێ. لە کاتی سەرۆك کۆماریی "خاتمی"دا کە چاکسازیخوازەکان ڕۆڵی سەرەکییان لە وەزارەتەکان و مەجلیسی شۆڕای ئیسلامیی

ئێراندا دەگێڕا، هەروەها ماوەیەکیش فەزایەکی نیوە ئازادییان بۆ باڵی نێوخۆیی پێك هێنابوو، بەپێی سیستمی ڕێبەرایەتیی "ولایت فقیه" و "شورای نگهبان" نەیانتوانی ئاڵوگۆڕێك لە شێوەی بەڕێوەبردنی وڵات و بەرتەسککردنەوەی دەسەڵاتی ڕێبەری و "شورای نگهبان" پێك بێنن. سەرەڕای ئەوەش، ئەوە بەو مانایە نییە کە هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن نابێ لە فەزایەك کە پێکدێ، بەپێی ڕادەی دەسەڵاتی خۆی کەڵك وەرنەگرێ. بۆ کەلکوەرگرتن لە فەزای دەوری هەڵبژاردن، هێزێکی دژبەر بەپێی توانایی دەتوانێ لە چەشنە جۆراوجۆرەکانی خەبات، یەك لەوان بایکۆت کردن و ڕوونکردنەوەی زۆرتری خەڵك لەسەر نێوەرۆك و ماهییەتی کۆماری ئیسلامی، یاریدە بە گەشەسەندنی زۆرتری ئاگایی خەڵکی ئاسایی بدات. ناردنەوەی سەندووقە خاڵییەکان و یاخود کەمبوونەوەی ڕادەی دەنگدان دەتوانێ نیشانەی ئاستی بەرزی ئاگایی نەتەوەیی، هەروەها ناڕەزایەتیی خەڵك و ئامرازێکی گوشار بۆ ڕێژیم بێ. دەنگ نەدانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دامەزرانی "کۆماری ئیسلامی" لە هەڵبژاردنی ١٠ و ١١ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی هەتاوی و یاسای کۆنەپەرستانەی بنەڕەتیی ئێران لە ١١ و ١٢ی سەرماوەزی ١٣٥٨ی هەتاوی وەکوو خاڵێکی مێژوویی و جێگای شانازی بۆ کوردی ڕۆژهەڵات دەمێنێتەوە. دابەزینی ڕادەی بەشداریکردن و دەنگدانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەڵبژاردنەکاندا پێشاندەری کۆڵنەدانی نەتەوەیەکە کە سەرەڕای پتر لە سی ساڵ سیاسەتی سەرکوت و سێدارەی حکوومەتی ئیسلامی، لە بەرامبەر ڕێژیمی ئێران ڕاوەستاوە و کەلکی لە هەر دەرفەتێك بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیی خۆی گرتووە. بەپێی توێژینەوەیەك بە ناوی "لێکدانەوەی ڕەوتی بەشداریکردنی شارۆمەندانی پارێزگای "کوردستان" لە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریی لە ساڵەکانی ٨٤-١٣٧٦"دا[٢١] کە لەلایەن "ئەنجومەنی ژێئۆپۆلیتیکی ئێرانەوە" بڵاو بۆتەوە، ڕاشکاوانە باس لە دابەزینی ڕادەی دەنگدانی خەڵکی کورد لە

[٢١] بررسی روند مشارکت شهروندان استان کردستان در انتخابات ریاست جمهوری ٨۴-١٣٧۶، دکتر مسعود غفاری، بهروز زرین کاویانی، فصلنامه ژئوپلیتیک/ سال هفتم شماره اول، بهار ١٣٩٠، صص ١١٠-٨٨

هەڵبژاردنەکاندا دەکرێ. بە باوەڕی نووسەرانی ئەم لێکۆڵینەوەیە "ئاکاری سیاسیی شارۆمەندانی ئەم پارێزگایە لە چوارچێوەی بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریدا، بەهۆی جیاوازیی قەومی و ئۆلیی ئەوان لەگەڵ زۆرینەی کۆمەڵگەی ئێران، چالاکیی سیاسیی ئێلیتی قەومی لەم بوارەدا، هەروەها کاریگەریی ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە لەسەر خەڵکی ئەم پارێزگایەدا، هەمیشە جێگەی سەرنج و بایەخێکی تایبەتی بووە. بەشداریکردنی خەڵکی پارێزگای "کوردستان" لە سێ خولی هەڵبژاردنی ئەم دووایانەی سەرۆك کۆماریدا [واتە دەورەکانی ٧ تا ٩] پێشاندەری دابەزینی ئاشکرای ڕادەی دەنگدانی خەڵك لە نێوان ئەو دوو دەورەیەدایە، تا ئەو ڕادەیەی کە بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری لە ساڵی ١٣٧٦ی هەتاویدا لە سەتا ٧٩.٤ - ەوە، بە سەتا ٢٤.٦ لە ساڵی ١٣٨٤ گەیشتووە. [...]"

**بەشداریکردنی خەڵکی پارێزگای "کوردستان"**
**لە ٩ دەورەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریدا**

| ڕیز | هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری | ڕێژەی ئەوانەی مەرجی دەنگدانیان بووە | ڕێژەی بەشداری لە پارێزگای "کوردستان" | ڕادەی بەشداریی گشتی لە پارێزگای "کوردستان" (لە سەتا ٪) |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دەورەی یەکەم | ٤٦٠٧٧٥ | ٥٩١٠٠ | ١٢،٨٣ |
| ٢ | دەورەی دووهەم | ٤٨٦٩٣١ | ٢١٢٨٨٤ | ٤٣،٧٢ |
| ٣ | دەورەی سێیەم | ٤٨٦٩٣١ | ٢٣٥٩٨٠ | ٤٨،٤٦ |
| ٤ | دەورەی چوارەم | ٥٤٣٧٨٠ | ٢٨٠٤٥١ | ٥١،٥٧ |
| ٥ | دەورەی پێنجەم | ٦٠٧٢٥٦ | ٣٥٦٣٢٢ | ٥٨،٦٨ |
| ٦ | دەورەی شەشەم | ٦٩٤٦٨٧ | ٣٨١٧٩٠ | ٥٤،٩٦ |
| ٧ | دەورەی حەفتەم | ٧٨١٠٤٨ | ٦١٧٣٥١ | ٧٩،٤ |
| ٨ | دەورەی هەشتەم | ٩١٠٣٦٤ | ٤٨٦٥٩٦ | ٥٣،٤٥ |
| ٩ | دەورەی نۆیەم | ١٠٣٢٣٠٦ | ٣٨٥٧٧٦ | ٣٧،٣٧ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | لە دوو قۆناغدا | ١٠٣٢٣٠٦ | ٢٥٧٦٤٣ | ٢٤،٦٦ |

**ڕادەی بەشداریی خەڵکی شارەکانی پارێزگای "کوردستان" لە دەورەی نۆیەمی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریدا[٢٢]**

| شارەکان | ڕێژەی ئەوانەی مەرجی دەنگدانیان بووە | گشتی دەنگەکان | میزانی بەشداری (لە سەتا ٪) |
|---|---|---|---|
| بانە | ٧٩١٨٦ | ١٣١٠٢ | ١٦.٥٥ |
| بیجار | ٨٩٢٦٥ | ٣٩٨٣٥ | ٤٤.٦٣ |
| دیواندەرە | ٦٢٢٤٥ | ١٢٦٣٠ | ٢٠.٢٩ |
| سەوڵاوا | ٤٤٥٣١ | ٧٤٧٧ | ١٦.٧٩ |
| سەقز | ١٥١٣٣٦ | ٢٤٠٦٧ | ١٥.٩٠ |
| سنە | ٢٨٦٢٨١ | ٥٨٠٦٤ | ٢٠.٢٨ |
| قوروە | ١٥٣٢٧٨ | ٦٦١٩٦ | ٤٣.١٩ |
| کامیاران | ٧٦٣٦٣ | ٢٠١٢٤ | ٢٦.٣٥ |
| مەریوان | ٨٩٨٢١ | ١٦١٤٨ | ١٧.٩٨ |

ئەو ئامارانەی کە لەلایەن ڕێکخراوە مەدەنییەکان یان کۆماری ئیسلامییەوە بڵاو بوونەتەوە، بەپێچەوانەی ئەوانەی کە بەردەوام باسی بەشداریی خەڵك لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن، پێشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە خەڵکی کورد لەو ساڵانەی کە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە پێشوازییەکی وەهای لە هەڵبژاردنەکاندا نەکردووە و، تەنانەت "لە دەورەی دووهەمی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری لە ٢١ی جۆزەردانی ١٣٧٢ی هەتاویدا، "کوردستان" تەنیا پارێزگایەك بوو کە بە تەواوی "**نا**"ی بە هاشمی ڕەفسنجانی گووتووە. بەباوەڕی نووسەرانی لێکۆڵینەوەکەی ئەنجومەنی ژێئۆپۆلیتیکی ئێران "زیاد نەکردنی ڕادەی بەشداریی کوردەکان لە بەڕێوەبەرایەتیی سیاسی و پێکهاتەی دەسەڵات لە وڵاتدا، هەروەها تیرۆری دوکتور قاسملوو و دوکتور

[22] http://www.ostan-kd.ir/Default.aspx?TabID=133

شەرەفكەندی سەرەڕای پێشنیارەكانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، پاش تەواوبوونی شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراق بە نێوبژیوانیی یەكیەتیی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی كێشەی كورد بوو بەهۆی پێكهاتنی زەینییەت و تێگەیشتنێكی نەرێنیی خەڵك لە دەوڵەتی هاشمی و لە ئاكامدا خەڵكی ئەم پارێزگایە، بەم چەشنە لە ڕێگەی بەشداریی نەرێنی لە هەڵبژاردنەكاندا ناڕەزایەتیی خۆیان لەسەر وەزعی ئارایی و سیاسەتەكانی دەوڵەت لە ناوچە دەربڕیوە." لە پێوەندی لەگەڵ ڕێژەی بەشداریی خەڵكی كوردستان لە هەڵبژاردنەكانی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامیش بەتایبەتی لە دەورەی ٧ بەملاوە، ئەم دابەزینە بە جوانی دەبیندرێ. "لە دەورەی حەوتەم بە بەراوەرد لەگەڵ دەورەی شەشەم ڕادەی دابەزینی بەشداریكردنی خەڵك لە پارێزگای "كوردستان" لە سەتا ٧٠ بە ٣٢ و لە "ئازەربایجانی ڕۆژئاوا" لە سەتا ٧١ بە ٤٢ بووە. لە دەورەی هەشتەمدا، لە تەواوی ئێران، لە ٤٣ میلیۆن و ٨٢٤ هەزار كەس كە مەرجی بەشدارییان بووە، تەنیا ٢٢ میلیۆن و ٣٥٠ هەزار كەس واتە لە سەتا ٥١ بەشدارییان كردووە. پاش تاران، كەمترین ڕادەی بەشداریی خەڵك لە ئیسفەهان، كوردستان و یەزد و قوم بیندراوە.[٢٣] بەپێی لێكدانەوەكەی نووسەرانی "ڕەوتی بەشداریكردنی شارۆمەندانی پارێزگای كوردستان، لە هەڵبژاردنی سەرۆك كۆماری لە ساڵەكانی ٨٤-١٣٧٦"ی هەتاویدا دابەزینی ڕادەی بەشداریكردنی خەڵكی كوردستان پاش دەورەی شەشەمی هەڵبژاردنی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ ئەم خاڵانەدا بووە: پووچكردنەوەی دەنگەكان لە چەندین ناوەندی هەڵبژاردن بۆ مەجلیسی شەشەم، ڕووداوەكانی پاش گیرانی عەبدوڵڵا ئۆجالان لەم پارێزگایەدا، كاریگەریی حیزبە دژبەرەكانی كورد لە دەرەوەی وڵات، دڵساردی لە دەوڵەتی

---

[٢٣] بازخوانی هشت دوره انتخابات مجلس در جمهوری اسلامی، مرتضی كاظمیان روزنامه نگار، 23 دسامبر ٢٠١١ - ٠٢ دی ١٣٩٠
http://www.bbc.com/persian/iran/2011/12/111221_l39_majlis9th_8-terms.shtml

ئیسلاحات، هەست بە سیاسەتی دووچاوەکییانە لەسەر خەڵکی ئەم پارێزگایە، هەروەها نەبوونی کاندیدای خۆشەویست لە دەورەی نۆیەمدا".[٢٤]

**ئاکامبەندی**

بەپێی ئەزموونی پتر لە ٣٠ ساڵ حکوومەتی "نوێنەرانی خودا" لە ئێران و بارودۆخی ئەمڕۆی ئەم وڵاتە، وێچوونی هەڵبژاردنێکی دێموکراتیك لە ئێراندا نییە. لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا بە هێز و کەسایەتییەکی ئازاد و دێموکرات، تەنانەت بە زۆرینەی هۆگرانی باوەڕمەند بە "یاسای بنەڕەتیی ئێران و چاکسازی" ئیزنی کاندیدبوون و بەشداری لە دەسەڵات نادرێ. لە چوارچێوەی سیستمی "شورای نگهبان، رهبری و سپاه پاسداران"دا هیچ ئاسۆیەك بۆ پێکهاتنی ئاڵوگۆڕێك لە یاسای ئێراندا نابیندرێ. کەلکوەرگرتن لە فەزای هەڵبژاردن ناکرێ تەنیا لە چوارچێوەی بەشداریکردنی خەڵکی کورد لە هەڵبژاردنەکاندا قەتیس کرێتەوە. هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن دەتوانێ بەپێی بنەواشەی سیاسی و توانایی خۆی، لەو فەزایەی کە لەم دەورەیەدا پێکدێ بۆ ڕوونکردنەوەی زۆرتری ماهییەت و نێوەرۆکی ڕێژیمی تاران و لەنێو بردنی دڕدۆنگیی خەڵك بەو ڕێژیمە و بەرزکردنەوەی ئاستی ئاگایی نەتەوەیی و سیاسیی خەڵك و بەتایبەتی وچەی پاش ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی کەلك وەربگرێ. ئەو ئامارانەی کە لە لایەن حکوومەتی ئیسلامیی ئێران و توێژینەوەی ڕێکخراوە مەدەنییەکان یاخود زانستی ئێرانەوە بڵاو بوونەتەوە پێشاندەری ئەم ڕاستییەن کە بەگشتی لە ئێران و بەتایبەتی لە کوردستاندا ڕێژەی بەشداریکردنی خەڵك لە هەڵبژاردنەکاندا دابەزیوە و، خەڵکی وڵامی بانگێشتنی ڕێبەرانی حکوومەتی ئیسلامییان نەداوەتەوە. لە چوارچێوەی حکوومەتێکی باوەڕمەند بە "امت اسلامی"دا کە فرەنەتەوەیی بوونی ئێران ڕەت دەکرێتەوە، ئەگەری چارەسەری پرسی کورد نییە. بۆ

---

[٢٤] بررسی روند مشارکت شهروندان استان کردستان در انتخابات ریاست جمهوری ٨۴-١٣٧۶، دکتر مسعود غفاری، بهروز زرین کاویانی، فصلنامه ژئوپلیتیک/ سال هفتم شماره اول، بهار ١٣٩٠، صص ١١٠-٨٨

کاریگەریی زۆرتر لە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێکهێنانی متمانە بەخۆیی خەڵك و پاشگەزکردنەوەی ڕێژیمی تاران، پێویستە حیزب، ڕێکخراوە و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پێکهێنانی بەرە یان هەر چەشنە هاوپەیمانی و هاوکارییەك، هێز و توانای خۆیان بخەنە پاڵ یەك و هاوبەش لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران پەرە بە خەباتی دژبە حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بدەن.

١٩ی ڕێبەندانی ١٣٩٤

## چل‌و یەک گەورەتر لە پەنجاویەکە!

بەپێی ڕاگەیەندراوەکانی حکوومەتی تاران لە دوازدەیەمین دەوری هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری و پێنجەمین دەوری هەڵبژاردنی شۆڕاکانی شار و دێ لە ٢٩ی ئەیاری ئەمساڵدا، لە یەك میلیۆن و ١٨١ هەزار و ٨٨٣ کوردستانی کە مافی دەنگدانیان بوو، ٦٩٤ هەزار و ٣٧ کەس واتە لەسەتا ٥٩ بەشدارییان کرد. پاش تەواو بوون و ڕاگەیاندنی ئەم ئامارە، بەشێك لەوانەی دژبە سیاسەتی بایکۆتی هەڵبژاردن بوون، بەشداریی خەڵکیان وەکوو سەرکەوتن و مایەی شانازیی بیرۆکەی خۆیان و شکستهێنانی سیاسەتی بایکۆت پێناسە کرد. ئەم کەسانە بە زەقکردنەوەی ڕێژەی سەتا ٥٩ی بەشداریکەران لە بەرامبەر ڕێژەی لەسەتا ٤١ی ئەوانەی کە بەشدارییان نەکردبوو بەو ئاکامە دەگەن کە سیاسەتی بایکۆتکردن هەڵەیە و پێویست بوو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم هەڵوێستەیان نەگرتبا!! ئەگەر ئێمە سەرنج بدەینە چەند ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر، دەبینین لەباری مێژووییەوە ئەم چل و یەکە گەلێك لە پەنجاو نۆیەکە گرینگتر و پڕبایەخترە! بۆچی؟

- لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا مەیدانی ململانێی حکوومەتی دەسەڵاتدار و ئەوانەی کە بایکۆتیان کردبوو بەرامبەر نەبوو، واتە دەسەڵات بە هەبوونی تەواوی دەرفەت و کەرەستەکان دەوری مەیدانگێڕیی زۆرتر لەو کەس و حیزبانە بوو کە بەهۆی زاڵبوونی حکوومەتی دیکتاتۆریی ئێران و نەبوونی ڕاستەوخۆیان لە نێوخۆی وڵات بانگهێشتنیان بۆ دەنگ نەدان کردبوو!
- بەشداریی خەڵك لە کۆمەڵگەیەکی نادێموکراتیك کە نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵك ئیزنی کاندیدبوونیان نییە، ناتوانێ وەکوو پێوەرێك بۆ ناڕەوابوون یاخود هەڵەبوونی بڕیاری بایکۆتکردن لەقەڵەم بدرێ. پێویستە حیزبێکی

سیاسی، خۆی لە پۆپۆلیزم دوور بکاتەوە هەتا تووشی کارەساتی سیاسەتەکانی حیزبی توودەی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتی پاش شۆڕشی ٥٧ی هەتاوی نەبێتەوە. دووپاتکردنەوەی ئەم سیاسەتە بە جلوبەرگی مۆدێرنیزم و بانگەوازی بەشداری لە سیاسەتی "کلان" تەنیا دووپاتکردنەوەی سیاسەتێکی دۆڕاو و هەرەسهێناوە کە دەکرێ تەنیا وەکو کۆمێدییەکی گاڵتەجاڕانە لەبەرچاو بگیرێ.

- هێزێکی سیاسی پێویستە پێوەرێکی دیاریکراوی بۆ هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکان هەبێ. ئەوانەی کە لایەنگری دەنگدان بوون پێویستە ڕوونی بکەنەوە دەیانویست خەڵکی هان بدەن هەتا دەنگ بە کێ و بە کام بەرنامە بدەن؟ بۆ وێنە پلاتفۆرمی کام یەك لە کاندیداکانی سەرۆك کۆماری تەنانەت لە خاڵێکیشدا بێ، لە بەرژوەندیی کورد و ستراتێژیی "نەتەوەیی" ئەوان بوو کە تاکتیکی دەنگ نەدان تاوان بێ و دەنگدانی خەڵك ببێتە مایەی شانازی و بزەی سەر لێوانیان، وەکوو بڵێی نوێنەری خوازیار و ڕاستەقینەی ئەوان هەڵبژاردرابێ!!

بڕیاری حیزبێکی سیاسی نە بەپێی بەشداریی خەڵك و بە شوێنکەوتوویی لە ڕووداوەکان، بەڵکوو بەپێی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کۆمەڵگە، دەسەڵات و ئەرکی ڕوونکردنەوە و ئاگاکردنەوەی خەڵکە. ئەگەر پێوەری هەڵسەنگاندن، ڕادەی بەشدارکردنی خەڵکی لە ڕێفراندۆمەکان بێ، دەبێ حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان واتە دێموکرات و کۆمەڵە کە بەپێچەوانەی زۆرینەی حیزبەکان و خەڵکی ئێران دەنگیان بە کۆماری ئیسلامی و یاسای بنەڕەتیی ئێران نەدا، تاوانبار لە قەڵەم بدرێن و هەڵوێستی ئەوان بکەوێتە ژێر ڕەخنەیەکی جیدی. هەروەها پێویستە کار و چالاکیی ئەوانەی کە لە کاتی سەرهەڵدانی فاشیزم لە ئاڵمان و ئیتالیا بەپێچەوانەی زۆرینەی خەڵك کە وەدوای هیتلێر و مۆسۆلینی کەوتبوون، دژبە فاشیزم ڕاوەستان و گەلێك قوربانییان دا وەکوو هەڵەیەکی مێژوویی لەبەرچاو بگیرێ! ئەرکی حیزبێکی سیاسی

کەلکوەرگرتنە لەدەرفەتەکان بۆ پاشگەزکردنەوەی دەسەڵاتە نەك پاکانە و بانگەوازکردن بۆ بەشداری لە نمایشە مەهەندیسیکراوەکەی ڕێژیمی تاران.

ژووەنی ٢٠١٧

# بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان فیدرالیزم و سەربەخۆییدا

ئەم وتارە لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی کۆمەڵە لە شاری کۆڵنی ئاڵمان پێشکەش کراوە.

پێش دەستپێکی وتەکان ڕێگام بدەن بە بۆنەی ڕۆژی دامەزراندنی کۆمەڵە، پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی ئێوە ئازیزان و دڵسۆزانی مافی نەتەوەیی کورد بەگشتی، هەروەها تەواوی ئەو شۆڕشگێڕانە بکەم کە لەژێر ناوی کۆمەڵەدا درێژە بە خەباتی خۆیان لە پێناوی مافی چارەی خۆنووسین، ئازادی، دێموکراسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، یەکسانیی ژن و پیاو، هەروەها ئاشتی و سۆسیالیزمدا دەدەن. هاوکات سپاسی بەڕێوەبەرانی ئەم سمینارە دەکەم کە ئەم دەرفەتەیان ڕەخساند هەتا بتوانین لە فەزایەکی دۆستانەدا ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکەین.

باسەکەی من سێ تەوەر لەخۆ دەگرێتەوە:

- ✓ یەکەم؛ ئامانجی سەرەکیی ئێمە وەکوو کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
- ✓ دووهەم؛ مەسەلەی ئێرانی بوونی کوردی ڕۆژهەڵات و پاراستنی تەواویەتی ئەرزی.
- ✓ سێیەم؛ ئەرکی ئێمە وەکوو کورد لە پێوەندی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی دادێی ئێران و هەرچەشنە ڕاپەڕینێکی جەماوەری.

بۆ چوونە نێو بابەتەکە بە پێویستی دەزانم لەسەرەتادا بەکورتی باس لە مێژووی گۆڕانکاری و قۆناغەکانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکرێ هەتا بزانین لە کوێوە دەستمان پێکردووە و ئێستا لە کوێداین.

ئەگەر ئێمە ئاوڕێك لە مێژوو و ڕەوتی بزووتنەوەی کورد لە دوو سەدەی ڕابردوو بدەینەوە، دەبینین بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد بەپێی هەلومەرجی کوردستان و جیهان چەند قۆناغی تێپەڕاندووە. واتە:

- ✓ خەبات بۆ سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی هەموو بەشەکانی کوردستان
- ✓ خەبات بۆ سەربەخۆیی پارچەیەکی کوردستان
- ✓ خەبات بۆ مافی شارۆمەندی و فەرهەنگی
- ✓ هەروەها خەبات بۆ خودموختاریی سیاسی، ئابووری لە وڵاتێکی دێموکرات یان فیدرالدا

مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی بە پێناسەی ئەمڕۆیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەوپەڕی خۆیدا نزیکەی ١٥٠ ساڵ لەخۆ دەگرێتەوە. بزووتنەوەی کورد هەتا کۆتایی هاتن بە حکوومەتە خۆجێییەکان یان میرنشینەکانی کورد لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە، بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازانەی فیۆدالی بووە نەك ڕزگاریخوازانەی "نەتەوەیی". بەگشتی تا کاتێك میرەکانی کوردستان لەسەر بنەمای سیستمی عەشیرەیی باوکسالار-فیۆدالی دەیان حکوومەتی بەهێزی خۆجێیان بووە، هەستیان بە ستەمی نەتەوایەتی بە مانای ئەمڕۆیی نەکردووە.

بەڵام پەرەسەندنی خاوەندارێی خۆیی و سیستمی شتومەك-پارەیی، هەڵوەشاندنەوەی پەیتا پەیتای سیستمی عەشیرەیی و فیۆدال، یەکجێ‌کردن و کۆکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەند، کەمکردنەوە و پاشان کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی تەواو یان نیوە سەربەخۆی حکوومەتە خۆجێییەکان بوو بەهۆی سەرهەڵدانی سیاسەتی جیاوازی دانان لە بوارەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و شکڵ گرتنی ستەمی نەتەوایەتی و سەرهەڵدانی بەرەنگاری و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی "نەتەوەیی" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

هەتا سەرەتاکانی دەیەی چوارەمی سەدەی بیستەم، سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی هەموو بەشەکانی کوردستان، دروشمی سەرەکیی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد بووە و سەرۆك عەشیرەکان ڕێبەری ئەم جووڵانەوەیە بوون.

بەڵام پێکهاتنی حیزبی ئازادی (ئازادیخوازی)ی کوردستان (١٩٣٨)، کۆمەڵەی ژـ کاف (١٩٤٢) و پاشان حیزبی دێموکراتی کوردستان (١٩٤٥) لە دەیەی چوارەمی سەدەی بیستەمدا، هەتا ڕادەیەکی زۆر بزووتنەوەی کوردی خستە ژێر ڕێبەرایەتیی بەشێك لە ڕووناکبیرانی ئەو کاتەی کوردستان کە هەستێکی بەهێزی سەربەخۆیی‌خوازییان هەبووە.

دامەزراندنی دەوڵەتی کۆماری کوردستان سەرلووتکەی ئەم بزووتنەوەیە. بۆ یەکەمین جار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێبەریی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد کەوتۆتە دەست ڕووناکبیری ئەو کاتە و حیزبی شیاوی خۆی بۆ خولقاوە .ئامانجی سەرەکیی ئەم بزووتنەوەیە دامەزراندنی کۆمارێکی سەربەخۆ لە بەشێك لە خاك و نیشتمانی داگیرکراوی کورد بووە.

سەرکوتکردن و ڕووخاندنی کۆماری کوردستان هاوکاتە لەگەڵ کۆتاییهاتن بە قۆناغی سەربەخۆیی‌خوازی لە کوردستان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن و دەستپێکی خەبات بۆ مافی شارۆمەندی، ئازادی و دێموکراسی و خودموختاریی فەرهەنگی و ئیداری، هەروەها سۆسیالیزم لە ئێراندا.

لە نێوان ساڵەکانی ١٩٤٧ـەوە هەتا سەردەمی سەرکەوتنی ڕاپەڕینی ئێران لە فێوریەی ١٩٧٩دا، حدك تەنیا حیزبێك بوو کە خەباتی بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرد، ئەو حیزبە سەرەڕای ئەوەی کە بە هیوای ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتی و سەقامگیریی دێموکراسی لە ئێران بوو، بەڵام ئامانجە سەرەکییەکەی بەپێی پێڕەو و پرۆگرامی ئەو حیزبە، گەیشتن بە خودموختاری بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە.

پێش شۆڕشی ٥٧، بەشێك لە ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بیری چەپی مائۆیی لە دەوری ڕێکخراوەیەك بە ناوی "تەشکیلات" (١٣٤٨ هەتاوی/١٩٦٩ زایینی) کۆبوونەوە، کە لە دادێدا بوو بە بەستێنێك بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران. سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و کۆتایی دەسەڵاتداریی حکوومەتی پاشایەتی، بوو بەهۆی هاتنە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە حاڵەتی یەك حیزبی و؛ دەستپێکی کار و چالاکیی ڕەسمی و ئاشکرای کۆمەڵە و دووجەمسەری بوونی فەزای سیاسیی کوردستان. لە لایەك حیزبی دێموکراتی کوردستان چارەسەری کێشەی کوردی بە دێموکراسی لە ئێرانەوە پێوەند

دەدا، لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵە چارەنووسی کورد و بزووتنەوە مقاوەمەتییەکەی بە خەباتی چینایەتی و بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێرانەوە دەبەستەوە. سەرهەڵدانی کۆمەڵەش گۆڕانکارییەکی لە دروشمی بزووتنەوەی کورد پێك نەهێنا و خودموختاری هەر وەکوو دروشمی سەرەکیی کورد مایەوە.

لە سەرەتاکانی سەدەی ٢١ـەوە خەبات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی فیدرال لە ئێراندا بۆتە ئامانجی بەشێکی بەرچاو لە حیزبە کوردستانییەکان. کۆمەڵەکان [واتە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان (٢٠٠١ی ز.) کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان (٢٠٠٩ی ز.) و ڕەوتی سۆسیالیستیی کۆمەلە (فراکسیۆن- ٢٠١٠ی ز.).] هەرکام بە چەشنێك وێڕای بە ڕەسمی ناسینی مافی جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، لە بارودۆخی ئێستادا، فیدرالیزم بە دروشمی گونجاو لەقەڵەم دەدەن.

ئامانجی حدکا و حدكێش دابینکردنی مافی نەتەوەیی کوردی ڕۆژهەڵات لە چوارچێوەی سیستمێکی دێموکراتیکی فیدرالی لە ئێراندایە. لە بەشی ئامانجە گشتییەکانی بەرنامەی دێموکراتەکاندا، بەپێچەوانەی کۆمەڵەکان، ڕاشکاوانە باس لە مافی جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نەکراوە. تەنیا لە پێشەکیی بەرنامەی حدك پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٦ بە چەشنێکی ناڕاستەوخۆ باس لەوە دەکرێ کە *"مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد تەنیا کاتێك بە تەواوی چارەسەر دەکرێ کە ڕەوتی سروشتیی خۆی ببڕێ و، ویستی ئازادانەی نەتەوەی کورد بکا بە بنچینە."*

دروشمی سەرەکیی چەند حیزبێکی کوردستانی وەکوو پارتی ئازادیی کوردستان، پارتی سەربەخۆیی کوردستان و پارتی سەربەستیی کوردستانیش کە لە تاراوگە و دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهاتوون، سەربەخۆیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

.........

**هەڵبژاردنی دروشمی سەرەکی بۆ ڕێکخراوەیەکی کوردستانی دەتوانێ پێوەندی بە چەند خاڵێکەوە هەبێ:**

١. هەبوونی ستراتیژییەکی نەتەوەیی بۆ دامەزراندنی دەوڵەت و کیانی کورد یاخود باوەڕ بە چارەسەری کێشەی نەتەوەیی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدرالدا.
٢. ڕادە و ئاستی ئاگایی نەتەوەیی کە وەك بەشێك لە ژیان و فەرهەنگی کۆمەڵگە، پێکهێنەری هەست و سۆزێکی تایبەتی بۆ کۆتاییهێنان بە ستەمی نەتەوەییە.
٣. ڕادەی توانایی حیزبە کوردستانییەکان بۆ بەجەماوەری کردن، کۆکردنەوە و ڕێکخستنی خەڵك لە دەوری دروشمەکانیان.
٤. هاوسەنگیی هێزی کورد لە بەرامبەر دەوڵەتی داگیرکەردا.
٥. مسۆگەرکردنی پشتیوانیی وڵاتە زلهێزەکانی جیهان لە خەباتی گەلی کورد، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی هەتا ئاستی جیابوونە و پێكهێنانی کیان و سەروەریی کورد.

ئەگەر بیرۆکەی مافی شارۆمەندی و خودموختاریی فەرهەنگی وەلا نێن، لەوە دەچێ چەند بۆچوونێك لە نێوان ڕووناکبیرانی کورد لەیەك جیا بکرێتەوە:

- ✓ یەکەم؛ دامەزراندنی وڵاتێکی فیدرال، پێبەندبوون بە بنەماگەلی یەکسانی و پێکەوەژیان، هەروەها دابینکردنی مافی نەتەوەکان لە چوارچێوەی ئێراندا کێشەی کورد چارەسەر دەکا.
- ✓ دووهەم؛ لەم قۆناغەدا تەنیا سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەی کوردە. بەپێی ئەم باوەڕە هەر چەشنە بیرێکی فیدرالخوازی دەتوانێ کۆسپێك بێ لەسەر ڕێگای گەیشتن بە سەربەخۆیی.
- ✓ سێیەم؛ پێکهاتنی دەوڵەتی فیدرال یان هەر چەشنە حکوومەتێکی دێموکراتیك لەسەر بنەمای دێموکراسی لیبڕالی، دەکرێ وەکوو قۆناغێك لە ڕەوتی مسۆگەرکردنی مافی چارەنووسی کورد لەبەرچاو بگیرێ.

ئەزموونی بەشێك لە وڵاتە دێموکراتەکانی ڕۆژاوا و کانادا پێشانی داوە کە بوونی دێموکراسی بە مانای چارەسەرکردنی یەکجاریی کێشەی نەتەوەیی نییە، کێشەی

کوبێك، کاتالۆنیا، سکاتلەند، هەروەها فەڕانسەوی و هۆلەندییەکانی بلژیك؛ نموونەی بەرچاوی مانەوەی کێشەی نەتەوەیی لە وڵاتێکی دێموکراتیك یان فیدرالدایە.
بەڵام هاوکات ئەستەمە وڵاتێکی سەربەخۆش بە چەشنێکی خۆویست و بێبەستێنی زەینی و بابەتی (عەینی) بێتە دی. هەر ئاڵوگۆڕێك لە جوغرافیای سیاسیی وڵاتێکدا پێویستی بە هاوسەنگیی هێز، ئیرادەی بەهێزی نەتەوەیی، ڕێبەرییەکی کارزان، کارامە و بوێر، ئامادەکردنی زەمینەی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئابووری، هەروەها پشتیوانیی جیهانی هەیە، دەنا بە چەشنێکی خۆویست هیچ ئاواتێکی گەورە وەدی نایە و ئاکامێکی ناخۆش و تاڵی بە شوێنەوە دەبێ کە دەتوانێ زەبرێکی مێژوویی لە بزاڤی کورد و ژیانی ئاسایی خەڵك بدا و ئەوان تووشی دڵساردی و پاسیڤ بوون و بێمتمانەیی بەخۆ و حیزبە کوردستانییەکان بکا.
من لەسەر ئەو باوەڕەم کە ئێمە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی، پێویستیمان بە سەردەمی تێپەڕین هەیە و لەم پێناوەدا دەوڵەتی فیدرال یان هەر چەشنە دەوڵەتێکی سێکولار یاخود دێموکراسییەکی لیبرالی، کە فرەنەتەوەیی بوونی ئێران و کێشەی نەتەوەیی بە ڕەسمی بناسێ، نەك نابێتە کۆسپ، بەڵکوو دەرفەت و بەربوارێك دەبێ بۆ پەرەسەندنی دێموکراسی، ئازادی، مسۆگەرکردنی بەشێکی بەرچاو لە ویستە دێموکراتیکەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی ئاگایی خەڵك لە تەواوی بوارەکانی ژیان و یەك لەوان ئاگایی نەتەوەیی.
چارەسەری کێشەی نەتەوەیی و گەیشتن بە سەربەخۆیی، ڕێگەیەکی ساف و بێلەمپەر نییە و لە کورتخایەندا بە حاڵەتێکی خۆویست وەدی نایە. پێویستە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە بارودۆخی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی مسۆگەر بکرێ، تا خەڵکی بە ئاستێك لە ئاگایی نەتەوەیی بگەن کە بتوانن بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن. حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەبێ لەبەرچاو گرتنی دروشمی کاتی یا درێژخایەن [فیدرالی، کۆنفیدرالی یاخود سەربەخۆیی] بۆ بردنەسەرەوەی ئاگایی نەتەوەیی و کۆکردنەوەی خەڵك و ڕێکخستنیان لەنێو پێکهاتە جۆراوجۆرە سیاسی و مەدەنییەکاندا، پێویستیان بە بارودۆخێکی ئازاد و دێموکرات هەیە تا بتوانن کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لە ژیانی ڕۆژانەی گەلەکەیان هەبێ و ویستی سەربەخۆیی بکەنە مەلەکەی زەینی هەر نیشتمانپەروەرێکی کورد. خەڵکی کورد دەبێ بەپێی کاریگەریی حیزبە کوردستانییەکان و ئەزموونی ژیانی سیاسی و

کۆمەڵایەتیی خۆیان بەم باوەڕە بگەن کە سەربەخۆیی و، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لە بەرژەوەندیی درێژخایەنی ئەواندایە و پێویستە وەك خەڵکی کاتالۆنیای ئیسپانیا لە پشت ڕێبەرانی ڕاستەقینەی خۆیان بوەستن یان بەپێچەوانە وەك خەڵکی سکاتلەند ئەو مافەیان هەبێ کە دەنگی نەرێنی بە جیابوونەوە بدەن و؛ بەرژوەندیی خۆیان لە مانەوە لەنێو ئێراندا ببینن. واتە ئەمە خەڵکە کە لە کۆتاییدا دەبێ دەنگ بە چارەنووسی خۆی بدا!

بێ‌گومان نەبوونی ئازادی، دێموکراسی و میکانیزمی قانوونی بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی کێشەی نەتەوەیی، هەروەها درێژەپێدانی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی دەسەڵاتی ناوەندی، تەنیا دەبێتەوە هۆی ئاڵۆزتر بوونی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەم وڵاتانە و ڕادیکاڵیزەبوونی هەرچی زۆرتری بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کورد.

لە درێژەی قسەکاندا پێویستە بەکورتی باس لە مەسەلەی ئێرانی بوونی، کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پاراستنی تەواویەتی ئەرزیی ئێران بکەین.

ئەوە بۆ هەمووان ڕوونە کە پاش شەڕی چاڵدران (ئاگۆستی ١٥١٤ز) پتر لە ١٦٠ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشە لە خاکی کوردستان کەوتۆتە نێو چوارچێوەی جوغرافیای سیاسیی ئێرانەوە. ئێرانێك کە هەتا کۆتایی دەسەڵاتداریی قاجارەکان وەکوو مەمالیکی پارێزراو (محروسە)ی ئێران پێناسە دەکرا. ئێران وڵاتێکی "ملوك الطوایفی" واتە خان خانەکی بوو، بە وتەی ویکتۆر برار زانای فەڕانسەوی، ئێرانی کاتی قاجار *"نە میللەت بوو و نە دەوڵەت."*

پێکهێنانی ئێرانی ئەمڕۆ و لەنێو بردنی حکوومەتە خۆجێیەکان نە بە ویستی گەلانی ئەم وڵاتە، بەڵکوو ئاکامی سەرکوت و کوشتنی بەکۆمەڵ لەلایەن ڕەزاشا و دەسەڵاتدارانی دوای ئەوەوە بووە، کە هەوڵیان بۆ پێکهێنانی یەك دەوڵەت و یەك نەتەوە یاخود ئۆمەتی ئیسلامی داوە. هەر ئەمە پێشاندەری ئەوەیە کە وڵاتی ئێران لەسەر بنەمای زوڵم و زۆر و بە شێوەیەکی نادێموکراتیك پێك هاتووە. تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتی ڕەزاشا و بە ئەمری "سپهبد امیر احمدی" پتر لە ١٠ هەزار کورد کوژراون و پتر لە ٤ هەزاریش ڕەوانەی بەندیخانەکان کراون، یان لە کاتی کۆچی زۆرەملیی جەلالییەکانی لای ماکۆ بۆ ئیسفەهان و قەزوین لەساڵی ١٩٣٦دا، سەتا ٤٠ی ئەم خەڵکە لە ڕێگا تێداچوون. ئارداشس ئاوانسیان کۆمۆنیستی

بەناوبانگی ئەرمەنی-ئێرانی، کە لە سەردەمی ڕەزاشادا گیرابوو، لە یادداشتەکانی زینداندا بەم چەشنە باسی کوردەکان دەکا: "لە بەندیخانەی ناوەندی، هەمیشە سەدان کورد و لوڕ زیندانی بوون. لوڕەکانیان زۆرتر بە تاوانی یاغیگەری یان ڕێگری و، کوردەکانیان زۆرتر بە تاوانی بەشداری لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە و نەتەوەیی کورد؛ دەسبەسەر دەکرد. ڕۆژێك ٥٠٠ کوردیان بۆ بەندیخانە هێنا، ژمارەی ئەوان ئەوەندە زۆر بوو کە تەنانەت دەرفەت بۆ ئامادەکردنی دۆسیە (پەروەندە) و لێپرسینەوەیان نەبوو. حوکمی گەلەکۆییان پێ دەدان، واتە بەپێی قورسایی لەش و بەرزیی باڵا حوکمیان بۆ دەبڕینەوە، بۆ ئەوانی کە باڵابەرز بوون حوکمی هەتاهەتایی، بۆ نێونجییەکان ١٥ساڵ و بۆ کورتەباڵاکان هەشت ساڵ.

بەپێی ئەو ئامارانەی کە لەبەردەست دان، گەلی کورد پتر لەسەتا ١١ی دانیشتوانی ئێران پێك دێنێ. کوردی ڕۆژهەڵات یان نەتەوەکانی دیکەی ئێران بەپێچەوانەی بۆچوونی شۆڤینیست و تەواوخوازەکانی ئێرانی کە باسی یەك وڵات و یەك نەتەوە دەکەن، تەنیا لە ڕوانگەی حقووقی و شارۆمەندییەوە وەکوو ئێرانی پێناسە دەکرێن، بەڵام لە ڕوانگەی ئەتنیکییەوە، نەتەوەیەکی جیان کە لە چوارچێوەی جوغرافیای سیاسیی ئێراندا دەژین، بەم هۆیەوە ئێران وەکوو وڵاتێکی فرەنەتەوەیی پێناسە دەکرێ. لە وڵاتە چەند نەتەوەییەکانی ئورووپا بۆ وێنە سویس و بلژیك یاخود کانادا، بۆ فەڕانسەوی، ئیتالیایی و ئاڵمانییەکان یاخود هۆلەندییەکانی ئەم وڵاتانە، سویسی، بلژیکی یاخود کانادایی بوون نە حاڵەتێکی ئەتنیکی، بەڵکوو مافێکی حقووقی و شارۆمەندییە کە دەتوانێ لە کاتی تێکچوونی سیستمی فیدرالی و کۆنفیدرالی یا لەدوای ڕێفراندۆم و جیابوونەی یەکێك لەم نەتەوانە، بگۆڕدرێ.

لە ئێران، سەرەڕای زاڵبوونی سیستمێکی ناوەندخواز، ئەندامی هەر نەتەوەیەك سەرەڕای مافی شارۆمەندیی ئەم وڵاتە، پێناسەی ئەتنیکیی خۆی هەیە و مافی ئەو نەتەوەیە، بۆ وەدەسهێنانی ئەم مافە پەسەندکراوە جیهانییە کە لە لایەن حکوومەتەکانی ئێرانەوە پێشێل کراوە، خەبات بکا و بەپێی بەرژەوەندی و ئاستی ئاگایی نەتەوەیی خۆی بڕیار بۆ بوون یان نەبوون لەم چوارچێوەیەدا بدا. هەرچەند تا کاتێك کورد لەنێو ئەم کۆیەدا بێ، چارەنووسی بە شێوەی سیستمی دەسەڵاتداری بەم وڵاتەوە بەستراوەتەوە و لایەنی شەڕ یان وتوویژ کردنی لە هەر حاڵەتێکدا تارانە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە کورد یان هەر نەتەوەیەکی نافارس لە کاتی دانووستان لەگەڵ هێزە

سەرانسەرییەکاندا، هەر لە ئێستاوە باوەڕی خۆی بە تەواویەتی ئەرزیی ئێران چ بەمەرج یان بێمەرج بسەلمێنێ. ناکرێ باس لە مافی جیابوونەوە بکرێ و هاوکات سوێند بۆ پاراستنی سنوورەکانی ئێران بخورێ؛ ئەم دوو حاڵەتە پێکەوە تەباییان نییە و لە دواڕۆژیشدا هەر ئەو کێشەیە بۆ ئێمە پێك دێنێ کە بۆ باشووری کوردستانی پێك هێنا. ئەم مافە وەك پرەنسیپێك پێویستە لە دانووستانەکانی کورد لەگەڵ هێزەکانی ئێرانی ڕەنگدانەوەی بێ.

**لە کۆتاییدا ئەم پرسە دێتە پێش، ئێمەی کورد ئێستا دەبێ چی بکەین و چۆن بەرەوپیری ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی ئێران بچین؟**

لەم دووایانەدا ئێمە بۆ یەکەمین جار، پاش نزیکەی ٤ دەیە لە دەسەڵاتداریی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران شایەدی ڕاپەڕینێکی بێوێنە لە بەشێکی بەرچاو لە شارەکانی ئێران بووین، کە تەنانەت چەند شارێکی کوردستانیشی گرتەوە. ئەستەمە لە ئێستاوە پێشبینی بکرێ چ کاتێك شۆڕشێکی دیکە سەرهەڵدەداتەوە و، هەتا چ ڕادەیەك پەرە دەسێنێ و دەتوانێ بۆ بەشەکانی دیکەی ئێران پەل باوێژێ و ڕادیکاڵیزە بکرێ! بەڵام ئەوەی ڕوونە، ئەوەیە کە درەنگ یان زوو بەپێی ئەو قەیرانە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییانەی کە لە ئێراندا هەیە، دەبێ چاوەڕەوانی گۆڕانکاریی جیددی لەم وڵاتەدا بین. بەپێی ئامارەکانی بانکی ناوەندیی ئێران ئاستی ئابووریی بنەماڵە ئێرانییەکان لە دە ساڵی ڕابردوودا هەتا ڕێژەی سەتا ١٥ دابەزیوە، بەپێی قسەکانی "عبدالرضا رحمانی فضلی" وەزیری نێوخۆ (کشور)ی ئێران ڕێژەی بێکارەکان لە هەندێك لە شارەکاندا لە سەتا شەستە، هەروەها ڕادەی مامناوەندیی خواردنی گۆشت، ماسی، نان، برنج و شیر لەم دە ساڵەدا لە سەتا ٣٠ هەتا ٥٠ کەمی کردووە. مەودای تێچووی نێوان پارێزگای تاران و پارێزگاکانی دیکەی ئێران بەلانی کەمەوە دووقات زیادی کردووە و، جیاوازیی بودجەی بنەماڵە تارانییەکان و پارێزگاکانی دیکەی ئێران لە سەتا ٤٥ لە ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی بە سەتا ٨٧ لە ساڵی ١٣٩٥ گەیشتووە، سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە وەزعی بنەماڵەکانی پارێزگای لوڕستان و کوردستان بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی دیکە، لە ئاستێکی نزمتردایە. ئەوەیە کە بەشێکی بەرچاو لەو جەماوەرەی کە ڕژانە سەر شەقامەکان و هاواریان دەکرد: "رهبر (خامنەای) خدایی می‌کند، ملت گدایی می‌کند" خەڵکی زەحمەتکێش، لاوان و

خوێندەوارانی ئەم کۆمەڵگەیەن کە هیچ داهاتوویەك بۆ خۆیان لە چوارچێوەی حکوومەتی ئیسلامیی ئێراندا نابینن.
بەپێی وتەکانی "عباس جعفری" دادوەری تاران مامناوەندیی دەسبەسەرکراوانی ڕاپوونی ئەم دووایانە لە نێوان ١٨ هەتا ٣٥ ساڵ و زۆربەیان لە چین و توێژی خوارەوەی کۆمەڵگە و خەڵکی کەمداهاتن. کاتێك ڕووحانی باس لەوە دەکا، ئەوانەی کە هاتوونەتە سەرشەقامەکان نەك لەبەر کێشەی ئابووری، بەڵکوو لەبەر نەبوونی فەزایەکی ئازادیی سیاسییە، ئەوە بۆخۆی پیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە خەباتی خەڵکی ئێران بەپێی ئەو دروشمانەی کە دەدرێ، گەیشتۆتە قۆناغێکی تازەوە و مەسەلەی گۆڕینی دەسەڵات بۆتە کێشەی سیاسیی بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی ئێران و لە قۆناغی متمانە بە باڵی ئیسلاحخوازەکان تێپەڕیوە.
لەم حاڵەتەدا بە باوەڕی من پێویستە کورد بەگشتی لەم چەشنە شۆڕشانە پشتیوانی بکا و، حیزب و کەسایەتییە کوردستانییەکان بۆ هاوپشتیوانی و هاوڕیزی لەگەڵ گەلانی مافخوازی دیکەی ئێران و لە پێش هەموویاندا ئازەربایجانییەکان تێبکۆشن و بە پێکهێنانی بەرە یان هەر چەشنە پێکهاتەیەکی هاوبەش، بە یەك دەنگەوە بەرەو پیری ڕووداوەکان بڕۆن. بەداخەوە پاش ڕاپەڕینی ئەم دوواییە سەرەڕای ئەوەی کە پێنج حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بارەگای حدك کۆبوونەوە، بەداخەوە نەیانتوانی بەیاننامەیەکی هاوبەش بدەنە دەرێ.
لە ڕاستیدا ئیتر جێگا بۆ پاوانخوازی و بیانوو گرتن نەماوە، کورد ئەگەر تەبا و یەکدەنگ نەبێ ناتوانێ لە گەمەی سیاسیی داهاتوودا سەرکەوتوو بێ و، بە ویستەکانی خۆی بگا. هیچ هێزێکی ناکوردیش بەهەندمان ناگرێ ئەگەر یەكدەنگ و یەكهەڵوێست نەبین و کۆنسێپتێکی نەتەوەیی‌مان نەبێ!
قورسایی کورد لە هەر مامڵەیەکی سیاسی چ پێش ڕووخان و چ پاش ڕووخانی حکوومەتی ئیسلامی لە تەبایی نەتەوەیی و کۆدەنگیی حیزبەکان لەسەر خاڵە هاوبەشەکانیانە. ئەگەرحیزبە کوردستانییەکان لە یەك بەرەدا بەشداری لە پێکهێنانی هەر چەشنە هاوپەیمانییەکی بەرفراوانتر لە هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دژبە حکوومەتی ئیسلامی بکەن، دەنگێکی بەهێزتریان لە داڕشتنی پلاتفۆرم و بەرنامەیەکی دێموکراتیك بۆ ئێرانی داهاتوو و چەسپاندنی مافی نەتەوەیی دەبێ. لەم حاڵەتەدا هیچ هێزێك ناتوانێ لە ناتەبایی ئێمە دژبە خۆمان کەلك وەربگرێ و کارەساتەکانی باشووری کوردستان

پاش گشتپرسیی سەربەخۆیی لای ئێمە دووپات بکرێتەوە. پێویستە پێش ڕووخانی حکوومەتی ئیسلامی یا هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی دیکە هەوڵ بۆ پێکهێنانی ئالتێرناتیڤێکی بەهێز لە لایەن هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران بۆ پێکهێنانی دەسەڵات لەم وڵاتە بدرێ و بێگومان کورد دەتوانێ نەخشێکی بەرچاو لەم ڕەوتەدا بگێڕێ ئەگەر نوێنەرانی سیاسیی ئەو بەرەیەکی یەکگرتوویان هەبێ.

بەپێی ئەزموونی ڕووداوەکانی ئەم یەك دوو دەیە، زۆرجار خێراییەکی چاوەڕوان نەکراو لە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکاندا دەبیندرێ، ئەگەر حیزبە کوردستانییەکان لە ئێستاوە پلاتفۆرمێکی هاوبەشیان نەبێ و پێشاوپێش خۆیان بۆ ڕووداوەکانی داهاتوو ئامادە نەکەن، ناتوانن ئەرکی خۆیان بەجێ بێنن و دەبنە دواکەوتووی پێشهاتەکان. ڕاستییەکانی ژیان و ویستی مێژوویی گەلی کورد ئێمە مەحکووم بە یەکگرتن و هاودەنگ بوون دەکا! مێژوو بەباشی داوەریمان لەسەر ناکا؛ ئەگەر هاودەنگ و یەکگرتوو نەبین.

سپاس کە گوێڕاگری قسەکانم بوون.

کۆلن، ٢٠ی ژانویەی ٢٠١٨

## بنێشتەخۆشەی "ئەقڵییەتی سیاسی"

هرکه ناموخت از گذشت روزگار
نیز ناموزد ز هیچ آموزگار
رودکی

ئەرکی هێزێکی پێشکەوتنخواز بۆ گەیشتن بە ویستەکانی خۆی لە ڕەوت و خەباتی سیاسیدا، بریتی لە هەڵسەنگاندنی هێزی دژبەر لە کۆمەڵگە، لێکدانەوەی زنجیرە ڕووداوە سیاسییەکان لە ئاستی گشتی و پێوەندي دانی ئۆرگانیکیان بە یەکەوە، ڕوونکردنەوەی دروشمی کورتخایەن و درێژخایەن و وەگەڕخستنی توانایی بۆ کۆکردنەوەی تەواوی ئامرازە پێویستەکان بۆ هێنانە مەیدانی خەڵك و ڕێکخستن و ڕێبەریکردنی بزووتنەوە و بەجێ گەیاندنی ئەم ویستانە لە کاتی شیاودایە.
بەجێبوونی دروشمەکان و هەڵبژاردنی شێوەی چالاکیی سیاسیی گونجاو، بەپێی هەلومەرجی نێو کۆمەڵگە و کەلکوەرگرتن لە دەرفەتەکان، دەتوانن کاریگەرییەکی بەرچاویان لە ڕەوتی گەشەسەندنی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەدا هەبێ. بێگومان ڕەوتی خەباتی سیاسی—کۆمەڵایەتی ڕێگایەکی ڕاست، بێلەمپەر و هەموو کات بەرەو پێش نییە، تەنانەت دەتوانێ تووشی پاشەکشە، ڕاوەستان و هەرەسهێنانیش بێ. گەلێك فاکتۆری زەینی و بابەتیی وەك تایبەتمەندیی سیستمی کۆمەڵایەتی-ئابووری، چۆنیەتی و چەندایەتیی چالاکیی هێزە سیاسییەکان و ڕادەی هاوسەنگی یاخود لاسەنگییان لە بەراوەرد لەگەڵ هێزی دەسەڵاتدار و سەرکوتکەر، داب و نەریتی نەتەوەیی، هەلومەرجی نێونەتەوەیی، فاکتۆری جوغرافیایی و هتد دەتوانن نەخشی جوراوجۆر لەم ڕەوتەدا بگێڕن.
ژیریی هێزێکی سیاسی، خۆی لە چۆنیەتیی لێکدانەوەی تەواوی ئەو فاکتۆرانە، دوورەپارێزی لە هەر چەشنە "ڤۆلونتاریزم" و هەڵبژاردنی شێوەی دروست و شیاوی خەبات، ناسین و قۆزینەوەی دەرفەتەکان بۆ کۆکردنەوەی هەرچی زۆرتری هێزی

خەڵك بۆ لاوازكردن و تەریكخستنی هێزی دوژمن و وەدیهێنانی بەرنامەی كورتخایەن و درێژخایەنی حیزبەكەی دەنوێنێ. لێرەدا هەڵبژاردنی شێوەی خەباتی سیاسی (چەكداری یان مەدەنی)، پێوەندی ڕاستەوخۆی بە دەرفەتەكانی خەبات لە كۆمەڵگەدا هەیە؛ لەو كۆمەڵگایانەی كە دەرفەتی دێموكراتیك بۆ چالاكیی سیاسیی هێزە پێشكەوتنخوازەكان نییە، ڕێگای خەباتی ئاسایی بەربەست كراوە و حیزب و هێزەكان ناتوانن بە شێوەیەكی مەدەنی، كار و چالاكیی خۆیان بەڕێوە بەرن و تەنانەت تووشی ئازار، گیران و لە سێدارەدان دەبن، بەكارهێنانی شێوەگەلی ئاوێتە بە زەبری خەبات زۆرتر ڕەنگ دەداتەوە و هێزە سیاسییەكان جار و بار تەنانەت بەپێچەوانەی ویستی خۆیان، بۆ بەرگری لە مافی ڕەوای خۆیان دەس بۆ چەكیش دەبەن. واتە شێوەی هەڵسوكەوتی حكوومەت و سیستمی زاڵ كاریگەریی سەرەكی لە شێوەی هەڵبژاردنی شێوازی خەباتی ئۆپۆزیسیۆن هەیە.

بۆ وێنە مێژووی حكوومەتی ئیسلامیی ئێران پاش شۆڕشی ڕێبەندانی ٥٧ی هەتاوی، شتێك جگە لە سەركوتكردنی تەواوی هێزە سیاسی و مەدەنییەكانی ناچەكداریش - تەنانەت ئەوانەی كە بەرگرییان لە "نیزام" دەكرد و دەیانویست لە چوارچێوەی "یاسای حیزبەكان" چالاكییان هەبێ- نەبووە. گیران و سەركوتی ئەوانەی كە كاتێك بەشێك لە دەسەڵاتیش بوون و دەیانویست و دەیانەوێ بە چەشنێكی مەدەنی، كار و چالاكیی خۆیان لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیی ئێراندا بەرەوپێش بەرن و (پێشتر بەشێك لە بەرەی "خودی" بوون و ئێستا بوونەتە "غیرخودی") نیشاندەری ئەم ڕاستییەیە كە شتێك بە ناوی "ئەقڵیەتی سیاسی" لەواندا نییە و، هەوڵدانی بەشێك لە بەرپرسانی سیاسیی كورد بۆ دۆزینەوەی ئەم "ئەقڵیەتە" و، لەم چوارچێوەیەدا دۆزینەوەی ڕێگە چارەی ئاشتیخوازانە و مەدەنیی پرسی كورد لە بەرپرسانی ئەو حكومەتە -كە لە دروشمدا لەسەر بنەمای "ئۆمەتی ئیسلامی" و لە ڕاستیدا لەسەر قەومیەتی فارس و ئایینی شیعە دامەزراوە- هەر لەسەر ئەم ئەساسە بێباوەڕە بە ڕەنگاوڕەنگیی پێكهاتەی نەتەوەیی لە ئێراندا، پتر لە گەمەی سیاسی و لانیكەم لە بیرۆكەیەكی هەرەسهێناو دەچێ تا "واقعبینی"ی سیاسی.

بەداخەوە شێوەی هەڵوێست گرتنی بەشێك لە بەرپرسانی سیاسیی كورد لە تاراوگە، جاروبار تا ڕادەی پاڕانەوە و لالانەوە دادەبەزێ و پێوەندیەكی زۆری بە خەباتی سیاسیی هێزێكی نەیار و خەباتكارەوە نامێنێتەوە. پێشنیارەكانی ئەم كەسانە بە

کاربەدەستانی ئێرانی بۆ لەبەرچاو گرتنی بەشێك لە ویستەکانیان، دەرخەری ئەوەیە کە ئەوان لە مێژوو شتێك فێر نەبوون و کۆماری ئیسلامیش بەباشی ناناسن. ئەوانە لە بەرنامەی سیاسیی حیزبەکەیاندا باسی دێموکراسی، مافی دیاریکردنی چارەنووس و فیدرالیزم دەکەن، لە لێدوانی سیاسیی ڕۆژانە و لە مێدیاکانیاندا لەژێر پاساوی "بایەخدان بە خەباتی مەدەنی"، خۆیان تا ئاستی تاقمێکی بچووك و بێئاسۆی مەدەنی و (تەنانەت ناسیاسی) دێنەخوارێ و ناهومێدی بە ڕووخانی ئەم ڕژێمە بڵاو دەکەنەوە. لەکاتێکدا ئەم بەرپرسانە خۆیان بە ئاڵاهەڵگری دروشمی فیدرالیزم لە ئێران دەزانن و، ئەمەش لەگەڵ زاتی حکوومەتی ئیسلامی، هیچ چەشنە تەباییەکی نییە و وەدیهێنانی ئەم داخوازە پێویستی بە ڕووخانی تەواو و کەماڵی ئەم ڕژیمە لە بنەڕەتدا هەیە. بە پاساوی ئەوەی کە "ئەرکی کورد ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی نییە و توانایيشی نییە بیڕووخێنێ" لەسەر شاشەی تەلەویزیۆنەکانیاندا بانگهێشتنی بەرپرسانی حکوومەتی ئیسلامی بۆ گەیشتن بە "ئەقڵیەتی سیاسی" بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد دەکەن!!

ئەگەر ئەوان خۆیان بە حیزبێکی پێشڕەو و ئاڵاهەڵگری دروشمی دێموکراسی و فیدرالیزم بۆ ئێران دەزانن و، خۆیان وەکوو بەشێك لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پێناسە دەکەن و لەم باوەڕەدان کە پرسی کورد لە ڕاستیدا تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدرال و دێموکراتیکدا چارەسەر دەکرێ، بێگومان دەچنە خانەی حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران و دەبێ هاواهەنگ لەگەڵ ئەوان بۆ ڕووخاندنی ئەم حکوومەتە تێبکۆشن. بەڵام ئەگەر تەنیا پێیان وایە پرسی کورد تەنیا کێشەی سەرەکیی ئەوانە و پێوەندی بە پێکهاتنی دەوڵەتێکی فیدرال و دێموکراتیك لە ئێراندا نییە و، دەکرێ لە چوارچێوەی حکوومەتێکی نادێموکراتیکی وەکوو کۆماری ئیسلامیدا - حکوومەتێك کە تەواوی مافە ئاساییەکانی مرۆڤ پێشێل دەکا، چارەسەر بکرێ و دەتوانن لەگەڵ "شەیتان"یش بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لەسەر مێزی وتوویژ دانیشن، ئەوە ئیتر لە چوارچێوەی هێزێکی نەیار و ئۆپۆزیسیۆن دێنە دەرێ.

کەچی ئەم کەسانە بەپێی ئەزموونی ٣٤ ساڵەی ڕابردوو دەبێ باش بزانن کە حکوومەتی ئیسلامیی ئێران نە تەنیا توانایی چارەسەری کێشەی نەتەوەیی لە ئێراندا بە چەشنێکی دێموکراتیك نییە، بەڵکوو ئامادەی پێدانی ڕێ بۆ کار و چالاکیی هیچ هێزێکی بێمەترسیدار و پالاوتووی خۆیشی نییە. سەرەڕای تەواوی ئەوانەش، ئەگەر ئێمە باوەڕمان بە چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ڕێگای وتوویژەوە لەگەڵ

حکوومەتی ئەمڕۆی ئێران بێ، دەبینین بارودۆخ و مەرجی پێویست بۆ ئەم کارەش لە ئارادا نییە، کە بریتین لە:

**یەکەم؛ لە ئارادا بوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز:** بە هێزبوونی ئۆپۆزیسیۆن ببێتە هۆی لە تەنگانە خستنی حکوومەت تا ئەو ڕادەیە کە سیستمی دەسەڵات بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆی ئامادەی وتوویژ لەگەڵ هێزە دژبەرەکانی بێ (وەکوو ساڵانی پاش شۆڕشی ٥٧ کە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە هێزی سەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون و، بە پشتیوانیی خەڵکی شار و دێ بەشێکی زۆریان لە خاکی کوردستان ئازاد کردبوو).

**دووهەم: لاوازبوونی دەسەڵات؛** حکوومەت بەهۆی لاوازبوونی بنەماکانی دەسەڵات، پەرەگرتنی گوشاری نێوخۆیی و دەرەکی لەگەڵ دژبەرەکانی دەس بە وتوویژ بکا. ڕاستییەکانی ئەمڕۆ بەڵام دەیسەلمێنن کە نە هێزە کوردستانی و سەرتاسەرییەکان لەو ئاستەدان کە مەترسییەك بۆ حکوومەتی ئێران بن و نە ئەم دەوڵەتە ئەوندە لاواز بووە کە لە بەرژوەندیی ئەودابێ هەتا لەگەڵ ئەم حیزب و کەسایەتییانە، ئەویش جیاجیا، لەسەر مێزی وتوویژ دابنیشێ.

**جگە لەمەش،** ئەمڕۆ ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە هیچکام لە حیزبە کوردستانییەکان بە تەنیایی ناتوانن خۆیان وەکوو نوێنەری سەرەکیی کوردی ڕۆژهەڵات پێناسە بکەن. بەم پێیە هەرچەشنە دانیشتن و وتوویژی هێزێکی کوردستانی بە تەنیایی لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران ئاکامێکی ئەرێنی بە دواوە نابێ. لە لایەکی تریشەوە زۆربەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی دابڕان و جیابوونەوەی بەشێکی زۆر لە کادر و ئەندامەکانیان تووشی قەیرانی ڕێکخراوەیی و فیکری بوون و، جارێ هیچ ئاسۆیەك بۆ یەکگرتنەوەی ئەوان یاخود پێکهێنانی بەرەیەکی بەرفەراوانی کوردستانی لە نێوان ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دانوسانیان لەسەر چەند خاڵی هاوبەشی نەتەوەیی نابیندرێ.

لەم دۆخەدا پێشکێشانی مەسەلەگەلێك کە ببێتە هۆی هیوادارکردنی نابەجێی خەڵك بە کاربەدەستانی حکوومەتی ئیسلامی، وەك ڕووحانی و هتد کە بەپێی یاسای ئێرانیش بێ ئیزنی "ولایت فەقیە" مافی بڕیاردانیان نییە، تەنیا ڕۆڵ و نەخشی حیزبە

کوردستانییەکان لەبەر چاوی خەڵك سووك و بێڕەنگ دەکا و نیشانگەری بێدەسەڵاتی، لاوازی، بێکاریگەری و بێئاسۆییانە.
ڕووحانی هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی هاتنە سەر کاری بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند "لە ئێران قەوم و نەتەوەمان نییە، ئەوانەی هەن تەنیا دەستە و تاقمەی فەرهەنگی-زمانین"!! بڵێی بکرێ لەگەڵ ڕووحانییەك کە تەنانەت کورد وەکوو گەلێك پێناسە ناکا، ڕێگای گەیشتن بە فیدرالیزم بپێوین؟!
بێگومان هێزێکی کوردی کە بەپێی بەرنامەکەی دەیهەوێ کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا چارەسەر بکا، ناتوانێ پێوەندی بە حکوومەتی ناوەندییەوە نەبێ. مادامیش ئەم حکوومەتە سیاسەتەکەی سەرکوتکردنی کورد و بزووتنەوەی کوردە؛ کوردیش دەبێ هەر بەم چەشنە ئەم سیاسەتە لە بەرامبەر ئەم حکومەتەدا بەڕێوە بەرێ. بەتایبەتی ئەوەی کە بەپێی ئەزموونی ٣٤ساڵی ڕابردوو وێچوونی وەدیهاتنی هیچکام لە ئامانجەکانی ئەو هێزە سیاسییانەی کورد بەپێی بیر و باوەڕی سیاسی-ئۆلیی کاربەدەستانی ئێران لە چوارچێوەی ئەم ڕێژیمەدا نییە و، هیچ نیوەهەلێکیش بۆ چالاکانی سیاسی و مەدەنیی نێو وڵات نابیندرێ کە بتوانن لەم چوارچێوانەدا و بە ئاشتی و وردەوردە ئەم ئامانجانە وەدی بێنن. کەوایە، هیچ پاساوێك بۆ ئەوانەی نییە لە ئاست بێئەرككردنی خۆیان و جارناجار تاشینی شەرعییەتی خەڵکی، ئەرکی خۆیان وەك ئۆپۆزیسیۆن لەبیر دەچێتەوە.
ئەوانەی ئەمڕۆ بە شوێن دۆزینەوەی ڕێگای ئاشتی و وتووێژ لەگەڵ حکوومەتی ئیسلامی دەکەون، لەوە دەچێ مێژووی خوێناوی و خۆکوتەنی "نییەتی خراپی" حکوومەتی تارانیان لە ڕێکخستنی وتووێژەکان لەبیر چۆتەوە یان لە پشت گوێیان ناوە. جێگای داخە بەشێك لە بەرپرسانی هێزە کوردییەکان وانەیەکیان لەو هەموو کارەساتە هەڵنەگرتووە و دەیانەوێ ئەزموونی بێئاکام و تاڵی ڕابردوو دووپات بکەنەوە و لە بێئاسۆیی خۆیان، خەڵك بەرەو ئەم چەشنە سیاسەتە هەرەسهێناوانە ڕابکێشن و ناوی "ئەقڵیەتی سیاسی" لەسەر دانێن!!
کاتێك باس لە "نییەتی خراپی" کۆماری ئیسلامی لە وتووێژ دەکرێ ئەوە بۆخۆی بەو مانایە کە حکوومەتی ئیسلامی بە درێژایی بوونی خۆی، ئەگەر ملی بۆ وتووێژ کردنیش دابێ نە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد، بەڵکوو بۆ بەجێگەیاندنی هەر ئەو "نییەتە خراپ و ناپاکانە" بووە و، ڕاستییەکانی ژیان سەلماندوویانە حکوومەتی

ئیسلامیی ئێران "بالقوه و بالفعل" توانای چارەسەر کردنی پرسی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی نییە و، ئەگەر کاتێك ئەم "ئەقڵیەتە سیاسییە" پێکهات ئەوە بەو مانایەیە کە ئیتر پێکهاتەیەك بە ناوی حکوومەتی ئیسلامی نەماوە. جا بۆیە بنێشتە خۆشەکەی "ئەقڵیەتی سیاسی" کە هەر ڕۆژێ چەند جار حکوومەتی ئیسلامی، پێ تاوانبار دەکەن و خەڵکی پێ هیوادار دەکەن، تەنیا لە خزمەتی حکوومەتی ئیسلامیدایە و بەس. ڕوودەکی گوتەنی:

"هر که ناموخت از گذشت روزگار نیز ناموزد ز هیچ آموزگار"

جولای ٢٠١٤

## دروشمی ڕووخاندنی حکوومەتی تاران و ئێمەی کورد!

یەکێك لەو پرسیارانەی کە لە لایەن بەشێك لە چالاکانی کوردی ڕۆژهەڵات جاروبار دێتە ئاراوە، ئەوەیە کە، بڵێی دروشمی ڕووخاندنی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران کێشە و مەسەلەی کورد بێ؟ ئایا بە گشتیی، هەڵدانی ئەم دروشمە دروستە و دەست و باڵی کورد لە بواری دیپلۆماسی و وتوویژ لەگەڵ تاراندا نابەستێتەوە؟ بۆ وڵامی ئەم پرسیارانە، پێویستە وڵامی چەند پرسیاری دیکە بدرێتەوە؟

١. بڵێی ئەوەی تاران هەتا ئێستا ئاوڕی لە کێشەی کورد نەداوەتەوە، زۆرتر هەڵەی سیاسەتی نوێنەرانی کوردی ڕۆژهەڵات بووبێ، یا حکوومەتی ناوەندی؟

٢. بڵێی حکوومەتی تاران لە نزیك بە ٤ دەیە دەسەڵاتداری خۆیدا، بە چەشنێکی ڕاستەقینە ئاوڕی لە کێشەی نەتەوەیی لە ئێران و یەك لەوان پرسی کوردی دابێتەوە و ئێمەی کورد لەسەر ڕووخانی تاران وەها سوور بووبین کە پێشنیاری حکوومەتی ناوەندیمان بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ئێراندا قەبووڵ نەکردبێ؟

٣. بڵێی حکوومەتی تاران بتوانێ و یاخود ئامادەی قەبووڵکردنی ئەم ڕاستییە بێ، لە ئێراندا بێجگە لە "ئۆممەتی ئیسلامی" پێکهاتە یاخود چەمکێك بە ناوی "گەل" و "نەتەوە" و "کێشەی نەتەوەیی" هەیە؟

٤. بڵێی فارس گوتەنی ئەوە لە "عدم حسن نیت"ی ئێمەی کوردە، کە تاران نایەوێ درگای وتوویژێکی ڕاستەقینەمان لێ بکاتەوە و کاتێك حکوومەتی ئێران تەنیا بەمەبەستی کوشتنی ڕێبەرانی کورد وەکوو دوکتور قاسملوو، یاخود درزخستنە نێو ڕیزی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چرا سەوزێك دەدا و بەشێکیان بۆ وتوویژ!! بانگهێشتن دەکا، ئەوە لە "خێرخوازی"ی ئەوان بۆ چارەسەری کێشەی کورد بووبێ و کوژرانی ڕێبەرانیش تەنیا بەهۆی "لەبەرچاو نەگرتنی باری ئەمنیەتی" لەلایەن کوردەکانەوە بێ؟

٥. بڵێی تاران ئامادەی گۆڕینی سیستمی ئیداری، ئەویش تەنیا لە کوردستان وەکوو بەشێك لە جوغرافیای سیاسیی ئێران بێ و، بۆ نوێنەرانی حکوومەتی "الله" لە تاراندا، چاو و برۆی کورد ڕەشتر و جوانتر لە نەتەوەکانی دیکەی ئێران بووبێ؟ یان دێموکراسی لە ئێراندا تا ئەو ڕادەیە گەشەی کردبێ(!؟) کە کاتێك مافی "خودموختاری و خودگەردانی"شمان پێ ڕەوا نابینن، ئیزنی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەن؟

٦. بڵێی حکوومەتی تاران، کە لە چوارچێوەی "یاسای حیزبەکاندا" ئیزنی چالاکی بە هێزە "خۆیی"ـەکانیش بۆ نموونە چاکسازیخوازەکان و حیزبگەلێك وەکوو "مشارکت اسلامی" نادا، هەروەها نوێنەران و ئەندامەکانیشیان دەخاتە بەندیخانەوە، ڕێگە بە حیزبە سێکۆلارەکانی کوردستان بۆ کار و چالاکی لە چوارچێوەی ئێراندا بدا؟

٧. بڵێی حیزبێکی کوردستانی کە خۆی لەنێو بەرەی سۆسیال دێموکراسی یاخود چەپ و دێموکراتیکدا دەبینێتەوە یان خوازیاری پێکهێنانی کۆماری کوردستان، حکوومەتێکی فیدرالی لە ئێراندایە، بتوانێ بەبێ قەبووڵکردنی یاسای بنەڕەتی، "ولایت فقیه" و نیزامی تێئۆکراتیکی ئێران، کە دژایەتی لەگەڵ تەواوی بنەما دێموکراتیکەکان و مافی مرۆڤ لە جیهاندا هەیە، ئیزنی چالاکیی سیاسی بۆ تێکۆشان و بەرگری لە مافی نەتەوەیی کورد بە چەشنێکی فەرمی وەربگرێ؟

٨. بڵێی بەرژەوەندیی کورد و حکوومەتی ئیسلامی تەنانەت لە یەك دوو خاڵیشدا تەبا بێ و دەوڵەتی تاران بەو ئاستە لە تێگەیشتنی سیاسی گەیشتبێ، کە تەنانەت لەبەر مسۆگەرکردنی "ئاسایشی نیشتمانیی ئێران؟" ئامادەی قەبووڵکردنی مافی نەتەوەی کورد بە فەرمی، بەبێ لەبەرچاو گرتنی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بێ؟

٩. بڵێی بەگشتی، لەنێو سیستمێکی کۆجێی ئیسلامی لە چەشنی ئەسناعەشەری، واتە "متمرکز"دا دەرفەتی چارەسەریی کێشەی نەتەوەکان هەبێ؟

١٠. بڵێی کاتێك حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگە ئاوا تووشی دابڕان و لێك دووربوونەوە بوون و، ئاسۆیەك بۆ پێکهێنانی تەنانەت بەرەیەك

بۆ کارێکی هاوبەش نییە، کێشەی کورد، کێشەی حکوومەتی ئیسلامیش بێ،
که بیهەوێ ئاوڕی لێ بداتەوە؟

ئەگەر وڵامی زۆربەی پرسیارەکانی سەرەوە ئەرێ بێ، ئەوە بەو مانایە کە ئیتر پێکهاتەیەك بە ناوی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەم نێوەرۆکەوە نەماوە، ئەگەریش وڵامەکە نا بێ، ئەوە بەو مانایە کە بوونی حکوومەتی تاران بەربەستێکە بۆ گەیشتنی کورد بە مافەکانی خۆی. جا ئێمە چ دروشمی ڕووخان بدەین یان نەدەین، پێکهاتەی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بەم نێوەرۆکەوە، پتانسیەلی چارەسەری کێشەی کوردی نییە و بەپێی "فەلسەفەی بوونی"، ناتوانێ خوازیاری چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەکان و گۆڕانی سیستمی ناوەندخواز بۆ ناناوەندی بێ.

٢٤ ئاوریلی ٢٠١٦

# حیزبە کوردستانییەکان، کێشەی بەرە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

# گرینگی بەرەی یەکگرتووی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**بۆ بەرە؟**

حیزبی دێموکراتی کوردستان (١٣٢٤ هەتاوی/١٩٤٥زایینی) تا پێش شۆڕشی ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی لە ئێران، تەنیا حیزبی سەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. پاش شۆڕش و بە تایبەتی پاش پێکهاتنی کۆمەڵە بەفەرمی (١٣٥٧ هەتاوی/ ١٩٧٨زایینی) لەسەر بنەمای ڕێکخراوەیەك بە ناوی "تەشکیلات" (١٣٤٨ هەتاوی/١٩٦٩ زایینیی) و پاشان پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (١٣٦٢ هەتاوی/ ١٩٨٣**زایینی**) و لێکدابڕانەکانی نێو ئەم ڕێکخراوەیە و، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی لە دوو دەیەی ڕابردوودا، هەروەها دروستبوونی چەند ڕێکخراوەی دیکە وەکوو سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران (١٣٥٩ هەتاوی/١٩٨٠ زایینی)، پارتی ئازادیی کوردستان (٢٠٠٦ی زایینی) لەسەر بنەمای ڕێکخراوەیەك بە ناوی یەکیەتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان (١٩٩١ زایینی) و هتد، ڕۆژهەڵاتی کوردستان قۆناغی تاکەحیزبی تێپەڕ کرد و، بوو بە کۆمەڵگەیەکی فرەحیزبی بە بیروڕای جیاوازەوە. بەم پێیە بەبێ لەبەرچاو گرتنی پانتایی نفووز و کاریگەریی ئەم حیزبانە دەتوانین ئاماژە بەم ڕاستییە بکەین، کە ئەمڕۆ هیچ حیزب و ڕێکخراوەیەك بۆی نییە خۆی بە تەنیا نوێنەری ڕاستەقینەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بزانێ. بەهۆی پاشەکشەی حیزبە کوردستانییەکان لە دەیەی ٦٠ی هەتاویدا لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ باشووری کوردستان و لێکدابڕانەکانی بێ‌پسانەوەی دوو ڕێکخراوەی کۆمەڵە و دێموکرات، کۆمەڵێکی زۆر لە ئەندامانی ئەم حیزبانە پەرەوازەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بوون و ئیتر بەهۆی بێ‌متمانەیی و دڵساردی، هۆگریی وەهایان بۆ هاوکاری لەگەڵ ئەم ڕێکخراوانە نییە، بەپێی بەشێك لە ئەزموونی ژیانی سیاسییان و کەمترخەمی و

تەنانەت وڵامنەدانەوەی ئەم ڕێکخراوانە بە ویستی کۆمەڵانی خەڵك و ئەندامانی خۆیان بۆ یەکگرتنەوە یاخود پێکهێنانی بەرەی هاوبەش هەر چەشنە داواکاری و چالاکییەك لەم پێناوەدا بە شتێکی بێسوود دەزانن. لەم دوایانەدا سەرەڕای بە ئاکام نەگەیشتنی هەوڵەکانی حدك و حدکا بۆ یەکگرتنەوە، بەخۆشییەوە سێ لایەنی "ڕەوتی سۆسیالیستیی کۆمەڵە"، "کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان" و "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ هێڵی یەکگرتن" لە پرۆسەی یەکگرتنەوەدان و ئەمە بۆتە مایەی دڵخۆشیی دڵسۆزانی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کورد و، هیوادارین لە داهاتوودا ئەم ڕەوتە باڵەکانی دیکەی کۆمەڵەش، هەروەها هەر دوو باڵی حیزبی دێموکراتیش بگرێتەوە.
ئەم ڕاستییە، واتە فرە حیزبیبوونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بێکاریگەریی تەنیا حیزبێك لە گۆڕەپانی خەباتی مەدەنی و سیاسیدا پێمان دەسەلمێنێ؛ کە پێکهاتنی هەرچەشنە بەرە و نزیکبوونەوەی ئەم حیزبانە بە یەکتر لە بەرژوەندیی نزیك و درێژخایەنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندایە.

## گرینگیی پێکهێنانی بەرەی یەکگرتوو لە چیدایە؟

**یەکەم؛** کاتێك حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بۆ زەبرلێدان لە حیزبەکان و بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کوردی ڕۆژهەڵات، لە تەواوی یارانی فەرمی و نافەرمیی خۆی لە ئاستی جیاوازدا کەلك وەردەگرێ، بێگومان هێزەکانی دژبەری حکوومەتی ئیسلامی چ لە ئاستی جیهانی، چ لە ئاستی سەرتاسەری واتە ئێران و چ لە ئاستی کوردستاندا پێویستە هێز و توانایی خۆیان بخەنە پاڵ یەك و بە پێکهێنانی بەرە یاخود هەرچەشنە هاوپەیمانی و هاوکارییەك، پەرە بە خەباتی خۆیان لە تەواوی بوارەکانی دژبە حکوومەتی ئیسلامیی ئێران و هاوپەیمانەکانیان بدەن.

**دووهەم؛** ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تووشی گۆڕانکاری بووە، ڕووداوەکانی عێراق، ئەفغانستان، سووریە، هەروەها بەهێزتر بوونی بزووتنەوەی مەدەنی لە تورکیە نیشان دەدا، کە ئێرانیش فارس گوتەنی "تافتەی جدا بافتە" نییە و درەنگ یان زوو بەهۆی

قوولتربوونی قەیرانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری؛ تووشی ئاڵوگۆڕی جیددی دەبێ. بێ‌گومان هێزەکانی کوردستانیش دەبێ بۆ ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ هەر چەشنە ڕووداوێکی لەناکاو و ڕەچاو نەکراو ئامادە بن تا بتوانن ڕۆلی خۆیان لە ڕەوتی وەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسین بەجێ بێنن. هەر لەم ڕەوتەشدا پێکهێنانی بەرە و تەمرینی کاری هاوبەش یاریدەدەری چالاکی و خەباتی ئەوان لە داهاتوو و تەنانەت پێشگیری لە گرگرتنی جیاوازی و چەندبەرەکی یان شەڕی نێوخۆیی دەبێ.

**سێهەم؛** ئەم هێزانە بە یەکبوون دەتوانن لە تەواوی بوارەکاندا هێزێکی "بالقوه و بالفعل" بن، واتە چ لە ڕەوتی بانگەواز و کۆکردنەوەی خەڵکی کورد بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیی هێمنانەی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، چ لە کاتی دەستپێکردنەوەی شەڕی چەکداری یاخود وتوویژ و دانوستان لەگەڵ ئەم حکوومەتەدا نەخشێکی گرینگ و بەهێز بگێڕن.

**چوارەم؛** ئەم هێزە لە ئاستی کوردستانیشدا بە یەکبوون دەتوانێ قورساییەکی زۆرتری هەبێ، بۆ وێنە ڕۆڵێکی جیددیتر لە پێکهێنان و داڕشتنی بەرنامە و سیاسەتەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی بگێڕێ، لە لایەکی دیکەشەوە بێ‌گومان کاتێك کوردی ڕۆژهەڵات بە حیزب و کەسایەتییەکانییەوە لەسەر خاڵە هاوبەشەکانیان کە کەمیش نین، هاودەنگ و هاوتەبا بن، حکوومەتی هەرێم و هێزەکانی دیکەی کوردستانیش کاتێك بیانەوێ لەسەر حیزبەکان و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شێوەی پێوەندیی خۆیان لەگەڵ حکوومەتی ئیسلامیی ئێران هەڵوێست بگرن، لەوە دەچێ پێش هەر چەشنە بڕیاردانێك، فیکرێکی زۆرتر لە سیاسەت و ئاکاری خۆیان ڕوو بە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەنەوە.

**پێنجەم؛** لە ئاستی جیهانیدا بەرەیەکی یەکگرتووی کورد دەتوانێ وەکوو کۆی هێزە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باشتر لە دەرفەتەکان بۆ کۆکردنەوەی هاودەنگی، وەدەسهێنانی یارمەتیی مادی و مەعنەوی دژبە حکوومەتی ئیسلامیی ئێران

چ لە ئاستی دەوڵەت و پارلمانی ئورووپا و ئەمریکا و، چ لە ئاستی بیروڕای گشتی، مێدیاکان و حیزبە ڕۆژئاواییەکان کەلك وەربگرێ.

**شەشەم**؛ ئەم بەرەیە بێگومان کاریگەرییەکی بەهێزی لە گەشەسەندن و پەرەگرتنی بزووتنەی جەماوەری خەڵك لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەبێ، دەبێتە هۆی دڵگەرمیی ئەوان و کەسایەتییەکانی دەرەوەی وڵات. ئێمە دەبینین هەرکات حیزبەکانی ئێمە پێکەوە هەڵوێستێکی هاوبەشیان گرتووە، ئەمە لە لایەن خەڵکی کوردەوە بە دڵ و بە گیان پێشوازی لێکراوە.

ئەمانە تەنیا کورتەیەك لە خاڵە هاندەرەکان بۆ پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی کوردی ڕۆژهەڵاتە. هیوادارین سەرەڕای بیروڕای جیاواز لەنێو حیزب و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێکهێنانی بەرە یان هەرچەشنە هاوپەیمانییەك ببێتە دروشمێکی سەرەکی و هەوڵی جیددیی بۆ بدرێ. بەشێك لە دۆستان و دڵسۆزان زۆرجار باس لەوە دەکەن کە هەوڵ و هەنگاوەکانی کەسایەتییە سەربەخۆکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بۆ نزیككردنەوەی ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی زاڵبوونی بەرژوەندیی تاکەکەسی و حیزبی کارێکی بێسوودە و ئاکامێکی ئەرێنی نابێ، بێگومان سەرەڕای دروست بوونی ڕێژەیی ئەم بیرۆکەیە، پرسیارێك دێتە پێش، ئەگەر ئەم حیزبانە پێکەوە تەبا بایەن بڵێی پێویست بەم چەشنە هەوڵانە بایە؟ ئێستاکە ئەم حیزبانە پێکەوە تەبا نین و ئەرکی مێژوویی خۆیان بەجێ ناهێنن؛ ئایا ئەوە ئەرکی سەرشانی کەسایەتییەکان نییە کە هاندەری ئەوان بۆ گەیشتن بە هاودەنگی و پێداگری لەسەر ئەم ئەرکە مێژوویی و پیرۆزە بن؟!

ژووەنی ٢٠١٥

# بەربەستەکانی پێکهێنانی بەرە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لەمەڕ گرنگیی بەرەی یەکگرتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو هۆکارانەی کە بوونە بەربەست بۆ پێکهێنانی بەرە؛ "**ڕۆژهەڵات نیووز**" چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بەڕێز د. کامران ئەمین‌ئاوە ئەنجام داوە کە ئەمە دەقی چاوپێکەوتنەکەیە.

د. کامران ئەمین‌ئاوە لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٩٦٣ی زایینی، لە شاری بۆکان لە دایك بووە، تا پلەی دوازدەی لە شارەکانی بۆکان و تەورێز خوێندووە و لە ساڵی ١٩٩٥ی زایینی (١٣٧٤ی هەتاوی) دیپلۆمی پزیشکی لە مینسك پایتەختی ڕووسیەی سپی واتە بلاڕووس وەرگرتووە. ئێستاش لە ئاڵمان کاری پزیشکی دەکا و پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناوە. لە بواری پزیشکی و سیاسی-کۆمەڵایەتیدا چەندین کتێب و بابەتی جۆراوجۆری بە کوردی و فارسی نووسیوە یاخود وەرگێڕاوەتەوە.

**ڕۆژهەڵات نیووز:** بەڕای بەڕێزتان پێکهێنانی بەرەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆقوناغی ئێستا تا چەندە گرنگە؟

**د.کامران:** لەمێژە کۆمەڵگەی ئێمە پێویستی بە پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی کورد هەیە، بەڵام بە هۆگەلی جۆراوجۆر وەکوو پاوانخوازی، سەروەریی بەرژوەندیی تاکە کەسی و تاکە حیزبی، قەیرانی سیاسی و ڕێکخراوەیی و لێکدابڕانی بێ‌پسانەوەی نێو ڕیزەکانی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان، هەروەها نزمبوونی ئاستی فەرهەنگی کاری سیاسیی هاوبەش لە چەشنی بەرە، تا ئێستا پێکهاتەیەکی وەها لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێك نەهاتووە و ڕێکخراوەکان نەیانتوانیوە، لە دەوری چەند خاڵێك کۆببنەوە و کاری هاوبەش بکەن. سەرەڕای ئەوانەش ئەم پێداویستییە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە:

- ڕۆژهەڵاتی کوردستان قۆناغی تاك حیزبی تێپەڕ کردووە و، بەپێی بوونی ڕێکخراوە و بیروڕای جۆراوجۆر هیچ حیزبێك بەتەنیایی ناتوانێ کاریگەریی سەتاوسەتی بۆ وەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی کورد واتە مافی چارەی خۆنووسین هەبێ.

- حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بە پێکهێنانی بەرەی ئاشکرا و شاراوە لە تەواوی توانای خۆی بۆ پەراوێزخستنی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زەبر لێدان لەوان و لاوازکردنی بزووتنەوەی کورد کەلك وەردەگرێ، کەواتە دەبێ نوێنەرانی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵاتیش لە تەواوی بوارەکاندا هێز و توانای خۆیان وەپاڵ یەك بخەن، بۆ پووچەڵ کردنی پیلانەکانی دوژمنی هاوبەش و بەهێزتر کردنی بزووتنەوەی کورد تێبکۆشن.

- ئێمە پێویستیمان بە بەجیهانی کردنی کێشەی کورد و کۆکردنەوەی هاودەنگی و پشتیوانیی بیروڕای گشتی، پارلمانی ئورووپا و ئەمریکا و هتد هەیە. تا کاتێك ئێمە هاودەنگ نەبین ناتوانین ڕای ئەوان بەرەو خۆمان ڕابکێشین. لە บارودۆخی ئێستادا فاکتۆری دەرەکی، کاریگەرییەکی زۆری لە بەهێزکردنی بزووتنەوە نێوخۆییەکان و، هەروەها لە پەراوێزخستنی حکوومەتی ئیسلامیی ئێراندا هەیە.

- پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی کورد تەنانەت لە ئاستی نێوخۆیی [کوردستان] دەبێتە هۆی قورسایی و بەهێزتر کردنی کوردی ڕۆژهەڵات. لێکدابڕان و دوورکەوتنی حیزب و کەسایەتییەکانی ئێمە بۆتە هۆی ئەوەی کە تەنانەت دۆستانی خۆشمان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بایەخێکی وەها بە ئێمە نەدەن. هەڵسوکەوتی حیزبەکانی باشوور و باکوور لە کاتی ئامادەکاریی بەرەی یەکگرتووی کورد یاخود شێوەی پێوەندیی ئەوان

لەگەڵ حکوومەتی ئێران و لەبەرچاو نەگرتنی بەرژوەندییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاکامی ئەو وەزعەیە کە ئێمە تێیدا قەتیس ماوینەتەوە.

**ڕۆژهەڵات نیووز**: هەموو لایەنە ڕۆژهەڵاتییەکان بەگرنگییەوە باسی بەرە دەکەن، ئەمەش تەنیا قسە بووە و بە شێوەی عەمەلی هەنگاوی بۆ نەنراوە، ئایا ئەمە پارادۆکس نییە لە نێوان قسە و کردەودا؟

**د.کامران**: ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە. بەداخەوە سەرەڕای ئەوەی کە جاروبار لایەنە سیاسییەکانی ئێمە لە قسە و باسەکانی خۆیاندا، باسی پێکهێنانی بەرە و کاری هاوبەش دەکەن تا ئێستا کارێکی جیددییان لەم ڕەوتەدا نەکردووە. تەنانەت ڕێکەوتنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە هۆگەلێك نەتەنیا نەیتوانیوە فاکتۆرێك بۆ کاری هاوبەش و ڕێخۆشکەرییەك بۆ کۆکردنەوەی لایەنەکانی دیکەی کوردستانی بێ، بەڵکوو تا ڕادەیەك گومانی لەسەر پاوانخوازیی ئەم دوولایەنە زۆرتریش کرد و لە ئاستی هێزەکانی ئێرانیشدا کاردانەوەیەکی ئەرێنیی نەبوو.

**ڕۆژهەڵات نیووز**: ئایا جیابوونەوەی لایەنە سیاسییەکان بەربەستێکی سەرەکی نییە، لە پێکهێنانی بەرە و پێکهێنانی دوو بەرە بۆ ڕۆژهەڵات؟

**د.کامران**: ئەوە یەکێك لە کۆسپەکانی پێکهاتنی بەرەیە. کاتێك حیزبە کوردستانییەکان تووشی قەیرانی سیاسی و تەشکیلاتی بن و، توانایی چارەسەرکردنی کێشە نێوخۆییەکانیان نەبێ، بێگومان ناتوانن لە ئاستێکی بەرزتر بۆ کاری هاوبەش لەگەڵ هێزەکانی دیکە هەنگاوی پێویست هەڵێنن. بەشێکی زۆر لەوان هەر بەدەوری خۆیاندا دەخولێنەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ بەهۆی ناکۆکیی نێوخۆیی کە بەشێکی زۆرتر لەوەی کە هۆگەلی سیاسی-بیروباوەڕی واتە ئیدئۆلۆژیکی بێ، هۆی کێشەی تاکەکەسی و دەسەڵاتی هەیە. باشترین کادرەکانی خۆیان لەدەس دەدەن، جا چ بە دەرکردن بێ و چ بەهۆی جیابوونەوەی خودی ئەم کەسانە.

ڕۆژهەڵات نیووز: تاچەندە لایەنەکان گرنگی بە بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدەن، بۆ پێکهێنانی بەرە؛ یا نا ئێوە هەر پێتان وایە بەرژەوەندیی حیزبی زاڵترە؟

**د.کامران**: هیچ گومانێك لەوەیدا نییە کە تەواوی ئەو هێزانە دڵسۆزی گەلەکەیانن و لەم ڕەوتەدا ئامادەی هەرچەشنە فیداکارییەکن. بەڵام زۆرجار، کاتێك ڕێکخراوەیەك بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە تاراوگە جێگیر دەبێ و پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ئۆرگانیکی لەگەڵ خەڵك و کۆمەڵگەی خۆی نابێ، بەهۆی جۆراوجۆر تووشی قەیرانی سیاسی-ڕێکخراوەیی نێوخۆیی دەبێ و؛ لە ئاکامدا بەرژوەندیی تاکەکەسی و حیزبی جێگای بەرژوەندیی نەتەوەیی دەگرێتەوە. بەداخەوە ئەم نەخۆشییە لەمێژە داوێنی بەشێك لە حیزب و کەسایەتییەکانی ئێمەی گرتۆتەوە و کۆسپێکی گەورەیە لەسەر ڕێگای پێکهێنانی بەرە یان هەرچەشنە هاوپەیمانییەك.

**ڕۆژهەڵات نیووز**: ئایا دەستی دەرەکی، کاریگەری نییە لە پێکهێنانی بەرە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

**د.کامران**: من زۆرتر لەوەی کە دەستی دەرەکی لێرەدا وەکوو فاکتۆرێك بۆ پێکهێنان یاخود پێکنەهێنانی بەرە لەبەرچاو بگرم **[**هەرچەند دەتوانێ بێ‌کاریگەریش نەبێ**]** هۆی نێوخۆیی گرینگتر دەزانم. دەنا بوون لە تاراوگە و نیازی ئابووری و پێوەندی لەگەڵ لایەنێکی دەرەکی و لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندیی ئەوان دەتوانێ کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنیی لەم ڕەوتەدا هەبێ.

**ڕۆژهەڵات نیووز**: ئایا ڕێکەوتنی دووقۆڵی کۆمەڵە و دێموکرات و بەشدار نەکردنی لایەنەکانی دیکە، کاریگەریی نێگەتیڤی نییە لەسەر پێکهێنانی بەرەی یەکگرتوو لە ڕۆژهەڵات؟

**د.کامران:** هەروەکوو پێشتریش ئاماژەم کرد، بەداخەوە ئەم ڕێکەوتنە نەتەنیا نەیتوانی لە بواری سیاسی و ڕێکخراوەییدا ببێتە هۆی کارێکی جیددی لە نێوان ئەم دوو هێزەدا، بەڵکوو تا ڕادەیەك کاردانەوەیەکی نەرێنیشی بوو. پێشاوپێش دەمەوێ ئاماژە بەم مەسەلەیە بکەم کە؛ "پێکهێنانی هەر ڕێکەوتنێك لە نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شتێکی باش و پیرۆز دەزانم و، یەك لەوان ئەم ڕێکەوتنەی نێوان حیزبی دێموکرات کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانە." بەڵام ئەم ڕێکەوتنە نەیتوانی ئەو ئەرکانەی کە لە پێش خۆی دانابوو بەجێ بێنێ. ئێمە لەم ماوەیەدا بێجگە لە چەند دانیشتنێك یاخود نووسینی یەك یان دوو بەیاننامە، شتێکی وەهامان لەوان نەدیوە. لە لایەکی دیکەوە زۆربەی ڕێکخراوە کوردستانییەکان بە گومانەوە سەیری ئەم ڕێکەوتنەیان کرد و پێشوازیان لێ نەکرد. ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر ئەم مەسەلەیە کە "واهاتە بەرچاو" کە ئەو دوو باڵەی کۆمەڵە و دێموکرات دەیانەوێ ڕوو بە لایەنگرەکانیان، خۆیان وەکوو نوێنەری سەرەکی و ڕاستەقینەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بناسێنن و حیزبەکانی دیکە بخەنە پەراوێزەوە. ئەمەش نەیدەتوانی لە لایەن حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتەوە پێشوازی لێ بکرێ، هەر چەند لایەنە ئێرانییەکانیش کە وا دەهاتە بەرچاو دۆستی ئەم دوو بەشەی کۆمەڵە و دێموکرات بن، نە تەنیا پێشوازییان لێ نەکرد بەڵکوو بەهۆی خوو و بیروباوەڕی پانئێرانیستییان هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەریان و بە جیاییخوازی تاوانباریان کردن. ئەوەش نیشاندەری ئەم ڕاستییە بوو و هەیە کە هێزە پاوانخوازە ئێرانییەکان کە هەموو شتێك لە ڕوانگەی یەکیەتیی ئەرزیی ئێرانەوە هەڵدەسەنگێنن لە باشترین حاڵەتدا کورد وەکوو "مرزبان سلحشور" بۆ پاراستنی سنوورەکانی ئێران لەبەرچاو دەگرن، هەرچەشنە ویستێك کە لە بەرژوەندیی ئەواندا نەبێ بە جیاییخوازی پێناسە دەکەن و، یەکدەست و یەکدەنگ لەبەرامبەریدا ڕادەوەستن و بەرەیەك لە ڕاستی مەشرووتەخواز و شاپەرستەکان هەتا چەپە شەرمەزارەکانی دوێنێ و کۆماریخوازە ئەمڕۆییەکان و هتد دژبەوان پێك دێنن. لێرەشدا ئەم مەسەلەیە پێمان دەسەلمێنێ کە ئێمە پێویستیمان بە پێکهێنانی بەرەیەکی بەرفراوان لە هێز و

کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، هەتا بە یەکدەنگی و هاوپشتی بۆ گەیشتن بە مافی خۆیان هەوڵ بدەن. ئەگەر ئێمە لە ئێستاوە تەمرینی کاری هاوبەش نەکەین و خۆمان بۆ ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی ئێران ئامادە نەکەین بێگومان ناتوانین کاریگەری و ڕۆڵێکی باش و بەکەلکمان لە ڕەوتی چارەنووسی داهاتووی گەلەکەمان بێ و، هەنگاوی کارا و پێویستی بۆ هەڵێنینەوە.

**ڕۆژهەڵات نیووز**: ئایا کۆمەڵە و دێموکرات وەك دوو هێزی سەرەکیی ڕۆژهەڵات، بەربەستی سەرەکیی نین لە پێکهێنانی بەرە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

**د.کامران**: من پێم وایە دەتوانین بە چەشنێکی تر ئەم پرسیارە گەڵاڵە بکەین، بڵێی بەبێ کۆمەڵە و دێموکراتەکان بکرێ بەرەیەك پێك بێ؟ بە باوەڕی من نا! کۆمەڵە و دێموکراتەکان بە تەواوی باڵەکانیانەوە سەرەڕای لێکدابڕان و پێکهاتنی چەندین حیزبی دیکە، ئێستاش هێزی سەرەکی و مێژینەی کوردی ڕۆژهەڵات و کۆڵەکەی هەرچەشنە بەرە و هاوپەیمانییەکن. بێ ئەوان ناکرێ باسی پێکهێنانی بەرە بکرێ، بەڵام نەبوونی هاودەنگیی نێو باڵەکانی کۆمەڵە و دێموکرات و ئامادە نەبوونیان بۆ کاری هاوبەش، کۆسپێکی سەرەکی لەسەر ئەم ڕێگایەدایە. تا کاتێك ئەم لایەنانە بەو قەناعەتە نەگەن کە پێکەوە کاری هاوبەش بکەن، ئێمە هیچ دەسکەوتێکمان نابێ و پێم وانییە بەم ئاسانییە بەرەیەك پێك بێ.

**ڕۆژهەڵات نیووز**: چۆن دەڕواننە داهاتووی پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

**د.کامران**: زۆرجار ئیجبار مەجبوورمان دەکا کارێك بکەین کە لەوە پێش نەمانکردووە یان پێمان خۆش نەبووە بیکەین. من پێم وایە ئەگەر لۆژیکێك لە ژیانی سیاسیی ئێمەی کورد بێ، ڕاستییەکانی ژیان درەنگ یان زوو ناچارمان دەکا لە دەوری چەند خاڵی هاوبەش کۆ بینەوە و پێکهاتە یان بەرەیەك پێك بێنین. ئەو هاوپێمانییە دەتوانێ لە ئاست چەند حیزب یاخود زۆرتر، هەروەها بە مەبەستی

جۆراوجۆر بێ. من ناکرێ بڵێم بە تەواوی گەشبینم بەڵام سەرەڕای ئەو کەم و کووڕییانە کە باس کرا ڕەشبینیش نیم.

ژووەنی ٢٠١٥

# حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کێشەی پێکهێنانی بەرە

لە ماوەی ڕابردوودا ژمارەیەك هەڵسووڕاوی سیاسی و مەدەنی لە بەیاننامەیەکدا داوایان لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد، هەتا بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ. یەکێك لە واژۆکارانی ئەو بەیاننامەیە نووسەر و ڕووناکبیر "د. کامران ئەمین‌ئاوە"یە. زاگرۆس پۆست بە پێویستی زانی سەبارەت بە پرسی پێکنەهاتنی بەرە و گرنگیی ئەم پرسە ئەم دیمانەیە لەگەڵ د. کامران ڕێك بخا.

**زاگرۆس پۆست**: کاریگەرییەکان لە بوون یاخود نەبوونی بەرەیەك بۆ کاری هاوبەشی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بارودۆخی ئێستای کوردستان و ناوچەکە چۆن دەبینی؟

**د.کامران**: بەپێی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە بە خێراییەکی بێ‌وێنە لە یەك دوو ساڵی ڕابردوودا، لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەتی پاش هێرشی داعش بۆ باشوور و ڕۆژاوای کوردستان و، بەرەنگاریی بێ‌وێنەی کوردەکانی ئەو دوو بەشە و هاوکاری و پشتیوانیی کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان لەم ڕەوتەدا کراوە، هەروەها سەرکەوتنی ئەم دواییەی هـ.د.پ لە هەڵبژاردنی پارلمانی تورکیە، بە جیهانی بوونی کێشەی کورد و ڕەنگدانەوەی ڕەچاونەکراوی خەباتی گەلی کورد لە مێدیا و بیروڕای گشتی، دەوڵەتەکان و پارلمانی ئورووپا و ئەمریکا و بووژانەوە و بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێداویستیی پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی هێزە سیاسی و مەدەنییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زۆرتر لە هەر کاتێکی دیکە وەکوو ئەرکێکی گرینگ خۆی دەنوێنێ. ئەگەر ئێمە سەیری کاردانەوەی هێرشی داعش بۆ کوردستان و خۆپیشاندانەکان و پشتیوانیی بێ‌وێنەی مادی و مەعنەویی کوردەکانی نێوخۆی وڵات لە ئیلامەوە هەتا کوردەکانی

دانیشتووی تاران، هەروەها شەپۆلی بەردەوامی لەسێدارە دانی کوردەکان و خۆپیشاندانی خوێناویی مانگی بانەمەڕی ئەمساڵی شاری مەهاباد و گیانبەختکردنی ئاکام تەلاج و گیرانی دەیان ڕۆڵەی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتی بکەین، دەبینین هەست و ئاگایی نەتەوەیی لە ئاستێکی فرە بەرزدایە و پێویستە بۆ بەهێزکردن و پەرەسەندنی ئەم هەست و جوولانەوەیە، هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناوی بەرژەوەندیی نەتەوەییدا هەنگاوی پێویست بۆ پێکهێنانی بەرە یاخود هەرچەشنە هاوپەیمانییەك هەڵێنن و، لەسەر خاڵە هاوبەشەکانیان کە کەمیش نین یەك کەون و هێزەکانیان بخەنە پاڵ یەکتر. بێ‌گومان پێکهاتنی هەرچەشنە بەرەیەکی بەرفراوان نەتەنیا کاریگەرییەکی بەرچاوی لە ئاستی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات دەبێ، بەڵکوو دەتوانێ کاردانەوەی ئەرێنیشی لە گشت کوردستان و جیهان ببێ و بە یەکدەنگی و بە هەبوونی پلاتفۆرمێکی هاوبەش سەرنجی زۆربەی وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکا بۆ کێشەی کورد لە ئێران ڕابکێشێ. تا کاتێك هێزەکانی ئێمە ئاوا لەیەك دابڕاو و دوور بن و ئامادەی هاوکاری کردنی یەکتر نەبن، نابێ چاوەڕێی ئەوەی بین کە نەتەنیا لە ئاستی جیهانی بەڵکوو لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستان و، هەڵسوکەوتی ئەوان و هێز و لایەنەکانی باشوور و باکوور کە بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان، پێوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ حکوومەتی ئیسلامیی ئێران هەیە؛ بایەخێکی شیاو و ئەوتۆ بە کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەن. بەداخەوە ئێمە لەم یەك دوو ساڵەی ڕابرووددا زۆرجار شاهیدی سوکایەتی کردنی بەشێك لە ڕێبەران و مێدیای کوردی، لە باشووری کوردستان بە حیزب و جوولانەوەی کوردی ڕۆژهەڵات بووین تا ئەو ڕادەیەی کە، کاتێك لە زۆرینەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکی کورد بە چەشنێکی جەماوەری لەسەر شەقامەکان بوون و دەکەوتنە بەر زەبر و هێرشی هێزەکانی سەرکوتکەری حکوومەتی ئیسلامی و، سەرەڕای تەواوی بەربەستەکانی دەسەڵاتداران و سەرکوتکەرانی حکوومەتی تاران یارمەتی بەرچاویان بۆ قوربانییەکانی شنگاڵ و کۆبانی کۆ دەکردەوە، لە کاتێکدا مانگێ نەبووە ئێمە شاهیدی شەپۆلی لەسێدارە دان و گرتنی ڕۆڵەکانی کورد نەبین،

لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن باسیان لە نەبوونی بزووتنەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان دەکرد. ئەم چەشنە هەڵسوکەوتانە کاریگەرییەکی نەرێنی لەنێو بیروڕای گشتیی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە و دەبێ و، ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ئێمە یەکگرتوو نین و زۆرتر لەوەی کە سەرقاڵی ڕێکخستنی هێز و توانایی خۆمان بۆ خەباتی دژبە حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بین، سەرقاڵی تاوانبارکردنی یەکتر و دابڕان و دوورکەوتنەوە لە یەکترین.

لێرەدا دەکرێ بەشێك لە کاریگەرییەکانی پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەم چەشنە گەڵاڵە بکردرێ:

- پێکهێنانی هەرچەشنە بەرەیەك دەبێتە هۆی بەهێزترکردنی هەستی نەتەوایەتی و بەرزکردنەوەی ئاستی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یاریدەدری مادی و مەعنەوی بە بزووتنەوەی مەدەنی و سیاسیی کوردەکانی نێوخۆی وڵات دەدا.
- پێکهێنانی بەرە دەبێتە هۆی ڕاهاتن و کارامەیی حیزب و کەسایەتییەکانی ئێمە لە کاری هاوبەش، خۆڕێکخستن و ئامادەکردنی ئێمە وەکوو هێزێکی یەکگرتوو لە بەرامبەر هەرچەشنە ئاڵوگۆڕێکی کوتوپڕ لە ئێران، هەبوونی هەڵوێستی هاوبەش لە بەرامبەر تاران بۆ وەدیهێنانی مافی خۆچارەنووسی کورد و هەروەها بەرگری لە هەر چەشنە ناکۆکی، چەندبەرەکی و تەنانەت شەڕی نێوخۆیی کە دەتوانن هۆی لاوازکردنی بەرەی کورد و بەهێزکردنی هێزەکانی دژبە کورد بن.
- پێکهێنانی بەرە دەبێتە هۆی قورسایی حیزب و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەرچەشنە هاوپەیمانییەك لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات، هەروەها لە پێوەندی لەگەڵ

بەشەكانی دیكەی كوردستان و بەتایبەتی لە ڕەوتی پێكهێنانی كۆنگرەی نەتەوەیی كورد و هتد.

- پێكهێنانی بەرە پێشگیری لە سەركەوتنی پیلانەكانی حكوومەتی ئیسلامی بۆ دووبەرەكی خستنە نێو حیزبەكانی كوردستانی دەكا و، كاتێك پێویست بە هەر چەشنە دانیشتن و دانوستانێك لەگەڵ هەر حكوومەتێك بۆ وەدیهێنانی ویستەكانی گەلی كورد لە ئێران بێ، كوردی ڕۆژهەڵات بە یەكدەنگی و پلاتفۆرمی هاوبەش دەتوانێ ڕۆڵێكی بەرچاو لەم ڕەوتەدا بگێڕێ.
- لە ئاستی جیهانیشدا بەرەی یەكگرتووی كوردی ڕۆژهەڵات بە پێكهێنانی لۆبی یا هەر چەشنە نوێنەرایەتییەك لە دەرەوەی وڵات دەتوانێ ڕۆڵێكی بەرچاو بۆ وەدەسهێنانی پشتیوانیی مادی و مەعنەوی دەوڵەتەكان و بیروڕای گشتی و هتد بگێڕێ.

**زاگرۆس پۆست**: دروستكردنی بەرە لەنێو حیزبەكانی ڕۆژهەڵات بابەتێكی تازە نییە و سەرەڕای هەوڵ و دروشمێكی زۆر تا ئێستا هەر لە چوارچێوەی ئەو دروشمانەدا ماوەتەوە و بەكردار دەرنەهاتووە. هۆكارەكەی لەچیدا دەبینن؟

**د.كامران**: لەوەدەچێ پێكنەهاتنی بەرە دوو هۆكاری سەرەكی هەبێ:

**یەكەم**؛ نزمبونی فەرهەنگی كاری هاوبەش، لەنێو هێزە كوردستانییەكان بەتایبەتی و هێزە ئێرانییەكان بەگشتی. ئەگەر ئێمە ئاوڕێك لە مێژووی خۆمان لە چوارچێوەی ئێراندا بدەینەوە، دەبینین نە تەنیا لەنێو ئێمەی كورددا، بەڵكوو لە ئاستی ئێرانیشدا فەرهەنگی كاری هاوبەش لەنێو هێزە سیاسییەكاندا لە ئاستێكی زۆر نزمدایە. لە سەرەتای دەیەی **٢٠**ی هەتاوی هەتا ئێستا چەند بەناو بەرەیەكی ئێرانی پێكهاتووە، كە زۆرتر لە ئاستی نووسینی ڕێكەوتننامە بووە یان بەهۆی هێژمۆنی لایەنێك، قەتیس ماوەتەوە و ڕەنگدانەوەیەكی بەهێزی لە ژیانی سیاسیی خەڵكی ئێران لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات نەبووە، بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە "بەرەی یەكگرتووی حیزبە

پێشكەوتنخوازەكانی ئێران" لە ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی لە نێوان حیزبی ئێران، حیزبی توودەی ئێران، حیزبی دێموكراتی كوردستان، فرقەی دێموكراتی ئازەربایجان، حیزبی سۆسیالیست و حیزبی جەنگەڵ؛ پێكهاتنی "شورای ملی مقاومت" (١٣٦٠ی هەتاوی) كە بەهۆی پاوانخوازیی موجاهیدین زۆرتر لەوەی كە بەرەیەك بێ، ڕێكخراوەی سیاسیی ئەوان لە دەرەوەی وڵات بۆ كار و باری دیپلۆماسی و هتدیان بووە، هەروەها "كۆنگرەی نەتەوەكانی ئێران" (١٣٨٤ی هەتاوی) و "سازمانی كۆماریخوازەكانی ئێران" (١٣٩٠ی هەتاوی) بكەین. ئەم حاڵەتە لەنێو حیزبە ڕۆژهەڵاتییەكاندا لەوەش لاوازترە. بۆ وێنە "شاندی نوێنەرایەتیی گەلی كورد" (١٣٥٨ی هەتاوی) بەهۆی ناتەبایی هێزە پێكهێنەرەكانی نەیتوانی بنەمایەك بۆ نزیككردنەوەی هێزە سیاسییەكانی كوردستان بێ. ڕێكەوتنی "حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران و كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران"یش (١٣٩١ی هەتاوی) نەتەنیا نەبوو بە بناغەیەك بۆ نزیككردنەوەی هێزە سیاسییەكانی دیكەی كوردستان، بەڵكوو نەیتوانی ئەو ئەركانەی كە بۆخۆی دیاری كردبوو بە جێی بێنێ و كار و چالاكییەكانی، لە چوارچێوەی نووسینی یەك دوو بەیاننامە و دانیشتن و سەردانی ئەم دوو حیزبە لە بنكەكانی یەكتر قەتیس مایەوە.

**دووهەم؛** دابڕانە بێپسانەوەكانی"كۆمەڵە و دێموكرات" لە دوو-سێ دەیەی ڕابردوو و پێكهاتنی چەندین ڕێكخراوە بە ناوی هاوڕێز، دەركردن و جیابوونەوە و بێمتمانەیی بەشێكی زۆر لە كادر و ئەندامەكانی ئەم ڕێكخراوانە، ڕەوتی نزیكبوونەوەی هێزە كوردستانییەكان؛ پێكهێنانی بەرەیان ئاڵۆزتر كردووە. كاتێك ئەم هێزانە لە نێوخۆیاندا تووشی قەیرانی ڕێكخراوەیی و ئیدئۆلۆژی بن و بەشێكیان نەیانەوێ تەنانەت هەبوون و ناوی یەكتر بە فەرمی پێناسە بكەن، بێگومان بۆیان ئاسان نییە كە هەنگاوی پێویست بۆ لەیەك نزیكبوونەوە هەڵێنن. لێرەدایە كە بەرژەوەندیی نەتەوەیی قوربانیی بەرژەوەندی و پاوانخوازیی حیزبی یاخود تاكەكەسی دەبێ. ئەمەش كاریگەریی نەرێنیی لەسەر ئەم ڕەوتە داناوە و دایدەنێ، هەرچەند بەشێك لەم ڕێكخراوانە

بەڕواڵەت باسی یەکگرتن و هتد دەکەن بەڵام لە کردەوەدا بەهۆی ناتەبایی نێوخۆیی بەربەستێکن لە ڕەوتی پێکهاتنی بەرە یان هەر چەشنە هاوپەیمانییەك.

**زاگرۆس پۆست**: هاوپەیمانی دوو حیزبی ڕۆژهەڵات، بۆ نموونە ئەمەی ئێستا لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستاندا هەیە، چ کاریگەرییەکی نێگەتیڤ یاخود پۆزێتیڤی هەیە؟ ئایا ڕێگا خۆشکەرە بۆ پێکهێنانی بەرە یا لەمپەرێکە لەبەردەم دروستکردنی بەرە یان چەترێکی هاوبەش بۆ کاری هاوبەشی حیزبەکاندا؟

**د.کامران**: بەداخەوە ئەم ڕێکەوتنە نە تەنیا نەیتوانی ببێتە ڕێخۆشکەرێك بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو، بەڵکوو تا ڕادەیەکی زۆر بوو بەهۆی دڕدۆنگی و دوورکردنەوەی زۆرتری هێزەکان لە یەکتر. ئەم ڕێکەوتنە لەلایەن زۆربەی ڕێکخراوە کوردستانییەکان و تەنانەت دۆستانی ئێرانیی خۆشیان پێشوازی لێ نەکرا و کەوتە بەر هێرشی پانئێرانیستەکانیش بە بیروباوەڕی جۆراوجۆرەوە، تا ئەو ڕادەیە کە ئەوانیان بە خەیانەت بە بەرژوەندی و تەواویەتی ئەرزیی ئێران و جیاییخوازیش تاوانبار کرد. زۆربەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێیان وابوو کە ئەم دوو باڵەی کۆمەڵە و دێموکرات دەیانەوێ ڕوو بە هێزە ئێرانییەکان، خۆیان وەك نوێنەری سەرەکی و ڕاستەقینەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بناسێنن و حیزبەکانی دیکە بخەنە پەراوێزەوە. ئەمەش نەیدەتوانی لە لایەن ئەوانەوە پێشوازی لێ بکرێ. لە لایەکی دیکەوە بەهۆی فرەحیزبی بوونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، بەتایبەتی بەهۆی هەبوونی چەندین ڕێکخراوە بە ناوی کۆمەڵە و دێموکرات لەوە ناچێ نەتەنیا هێزە کوردستانییەکان، بەڵکوو هێزە ئێرانییەکان و کۆمەڵانی خەڵکیش لەو باوەڕەدا بن کە ئەم دوو حیزبە بە تەنیایی دەتوانن نوێنەری بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات بن. ئەم دوو ڕێکخراوەیە سەرەڕای واژۆکردنی ئەم ڕێکەوتنامەیە تا ئێستا کارێکی جیددیی هاوبەشیان لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەکی نەکردوە و، زۆرتر سەرقاڵی کێشە نێوخۆییەکان بوون. لەم حاڵەتەدا لەوە ناچێ ئەم ڕێکەوتنە وەکوو هەنگاوێکی سەرکەوتوو پێناسە بکرێ

یاخود توانیبێتی چەترێك بێ بۆ نزیك‌کردنەوەی هێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**زاگرۆس پۆست**: وەك ئەزموونی باشووری کوردستان دەڵێ، دروستبوونی بەرە لەم بەشەی کوردستان بەبێ ڕێکەوتنی پارتی و یەکیەتی، وەك دوو حیزبی سەرەکیی باشوور دروست نەدەبوو، پێت وایە ئەم ئەزموونە دەبێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دووپات بێتەوە؟ ئەگەر وایە ئەو دوو لایەنە کێن؟

**د.کامران**: پێش هەموو شتێك ئێمە دەبێ ئەم ڕاستییە لەبەرچاو بگرین کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەراوەرد لەگەڵ باشووری کوردستان لەباری ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسی لە ئاستێکی دیکەدایە و سیستمی خێڵەکی، لەمێژە بە مێژوو سپێردراوە و گۆڕەپانی ململانێی دوو بنەماڵە یاخود خێڵ نییە، کە وابوو لەوە ناچێ کە ئەزموونی باشوور بتوانێ وانەیەك بۆ ئێمە لە ڕەوتی پێکهێنانی بەرەدا بێ. لەلایەکی دیکەوە لەم قۆناغەدا من پێم وانییە ئێمە وەکوو باشووری کوردستان دوو حیزبی سەرەکیمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێ. هەر وەکوو پێشتریش ئاماژەم کرد ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆتە کۆمەڵگەیەکی فرەحیزبی و قۆناغی یەك یان دوو حیزبی لەمێژە تێپەڕ کردووە، لە لایەکی دیکەش ئێمە ئەمڕۆ دوو حیزبی دێموکرات و پێنج کۆمەڵەمان هەیە. کام یەك لە دێموکراتەکان یاخود کۆمەڵەکان دەتوانن بیسەلمێنن کە هێزی سەرەکیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن؟ پێوەریان بۆ سەلماندنی ئەم مەسەلەیە چییە؟ ئایا بەپێی مێژووی ڕابردوو دەکرێ ڕاستییەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئاڵوگۆڕەکانی نێو ئەم دوو حیزبە و سەرهەڵدانی حیزب و ڕێکخراوە مەدەنی-فەرهەنگییەکانی دیکە لە نێوخۆ و دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشتگوێ بخرێ؟! بەڵام سەرەڕای ئەوەش ناکرێ ئێمە ئەو ڕاستییە لەبەرچاو نەگرین کە هیچ بەرەیەك لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبێ بەشداریی دێموکرات و کۆمەڵەکان ناتوانێ پێك بێ یاخود کاریگەری لەسەر ژیانی سیاسیی گەلی کورد هەبێ. ئەم دوو ڕەوتە سەرەڕای تەواوی ئاڵوگۆڕە سیاسی و ڕێکخراوەییەکانی خۆیان لە دوو دەیەی

ڕابردوودا، ئێستاش بەشێکی بەهێز لە بیر و ڕەوانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات پێك دێنن و؛ کاریگەریی چارەنووس‌سازیان لە داهاتووی ژیانی سیاسیی کورددا دەبێ.

**زاگرۆس پۆست**: ڕۆڵ و ئەرکی ڕووناکبیران و هەڵسووڕە سیاسییە سەربەخۆکان لەم پرسەدا چۆن دەبینن؟ ئایا ئەو توێژە دەتوانن ڕۆڵی ئەهرۆمی فشار بگێڕن بۆ پێکهێنانی بەرە؟

**د.کامران**: زۆربەی ڕووناکبیران و هەڵسووڕە سیاسییە سەربەخۆکان، چ لە نێوخۆی وڵات و چ لە تاراوگەدا بە دڵسۆزی و بەرپرسایەتییەوە دەڕواننە ئەم مەسەلەیە. هەر وەکوو بۆخۆشتان ئاگادارن لەم دواییانەدا داواکارییەك لە لایەن ٨٠ کەس لە هەڵسووڕانی سەربەخۆی سیاسی-مەدەنییەوە ئاراستەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا و، بە خۆشییەوە ڕەنگدانەوەیەکی باشی لەسەر ماڵپەرەکانی بەشێك لەم حیزبانە بوو و بە چەشنی جۆراوجۆر پێشوازی لێکرا. بەڵام ئەمە هەنگاوێکی سەرەتاییە و پێویستە کەسایەتییە سەربەخۆکان، هەوڵی خۆیان بە چەشنی جۆراوجۆر بۆ هاندانی حیزبەکان بۆ پیکهێنانی بەرە و کاری هاوبەش بدەن. بێ‌گومان بەهۆی ئەو خاڵانەی کە پێشتر باس کران ئەمە کارێکی هاسان نییە، بەڵام بەرپرسایەتی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئەو پێداویستییە دەخاتە بەردەم تەواوی حیزب و کەسایەتییە سەربەخۆکان. ئەمڕۆ بەپێی گەشەسەندنی زانست و تێکنیك؛ هەبوونی تەلەڤزیۆنە کوردستانییەکان، تۆڕی ئینتێرنێت و ماڵپەڕی جۆراوجۆر و تۆڕی فەیسبووك و هتد پێوندی گرتن لەگەڵ یەکتر زۆر هاسانتر بۆتەوە و دەکرێ بە نووسینی بابەتی جۆراوجۆر، گرتنی سمینار و کۆبوونەوە و بڵاوکردنیان لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت و تەلەڤزیۆنەکان گوشار بخرێتە سەر حیزبەکان، بەڵام کاردانەوەی ئەم کارە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا چ ڕادەیەك ڕێز لە ویستی کۆمەڵانی خەڵك و کەسایەتییەکانی دەگرن و بایەخ بە بیروڕای ئەوان دەدەن.

جوولای ٢٠١٥

## گرینگی بەرەی کوردستانی و کاری هاوبەش

**بۆچی لە پاش ٣٧ ساڵ دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی ئێران، پارت و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەوڵ نادەن هێز و توانای سیاسی و نیزامیی خۆیان لە چوارچێوەی بەرەیەکی سیاسی یەکگرتوودا بەکار بێنن؟ لەمپەرەکانی بەردەم پێکنەهاتنی ئەو بەرە یان هاودەنگییە سیاسییە چییە؟ چۆن دەکرێ لایەنە سیاسییەکان لە دەوری یەك پلاتفۆرمی هاوبەش کۆ ببنەوە و خەباتێکی هاوبەشی سیاسی و نیزامی لەدژی کۆماری ئیسلامی بکەن؟ ماڵپەڕی ڕۆژی کورد لە پێناو لێك نزیککردنەوەی هێز و لایەنەکان و لێك تێگەیشتنیان لەسەر پرس و بابەتی پەیوەندیدار بە پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستان ئەم دۆسیەی کردۆتەوە و ڕای ئەندامانی ڕێبەریی حیزبەکان و هەروەها کەسایەتییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و شرۆڤەکارانی سیاسی وەرگرتووە.**

بەڕێز دوکتور کامران ئەمین ئاوە چاودێری سیاسی وەڵامی پرسیارەکانی رۆژی کورد دەداتەوە.

### گرینگی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی بۆ کۆردستانی ڕۆژهەڵات لە چی دایە و زەروورەتەکانی پێکهێنانی ئەم بەرەیە چین؟

بە پێی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە بە خێراییەکی بێوێنە لە یەك دوو ساڵی ڕابردوو لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتیی پاش هێرشی داعش بۆ باشور و ڕۆژئاوای کوردستان و بەرەنگاریی بێ وێنەی کوردەکانی ئەو دوو بەشەو

هاوکاریی و پشتیوانی کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان لەم ڕەوتەدا کراوە، هەروەها سەرکەوتنی ئەم دواییەی  ها. د. پ لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکییە، بە جیهانی بوونی کێشەی کورد و ڕەنگدانەوەی ڕەچاونەکراوی خەباتی گەلی کورد لە میدیاو بیروڕای گشتیی، دەوڵەتەکان و پەرلمانی ئەورووپا و ئەمریکا و بووژانەوەو بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێداویستیی پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی هێزەکانی سیاسیی و مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرتر لە هەر کاتێکی دیکە وەکو ئەرکێکی گرینگ خۆیٚ دەنوێنیٚ. ئەگەر ئێمە سەیری کاردانەوەی هێرشی داعش بۆ کوردستان و خۆپیشاندانەکان و پشتیوانی بێوێنەی مادی و مەعنەویی کوردەکانی نیوخۆی وڵات لە ئیلامەوە هەتا کوردەکانی دانیشتووی تاران، هەروەها شەپۆلی بەردەوامی لەسێدارەدانی کوردەکان و خۆپیشاندانی خوێناویی مانگی بانەمەڕی ئەمسالی شاری مهاباد و گیانبەختکردنی تەلاج و گیرانی دەیان ڕۆڵەی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتیی بکەیٚن، دەبینین هەستو ئاگایی نەتەوەیی لە ئاستێکی فرە بەرزەو پێویستە بۆ بە هێزکردن و پەرەسەندنی ئەم هەست و جوڵانەوەیە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناوی بەرژەوەندیی نەتەوەییدا هەنگاوی پێویست بۆ پێکهێنانی بەرە یاخود هەرچەشنە هاوپێمانییەك هەڵێنن و لە سەر خاڵە هاوبەشەکانیان کە کەمیش نین یەك کەون و هێزەکانیان بخەنە پاڵ یەکتر. بێگومان پێکهاتنی هەرچەشنە بەرەیەکی بەرفراوان نەتەنیا کاریگەرییەکی بەرچاوی لە ئاستی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات دەبیٚ، بەڵکوو دەتوانیٚ کاردانەوەی ئەرێنیشی لە گشت کوردستان و جیهان بیٚ و بە یەکدەنگی و بە هەبوونی پلاتفۆرمێکی هاوبەش سەرنجی زۆربەی وڵاتانی ئەورووپی و ئەمریکا بۆ کێشەی کورد لە ئێران ڕابکێشیٚ. تا کاتێك هێزەکانی ئێمە ئاوا لەیەك دابڕاو و دوور بن و ئامادەی هاوکاریی

پێکەوە نەبن، نابێ چاوەڕێی ئەوەی بین کە نەتەنیا لە ئاستیی جیهانی بەڵکوو لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستان و هەڵسوکەوتی ئەوان و و هێزو لایەنەکانی باشور و باکوور کە بە پێێ بەرژەوەندیی خۆیان پێوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ حکومەتی ئیسلامیی ئێران هەیە بایەخێکی شیاو و ئەوتۆ بە کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەن. بە داخەوە ئێمە لەم یەك دوو ساڵی ڕابروودا زۆرجار شاهیدی سوکایەتیکردنی بەشێك لە ڕێبەرانو میدیای کوردیی لە باشوری کوردستان بە حیزب و جولانەوەی کوردی ڕۆژهەڵات بووین تا ئەو ڕادەیەی کە، کاتێك لە زۆرینەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکی کورد بە چەشنێکی جەماوەریی لەسەر شەقامەکان بوون و دەکەوتنە بەر زەبر و هێرشی هێزەکانی سەرکوتکەری حکومەتی ئیسلامیی و سەرەرای تەواوی بەربەستەکانی دەسەلاتداران و سەرکوتکەرانی حکومەتی تاران یارمەتیی بەرچاویان بۆ قوربانییەکانی شەنگالو کۆبانی کۆدەکردەوە، لە کاتێکدا مانگێ نەبووە ئێمە شاهیدی شەپۆلی لەسێدارەدان و گرتنی ڕۆڵەکانی کورد نەبین، لەسەر شاشەی تلەویزیۆن باسیان لە نەبوونی بزووتنەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان دەکرد. ئەم چەشنە هەڵسوکەوتانە کاریگەرییەکی نەرێنیی لەنێو بیروڕای گشتیی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە و دەبێ و ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ئێمە یەکگرتوو نین و زۆرتر لەوەی کە سەرقاڵی ڕێکخستنی هێز و توانایی خۆمان بۆ خەباتی دژ بە حکومەتی ئیسلامی ئێران بین، سەرقاڵی تاوانبارکردن یەکترو دابڕان و دوورکەوتنەوە لەیەکترین.

لێرەدا دەکرێ بەشێك لە کاریگەرییەکانی پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەم چەشنە گەلاڵە بکرێ:

- پێکهێنانی هەرچەشنە بەرەیەك دەبێتە هۆی بەهێزترکردنی هەستی نەتەوایەتی و بەرزکردنەوەی ئاستی خەباتی گەڵی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یاریدەدری مادی و مەعنوویی بە بزووتنەوەی مەدەنیی و سیاسیی کوردەکانی نێوخۆی وڵات دەدا.
- پێکهێنانی بەرە دەبێتە هۆی ڕاهاتن و کارامەیی حیزب و کەسایەتییەکانی ئێمە لە کاری هاوبەش، خۆڕێکخستن و ئامادەکردنی ئێمە وەکو هێزێکی یەکگرتوو لەبەرامبەر هەرچەشنە ئاڵوگۆڕی لەنەکاو لە ئێران، هەبوونی هەڵوێستی هاوبەش لە بەرامبەر تاران بۆ وەدی هێنانی مافی خۆچارەنووسی کورد و بەرگریی لە هەر چەشنە ناکۆکیی، چەندبەرکیی و تەنانەت شەڕێ ناوخۆیی کە دەتوانن هۆی لاوازکردنی بەرەی کورد و بە هێزکردنی هێزەکانی دژبە کورد بن.
- پێکهێنانی بەرە دەبێتە هۆی قورسایەتیی حیزب و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەهەر چەشنە ئێتلاف و هاوپەیمانییەك لەگەڵ ئوپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات، هەروەها لە پەیوەندیی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان و بە تایبەتیی لە ڕەوتی پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد و هتد ....
- پێکهێنانی بەرە پێشگیری لە سەرکەوتنی پیلانەکانی حکومەتی ئیسلامی بۆ دووبەرەکی خستن لە نێو حیزبەکانی کوردستانی دەکات و کاتێك پێویست بە هەر چەشنە دانیشتن و دانووستانێك لەگەڵ هەر حکومەتێك بۆ وەدی هێنانی ویستەکانی گەڵی کورد لە ئێران بێ، کوردی ڕۆژهەڵات بە یەکدەنگی و پلاتفۆرمی هاوبەش دەتوانێ ڕۆڵێکی بەرچاو لەم ڕەوتەدا بگێڕێ.

- لە ئاستی جیهانیشدا بەرەی یەکگرتووی کوردی ڕۆژهەڵات بە پێکهێنانی لۆبی یا هەرچەشنە نوێنەرایەتییەك لە دەرەی وڵات دەتوانێ ڕۆڵێکی بەرچاو بۆ وەدەسهێنانی پشتیوانی مادی و مەعنوویی دەوڵەتەکان و بیرو رای گشتیی و هتد بگێڕێ.
- و هتد

## هۆکار، بەربەست و لەمپەرەکان لە بەردەم پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات چین؟

لەوەدەچێ پێکنەهاتنی بەرە دوو هۆکاری سەرەکیی بێ:

یەکەم، نزمبونی فەرهەنگی کاری هاوبەش لە نێو هێزەکانی کوردستانی بە تایبەتیی و هێزەکانی ئێرانی بە گشتیی. ئەگەر ئێمە ئاوڕێك لە مێژووی خۆمان لە چوارچێوەی ئێراندا بدەینەوە، دەبینین نەتەنیا لەنێو ئێمەی کورددا، بەڵکوو لە ئاستی ئێرانیشدا فەرهەنگی کاری هاوبەشیی لەنێو هیزە سیاسییەکاندا لە ئاستێکی زۆر نزمدایە. لە سەرەتای دەیەی ٢٠ی هەتاویی سەدەی پێشووە هەتا ئێستا چەند بە نێو بەرەیەکی ئێرانی پێکهاتووە کە زۆرتر لە ئاستی نووسینی ڕێکەوتننامە بووە یان بە هۆی هێژمۆنی لایەنێك، قەتیس ماوەتەوە و ڕەنگدانەوەیەکی بە هێزی لە ژیانی سیاسیی خەڵکی ئێران لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات نەبووە، بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە "بەرەی یەکگرتووی حیزبە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران" لەساڵی ١٣٢٥ی هەتاویی لە نێوان حیزبی ئێران، حیزبی توودەی ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستان، فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان، حیزبی سوسیالیست و حیزبی جەنگەڵ؛ پێکهاتنی "شورای میللی و مقاومەت" (١٣٦٠ی هەتاویی) کە بەهۆی پاوانخوازیی موجاهیدین زۆرتر

لەوەی کە بەرەیەك بێ، ڕێکخراوەی سیاسیی ئەوان لە دەرەوەی وڵات بۆ کارو باری دیپلماسی و هتد... یان بووە، هەروەها "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێران"(١٣٨٤ی هەتاویی) و "سازمانی کۆماریخوازەکانی ئێران" (١٣٩٠هەتاویی) بکەین. ئەم حاڵەتە لە نێو حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکاندا لەوەش لاوازترە. بۆ وێنە"شاندی نوێنەرایەتیی گەلی کورد" (١٣٥٨ی هەتاویی) بە هۆی ناتەبایی هێزەکانی پێکهێنەری نەیتوانی بنەمایەك بۆ نزیك‌کردنەوەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بێ. ڕێکەوتنی "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران"یش(١٣٩١ی هەتاویی) نە تەنیا نەبوو بە بناغەیەك بۆ نزیککردنەوەی هێزەکانی دیکەی سیاسیی کوردستان، بەڵکوو نەیتوانی ئەو ئەرکانەی کە بۆخۆی دیاریی کردبوو بە جێی بێنێ و کار و چالاکییەکانی لە چوارچێوەی نووسینی یەك دوو بەیاننامە و دانیشتن و سەردانی ئەم دوو حیزبە لە بنکەکانی یەکتر قەتیس مایەوە.

**دووهەم،** دابڕانەکانی بێ‌پسانەوەی"کۆمەڵە و دێموکرات" لە دوو سێ دەیەی ڕابردوو و پێکهاتنی چەندین ڕێکخراوە بە ناوی هاوڕێز، دەرکردن و جیابوونەوە و بێمتمانەیی بەشێکی زۆر لە کادر و ئەندامەکانی ئەم ڕێکخراوانە، ڕەوتی نزیکبوونەوەی هێزەکانی کوردستانی و پێکهێنانی بەرەیان ئاڵۆزتر کردوە. کاتێك ئەم هێزانە لە نێوخۆیاندا تووشی قەیرانی ڕێکخراوەیی و ئیدئۆلۆژیی بن و بەشێکەیان نەیانەوێ تەنانەت هەبوون و ناوی یەکتر بە فەرمی پێناسە بکەن، بێگومان بۆیان ئاسان نییە کە هەنگاوی پێویست بۆ لەیەك نزیکبوونەوە هەڵێنن. لێرەدایە کە بەرژەوەندیی نەتەوەیی قوربانیی بەرژوەندیی و پاوانخوازیی حیزبیی یاخود تاکەکەسیی دەبێ. ئەمەش کاریگەریی نەرێنیی

لەسەر ئەم ڕەوتە داناوە و دایدەنێ، هەرچەند بەشێك لەم ڕێکخراوانە بە ڕەواڵەت باسی یەکگرتن و هتد .. دەکەن بەڵام لە کردەوەدا بە هۆی ناتەبایی نێوخۆیی بەربەستێکن لە ڕەوتی پێکهاتنی بەرە یان هەر چەشنە هاوپێمانییەك.

**بەرەی کوردستانی بە چ مکانیزم و شێوەیەك پێك بێ کە هەموو لایەنەکان خۆیان تێدا ببینەوە؟**

پێویستە پێش هەموو شتێك لایەنە کوردوستانییەکان بەم قەناعەتە بگەن کە پێویستە پێکەوە کاری هاوبەش بکەن، یەکتری وەکو ڕاستییەکی هاشاهەڵنەگر قەبوڵ بکەن و ئەو مافەی کە بۆخۆیان ڕەوا دەبینن بۆ لایەنەکانی دیکەشی بە ڕەوا بزانن. لەم ڕەوتەدا پێویستە حیزبە کوردستانییەکان لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشدا خاڵە هاوبەشەکانیان ڕوون کەنەوە و بە دوور لە پاوانخوازیی و بە قەبوولکردنی دروشمی"یەك حیزب، یەك دەنگ" بەرەی کوردستانی پێك بێنن. بە پێی دابڕانەکانی دێموکرات و کۆمەڵە و پێکهاتنی ڕێکخراوەی جۆراوجۆر لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دوور بوونیان لە وڵات، پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی ڕێژەی هۆگران و نفووزی حیزب و ڕێکخراوەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە و مێژووی ڕابردووی حیزبەکان ناتوانێ پێوەرێکی جێ متمانە بۆ ئەم کارە بێ، کەوابوو ئەم هێزانە لە پێناوی بەرژوەندیی نەتەوەیی کوردی ڕۆژهەڵات پێویستە بۆ گەیشتن بە مافی خۆچارەنووسینی کورد بەرەی هاوبەش پێك بێنن.

ئەو وتووێژە مانگی ئاگۆستی ٢٠١٥ ئەنجام دراوە.

# ڕەخنەگرتن بۆ کام مەبەست؟

یەکێك لە نیشانەکانی پێشکەوتوویی هەر وڵاتێك، هەبوونی دیموکراسی لەو وڵاتەدایە. دیموکراسی بە مانای دەربڕینی ئازادانەی بیروڕا و بەشداریکردنی تاکە لە ژیانی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا. ئەو بەشداریکردنە لە ڕێگەی دیالۆگ و گۆڕینەوەی بیروبۆچوونی ژیرانەوە سەردەگرێ. لەو ئاڵوگۆڕ و دەربڕینی بیروبۆچوونەدا جیاوازیی جیهانبینی دەردەکەوێ. چین و توێژی جیاوازی کۆمەڵگە خاوەنی بیروبۆچوونی جیاوازن. پلەی گەشەکردنی فکریی ئەندامانی کۆمەڵ پێوەندی بە زانیاری و ئەزموونی تاکەوە هەیە. لە ئاڵوگۆڕی بیروڕادایە کە ڕەخنە دێتە ئاراوە. ڕەخنە بە مانای دوژمنایەتی و سووك و چرووك نیشان دانی ڕەخنە لێگیراو نییە. ڕەخنەگرتنی بنیاتنەر نەك هەر دزێو نییە، بەڵکوو ئاگاکردنەوەیە. ڕەخنەی بنیاتنەر ئامرازێکە بۆ دەست نیشانکردنی ناتەبایی و دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەر کردنیان. لە وڵاتێکدا کە فەرهەنگی ڕەخنەگرتن باو نەبێ و مرۆڤ نەتوانێ ژێربێژانە و ڕاستەوخۆ بیروڕای خۆی دەربڕێ، ناتوانێ لە ڕەوتی گەشەسەندنی کۆمەڵگەدا ڕێگای خۆی بەرەو ژیانێکی هێمنانە و ئەمرۆیی بدۆزێتەوە.

ئەرکی ڕووناکبیر، ڕێکخراوی سیاسی و فەرهەنگیی پێشکەوتنخوازانە، هەوڵ دانە بۆ ناساندن و پەرەپێدانی فەرهەنگ و شێوازی ڕەخنەگرتنی بنیاتنەر. بۆ وەدیهێنانی ئەم مەبەستە، پێویستە ئەم کەسایەتی و ڕێکخراوانە بەپێی دەستکەوتەکانی زانستیی دنیای مۆدێرن و ئەمڕۆیی لە ئامرازی ڕەخنە، هەر وەکوو مارکس بە دروستی وەك "چەکی ڕەخنە" ناوی دەبا بۆ ناسین و چارەسەر کردنی ناتەباییەکان کەڵك وەرگرن. ئەو ڕەخنەیەی کە بە سوود نەبێ لە جەوهەری خۆیدا دەتوانێ ڕووخێنەر و زیانبار بێ. مەبەستی سەرەکیی ڕەخنە هەر وەك پێشتر باس کرا، چارەسەر کردنی ناتەبایی و گەیشتن بە ئامانجێکی چاوەڕوانکراوە. ئەم ڕەخنەیە دەتوانێ لە چوارچێوەی باس و لێکدانەوەی دوو کەس، ناکۆکییەکانی نێو یا نێوان ڕێکخراوەکان و یان سیاسەتەکانی حکوومەتێکی دیموکرات یاخود دەستەڵاتێك بێ کە ئیزنی بە کار و چالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوە ئۆپۆزیسیۆنەکانی داوە.

بەڵام هێرشبردن و سووكایەتی‌كردن، تاوانبار كردنی بێبەڵگە و دەلیل، تۆمەتبار كردن و تاوان هەڵبەستن و كەڵك وەرگرتن لە هەر چەشنە ئامرازێكی نەشیاو لە چوارچێوەی ڕەخنەدا جێی نابێتەوە. ڕەخنەگرتن شێوازی خۆی هەیە. ئازادیی ڕا دەربڕین بە مانای خەوشداركردنی كەسایەتی و بەزاندنی سنووری ئەخلاقی و ئەدەب و ژیربێژی نییە. ڕەخنەیەك كە بنیاتنەر نەبێ، نەك هەر شیاوی گوتن و دەربڕین نییە، بەڵكوو تەنیا بارودۆخێكی نەخوازراو دەخولقێنێ و پەرە بە لۆمپەنیزمی فیكری دەدا. ئەم شێوە و شێوازە تەنیا دەتوانێ نیشاندەری لەرزۆك بوونی بناغەی فیكریی ڕەخنەگرێك بێ كە توانای بەشداریی لە باس و لێكدانەوەیەكی ئاكادیمیكی نییە و نەیتوانیوە یا بەپێی سروشت و كەسایەتییەكەی خۆی نەیویستوە كەڵك لە دەستكەوتەكانی ئەمڕۆی جیهانی زانست وەرگرێ.

مرۆڤی لێهاتوو لە كاتی بەراوردكردن، باس و لێكدانەوەی فیكریی ـ ژیربێژانەی (مەنتیقی)ی خۆی و لایەنەكەی و قەبووڵكردنی ڕەخنەی بنیاتنەر دەتوانێ لایەنەكانی ئەرێنی (پۆزیتیڤ) و نەرێنی (نیگاتیڤ)ی خۆی بناسێ و ئەگەر توانای گۆڕین و فێربوونی بێ، دەبێ خۆی لە خۆبینی (دوگماتیزم) ڕزگار بكا و ڕێگا بۆ گەیشتن بە خاڵی هاوبەش و قازانجی هاوبەش بكاتەوە. ئەو كاتەی كە ڕەخنەیەك، پێشنیارێكی كارسازی بە شوێنەوە بێ، دەتوانێ یاریدەری كەسایەتییەكان و ڕێكخراوەكانی بیرجیاواز بۆ دۆزینەوەی ناتەباییەكان و گەیشتن بە ڕاستی و حەقیقەتێك بێ كە نە تەنیا نەبێتە هۆی دووری، بەڵكوو هاندەری ئەوان بۆ نزیك بوونەوە و كاری هاوبەش بۆ گەیشتن بە وڵاتێكی هێمن، ئازاد و پێشكەوتوو بێ.

# کورد و ناتەبایی نەتەوەیی

زۆرجار لە مێژوودا دەرفەتگەلێك بەپێی بارودوخی نێوخۆیی و جیهانی پێك دێ کە شێوەی کەلکوەرگرتن لەو دەتوانێ چارەنووسی میللەتێك بەرەو ئاکامێکی نەرێنی یاخود ئەرێنی بگۆڕێ.
نەتەوەی کورد لە درێژایی مێژووی خۆیدا یەکێك لەو نەتەوانەیە لە دنیادا کە بەداخەوە بە هۆگەلی جۆراوجۆر کە زۆر جاریش دەگەڕێتەوە سەر بارودۆخی نێوخۆیی، نەیتوانیوە لەم دەرفەتانە کەلك وەربگرێ. کاتێك ئاوڕێك لە «ئامانجی کۆمەڵەی ژێ-کاف» بدەینەوە کە لە یەکەم ژمارەی «نیشتمان» لە پووشپەڕی **١٣٢٢**دا بڵاو بۆتەوە، دەبینین باس لە هۆگەلێك دەکا کە ئێستاش پاش تێپەڕبوونی پتر لە حەوت دەیە لە نێوانماندا بە چەشنێکی سەقامگرتوو ماوەتەوە و تەنیا شکڵەکەی وێدەچێ بەپێی بارودۆخ گۆڕدرابێ.

لە «ئامانجی ئێمە» ڕوو بە «برای کورد» نووسراوە:
"کۆمەڵەی ژ.ك بە پێچەوانەی بەرهەڵست و قورت و چەڵەمەیەکی وەکوو دوژمنایەتیی خۆبەخۆ، دووبەرەکی و خۆخۆری، پووڵپەرستی و بێگانەدۆستی کە لەسەر ڕێگای پێشکەوتن و سەرکەوتنی کورددا هەیە بە هەموو هێز و توانای خۆی تێدەکۆشێ تا زنجیر و چەڵەمەی دیلی و ژێردەستی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد داماڵێ و لەم کوردستانە لەت و کوتەی ئێستا کوردستانێکی گەورە و ڕێکوپێك
بێنێتە بەرهەم کە هەموو کوردێك بە سەربەستی تیا بژیت.*"

کاتێك پاش ئەم هەموو ماوەیە کە بەسەر ئەم نووسراوەیەدا تێپەڕ بووە، کە چاوێك بە بەسەرهاتی خۆمان و هەڵسوکەوتی حیزبەکانی کوردستان دەخشێنین، دەبینین سەرەڕای ئەم هەموو ئاڵوگۆڕەی لە جیهان و ناوچەدا ڕووی داوە، ئێمەی کورد بە باش و خراپەوە هەر لەو ئاستەدا ماوینەتەوە کە «ئامانجی ئێمە» باسی دەکا و بە داخەوە بەو ئاستە نەگەیشتووین کە وەکوو نەتەوەیەکی یەکگرتوو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان تەنانەت لەسەر چەند خاڵێکی هاوبەش ڕێککەوین. هەر دەڵێی بۆمان گرینگ نییە کە چۆن دوژمنانمان لە دووبەرەکی و کێشە نێوخۆییەکانمان بۆ تێکشکاندمان کەلك وەردەگرن!

ئێمەی کورد ئەوەندەی هێز و توانامان بۆ تێکشکاندن و سووکایەتیکردن بە یەکتر دەخەینە گەڕ، ئەوندە ئەم هێزە تەرخانی بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمنی هاوبەش ناکەین! تەنیا بەسە، بۆ ساتێك ئاوڕێك لە بارودۆخی باشوور و ڕۆژهەڵات بدەینەوە تا ئاگاداری قووڵایی ئەم کارەساتە بین.

لە ئێستادا تەواوی نەیارانی کورد هەوڵی خۆیان بۆ پێشگرتن لە ڕێفراندۆمی ٢٥ی ئەیلوولی ئەمساڵ وەگەڕخستوە، بەڵام نە لایەنگرانی ڕێفراندۆم لە کوردستان و نە ئەوانەی ڕەخنە لە دەستەڵاتدارانی هەرێم دەگرن و ئەوان بە پاوانخواز تاوانبار دەکەن؛ لە هیچ سات و کاتێکدا بۆ سووکایەتیکردن بە یەکتر خۆ نابوێرن و لەبیریان چۆتەوە کە لەم ئاستە هەستیارەدا کورد پێویستی بە یەکدەنگی و هاودەنگی هەیە تا بە چەندبەرەکی و هێرشکردنە سەر یەك.

کاتێك بوو کە کورد بۆ گەیشتن بە حوکمی زاتی، واتە خودموختاری تووشی ژێنوساید دەبوو، ئەنفاڵ دەکرا، بە سەدان هەزار کەسی قوربانی دەدا و وڵاتەکەی خاپوور دەکرا ئەمەی بە شانازییەوە قەبووڵ دەکرد و بۆ گەیشتن بە مافی بەرامبەر لەگەڵ نەتەوەی سەردەست خەباتی دەکرد، بەڵام ئەمڕۆکە لە ترسی برسێتی و نەگەیشتنی مووچە و تێکچوونی وەزعی ئابووری و لە حاڵێکدا دژایەتیی دەوڵەتە دراوسێیەکان کە لە باری مێژووییەوە دژی کورد بوون و هەن و دەشمێننەوە گەیوەتە ئەوپەڕی خۆی و هەوڵی ڕێگری یان وەدواخستنی ئەم گشتپرسییە دەدەن؛ لایەنە کوردییەکان هەرکامیان ئامادەن بۆ پەراوێزخستن و لاوازکردنی یەکتر، تەواوی پرەنسیپەکان بخەنە ژێرپێ. لێرەدا ئەسڵی مەسەلەکە واتە سەربەخۆیی کوردستان لە بەرامبەر پاوانخوازیی هێزە سەرەکییەکانی کوردستان خراوتە پەراوێزەوە و کێشە

نێوخۆییەکان زەق کراونەوە. تاوانبارکردنی یەکتر بە کوودەتاچی، دیکتاتۆر، مووچەوەرگری وڵاتانی دیکە و هتد بۆتە باسی ڕۆژ و ئەوەندەی کە هەوڵ بۆ هێرشکردنە سەریەك لەسەر شاشەی تەلەڤیزیۆنەکان دەدرێ، بایەخ بەم بڕیارە مێژووییەی کورد لە باشوور نادرێ.

لە نێوان ڕۆژهەڵاتییەکانیش کە پتر لە سێ دەیەیە حیزبەکانیان لە دەرەوەی سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگیر بوون، وەزعەکە باشتر نییە و ئەوان ئەوەندەی کە سەرقاڵی کێشە نێوخۆییەکانن، یەك لە سەدی توانایی خۆیان بۆ گەیشتن بە هاودەنگییەکی جیددی تەرخان نەکردوە. هیچ کامیان یەکگرتن و پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش ڕەت ناکەنەوە و هاوکات دەیان هۆکارت بۆ سەرنەگرتنی بەرەیەکی یەکگرتوو بۆ ڕیز دەکەن. ئەم هێزانە ئەوەندەی کە توانای دەرکردن و دوورخستنەوەی ئەندامان و لایەنگرانی خۆیان هەیە، یەك لە هەزار بە هۆی کێشەی دەسەڵات و پاوانخوازیی شەخسی و قۆڵقۆڵێن و حیزبی، توانایی ڕێککەوتنیان لەگەڵ یەك نییە. ئەم وەزعییەتە وای لێکردووین کە تەنانەت هێزەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش حیسابێکمان لەسەر نەکەن. نموونەکەی شێوەی هەڵسوکەوتی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد یان هێزەکانی باشوور لەگەڵ ئێمەی ڕۆژهەڵاتییە کە پاش باکوور گەورەترین بەشی کوردستانی دابەشکراو پێکدێنین. لە ڕاستیدا چارە چییە؟ بڵێی بەم فیکر و بۆچوونانەی کە لە نێو ئێمەدا هەن، شایانی ئەوە بین کە ناوی نەتەوە لەسەر خۆمان دابنێین؟ بڵێی کاتی ئەوە نەگەیشتبێ کە خەسارناسیی بیر و بۆچوونی خۆمان بکەین و پێکەوە و بە دوور لە پاوانخوازی و خۆبەزلزانین و بە لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی هێز و توانامان بۆ گەیشتن بە مافەکانمان وەپاڵ یەك نەخەین؟

جوولای ٢٠١٧

# حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بیر و فەرهەنگی خێڵەکی!

تا سەرەتاکانی دەیەی چواری سەدەی ڕابردوو حیزبایەتی ڕۆڵێکی وەهای لە ژیانی سیاسیی نەتەوەی کورد بە گشتی و کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی نەبوو. سەرەڕای ئەوەی کە پێکهاتنی حیزبی ئازادیی کوردستان، کۆمەڵەی ژ.ك و پاشان حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژایی ٧ ساڵدا (١٩٤٥/١٩٣٨) سەرەتای کاری حیزبایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تا ڕادەیەك کۆتاییهاتن بە ڕۆڵی تاکەکەس یان سەرۆكخێڵ لە بزووتنەوەی کورد بوو، بەڵام ئێستاش شوێنەوار و نەخشی فەرهەنگی سەرۆكخێڵ، ئاغا و شێخەکان لەنێو بەشێکی زۆر لە حیزب و ڕێکخراوە بەناو سەردەمییانەدا دەبیندرێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەتا شۆڕشی گەلانی ئێران لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی تەنیا ئاڵاهەڵگری شۆڕشی کورد لە ئێران بوو. پاش سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە چەندین حیزب، یەك لەوان کۆمەڵە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتنە گۆڕەپانی خەباتی سیاسییەوە. لە ماوەی ئەم سێ ـ چوار دەیەدا حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە بە هۆی قەیرانی فیکری و ڕێکخراوەیی تووشی زەنجیرەیەك لێکدابڕان و ئینشعاب بوون و لەم سەردەمەدا چەندین حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە بەرهەمی ئەم قەیرانەن. لەپەنای ئەم ڕێکخراوانەدا چەند حیزب و گرووپی سەربەخۆییخوازیش لە تاراوگە پێك هاتن کە ئەوانیش هەر لەو ماوە کەمەدا بە چەشنێك تووشی قەیرانی حیزبە کلاسیکەکان بوون. هۆی زۆربەی ئینشعابەکان زۆرتر کێشەی کورسی و دەسەڵات بووە تا جیاوازیی بیروباوەڕ. بۆ وێنە ئەگەر یەك دوو ئینشعاب وەکوو جیابوونەوەی "لایەنگرانی کۆنگرەی چوار" لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یان دەرکردن و جیابوونەوەی بەشێك لە کادرەکانی ئەم حیزبە بەهۆی پەسەندنەکردنی کورتەباسی نەمر دوکتور قاسملوو یان جیابوونەوەی کوردەکانی لایەنگری مەنسووری حیکمەت لە "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران – کۆمەڵە"

لەسەر بنەمایەکی فیکری - بەرنامەیی بووبێ؟ بەپێچەوانە چ لە حدکا و چ لە کۆمەڵە هۆی زۆربەی جیابوونەوە یان دەرکردنەکان بەتایبەتی لەم دواییانەدا بەهۆی بەرژوەندیی تاکەکەس-گرووپ، نەبوونی فەرهەنگ و میکانیزمی دێموکراسی لەم حیزبانە و هەوڵ بۆ وەدەسهێنانی کورسی ڕێبەری بووە. شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ لایەنی تر لەم حیزبانە و میکانیزمی چارەسەرکردنی جیاوازیی نێوڕێکخراوەیی لە چەشنی یان لەگەڵمی یان وەدەرکەوە یان دەردەکەم؛ پاشماوەی فەرهەنگی خێڵەکییە. هەروەها دیاردەی سەرۆکبوون لە بەشێك لە حیزبە کوردستانییەکان ڕەنگدانەوەی هەر ئەو بیرۆکە خێڵەکییەیە، کە بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەپێی گۆڕانگاری لە ئاستی کۆمەڵایەتی-ئابووری و سیاسی-فەرهەنگی لەمێژە باوی نەماوە. لە باشووری کوردستان دیاردەی سەرۆك پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ڕۆڵی کاریزماتیکی سەرۆكعەشیرەکانی بارزانی بووە، لەوە دەچێ بەپێی چوونەسەرەوەی بەرەبەرەی ئاستی ئاگایی سیاسی-فەرهەنگی و ئاڵوگۆڕی ئابووری-کۆمەڵایەتی لەو بەشەی کوردستانیش، مەسعوود بارزانی ئاخرین کەسایەتیی بەهێزی کاریزما بێ کە جارێ دەتوانێ لە گۆڕەپانی سیاسیی باشووری کوردستاندا نەخش بگێڕێ. لاساکردنەوەی ئەم چەشنە سیاسەتکردنە کە لە باشووری کوردستان باوە، تەبایی لەگەڵ ئاستی ئاگایی سیاسی و فەرهەنگیی خەڵك لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە و بەشوێن ئەم بیرۆکەیە کەوتن بە مانای هەڵبژاردنی ڕێگای "ناکجاآباد"ە. لە بەشێکی دیکە لە حیزبە کوردستانییەکان سکرتێری حیزب بە چەشنێك نەخشی سەرۆكعەشیرە دەگێڕێ، لە زۆربەی کارەکاندا خودموختارە و بەپێی دەسەڵاتی خۆی بە چەشنێکی تاکەکەسی، ناوچەگەرایی دەکا و بە کۆکردنەوەی کۆمەڵێك هاوفیکری فەرمانبەر ڕۆڵ دەگێڕێ. هەر ئەم ئاکارە دەبێتە هۆی دڵساردبوونەوەی بەشێکی زۆر لە کادرەکان، جیابوونەوە یان دەرکردنیان بەهۆی دەربڕینی بیری جیاواز. لەم حیزبانەدا مافی ئەندام وەکوو تاکەکەس مانا و مەفهوومی نییە، هەموو دەبێ فەرمانبەر بن و تەنیا تاقمەیەك نوخبە و جیاواز کە کاروباری سەرەکیی ڕێکخراوە و بەشی ماڵییان لە دەسدایە دەبێ فەرمانڕەوایی بکەن. لە سانترالیزمی بەناو دێموکراتیکی ئەم حیزبانەدا تەنیا

سانترالیزمەکە نەخش دەگێڕێ و هەر چەشنە بیرێکی جیاواز یان بوونی فراکسیۆن و پێشنیاری بەرنامەیەکی دیکە وەکوو گوناه و تاوانێکی گەورە پێناسە دەکرێ. پەروەندە دروستکردن، پیلاندارشتن و دەرکردنی ئەندامانی دێرینە بە بیانووی ویستی کومیتەیەکی حیزبی؟! بە کارێکی ئەساسنامەیی لە قەڵەم دەدرێ. لەمەڕ حیزبەکانی دیکەش، بەرەوخۆکێشانی بەشێك لە کادر و ئەندامانی حیزب و ڕێکخراوەیەکی تر بۆ ئەوان جێگای شانازییە و بە دەهۆڵ و زورنا پێشوازی لێ دەکەن و شایی بۆ دەگرن، بەڵام هاوکات هەرچەشنە جیابوونەوە لە خۆیان بە خیانەت لەقەڵەم دەدەن و تاوانی لادەر وەپاڵی ناڕازییەکان دەدەن. ئەوانە تەواوی هێزی خۆیان بۆ خراپکردنی هاورێیانی پێشوویان کە بە درێژایی چەند دەیە پێکەوە لەژێر ئاڵای حیزبێکدا خەباتیان کردوە بەکار دەبەن و لە بەکارهێنانی هیچ چەشنە ئامرازێك بۆ سووککردنی یەکتر ناپرینگێنەوە. لە هەموو خۆشتر کاتێك لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن هونەرنەمایی دەکەن، دەبن بە مامۆستای دێموکراسی و وانەی دێموکراتبوون و خۆڕێکخستن لەگەڵ زانست و فەرهەنگی سیاسیی هاوچەرخ فێری خەڵك دەکەن، بەڵام لە کاروباری نێو ڕێکخراوەیی خۆیاندا بە پێچەوانەی وتە زێڕینەکانیان، بە شێوەی ماکیاوێلی بۆ مانەوە لەسەر دەسەڵات لەئەنجامی هیچ کارێکی ناڕەوا پارێز ناکەن. تراژێدیی پێکەنینی لەوەدایە کاتێك ئەم حیزبانە دەستەڵاتیان تەنانەت لە بستێك زەوی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە، شەڕیان لەسەر میراتێکی نادیارە کە جارێ وەدەستیان نەکەوتووە. بڵێی بکرێ ئەم چەشنە سیاسەتە وەکوو سیاسەتێکی مۆدێرن و ئەمڕۆیی لەقەڵەم بدرێ؟ یان باشتر بڵێین سەرەڕای دەستپێکی سەدەی٢١ی زایینی، شێوەی کاروباری زۆرینەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم سەردەمەدا وەبیرهێنەری هەڵسوکەوتی سەرۆك خێڵەکانی سەدەی نۆزدەیە.

ڕێبەندانی ٢٠١٤

# حیزبە سێکۆلارەکانی کوردستان و ئایینەکان!

هەر کۆمەڵگەیەك بەپێی بوونی بیروڕا و ئایینی جۆراوجۆر بە چەشنێك دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو فەرهەنگ و نەریتەی کە دیاریی ئەم باوەڕمەندییانەیە. بەهەر ڕادەیەك ئەم ئۆلی و ئایینانە دوور لە توندوتیژی و لەژێر کاریگەریی دەستکەوتە مادی و مەعنەوییەکانی هاوچەرخ بن هەر بەو نیسبەتە ژیانی مرۆڤ ئەمڕۆییتر و جێگا بۆ توندوتیژی کەمتر دەبێ. کوردستان نە تەنیا جێگای بوون و ژیانی کوردە موسوڵمانەکانی سوننی، شیعە، علی‌اللهی- یارسانی، بەهایی و یەهوودییە، بەڵکوو شوێنی ژیانی ئاسووری و ئەرمەنییەکانیشە. هەر یەك لەم گرووپانە بێگومان جێژن و دابونەریتی تایبەت بە خۆیان هەیە کە پێویستە ڕێزیان لێ‌بگیرێ و ئیزن بە هیچ چەشنە توند و تیژییەك لەگەڵ ئەوان نەدرێ. لە چەند دەیەی ڕابردوودا بەپێی سەرهەڵدانی گرووپە دەمارگرژە ئیسلامییەکان و یارمەتیی ماڵی و مەعنەویی عەرەبستانی سعوودی و ئێران، بە چەشنێك ئیسلامی سیاسی بە ڕەنگ و ڕوویەکی ڕادیکاڵەوە بۆتە هۆی کارەساتی گەورە و بچووك لە کوردستاندا. لەم ڕەوتەدا بەهۆی جۆراوجۆر حیزبە کوردستانییەکان یان بایەخێکی وەهایان بەم هێزانە نەداوە یاخود بە چەشنێك بێدەنگییان گرتۆتە بەر. لە لایەکی دیکەوە ئەم حیزبانە کە خۆیان بە سێکۆلاریش دەزانن بە چەشنێك خۆیان تێکەڵاوی مەسەلە ئایینییەکان کردوە کە لەگەڵ چوارچێوەی بیروبەرنامەی حیزبەکانیشیان نایەتەوە. بۆ وێنە بەپێی ئەوەی کە زۆرینەی دانیشتووانی کوردستان موسوڵمانن، بە ناردنی پەیامی پیرۆزبایی بەبۆنەی جێژنی قوربان و ڕەمەزان و هتد بە چەشنێکی یەکلایانە تەنیا جێژنی موسوڵمانەکان زەق دەکەنەوە و تەنانەت بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنیان بە خوێندنەوەی قورئان دەست پێدەکا. جاروباریش ئاشەکە ئەوەند سوێرە کە سەرۆك کۆماری عێراق بە

پێشینەی چەپەوە بە بۆنەی جێژنی قوربان پەیامی پیرۆزبایی بۆ تەواوی حیزبە کوردستانییەکان و یەك لەوان حیزبی شیووعی کوردستان!!!! دەنێرێ[٢٥]. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێش، بڵێی ئەرکی حیزبێکی سێکۆلار بێ کە خۆی تێکەڵاوی کێشەی ئایینی بکا و پاساوەکەی ڕێزگرتن لە کوردی موسوڵمان بێ؟ ئەگەر تەنانەت ئەمە بە کارێکی باشیش لەقەڵەم بدرێ، ئەی بۆچی بۆ ئایینەکانی دیکە ئەو ڕێزە دانادرێ؟ ئەگەر قەرار وابێ بەبۆنەی ئەم جێژنانە پیرۆزبایی لە تەواوی دین و ئایینەکان بکرێ یان لە مانگی موحەڕەمدا یادی حوسێن و ٧٢ کوژراوەکەی دەشتی کەربەلا زیندوو بکرێتەوە، لێرەدا تەکلیفی یەزید و مەعاویە یاخود عایشە کە بۆ بەشێکی زۆر لە کوردە سوننییەکان جێی ڕێزن؛ چییە؟ بڵێی ئەمانە نەبێتە هۆی تێکەڵاوبوونی حیزبە کوردستانییەکان لە کاروبارێك کە پێوەندی بە کاری ئەوانەوە نییە و ئەگەر زەرەری نەبێ قازانجێکی تێدا نابێ؟ ئەرکی حیزبێکی سێکولار یاخود چەپ نە تەنیا خۆدوورکردنەوە لە کاروباری ئایینییە، بەڵکوو یاریدەدان بە ڕەوتی پەرەسەندنی زانست و ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگە، هەروەها جیاکردنەوەی ئایین و شەریعەت لە سیاسەتە. حیزبێك کە لە بەرنامەکەیدا باس لە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو و سێکولار دەکا، بۆچی دەبێ وەکوو حیزبێکی ئایینی لەگەڵ جێژنە ئایینییەکان یاخود کارەساتە مەزهەبییەکان هەڵسوکەوت بکا. ئەم حیزبانە باشترە ئەم کارانە بۆ عولەمای ئایینی، مزگەوت، کلیسا، جەمخانە و کەنیسەکان دانێن و لاپەڕەی گۆڤارەکانیان بە بابەتی زانستی، کۆمەلایەتی- ئابووری و بەکەلك پڕ کەنەوە نە پیرۆزبایی و سەرەخۆشی.

ڕێبەندانی ٢٠١٤

---

[25] https://www.kurdsat.tv/hewal.php?id=5574&cor=kurdistani

# لەتبوونی حیزبی دێموکرات و شانتاژە سیاسییەکان!

بە داخەوە یەکێك لە پاشماوەی فەرهەنگی ڕێکخراوە و کەسایەتییە سیاسییەکانی وڵاتی ئێمە لە هەڵسەنگاندن، پۆلیمیکی سیاسیی و ڕووبەروبوونەوە لەگەڵ هێزەکانی تر پەنابردن بە شانتاژی سیاسی و سوکایەتی کردن بە کەسایەتییە ناهاوفیکرەکانە. لە ڕاستیدا کاتی ئەوە گەیشتووە کە لایەنگرانی ئەم بیر و بۆچوونانە بەم قەناعەتە بگەن کە لە سەدەی ٢١ و بە تایبەت بە دوای ئەو هەمووە ئاڵوگۆڕەی کە لە دنیای زانست و سیاسەتدا پێکهاتووە ئەم جۆرە شێوازە باوی نەماوە و ناتوانێ بیر و هەستی رۆشنبیران بەرەوخۆ ڕاکێشێ و بە پێچەوانە، بایەخی نوسراوەکانیان کەم و لاواز دەکاتەوە.

بە دوای جیابوونەوەی بەشی کەمینەی [ڕێبەریی]حیزبی دێموکراتی کوردستان، یەکێك لەم شانتاژانە کە لە لایەن بەشێك لە کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵات لە دژایەتی لەگەڵ ئەم بەشە بە کار دەهێندرێ پشتیوانی چەند کەسایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە بۆ ماوەیەکی کورت ئەندام و تێکۆشەری حیزبی توودەی ئیران، ڕێکخراوی فیداییانی خەڵك (ئەکسەرییەت) یا پێڕەوانی کۆنگرەی چواربوون و وەك زۆربەی ئەندامانی کوردی ئەو ڕێکخراوانە ساڵەهایە مالاواییان لەگەڵ ئەم ڕێکخراوانە کردووە و ڕێبازی نەتەوەییان هەڵبژاردووە و بەتایبەت لە ماوەی نیزیك بە ١٥ ساڵی ڕابردوودا بە کردەوە نیشانیان داوە کە تا چ ڕادەیەك هەست و ئاکاری ڕاستەقینەیان هەیە و، لە باری کاری فیکری و ڕۆشنبیریشەوە بە نووسین و بلاوکردنەوەی بیر و ڕای خۆیان لە تەواوی بوارەکانی زانستی، سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتیدا کارتێکەرییەکی باشیان بووە و تا ئەو ڕادەیە کە لە توانایاندا بووە خزمەتیان بە فەرهەنگ و زانستی پێشکەوتووخوازانەی کورد کردووە و ئەرکی نەتەوایەتیی خۆیان بێ ئیدەعا بەجێ هێناوە. بەڵام بە داخەوە ئەو کاتەی کە بەشێك لە نووسەران قافیە بۆ ڕازاندنەوەی نووسراوەکانیان کەم دێنن، بۆ بەرحەق نیشاندانی بیروڕای خۆیان و سووکایەتی کردن و بێبایەخ نیشان دانی لایەنی تر، پەنا بۆ بە ئالاکردنی کراسی عوسمان و پشتیوانی دەربڕینی ئەم کەسایەتییانە دەبەن. بێگومان هەمووی ئەو کەسانەی کە ئەمڕۆ

بە تایبەت لە دەرەوەی وڵات کاری رۆشنبیری و سیاسی دەکەن چاك دەزانن کە هەر مرۆڤێك ماف و ئازادیی فیکری بۆ دەربڕینی بیروڕای خۆی و هەڵبژاردنی ڕێبازی سیاسی هەیە و، لە جیهانی سیاسەتیشدا حوکم نییە کە چالاکێکی سیاسی وەك مارەکراوی ڕێکخراوە یا ئایدیۆلۆژییەك بمێنێتەوە. بیروڕا و بەرنامەی سیاسیی هەر ڕێکخراوەیەك تا کاتێك جێی ڕێز و پشتیوانییە کە وەدیهێنەری بەرژەوەندیی نەتەوە و پێشبردنی سیاسەتێکی دروست بۆ بەئەنجام گەیاندنی ویست و ئارەزووەکانی نەتەوەی خۆی بێ. کاتێك هەر ڕێکخراوێك لەم ڕێبازە لادا، یا بە هۆی ناکۆکیی تەشکیلاتی و سووربوون لەسەر شێوەی کۆنی سانترالیزمی دێموکراتیك لە کاری سیاسیی نێو وڵات، وەدوا بکەوێ و نەتوانێ ئەرکی مێژوویی خۆی بەجێ بێنێ و ڕێگاش بۆ لایەنی موخالیفی نێوخۆ بۆ دەربڕینی بیروڕایان نەدا، ئەگەریی جیابوونەوە و لەتبوونی دەچێتە سەر. بۆ هەڵسەنگاندنی هەر ڕووداوێکی واش، باشتر ئەوەیە لە پلەی یەکەمدا هۆکارە سەرەکییەکانی کە دەگەڕێتەوە سەر گرفت و ناکۆکییەکانی نێو تەشکیلات لەبەرچاو بگیرێ و؛ پشتیوانیی ڕێکخراو یا کەسایەتییەکانی ناهاوفیکر نەبێتە هۆی هێرش هێنانی سیاسی بۆ سەر باڵی موخالیف.

لە ڕابردوودا لە نێوان زۆربەی حیزبە چەپەکاندا لە وتەی "بڵێ دۆستت کێیە تا بڵێم تۆ کێی" بۆ هەڵسەنگاندنی هێز و حکوومەتەکان کەلك وەردەگیرا. بۆ وێنە لە ئێراندا بۆ بێبایەخ نیشان دانی تەواوی ئەو حیزب و کەسایەتییانەی دژ بە کۆماری ئیسلامی چالاکییان دەکرد، پشت بە پشتیوانیی بەرەی سۆسیالیستی و هێزە پێشکەوتنخوازە جیهانییەکان و دژایەتیی ئەمریکا و شاپەرستەکان دەبەسترا. بەڵام ئایا دژایەتیی ئەمریکا یا پشتیوانیی سۆڤیەت سوورەت مەسەلەکەی گۆڕی؟

لە بیرمان نەچێ شەهید دوکتور قاسملوو کە بوو بە هۆی جیاکردنەوەی تەشکیلات و ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە حیزبی توودە، کادری لەمێژینەی حیزبی توودەی ئێران بوو و کەس ناتوانێ بایەخی کارەکانی لەنێو حیزبی دێموکرات و سیاسەتی ئێراندا لەبەر توودەییبوونی ناوبراو کەم کاتەوە و، سیاسەتەکانی دوای هاتنە نێو حیزبی دێموکراتی تەنانەت ئەگەر پڕ لە هەڵەش بووبێ بە حیسابی چالاکیی پتر لە ۲۰ ساڵ لە ڕیزەکانی حیزبی توودەی ئێران و لایەنگری لە بیروڕای سۆسیالیستی و بەرەی سۆڤیەتی دانێ و بیخاتە ژێر پەلامار و هێرشی سیاسی.

ئەمڕۆ بۆشایی سیاسی لە ڕۆژهەڵات و قەیرانی سیاسی-تەشکیلاتیی هێزە سیاسیەکانی ئەم بەشەی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، یەکێك لە هۆیەکانی لاوازبوونی بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتە و ئەم ئەرکە مەزنە دەخاتە سەر شانی ڕۆشنبیرانی ئەم ڕێکخراوانە و هەروەها کەسایەتییەکانی سەربەخۆ تا بۆ هاتنە دەر لەم قەیرانە و بۆ بە هێزترکردنی بزووتنەوی کورد، لە تەواوی بوارەکاندا تێبکۆشن و لە هەر بەرنامە و ئاکارێك کە وەدیهێنەری بەرژوەندیی نەتەوەی کورد بێ، پشتیوانی بکەن. بێگومان لەم بوارەدا شانازی بۆ ڕێکخراوێکە کە بە گەڵاڵە کردن و پێشنیاری بەرنامەیەکی ڕێکوپێك و پێشکەوتووخوازانە و مۆدێڕن بتوانێ بیروڕای گشتی و سەرنجی ڕۆشنبیرانی کورد بەرەوخۆ ڕاکێشێ و بەجێی دوورکردنەوە و هاندانی چالاکوانە سیاسییەکانی کورد بەرەو پاسیڤ بوون، وزەی ڕاکێشانی ئەم هێزانەی بە هەر بیروباوەڕێکی جیاوازەوە هەبێ.

ساڵی ٢٠٠٧

## پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و چەند تێبینییەك!

لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەندین جار بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵە، هەروەها دوو بەشی دێموکرات هەوڵی جۆراوجۆریان بۆ دانیشتن، پێکهاتنەوە و دروستکردنەوەی حیزبێکی هاوبەش داوە. نەبوونی متمانە بە یەکتر بەپێی ڕووداوەکانی پێش دابڕان و کێشە نێوخۆییەکانیان، پاوانخوازی و بەرژەوەندیی تاکەکەسی و گرووپی، کۆسپێکی جیددی لەسەر ئەم ڕێگایە بووە. لەم دواییانەدا کەمتر باس لە یەکگرتنەوەی کۆمەڵەکان، بەڵکوو زۆرتر باس لە نزیکبوونەوەی زۆرتری دوو باڵەکەی دێموکرات دەکرێ. ئەندامەکانی ئەم دوو باڵەی دێموکراتیش کە چاوەڕەوانی یەکگرتنەوەن، لەسەر تۆڕەمیدیاییەکان بە هەر خەبەرێکی نوێ خۆشحاڵی خۆیان لە ڕەوتی نزیکبوونەوەی دێموکراتەکان دەردەبڕن. بە داخەوە وادیتە بەرچاو کە تەواوی دانیشتنەکان و هتد تا ڕادەیەکی زۆر بە دوور لە چاوی جەماوەری حیزبی ڕوو دەدات و ئەوە ڕێبەرەکانن کە پێکەوە دادەنیشن و بڕیاری کۆتایی بە باش یان خراپ دەدەن و ئەندامەکان هیچ نەخشێکیان لەم ڕەوتەدا نییە؟! **ئەگەر وابێ، ئەمە بۆخۆی لە نێوەرۆکدا کارەساتە!**

ئەگەر قەرار وابێ کە دوو باڵی حیزبێك، کە بە هەر هۆیەك، چ ڕێکخراوەیی و چ بەپێی جیاوازیی بیر و باوەڕ لەیەك جیا بوونەتەوە و ئێستا وەکوو دوو حیزبی سەربەخۆ کار و چالاکی دەکەن، یەك بگرنەوە، پێویستە لەسەرەتادا خەسارناسییەك بکرێ و لەم ڕەوتەدا تەواوی کادر و ئەندامەکان بەشدار بن و بڕیاردەر تەنیا ڕێبەریی حیزبەکە نەبێ. دەبێ ڕوون بکرێتەوە کە هۆی دابڕانەکە چی بوو، هەڵەکە لە کوێدا بووە؟ کام یەك لە هۆیەکانی دابڕان پاش پتر لە دە ساڵ کاری سەربەخۆی ئەم دوو حیزبە، بە دوو فەرهەنگ و دوو هەڵوێست و سیاسەتی جیاوازەوە چارەسەر کراوە؟

کاتی خۆی ڕێبەریی حدك بۆ جیابوونەوە گەلێك خاڵی جۆراوجۆری ڕیز کردبوو، ئێستا کام یەك لەم خاڵانە لە حیزبی بەرامبەردا حەل بووە کە ڕێخۆشکەری یەکگرتنەوەیەکی ئوسوولی بێ و پێش بە جیابوونەوەی نوێ لە داهاتوویەکی نزیکدا

بگرێتەوە؟ بۆ ئەوەی کە ئەوان بتوانن لە حیزبێکی یەکگرتوودا بە چەشنێکی هەوالآنە کاری هاوبەش بکەن کام میکانیزم لە هەر دوو لاوە پەسەند دەکرێ؟ بڵێی حیزبی یەکگرتوو ڕێگا بە هەبوونی فراکسیۆن و ئاراستەکردنی بەرنامە و پلانی جیاواز و گۆڕانکاری لە ڕێبەری، بەبێ دابڕانی نوێ بدا؟ ئایا باشتر وا نەدەبوو بە دروستکردنی بۆلتێنێك بیروڕای کادر و ئەندامەکان و جەماعەتی ڕێبەری بخرێتە بەردەست و بە چەشنێکی دێموکراتانە بەدەنەی حیزبیش بەشداریی ئەم ڕەوتە بکا؟ بڵێی باشتر نەبێ لە سەرەتادا ئەم دوو حیزبە بە کار و هەڵوێستی هاوبەش و دەربڕینی بەیاننامە و هتد دەست پێبکەن، کومیتەی هاوبەش لە بوارە جۆراوجۆرەکان پێك بێنن، هەوڵ بدەن بەرنامە و پێڕەوی هاوبەش ئامادە بکەن و لە داهاتوودا پاش ماوەیەك کاری دوو قۆڵی، وەکوو دوو حیزبی برا بەرەو پێکهێنانی کۆنگرەیەکی هاوبەش بڕۆن؟

ئاگۆستی ٢٠١٧

**چەند سەرنجێك بۆ سەر**

## حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یادی ٧٢ ساڵەی دامەزرانیدا!

لەمەڕ شێوەی دامەزران و مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن نووسەران و لێکۆڵەرانی کورد و بیانی گەلێك کتێب و بابەت نووسراوە و، تیشك خراوەتە سەر گۆشە جۆراوجۆرەکانی ژیانی سیاسیی ئەم حیزبە بەتایبەتی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەگشتی.

لێرەدا بە کورتی چەند خاڵی مێژوویی و سەرەکیی ئەم حیزبە گەلاڵە دەکرێ.

- حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی لەسەر قەوارە و بنەمای کۆمەڵەی ژێکاف پێك هات و، بووە درێژەدەری خەباتی ئەم ڕێکخراوەیە بە چەشنێکی ئاشکرا بەلام بە پاشگەزبوونەوەی کاتی لە چەند خاڵێك هەتا ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان. بەپێی ئەوەی کە پێشەوا قازی محەمەد وەکوو کەسایەتییەکی ئایینی لە کاتی ئەندام بوونی لە کۆمەڵەی ژێکاف وەکوو تەواوی ئەندامەکانی ئەم ڕێکخراوە نهێنییە سوێندی خواردبوو کە بێجگە لە کۆمەڵەی ژێکاف نەبێتە ئەندامی هیچ ڕێکخراوەیەکی دیکە و وەفادار بە ڕێگا و خەباتی ئەم حیزبە بمێنێتەوە، ئەستەمە بیر لەوەی بکرێتەوە ئامادە بووبێ بە پێچەوانەی سوێندەکەی ڕەفتاری کردبێ. لە لایەکی دیکەشەوە ٢٥ی گەلاوێژ ڕۆژی دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکافیشە و ئەمە لەوە ناچێ بە هەلکەوت بووبێ. بەم پێیە دەکرێ ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکرات نەك ٧٢ بەلکوو ٧٥ ساڵ لەقەڵەم بدرێ.

- حیزبی دێموكراتی كوردستان دامەزرێنەری یەكەمین كۆماری كوردستانە. كۆماری كوردستان بە ڕێبەریی حیزبی دێموكراتی كوردستان ئەو شانازییەی بە كوردەكانی بەشەكانی دیكەی كوردستانیش بەخشی هەتا لە پێكهێنانی یەكەمین دەستەڵاتی كوردستاندا بەشدار بن.

- لە تایبەتمەندییەكانی ڕێبەریی ئەم حیزبە، توانایی ئەوان بۆ كەلكوەرگرتن لە هەوەڵین دەرفەت، بەبێ فەوتاندنی كات بۆ ڕاگەیاندنی كۆماری كوردستانە، ئەویش لە كاتێكدا كە ئەم فەرمانە هاوئاهەنگی لەگەڵ هەڵوێست و ویستی یەكیەتیی سۆڤیەت و وڵاتە ڕۆژئاواییەكان، هەروەها دەوڵەتی ئێران و فرقەی دێموكراتی ئازەربایجان نەبووە. ئەمە نیشاندەری ئەم ڕاستییەیە كە بۆ پێشەوا و ڕێبەرانی حیزب سەربەخۆیی ئامانجی سەرەكی بووە و؛ بە پشتبەستن بە خەڵك لە هەوەڵین دەرفەتدا كۆماری كوردستانیان ڕاگەیاندووە.

- دامەزرانی حیزبی دێموكراتی كوردستان بوو بە بەستێنێك بۆ پێكهاتنی حیزبگەلی هاوچەشن لە بەشەكانی دیكەی كوردستانی دابەشكراودا. بەم پێیە دەكرێ حیزبی دێموكرات لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان وەكوو كۆڵەكەی بیروهزری خەباتێكی هاوچەشن بۆ بەشەكانی دیكەی كوردستانیش لەبەرچاو بگیرێ.

- ستراتێژیی حیزبی دێموكرات وەكوو درێژەدەری كۆمەڵەی ژێكاف بەپێی بارودۆخ و هاوسەنگی و لاسەنگی هێزەكانی ژوورەكی و دەرەكی و كۆمەڵگەی جیهانی دووجەمسەری، لە سەربەخۆییەوە، هەتا خودموختاری و فیدرالیزمی لە خۆ گرتووە. بەڵام سەرنجڕاكێش ئەوەیە كە لە هەر حاڵەتێكدا بۆ دەستەڵاتدارانی تاران وەكوو جیاییخواز ناسراوە و بە چەشنی جیاواز سەركوتی فیزیكی و فیكری و تەبلیغاتی كراوە. كورد بەگشتی بۆ

دەستەڵاتدارانی ئێرانی و تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی باوەڕمەند بە یەکیەتیی ئەرزیی ئێران وەك جیاییخواز چاوی لێ کراوە و هەر واش چاوی لێ دەکرێ. بە باوەڕی من لەمێژە کاتی ئەوەی هاتوە دروشمی سەرەکیی حیزبە کوردستانییەکان و یەك لەوان حدك مافی چارەنووسی کورد بە شێوەی پێکهێنانی کۆماری سەربەخۆی کوردستان بێ، نەك دێموکراسی بۆ ئێران یان کۆماری کوردستان لە ئێرانی فیدڕاڵدا. دەکرێ خودموختاری و فیدرالیزم تەنیا وەکوو قۆناغێك بۆ گەیشتن بەم ئاواتە لەبەرچاو بگیرێ نەك وەکوو ئامانجی سەرەکی. لەم حاڵەتەدا دەکرێ و دەبێ هەوڵ بدرێ سەربەخۆیی نەتەوەیی وەکوو دیاردەیەکی بەرچاو بخرێتە نێو مێشك و ڕەوانی تاکی کوردەوە و هەتا ڕۆڵەی کورد بۆ پێکهێنانی کیانێکی نەتەوەیی تێبکۆشێ.

- گرێدانی خەباتی نەتەوەیی لەگەڵ بیری سۆسیالیستی و دادپەروەرانە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی حیزبی دێموکراتە کە لە پرۆگرامەکانیشیدا ڕەنگی داوەتەوە. حیزب لەژێر کاریگەریی باڵی چەپ و کاتێك کە پێی وابوو یەکیەتیی سۆڤیەت و بلۆکی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا لە جیهانی دوو جەمسەری، دەتوانن یاریدەدەری حیزب و بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات بن بە شوێن ڕاکێشانی ڕای ئەوان بوو. ڕووداوەکانی پاش شۆڕشی ڕێبەندانی ٥٧ لە ئێران و ئاوڕنەدانەوەی ئەم وڵاتانە لە کێشەی نەتەوەیی لە کوردستان بوو بە هۆی پێداچوونەوەی حیزب بەم بیرۆکەیە و دیتنەوەی دۆست لە نێوان سۆسیال-دێموکراتەکان و لە کۆتاییدا بوون بە ئەندامی سوسیال ئەنترناسیۆنالیستەکان. سەرەڕای ئەوەی کە حدك حیزبێکی خاوەن ئارمان و ئیدەی سۆسیالیستی بووە، هەمیشە باری نەتەوەییەکەی زاڵتر بووە. حیزبی دێموکرات وەکوو حیزبێکی جەماوەری توانیویەتی بەشێکی زۆر لە

ڕۆشنبیران و نیشتمانپەروەرانی کورد بە بیری جیاوازەوە لە دەوری خۆی کۆکاتەوە.

- ژیانی سیاسیی ئەم حیزبە پڕە لە هەوراز و نشێو و کارەساتی جۆراوجۆار، چوار کەسی یەکەمی ئەم حیزبە لە لایەن نەیاران و دوژمنانی کوردەوە کوژراون، شتێك کە لەنێو حیزبەکانی دیکەی کوردستانی کەمتر بیندراوە، قازی محەمەد پێشەوای ئەم حیزبە بە دەس کاربەدەستانی حکوومەتی پەهلەوی، ئەحمەد تۆفیق پاش پتر لە ١٠ ساڵ بەڕێوەبردنی ئەم حیزبە و کاتێك ئیتر وەکوو سکرتێری حیزب نەمابوو لە لایەن بەعسییەکانەوە و، پاشان نەمر دوکتور قاسملوو و شەرەفکەندی لە ڤیەن و بەرلین بە دەستی تێرۆریستەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە شەهید کران. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێگای گەیشتن بە ویست و ئاواتەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەلێك قوربانی داوە و باشترین ڕۆڵەکانی خۆی پێشکەشی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردی کردووە.

- بەداخەوە لە درێژایی خەباتی سیاسیی ئەم حیزبەدا وەکوو زۆرینەی حیزبەکانی دیکە دابڕان و جیابوونەوە بەهۆی جۆڕاوجۆر کەم نەبووە. دوایین لێکدابڕان، دابەشبوونی ئەو حیزبە بە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی لێ کەوتەوە. لێرەدا جێگای ئەوەی نییە باس لەوەی بکرێ پێکهاتنی حدك تا چ ڕادەیەك وڵامدەری پێداویستییەکانی بزووتنەوەی کورد لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا بوو، شتێك کە بێگومان پێویستە بەوردی باسی لێبکرێ، بەڵام ئێستا پاش ماوەی ١٠ ساڵ، جێی خۆشحاڵییە کە پێوەندییەکانی هەر دوو لا تا ڕادەیەکی زۆر ئاسایی کراوەتەوە و باس لە یەکگرتنەوەش دەکرێ.

لە کۆتاییدا بە بۆنەی٧٢ ـەمین ساڵی لە دایکبوونی حیزبی دێموکرات، پیرۆزبایی ئەم یادە لە تێکۆشەران، ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی دێموکرات دەکەم. هیوام وایە هاوکاریی نێوان دێموکراتەکان و هێز و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ببێتە هۆی بووژانەوە و بەرەوپێشچوونی زیاتری بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لەو بەشەی کوردستاندا.

سێپتامبری ٢٠١٧

## حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرێنەری یەکەم کۆماری کوردستان

به بۆنەی ٧٥ مین ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

سەدەی ٢٠ی زایینی سەدەی ململانێ و کێشەی توندی سیاسی لە ئاستی جیهان، لەنێو چوونی ئیمپراتورییەکان، تێکچوونی سنووره فەرمییەکانی جیهانی و سەرهەڵدانی دەوڵەتە نەتەوەییەکانە. هەرچەند شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی هۆی سەرهەڵدان و دامەزرانی ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتەکانی ئەمڕۆیی بوو، بەڵام سەرەڕای جێ باسبوونی کێشەی کورد لە ئاستی جیهاندا، مخابن بۆ کورد ئاکامێکی ئەرێنی واتە بە دەوڵەتبوونی بەدوادا نەبوو. سەرەڕای ئەوەش، ڕووداوەکانی کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی ئاستی بزووتنەوەی کوردی گەیاندە قۆناخێکی بەرزتر و، دامەزرانی حیزبە کوردستانییەکان ڕەنگ و شکڵێکی نوێ و ئەورۆیی بە خەباتی گەلی کورد دا. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاوی لە گەشەسەندنی بیری نەتەوایەتی لە نێو جەماوەی خەڵك و کۆکردنەوەی ئەوان بۆ خەباتێکی ئەمڕۆیانە لە پێناوی گەیشتن بە مافی نەتەوەیی گێڕا. دامەزراندنی یەکەمین کۆماری کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاویی لەژێر ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکێك لە هەرە دەسکەوتە پیرۆزەکانی ئەم خەباتە و جێگای شانازییەکی مێژوویی بۆ گەلی کورد بە گشتیی و، حیزبی پێشەوا بە تایبەتییە.

ڕاگەیاندنی کۆماری سەربەخۆی کوردستان سەرەڕای ڕووخاندنی لە لایەن هێزەکانی سەرکوتکەری تاران ئاواتی مێژینەی کوردی هێنایە دی و، هەتا هەتایە ئەم ڕووداوە مێژووییە وەکو ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی کوردستاندا دەدرۆشێتەوە. دەربڕینی ئاوات و هیواکانی کورد واتە سەربەخۆیی کوردستان لە کاتی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆر بەجوانی لە شێعری "بژی دێموکرات"ی شاعیری نەمری کورد "هێمن"دا ڕەنگ دەداتەوە:

**مزگێنیم دەیە دەگەی بە ئاوات**
**کوردە لە سایەی حیزبی دێموکرات**
**حیزبی دێموکرات تۆ دەدا نەجات**
**پیادەی ئەو، شاهی دوژمن دەکا مات**
**بژی دێموکرات بژی دێموکرات**

(ڕەشەمەی ١٣٢٤)

ئەم خۆشییە لە ڕێبەندانی هەر ئەو ساڵەدا بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە شێعری "ڕۆژی خۆشی"ـی هێمن بەوپەڕی خۆی دەگات:

**ڕۆژی جێژن و خۆشییە، تێپەر بوو ڕۆژی دەرد و خەم**
**هات شنەی ڕەحمەت بە جارێك ڕای‌ڕفاند و بردی تەم**

**دێ لە هەر لایك قاقای پێکەنینی کیژ و کوڕ**
**دێ لە هەر سووچێکی نەغمەی ساز و تار و زیل و بەم**

**گەرچی زستانە بەفر داپۆشی ئەوڕۆ گشت وڵات**
**خاکی پاکی ئێمە خەملێوە وەکوو باخی ئیرەم**

**جێژنی ئیستقلالی کوردستانە، ڕۆژی شادییە**
**جێژنە پیرۆزە لە لاوی هاووڵاتیی خۆم دەکەم**

(ڕێبەندانی ١٣٢٤)

نەمر سەید کامیل ئیمامی (ئاوات)یش هەستی خۆی لە پەسنی پێشەوا قازی محەممەد، یەکەم سەرۆك کۆماری کوردستان وەکوو نزیك کەرەوەی ڕێگەی دووری کورد بەم چەشنە دەردەبڕێ:

**هاتە دەر ئەوڕۆ لە میحنەت میللەتی مەغدووری کورد**
**گەینە ئاوات و مەرامی خۆ هەموو ڕەنجووری کورد**

**بێکەس و بێ دەر بوو ئەمما تۆ گەیشتی، بوویە کەس**
**هەر بژی بۆ لاگریی مە، ئەی ڕەئیس جمهووری کورد**

**زۆر لەمێژ بوو کورد دەڕۆیشتن، نەگەینە ئارەزوو**
**تۆ نزیکت کردەوە بۆ ئێمە ڕێگەی دووری کورد**

**ئاوەدان و گوڵستان و بێ خەزانت کردەوە**
**بەو چلەی زستان و ڕێبەندانە خوار و ژووری کورد**

(ڕێبەندانی ١٣٢٤)

سەبارەت بە شێوەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن نووسەران و لێکۆڵەرانی کورد و بیانی بە دۆست و دوژمنییەوە گەلێك کتێب و بابەت نووسراوە و، تیشك خراوەتە سەر گۆشە جۆراوجۆرەکانی ژیانی سیاسیی ئەم حیزبە بەتایبەتی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەگشتی. دوژمنان و نەیارانی کورد دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف و بە تایبەتی حیزبی دێمۆکرات وەکو بەرهەمی سیاسەتەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت و هاتنی هێزی سپای سوور بۆ باکووری ڕۆژئاوای ئێران لە قەڵەم دەدەن و بەستێنی مێژوویی خەباتی گەلی کورد کەم ڕەنگ دەکەنەوە یاخود چاوپۆشی و حاشای لێ دەکەن. بێگومان هاتنی سپای یەکیەتیی سۆڤییەت و ئینگلیس بۆ ئێران و ڕووخان و دەرکردنی ڕەزاشا بوو بە هۆی کرانەوەی فەزای سیاسی نەك تەنیا بۆ کورد، بەڵکوو بۆ تەواوی خەڵکی ئێران و سەرهەڵدانی دەیان گرووپ و حیزبی سیاسی بە ڕاست و چەپیەوە. لەو سەردەمە ئاڵۆزەدا ئازادیخوازانی خەڵکی کوردیش توانیان لەم دەرفەتە کەڵك وەرگرن و

لەسەرەتادا کۆمەڵەی ژێکاف و پاشان لەسەر قەوارەی ئەو، حیزبی دێموکراتی کوردستان پێك بێنن.

هاتنی هیزەکانی هاوپەیمان لە خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاویی (ئاگوستی ١٩٤١) بۆ ئێران، تەسلیم بوونی سپای ئێران لە شەڕێکی سێ ڕۆژە و هەڵاتنی ئەفسەر و سەربازەکان و هەڵوەشانەوەی ئەم پێکهاتە سەرکوتکەرە لە پانتایی خاکی ئەم وڵاتەدا، دەست لەکار کێشانی ڕەزاشا لە ٢٥ی خەرمانان و دوورخستنەوەی بۆ دوورگەی موریس و پاشان ژوهانسبورگ، بوو بە هۆی تێکشکانی فەزای سەرەرۆیی پاشایەتی، سەرهەڵدانی قەیرانی سیاسی و نیزامی، بێدەسەڵاتیی تاران و گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە چنمانی هێزەکانی سیاسی لە ئێراندا. لە ماوەیەکی کورتدا بەشێکی بەرچاو لە هێز و کەسایەتییە سیاسییەکانی ئێران هاتنە نێو گۆڕەپانی سیاسەتی ئەم وڵاتە و دەسیان بە کار و چالاکیی سیاسی کرد. پێکهاتنی حیزب، سندیکا، ئازادی ڕۆژنامەنووسی و هتد، بوو بە هۆی بەشداریی تەواوی چین و توێژەکان لە ڕەوتی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێراندا.

دەرچوون و نەبوونی سپای ئێران لە ئازەربایجان، کوردستان و خوزستان بەستێنی شیاوی بۆ کار و چالاکی هێزە نەتەوەییەکان و سەرهەڵدانەوەی بیری سەربەخۆیخوازیی لەم بەشانەدا ساز کرد. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد(١) لە ٢٣ی ئەیاری ساڵی ١٣٢٢ بە بیروهزری سەربەخویخوازیی و چەپ لە لایەن ڕۆشنبیرانی ئەو کاتەی کوردستان کە زۆربەیان مەهابادی بوون پێك هات و "لە هاوینی ١٩٤٤دا پانتایی چالاکیی ئەم ڕێکخراوە نەهێنییە لە ماکۆوە هەتا کرماشانی لەخۆ گرت"(٢) و توانی خەڵکێکی زۆر لە ئازادیخوازانی کورد بەرەو خۆی ڕابکێشێ و ببێتە هۆی پەرە و گەشەسەندنی بیروهزری ناسیۆنالیستی و دادپەروەرانە لەنێو جەماوەری خەڵکی کورد. لە ساڵانی پاش ڕووخانی حکوومەتی ڕەزاشا کوردستان لە کردەوەدا لەژێر کۆنترۆلی کوردی ڕۆژهەڵات بوو. خاتوون ئەن لەمبتۆن کە لە لایەن باڵوێزی ئینگلیس لە ساڵی ١٩٤٤ سەفەری بۆ کوردستان کردبوو لە

ڕاپۆرتەکەی خۆیدا باسی بوونی کوردە چەکدارەکان و نەبوونی ژاندارمە و پۆلیسی ئێران لە شار و گوندەکانی نێوان تەورێز و مەهاباد و تین و گوڕی سەربەخۆیخوازیی و هەستی بە هێزی نەتەوەیی کوردەکان دەکا.(٣) بە باوەڕی سێر ڕ. بوڵلارد، باڵوێزی بریتانیا لە تاران، قازی محەممەد، ناوەندی بزووتنەوەی سەربەخۆیی لە کوردستان" بووە.(٤)

لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر قەوارە و بنەمای کۆمەڵەی ژێکاف و پاشگەزبوونەوەی کاتیی لە چەند خاڵێك وەکو سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی تەواوی کوردستان بەپێی ئاڵوگۆڕی بارودۆخی سیاسی ئەو کاتە پێك هات و، توانی بیروڕای بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان بە ئاغاوات، سەرۆك عەشیرە، وردەبۆرژوازی و هتد- یەوە بە تایبەت لە موکریان بەرەوخۆ ڕابکێشی. حیزبی دێموکراتی کوردستان دوو مانگ و چەند ڕۆژێك پاش دامەزرانی حکوومەتی ئازەربایجان سەرەڕای هاودەنگ نەبوونی فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان و یەکیەتیی سۆڤیەت کە دەیانویست کوردستان وەکوو بەشێك لە حکوومەتی ئازەربایجان بە مافی نەتەوەیەکی کەمینە بێ، بەپێی هەبوونی ستراتێژیی نەتەوەیی و هەڵومەرجی ڕەخساو وەکوو: کەلك وەرگرتن لە دژبەریی حکومەتە زلهێزەکانی جیهانی واتە یەکیەتیی سۆڤییەتی و جیهانی ڕۆژئاوا، لاواز بوون و ناسەقامگیریی حکوومەتی ناوەندی و سپای ئێران، بە هێزبوونی بەرەی چەپ و ئازادیخواز لە گشت ئێران، دامەزرانی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان لە ٢١ سەرماوەز، کۆکردنەوەی بەشێکی بەرچاو لە ئاغا و عەشیرەکان، و پشتبەستن بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان ئەم بوێرییە مێژووییەی بوو لە هەوەڵین دەرفەت و بێ فەوتاندنی کات، لە دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاویدا لە چوارچرای مەهاباد بە بەشداربوونی خەڵکێکی بەرچاو، دامەزرانی کۆماری کوردستانی ڕاگەیەنێ. ئەمە بۆخۆی سەلمێنەری هەبوونی هەست و ستراتێژی نەتەوەیی هەروەها بوێری ڕێبەریی ئەم حیزبە لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە کاتی شیاو و لە پێناوی بە دەوڵەتبوونی کوردستانە.

لە بەشێك لە بەڵگە و نووسراوەکانی ڕابرت ڕۆسۆ، جێگیری کونسوولی ئەمریکا لە تەورێز و لێکۆڵینەکانی تورەج ئەتابکی و پرۆفسۆر جەمیل حەسەنلی و هتد ئاماژە بە شێوەی هەڵسوکەوت و بیروڕای نوێنەرانی سیاسیی سۆڤییەت و فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لەگەڵ دێموکراتەکانی کوردستان کراوە. بۆ وێنە:

- ✓ ڕابرت ڕۆسۆ لە ڕاپۆرتێکدا بەم چەشنە باسی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ میر جەعفەر پیشەوەری، سەرۆك وەزیرانی ئازەربایجان و بیروڕای ئەو سەبارەت بە قازی محەممەد وکوردستان دەکا: "... "لەهەر حاڵدا پیشەوەری لەو چاوپێکەوتنەی ئەم دوایەدا گوتی، بە ڕای ئەو قازی 'پیاوێکی باشە'، دەربارەی مەسەلەی 'کوردەکانی ئازەربایجان'یش ڕاوێژی لەگەڵ کردوە. سەرەڕای ئەوەش بە مەرجی 'نەهێنی مانەوە' ئەم خاڵەشی پێ زیاد کرد، جارێ پێیوانییە کوردەکان توانایی بەرێوەبردنی کارو باری خۆیان هەبێ و، دەیەوێ بە جێگای مەجلیسی میللی تەنیا ئەنجومەنێکی میللی لەژێر چاوەدێریی حکوومەتی تەورێز و، پێنج کورسی لە مەجلیسی ئازەربایجانیان پێ بدا." لە ڕاپۆرتێکی دیکەش ڕۆسۆ دەنووسێ: "بە هۆی ئیدیعای حوکمڕەوایی کوردەکان بۆ تەواوی ناوچە سنوورییەکان لە مەهابادوە هەتا ماکۆ، هەروەها میاندواو، ورمێ و خۆی، ناکۆکی لە نێوان کورد و ئازەربایجانییە خودموختاریخوازەکان پەرەی گرتوە. ئازەبایجانییەکان دەیانەوێ خودموختاریی کوردەکان لە ژێر فەرمانی حکوومەتی تەورێز و لە چوارچێوەی ناوچەی مەهابادا قەتیس بمێنێتەوە."(٥)
- ✓ تورەج ئەتابکی لە کتێبی"ئازەربایجان لە ئێرانی هاوچەرخدا" سەبارەت بە هەڵسوکەوتی دێموکراتەکانی ئازەربایجان لەگەڵ شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تەورێز ئاوا باس دەکا: "هەوەڵین هەنگاوێك کە کوردە دێموکراتەکان بۆ دەربڕینی 'برایەتی'یان لەگەڵ دێموکراتە ئازەربایجانییە هاوبیرەکانیان هەڵگرت ناردنی شاندێك بۆ بەشداری لە

جێژنــی 'تێکەڵبــوونی' حیزبــی تــودە لەگەڵ فــرقەی دێمــوکراتی ئازەربایجان بوو کە لە سێ سێپتامبری ١٩٤٥(١٢ی خەرمانـانی ١٣٢٤) لە تەورێز بەرێوە دەچوو. هەر لەو ڕۆژەدا شاندێکی دیکەشیان بە جیـا بۆ بەشداری لە کردنەوەی فەرمیی مەجلیسی میللی ئازەربایجـان نـارد، شـاندی کـورد بە نـارەحەتییەوە تێگەیشـت لەگەڵ ئەوان نەك وەکـوو شاندی ئەیالەتێکی دۆست و دراوسێ بەڵکوو وەکو نوێنەرانی بەشـێك لە ئازەربایجان هەڵسوکەوت دەکـرێ. دێموکراتەکـانی کوردسـتان کە لەم کـارەی دێموکراتەکـانی ئازەربایجـان نـاڕازی بـوون، دەسـتبەجێ پاش گەڕانەوەی شاندی کورد بۆ مەهاباد بەرەیەکی نـوێ و بەهێزیـان بۆ دامەزراندنی حکوومەتی خودموختـاری کوردسـتان وەڕێ خسـت. بەم چەشنە، لە ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦(٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتـاویی) بنـاغەی حکـوومەتی خودموختـاری کوردسـتان بە چەشـنێکی فەرمـی دارێشترا.(٦)

✓ بەپێی لێکۆڵینەوەکانی پرۆفسۆر جەمیل حەسەنلی نووسـەر و تـوێژەری ئازەربایجان لە کتێبی "ئازەربایجانی ئێران، دەسـتپێکی شـەڕی سـارد"، ڕێبەرانـی فـرقەی دێمـوکرات لە ١٦ی ژانـویەی سـاڵی ١٩٤٦ واتە ٤ ڕۆژ پـێش ڕاگەیانــدنی کۆمــاری کوردســتان لە بابەتێــك بە نــاوی "ویستەکانی خەڵکی ئازەربایجان" لە ١٢ خاڵـدا ویسـتە سـەرەکییەکانی کـۆنگرەی میللیــی ئازەربایجانیــان گەڵاڵە کردبــوو. لە ســەرەتای ئەم بابەتەدا هۆیەکانی گـۆڕانی بیروبـاوەڕی ئەوان لە خودموختـارییەوە بـۆ سەربەخۆیی ئازەربایجـانی ئێـران و دامەزرانـی وڵاتێکـی سـەربەخۆ بە نـاوی کۆمـاری دێمـوکراتیکی ئازەربایجـان شـرۆڤە کـراوە. لە خـاڵی ١٢ی ئەم بەڵگەنامەیەدا باس لە لکاندنی بەشی ژێر دەسـەڵاتی حیزبـی دێمـوکراتی کورستـان بە نـاوی کوردسـتانی بـاکوور بەم کۆمـارە بەم چەشــنە گەڵاڵە کــراوە: "ئەم نەخشــەیە [ســنوورەکانی ئەم دەوڵەتە] کوردســتانی بــاکووریش لەخــۆ دەگــرێ. ســنوورەکەی لە کــاتی

چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردستانی باکوور دیاریی دەکرێ." حەسەنلی هەروەها ئاماژە دەکا: لە سەرەتادا باقرۆڤ و پیشەوەری دژی خودموختاریی کوردستان بوون و پێیانوابوو کوردەکان دەبێ لە چوارچێوەی ئازەربایجاندا خودموختار بن. بەڵام دامەزرانی کۆماری کوردستان لەنێو ئێراندا بەشێك لە نەخشە ستراتیژییەکانیان لەم وڵاتە بوو. باقرۆڤ هەوڵی دەدا بە چەشنێك ئەم مەسەلەیە کۆنترۆل بکا. لە ٢٩ ژانویە لە تەورێزەوە ئیبراهیمۆڤ و حەسەنۆڤ لە نامەیەکدا بۆ باقرۆڤ دەنووسن: هاوکاریی نێوان کورد و ئازەرییەکان گەلێك ئاڵۆز بووە ... زۆربەی سەرانی کورد باسی ئازادیی کوردەکان و پێکهێنانی کوردستانی گەورە دەکەن. لە ڕاستیدا ئەم کەسانە لایەنگری سیستمی فئێودالیسم و درێژەپێدانی ئەون. پاش ئەم نامەیە، بە فەرمانی باقرۆڤ "ناسر داداشۆڤ"، ئەندامی پێشووی وەزارتی نێوخۆ [کشور] لەژێر عینوانی نوێنەری بازرگانی و "مەلیك ئەسلانۆڤ" بە ناوی سەرپەرەستی نەخۆشخانەی سۆڤییەت دەنێردرێنە مەهاباد تا بارودۆخەکە کۆنترۆل بکەن.(٧)

ڕاگەیاندنی حکوومەتی میلليی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان بوو بە هۆی تێکچوونی چنمانی سپایی و سیاسیی وڵاتانی داگیرکەری ئێران و؛ کوردستان و ئازەربایجان بوون بە خاڵی دەستپێکی شەڕی سارد. بەڵام یەکیەتیی سۆڤییەت سەرەڕای پشتیوانی قورس و قایمی خۆی لە ئازەربایجان بەردەوام بە دڕدۆنگیەوە سەیری حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستانی دەکرد کە زۆربەی ڕێبەرانی نەك کۆمۆنیست بەڵکوو کەسایەتیی ئایینی، ئاغا و سەرۆك عەشیرە واتە "دەرەبەگ و نوێنەرانی چینی چەوسێنەری کۆمەڵگە" بوون و، سەرۆك کۆمارەکەی سەرەڕای ئەوەی لایەنگر و دۆستی ئەوان بوو، بەڵام هاوکات سیاسەتێکی ڕاستبینانەی لە هەڵسوکەوت لەگەڵ حکوومەتەکانی تاران و تەورێز، هەروەها ئەمریکا و سۆڤییەت بەرێوە دەبرد و دەیویست هاوسەنگییەکی ڕاستبینانە لە بەرژوەندیی خەڵکی کورد لەگەڵ ئەم لایەنانە پێك

بهێنێ و لەم پێوەندییەدا نەك دژایەتییەكی توندوتیژی لەگەڵ دەوڵەتەكانی ڕۆژئاوا نەدەكرد بەڵكوو بە پێی ڕاپۆرتەكانی جێگری كونسوولی ئەمریكا خوازیاری هاوكاریی ئەوان بۆ دابینكردنی دێموكراسی ڕۆژئاوایی و گۆڕینی چەشنی دەسەڵات لە ئێران بوو.

لە یەكێك لە ڕاپۆرتەكانی دوهێر، جێگری كونسوولی ئەمریكا بۆ وەزارەتی كاروباری دەرەوەی ئەمریكا، ڕێكەوتی ٢٦ی ئاوریلی ١٩٤٦(٦ی ئەیاری ١٣٢٥) باسی دیداری لەگەڵ قازی محەممەد و پێشوازیی پێشەوا لە بەكارهێنانی نفووز و دەسەڵاتی ئەمریكا بۆ گۆڕینی ئێران بۆ دێموكراسییەكی ڕاستەقینە و، پێشوازیی كوردەكان لە خۆتێهەڵقورتانی ئەمریكا لەم ڕەوتەدا كراوە. دوهێر لە ڕاپۆرتێكی دیكەش لە پازدەی ژانویە، واتە ١٥ی بەفرانباری ١٣٢٥ی هەتاوی دیسان ئاماژە بە ئەم مەسەلەیە دەكا و دەنووسێ: كوردەكان لە هۆگریی ئەمریكاییەكان لە كاروباری خۆیان پێشوازی دەكەن. ئەوپەڕی دڵخوازیی كوردەكان دێموكراسی لە چەشنی ئەمریكییە. دوهێر هەروەها لە ڕاپۆرتێك لە ١١ی ئۆكتۆبری ١٩٤٦ كە بۆ جۆرج وی ئالێن، باڵوێزی ئەمریكا لە تارانی ناردوە، لە پێوەندی لەگەڵ بەشكبوونی بەرپرسانی سۆڤییەت لە قازی محەممەد دەنووسێ: بەرپرسانی سۆڤییەت ئێستاكە بە هەڵسوكەوتی قازی محەممەد لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریكی زۆر گوماناوین و تەواوی ڕاپۆرتەكان باس لەوە دەكەن كە سۆڤییەتەكان لە پشتگیریی خۆیان لە قازی پاشگەز بوونەتەوە و ڕوویان لە زێرۆبەگ كردوە.(٨)

پێشەوا لە بازنەی ململانێی وڵاتە زلهێزەكاندا سەرەڕای ئەوەی كە زۆرتر بەرەو سۆڤییەت دەشكاوە، بەڵام بەهۆی ڕاستبینیی سیاسی و قەتیس نەبوونی لە چوارچێوەیەكی تەسكی ئایدۆلۆژیك، هەوڵی دەدا لە هەر دەرفەتێك بۆ چارەسەركردنی مەسەلەی كورد لە ڕێگای پێوەندیی لەگەڵ هێزەكانی ڕۆژئاواش كە كاریگەریی بەرچاویان لە تەواوی ڕەوتی سیاسیی دەوڵەتی ئێران هەبوو، كەلك وەربگرێ. تەنانەت ئەم حاڵەتە لە شێوەی هەڵسوكەوتی لەگەڵ دەوڵەتی تارانیش خۆی دەنواند و سیاسەتەكانی لە پێوەندیەكی ڕاستەوخۆ

لەگەڵ هاوسەنگی هێزەكان لە ئاست ئێران و جیهاندا بوو. بە گشت دەتوانین بڵێین قازی محەممەد وەكو ڕێبەری حیزبی دامەزرێنەری یەكەمین كۆماری كوردستان كەسایەتیەكی ڕاستبین و پراگماتیست بوو. ئێمە ئەم چەشنە هەڵسوكەوتە لە گەڵ حكوومەتی تاران لە سێ قۆناخدا بەپێی بابەتەكانی ڕۆژنامەی كوردستان بە جووانی دەبینین:

- ✓ لە ٢٥ی گەلاوێژەوە هەتا ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی
- ✓ لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ وە هەتا ٣١ی بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی
- ✓ لە ٣١ی بانەمەڕەوە هەتا هێرشی سپای ئێران لە ٢١ سەرماوەزی ١٣٢٥ هەتاوی بۆ ئازەربایجان و كوردستان

لە قۆناخی یەكەمدا ڕێبەریی كورد سەرەڕای ئەوەی نزیك بە پتر لە چوار ساڵ دەسەلاتی ناوچەكەی بە دەست بوو، بەپێی هەڵسەنگاندنی هاوسەنگیی هێزە جیهانی و نێوخۆییەكان، هەروەها دڕدۆنگی لە پشتیوانیی سەتاوسەتی یەكیەتیی سۆڤییەت یاخود ولاتانی ڕۆژئاوا لە سەربەخۆیی كورد،، لە یەكەمین كۆنگرەی حیزبی دێموكراتی كوردستان (ئۆكتۆبری ١٩٤٥ مەهاباد، خەزەلوەری ١٣٢٤) هەروەها لە یەكەمین پرۆگرامی حیزب لە دێسامبری (سەرماوەز) ئەو ساڵەدا باسی پارێزگاری لە مافەكانی كورد بۆ بەڕێوەبردنی كارەكان، واتە خودموختاریی نێوخۆیی لە چوارچیوەی دەوڵەتی ئێران دەكا. پێشەوا قازی محەممەد هەروەها لە "گفتوگۆ" لەگەڵ "خاوەنانی چەند ڕۆژنامەی تاران" كە لە ژمارەكانی یەك و دووی كوردستان لە ٢٠ و ٢٢ی بەفرانباری ١٣٢٤ واتە كەمتر لە دوو حەوتوو پێش ڕاگەیاندنی كۆماری كوردستان چاپ و بلاو بۆتەوە باس لە جێبەجێ كردنی یاسای بنەڕەتی ئێران و خودموختاری لەژێر بەیداغی ئێرانی كردوە.

پێشەوا لە وڵامی ئەم پرسیارە:

**لە تاران دەڵێن کوردان بە ڕەهبەریی جەنابت جوێ بوونەوە و ئیستقلالی کوردستانیان دەوێ؛ ئایا ڕاستە؟**

ئاوا وڵام دەداتەوە:

* خەیر ڕاست نییە؛ لەبەر ئەوەی ئێمە لە دەوڵەتی ئێران ئیجرای قانوونی ئەساسیمان دەوێ و دەمانەوێ بە خودموختاری لەژێر بەیداغی ئێراندا بژین و، خودموختاریشمان وەگیر کەوتوە.

هەر لەم وتووێژەدا لە وڵامی پرسیاری "مەرامی فیرقەی دێموکراتی کوردستان چییە؟" پێشەوا دەڵێ:

* میللەتی کورد لە ئێراندا لە هەڵسووڕاندن و پێکهێنانی کاروباری جێگەی خود ئازاد بێ و لە سنووری دەوڵەتی ئێراندا بژی.

بەڵام، پاشان بەپێی شیاوبوونی بارودۆخ و، بە تایبەتی ڕاگەیاندنی حکوومەتی ئازەربایجان لە ۲۱ی سەرماوەزی ۱۳۲٤ و پشتیوانیی یەکیەتیی سۆڤییەت لەم حکوومەتە، ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دووی ڕێبەندان بە پێچەوانەی ویستی فرقە و سۆڤییەت دامەزراندنی کۆماری کوردستان ڕادەگەیەنێ. لەم پێوەندییەدا پێشەوا قازی محەمەد لە "نطق"ی خۆی کە لە ژمارەی ۱۰، ڕێکەوتی ۱٥ی ڕێبەندانی ۱۳۲٤ و ژمارەی ۱۱ لە ۱۷ی ڕێبەندانی ۱۳۲٤ لە "کوردستان" وەکوو بڵاوکەرەوەی بیری ئەم حیزبە لەژێر سەردێڕی "جێژنی سەربەخۆیی و ئیستقلالی کوردستان" بڵاو بۆتەوە، وێڕای ئاماژەکردن بە مێژووی کوردستان و کۆبوونەوەی کوردان لە ژێر عینوانی "حیزبی دێموکراتی کوردستان" باسی وەدەستهێنانی **"ئیستقلال و ئازادیی کورد"** بەهۆی پێكهاتنی کۆماری کوردستان دەکا و دەڵێ:

*"[...] میللەتی کورد هەزاران سەد و بەرهەڵستی سەخت و سەهەندی لە ڕێدا بوو دەستەودایرەی دیکتاتۆری بێوچان کارشکێنیی ئێمەیان*

*دەکرد و لە هیچ نامەردییەك ڕانەدەوەستان، ئیختلافاتی عەشایر بۆ داخڵیش ئیشکالێکی گەورە بوو بۆ ئێمە، ئەمما ئەوانە هیچکامێکیان نەیانتوانی پێش بە ئێمە بگرن، بە دڵێکی بەهێز پایەداریمان کرد و ئیدامەمان بە فەعالییەتی خۆمان دا تا ئیستقلال و ئازادیی نەتەوەی کوردمان بەدەست هێنا..."*

پێشەوا قازی محەمەد نیزیکەی دوو مانگ پاش چوونە دەرەوەی سپای سوور لە ئێران و گۆڕانی بارودۆخی نێوخۆیی و دەرەکی بەپێی وەزعییەتی تازەی سیاسیی ئێران لە "نطق" یخۆی لە ڕۆژی ٣١ بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی لە بەرامبەر تەواوی سەران و سەرکردە و ژێنراڵەکانی کۆمار، کە لە ژمارەی ٥٠ی کوردستان بە کوردی و لە ژمارەی ٥١ بە فارسی بڵاو بۆتەوە وێڕای باسێکی دوورودرێژ لە پێوەندی لەگەڵ زوڵم و زۆری پەهلەوییەکان و سەرەڕای ئەوەی کە "ئاماژە بە سەربەخۆیی تام و تەمامی" کورد دەکا، هاوکات ئاماژە بەمەش دەکا ئەگەر ئازادی لە سەرانسەری وڵاتدا دابین بێ، هیچ بەربەستێك بۆ ژیانێکی برایانە لە چوارچێوەی ئێراندا نابینێ و لە ئەسڵدا ئەگەر سەرنجی قسەکانی بدەین بەپێی ئەو نموونانەی کە دیهێنێتەوە دەتوانین باس لەوە بکەین، پێشەوا قازی محەممەد وەکو یەکەم کەسایەتی سیاسیی لە مێژووی کوردستاندا باس لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە چوارچێوەی وڵاتێکی فیدراڵ و کۆنفدراڵ بێ هێنانی ئەم چەمکانە بەڵام نموونەکانی دەکا.
پێشەوا لە بەشێك لە "نطق"ی خۆی ئاوا دەبێژێ:

*... ئەگەر بێتوو ئازادی لە ئێراندا بەرقەرار بێ چ مانعێك هەیە ئەوەی لە ئێرانێدا دەژین تێکڕا دەستی برایەتی بدەن بە یەکتری. بزانن شۆڕەوی چل پەنجا میللەتن عەداڵەت کردوونیە برا، ئەمریکا چلوچەند جمهووری، سویس دوو- سێیەکن [وەك] یەك ڕووح و گیان پێکەوە دەژین...*

لە بەهاری ١٣٢٥، بە تایبەتی پاش ڕێکەوتنەکانی سۆڤییەت و ڕۆژئاوا و چوونە دەرەوەی سپای سوور لە ئێران گۆڕانکاری بەسەر سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی سۆڤییەت لە پێوەندی لەگەڵ تاران دێ و گوشاری ڕێبەریی سۆڤییەت بە تایبەتی لەسەر فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بۆ پاشەکشە و ڕێکەوتنیان لەگەڵ دەوڵەتی "قوام" توندتر دەبێ.

ڕێکەوتی ٥ی پووشەڕ بە بانگهێشتنی "قوام السلطنە"، پێشەوا قازی محەمەد لەگەڵ محەمەد حوسێنخانی سەیفی قازی وەزیری شەڕی کۆماری کوردستان و شاندێك لە وەزیرانی حکوومەتی میللی ئازەربایجان بۆ تاران دەچێ و ماوەی نزیك بە ٢٥ ڕۆژ لەوێ دەمێنێتەوە. لەم سەفەرەدا پێشەوا بەپێی وتوویژەکانی لەگەڵ ڕۆژنامەکانی "رهبر" و "ایران ما" لەگەڵ "قوام"، "مظفر فیروز" و سەرلەشکەر "ارفع" دیدار و وتوویژی بووە. لە قسەکانی پێشەوا تا ڕادەیەکی زۆر هیوایەکی تایبەتی بە "قوام السلطنە" بۆ ڕێکەوتن و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان تاران و کوردستان دەبیندرێ. وتوویژەکەی پێشەوا لەگەڵ ڕۆژنامەی"رهبر" لە لایەن نەمر مامۆستا حەسەن قزڵجی کراوەتە کوردی و لە ژمارەی ٦٩ی کوردستاندا بلاو بۆتەوە.

پێشەوا لە وتوویژ لەگەڵ ڕۆژنامەی "رهبر" دەربارەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ "مظفر فیروز" و "قوام السلطنە" دەڵێ:

*"دەگەڵ جەنابی سەرۆك وەزیر، ملاقاتم کردوە، نەزەری ئاغای سەرۆك وەزیرم تێکەڵ بە حوسنی زەن و چاك نییەتی دیوە... من ئاتییەیەکی زۆر چاك تێبینی دەکەم و هیوادارم دەوڵەتی مەرکەزی بتوانێ دێموکراسی بە هەموو ئێراندا بڵاو بکاتەوە". هەروەها لە وڵامی پرسیارێك دەربارەی پێوەندییە "معنوی"یەکانی بزووتنەوەی کوردستان و ئازەربایجان ئاماژە دەکا:" هەردووك لامان بۆ ئامانجێك کە ئازادی و سەربەخۆیی حەقیقی و بەڕاستیی ئێرانە کاردەکەین".*(٩)

تاران وێرای ڕواڵەتکاریی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئازەربایجان و کوردستان، پەیتا پەیتا لەباری سیاسی و نیزامییەوە خۆی بەهێزتر و ئامادەی

هێرشێکی گەورە بۆ ئەم دوو ناوچەیەی دەکرد. لە کردەوەدا ئەم چاوپێکەوتن و وتووێژانە نەیدەتوانی ئاکامێکی ئەرێنی بەشوێنەوە بێ و "قوام"یش کەسێك نەبوو بەڵێنەکانی خۆی بەجێ بهێنێ. لەم ڕەوتەدا شکستهێنانی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی سۆڤییەت لە بەرامبەر ئەمریکا و بریتانیا و دانوستانی لەگەڵ دەوڵەتی "قوام" بۆ پاراستنی بەرژوەندییەکانی مۆسکۆ لە ئێراندا، پاشگەزبوونەوەی حکوومەتی ئازەربایجان لەژێر گوشاری مۆسکۆ و خۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم حکوومەتە پاش دانوستانی یەك لایەنەی لەگەڵ دەوڵەتی "قوام" بەبێ ئەوەی کە ڕێبەری کۆماری کوردستان ئاگادار کرابێتەوە، بوو بە هۆی شکانەوەی هاوسەنگیی سیاسی و نیزامیی هێزەکان بە قازانجی دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوایی و ئێران و بێ پشتیوان مانەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و ئازەری لە ئاستی ژوور و دەرەوەی ئێراندا. حکوومەتی تاران پاش بێلایەن کردنی مۆسکۆ و بەرەوخۆ ڕاکێشانی بیروڕای جیهانی تەنانەت لە ئاست شوڕای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا، هەروەها پشتیوانیی ئەمریکا و وڵاتە ڕۆژئاواییەکان، لە ٢١ سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاویی واتە ساڵڕۆژی دامەزرانی حکوومەتی میللی ئازەربایجان هێرشێکی بەرفراوانی لە تەواوی بەرەکانەوە کردە سەر ئازەربایجان و کوردستان.

مخابن پاشەکشەی حکوومەتی میللی ئازەربایجان و بەشوێن ئەودا کۆماری کوردستان، خۆبەدەستەوەدان و بەرەنگارنەبوونەوەیان لە بەرامبەر سپای ئێران، هەروەها نەبوونی هیچ چەشنە پشتیوانییەکی سیاسی و نیزامی لە لایەن سۆڤییەت و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران، کۆمەڵکوژیی خەڵکی ئازەربایجان و لە سێدارەدانی ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد و گرتن و دوورکردنەوەی ئازادیخوازانی کوردستانی بە شوێنەوە بوو.

### کۆتایی

بێگومان بیرویادی کۆماری کوردستان وەکوو خاڵێکی وەرچەرخان و شانازییەکی گەورە لە مێژووی کورد و کوردستان دەمێنێتەوە. ڕێبەریی کورد

لە سەردەمێکی گەلێك ئاڵۆزی جیهانی و ناوچەییدا توانی بۆ هەوەڵین کەرەت لە مێژووی خۆیدا شێوەی دەسەڵاتداری ئەزموون بکات و ئەم شانازییە بە کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش ببەخشی هەتا لە ڕەوتی بە دەوڵەت بوونی کورددا بەشداری ڕاستەوخۆیان هەبێ. حکوومەتی کوردستان سەرەڕای ئەوەی کە بە پێچەوانەی ئازەربایجان لەباری ئاستی گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی، هەروەها ئیمکاناتی ماددی و پشتیوانی تەسکی یەکیەتی سۆڤییەت گەلێك لاوازتر بوو، بەڵام وێرای ئەوەش توانی هەنگاوی مێژوویی بۆ بەرەوپێشبردنی فەرهەنگی کۆمەڵگە و جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی خەڵك بگرێتە بەر. گۆڕانی سیستمی پەروەردە و خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی و بەشداری کوڕ و کچی تەمەن ٦ هەتا ١٤ لە قوتابخانەکان، دامەزرانی مەدرەسەی شەوانە بۆ گەورەساڵان، چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤار، ڕۆژنامە و کتێب بە زمانی کوردی، دامەزرانی یەکەمین تئاتری کوردی، بەشداریی ژنان بۆ یەکەمجار لە کارە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە [سپای میللی] بۆ بەرگری لە کۆماری کوردستان، ناردنی لاوانی کورد بۆ خوێندن لە ئاستی باڵا بۆ باکۆ، مامەڵەی ڕاستەوخۆی بازرگانی و فرۆشی توتوتن لە ڕێگای درووست کردنی "شرکت ترقی" بە یەکیەتیی سۆڤییەت و هتد لە کارە بەنرخەکانی حکوومەتی ساوای کورد لەم ماوە کورتەدایە. هەرچەند بە پێی پیلانی دوژمنانی ژوورەکی و دەرەکی و پشتیوانی نەکردنی یەکیەتیی سۆڤیەت کۆماری کوردستان ڕووخێندرا و ڕۆڵە بە ئەمەگەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد تووشی لە سێ دارەدان، زیندان و هەڵاتن و هتد بوون، بەڵام ئەزموونێکی بە نرخیان لە خۆ بە جێ هێشت، لە هەمووشیان گرینکتر ئەوە ڕاستییەیە کە کێشەی نەتەوەیی کورد بێ سەربەخۆیی و پێکهێنانی کیان و دەوڵەتی کورد چارەسەر ناکرێ و ڕێبەریی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی کورد دەبێ ستراتێژی نەتەوەیی، توانایی هەڵسەنگاندنی بارودۆخ، ڕێکخستنی خەڵك لە دەوری دروشمی شیاو، پەرەپێدان بە ئاگایی و

هەستی نەتەوەیی و لە کاتی شیاودا بوێری هەڵگرتنی هەنگاوی پێویست و ڕاستبینانەی بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانی بێ.

***

١) لە ڕۆژی ٢٣ی ئەیاریساڵی ١٣٢٢ی هەتاویی لە مەغارەکێو "قەڵای سارم" لە نزیکی شاری مەهاباد یەکەم کۆنگرەی کۆمەڵە بە بەشداری ٢٥ کەس بەڕێوە چوو و دامەرانی ئەم حیزبە ڕاگەیەندرا.

٢) ئۆلگا ئیوانۆونا ژیگالینا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردەکانی ئێران(١٩٣٧-١٩١٨)دەزگای زانست، مۆسکۆ ١٩٨٨، بە ڕووسی

٣) Fo371/401173/13978 نوسخەی یادداشتێکی خانم ئەن. ك. س. لەمبتۆن. ئاتاشە (ڕاسپێراوی) چاپەمەنیی باڵوێزخانەی بریتانیا لە تاران ١٣ی سێپتامبری ١٩٤٤، پێوەندیی کورد لەگەڵ ڕووس. سەرچاوە: ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا (وەرگێڕاوی کوردی ١٣٠بەڵگەنامە) لاپەڕەی ٦٧، ئەنوەر سوڵتانی بنکەی ژین ٢٠٠٥

٤) سێر ڕ.بوللارد، "لە تارانەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە، ٢٩ی سێپتامبری ١٩٤٤ لە پێوەندی بە کوردستانەوە دەنووسێ" کوردی ناوچەی ڕووس لە ئێران، بە ئاشکرا چەکیان هەڵگرتووە و لە سەربەخۆیی دەدوێن.[...] لە مەڕ مەهابادیشەوە ڕاستە و وا دیارە قازی محەممەد، ناوەندی بزووتنەوەی سەربەخۆیی بێ لە کوردستان" سەرچاوەی سەرێ لاپەرەی ٧١

٥) کردها و فرقه دمکرات آذربایجان، گزارش‌هایی کنسولگری امریکا در تبریز دی ١٣٢٣- اسفند ١٣٢٥،صص٤١-٣٩ و ٩٤ مترجم کاوه بیات، تهران

٦) تورج اتابکی، آذربایجان در ایران معاصر، ص ١٦١، ترجمه محمد کریم اشراق، انتشارات توس، تهران ١٣٧٦

٧) جمیل حسنلی، آذربایجان ایران، آغاز جنگ سرد، صص ٢٦٤-٢٦١، ترجمه منصور صفوتی، ١٣٨٧، تهران، چاپ و صحافی: کتاب شمس

٨) کردها و فرقه دمکرات آذربایجان، گزارش‌هایی کنسولگری امریکا در تبریز دی ١٣٢٣- اسفند ١٣٢٥، مترجم کاوه بیات، تهران، صص ٥٤،٥٣ و ٧٨ و ٩٤

٩) کوردستان، ژمارەی ٦٩، ساڵی یەکەم، ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٢٥

***

**سەرچاوەکان**

**بە کوردی:**

١. ڕۆژنامەی کوردستان مەهاباد ١٣٢٥-١٣٢٤ هەتاویی، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، بنکەی ژین، ٢٠٠٧

٢. ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا (وەرگێڕاوی کوردی ١٣٠بەڵگەنامە) ئەنوەر سوڵتانی بنکەی ژین ٢٠٠٥

٣. کامران ئەمین ئاوە، بیری چەپ و دۆزی سەربەخویی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ٢٠١٧

http://www.kurdistanukurd.com/files/birawarichapp.pdf

**بە فارسی:**

١. یرواند آبراهامیان، ایران در بین دو انقلاب، ترجمه احمد گل محمدی و محمد ابراهیم فتاحی، نشر نی، تهران ١٣٩٤

٢. کردها و فرقه دمکرات آذربایجان، گزارش‌هایی کنسولگری امریکا در تبریز دی ١٣٢٣- اسفند ١٣٢٥، مترجم کاوه بیات، تهران،

٣. تورج اتابکی، آذربایجان در ایران محاصر، ترجمه محمد کریم اشراق، انتشارات توس، تهران ١٣٧٦

٤. پروفسور جمیل حسنلی، آذربایجان ایران، آغاز جنگ سرد، صص ٢٦٤-٢٦١، ترجمه منصور صفوتی، ١٣٨٧، تهران، چاپ و صحافی: کتاب شمس

٥. علی گلاویژ، یادی از جنبش دوم بهمن، نشریه سیاسی تئوریك "دنیـا"، دی ماه ١٣٥٦ ، شماره ١٠، سال چهارم
٦. كامران امین آوه، چپ سنتی و جنبش ملی كرد در ایران، نشر ڕوشـنگری، آلمان ١٣٩٥

**بە ڕووسی:**
١. میكائیل سـیمۆنۆیچ لازاریـف، كوردسـتان و كێشـەی كـورد(١٩٤٥-١٩٢٣)، مۆسكۆ، دەزگای ویژەی ڕۆژهەڵات ٢٠٠٥
٢. ئۆلگا ئیوانۆونـا ژیگالینـا، بـزووتنەوەی نەتەوەیـی كوردەكـانی ئێـران(١٩٣٧-١٩١٨)دەزگای زانست، مۆسكۆ ١٩٨٨

***

گەلاوێژی ٢٠٢٠

## من و ڕۆژنامەی "کوردستان"

بە خۆشییەوە ژمارەی ڕۆژنامەی "کوردستان" زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان گەیشتۆتە ٨٠٠. هەڵسەنگاندن و نووسینی مێژوو و بەسەرهاتی ڕۆژنامەی "کوردستان" لەسەرەتاوە تا ئێستا کارێکی ساکار نەبووە و پێویستی بە کارێکی پسپۆڕانە لە لایەن کۆمەڵێك زانای ئەم بوارەوە بووە. وێرای ئەوەش لە نەبوونی ئارشیوێکی دەوڵەمەند توێژینەوەی زانستیی ئەم تەوەرە و شیکردنەوەی خاڵە بە هێز و لاوازەکانی پتر لە ٧ دەیە کار و چالاکی "کوردستان"، کارێکی هاسان نیە.

وێرای چاپ و بڵاوبوونەوەی کۆی "کوردستان"ی سەردەمی کۆماری کوردستان (١٣٢٥-١٣٢٤ هەتاوی) لە لایەن بنکەی ژین لە ساڵی ٢٠٠٧ و، چاپخانەی دەزگای ئاراس لە ساڵی ٢٠١١، بە داخەوە ئارشیوێك لە "کوردستان" — ەکانی چاپی باکۆ، ئی ئورووپا و باشوری کوردستان پێش شۆڕشی ڕێبەندانی ٥٧ی هەتاوی لەبەردەستدا نییە و دابڕانەکانی نێو حیزب و بڵاوبوونەوەی "کوردستان" وەکو ئۆرگانی چەندین باڵی دێموکراتیش کاری لێکۆڵینەوەکە هەتا ڕادەیەك ئاڵۆزتر دەکات.

لێرەدا ناچمە نێو قووڵایی بەسەرهات و چارەنووسی "کوردستان" و نووسەرەکانی کە بەهۆی زەحمەت و چالاکی ئەوان چرای ژیانی ڕۆژنامەی "کوردستان" پتر لە ٧ دەیە ڕۆشن ڕاگیراوە، تەنیا پێم خۆشە بە کورتی ئاوڕێك لە ئەزمونی هاوکاری خۆم بە درێژایی نزیك بە ١٢ ساڵ لەگەڵ ڕۆژنامەی "کوردستان" و هاندەری من بەرەو ئەو کارە بدەمەوە.

هەرچەند پێش دابڕانەکەی ساڵی **٢٠٠٦** یەك دوو وەرگێڕدراوێ خۆم سەبارەت بە مێژووی کوردستان لە "کوردستان مێدیا" دا بڵاوکردبۆوە، بەڵام هاوکاری جیددی من لەگەڵ حدك دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی **٢٠٠٩**. من بابەتێکی مامۆستای نەمر حەسەن قزڵجی ـم بە ناوی "هەستکردن قەدەغەیە" وەرگێڕایە سەر زمانی فارسی و لەگەڵ پێشەکییەکی کورت سەبارەت بە ژیان و بەسەرهاتی مامۆستادا ناردم بۆ رۆژنامەی" کوردستان". ئەو بابەتە لە ژمارەی ٥٠٨ی "کوردستان" رێکەوتی ٢٠ ئاوریلی **٢٠٠٩** چاپ و بڵاو بۆوە. ئیتر لەو ساڵەوە تا ئێستا کەم و زۆر بەڵام بەردەوام هاوکاریی "کوردستان"م کردوە. هاندەری من بۆ ئەم هاوکارییە وەکو دۆستی حیزب، پێوەندی بە دوو خاڵی سەرەکییەوە هەیە:

- **یەکەم.** زۆر جار ناوەڕۆکی بابەتەکانی من لە بواری سیاسەت، مێژوو، تەنانەت ستراتێژی خەباتی نەتەوەیی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەبایی لەگەڵ سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەبووە، سەرەڕای ئەوەش، بێ شرۆڤە و کەم و زیاد کردنێك لە "کوردستان" دا بڵاو بوونەتەوە. من ئەو چەشنە هەڵسوکەوتە بەرز دەنرخێنم و هیوادارم بەرپرسانی ئەو ڕۆژنامەیە درێژە بەم سیاسەتە بدەن هەتا "کوردستان" بتوانێ شوێنی ڕەنگدانەوەی بیرو هزری جیاواز و ڕەنگاورەنگ بێ. ڕێزگرتن و ڕێ‌پێدان بە بڵاوبوونەوەی بیرو ڕای جیاواز یاریدەدەری گەشەسەندی بیر دێموکراسی‌خوازی و تەمرینی دێموکراسی لە حیزب و کۆمەڵگا دەبێت.
- **دووهەم.** لەو ماوەیەدا سەرنووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان"یش بە چەشنێك هاندەرم بوون بەرەو هاوکاری کردن لەگەڵ"کوردستان". بەڕێزان کاك قادر وریا، خاتوو کوێستانی فتووحی و کاك عەلی بداغی بە هەڵسوکەوتی خۆیان توانییویانە ڕۆڵی ئەرێنییان لە ڕاکێشانی کەسانی ناحیزبی بۆ هاوکاری لەگەڵ"کوردستان" بێ. کاك قادر وریا

نەك هەر وەك چالاکێکی حیزبی، بەڵکوو وەك بیرمەند و نووسەرێکی بە توانا و تەنانەت وەك دۆستێکی خۆشەویست ڕۆڵێکی باشی لەم پێوەندیەدا گێراوە. بەم حاڵەش سەرەتای کاری جیددی من لەگەڵ "کوردستان" دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێك کە خاتوو کوێستان فتووحی بەرپرسی "کوردستان" بوو. کوێستان لە کاری ڕۆژنامەوانیدا کەسێکی جیددی، بەرپرس، گەلێك هەستیار و ووردبینە، تەنانەت بۆخۆشی قەڵەمێکی تیژ و بە هێز، بە هەستێکی قووڵی ژنانەوە هەیە. بۆ من گەلێك جێ خۆشحاڵی بوو کە ژنێکی ئاوا "قائم بە ذات" بەرپرسی ئۆرگانی ناوەندی حیزبی دێموکراتە و هەموو کات و ساتی خۆی لە خزمەتی حیزب و نەتەوەکەی دادەنێ. پێداگری لەسەر بیرو بۆچوونی سکولار و دێموکراسیخوازانە، بەرگری لە ماڤی ژنان و سووربوون لە بەشداری ژنان لە کار و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگایەکی "پیاوسالار"دا - کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتیش بە چەشنیك دەگریتەوە، لە خاڵە سەرنجراکێشەکانی کەسایەتی کوێستان بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ ئەو وەکو بەرپرسی ئەم ڕۆژنامەیە بوو.

لەو کاتەوەش کاك عەلی بداغی بۆتە بەرپرسی ڕۆژنامەی "کوردستان" من شایەدی چالاکی و ماندوویینەناسی و بەرپرسیاتییەکی زۆری ئەو بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ کەسایەتییە ناحیزبیەکان و درێژەپێدان بە بڵاوکردنەوەی بیری جیاواز و ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی دیکەم. بێگومان ئامادە و چاپکردنی ئورگانی ناوەندی حیزب، ئەویش هەر دوو حەوتوو جارێك، کارێکی هاسان نییە و پێویستی بە ئەرك و هەڵسوورانێکی بەرپرسانە و بەردەوام هەیە، کارێك کە تەنانەت زۆربەی حیزبە سەرتاسەرییەکانی ئێران بە گەلێك ئیدعاوە بۆیان جێ بە جێ نابێ.

بە داخەوە چەندین دەیەیە ڕۆژنامەی"کوردستان" لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاپ و بڵاو دەبێتەوە. هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا ئێمە شایەدی کۆتایی هاتن بە ژیان و دەسەڵاتی حکوومەتی ئیسلامی ئێران و چاپ و بڵاوبوونەوەی "کوردستان"ی حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئازادکراو بین.

جۆزەردانی ٢٠٢١، دۆرتمۆند، ئاڵمان

## پێکهێنانی شۆڕای دێموکراسی‌خوازانی ئێران لە پێناوی چیدا؟

### "دەرفەت یان پێشێلکردنی مافی نەتەوەیی؟"

ڕۆژی ٢٧ی خەزەڵوەری ١٣٩٦ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٨ی نوامبری ٢٠١٧ی زایینی لە شاری کۆڵنی ئاڵمان بە میوانداریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی ئێران، هەروەها چەند حیزبی نەتەوەیی و سەرانسەری وەکوو بەرەی دێموکراتیکی ئێران دەستپێکی کاری "شۆڕای دێموکراسی‌خوازانی ئێران" وەکوو مزگێنی پێکهاتنی ئەلترناتیڤێکی بەهێز لەبەرامبەر حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە ٨ خاڵدا ڕاگەیەنرا. بێگومان ئەلترناتیڤ بوون دەگەڕێتەوە سەر قورسایی و نفووزی جەماوەریی ئەو ڕێکخراوانە لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نێو وڵاتیان، نەك ڕیزکردنی دروشم و ناوی حیزبەکان. بە درێژایی چەند دەیەی ڕابردوو، چەندین بەرەی وەك شۆڕای میللی و بەرگریی ئێران بە سەرۆکایەتیی ڕێکخراوی موجاهیدینی ئێران (کە تەنانەت سەرۆك کۆمار و کابینەی تێدا دیاری کراوە)، کۆماریخوازان و کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ پێك هاتوون.

هەر کام لەوانە ئیدیعای ئەلترناتیڤ بوونیان بووە و هەیە! بەڵام حکوومەتی ئیسلامی هەر لە جێی خۆیەتی و چالاکیی ئەم ڕێکخراوانەش نەك سەرنجی خەڵکی ئێران، بەڵکوو هێزە پڕشوبڵاوەکانی دەرەوی وڵاتیشی بەرەوخۆ ڕانەکێشاوە، تەنانەت نەیانتوانیوە هیچ چەشنە ڕێکخستن و جووڵانەوەیەکی بەهێز لە نێوخۆی وڵات وەڕێ بخەن. بەم پێیە بڵێی شۆڕای دێموکراسی‌خوازانی ئێران بتوانێ قەرەبووی سەرکەوتوو نەبوونی بەرەکانی پێشتر بکاتەوە و ببێتە ئەلترناتیڤێکی جێمتمانە بۆ تەواوی خەڵکی ئێران؟ ئەویش لە حاڵێکدا کە زۆرینەی دامەزرێنەرانی ئەم شۆڕایە هاوکات ئەندام و دامەزرێنەری کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵیشن!

بڵێی ئەم ڕێکخراوانەی کە ئەم شۆڕایەیان پێك هێناوە بتوانن ئیدیعای نوێنەرایەتیی نەك تەواوی ئێران بەڵکوو بەشی ئەتنیکیی خۆیشیان بکەن؟ بۆ وێنە ئایا حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان دەتوانن خۆیان وەکوو تەنیا نوێنەر و ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیی گەلی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێناسە

بکەن، ئەویش لە کاتێکدا قەوارەی کۆمەڵگەی کوردستان لە بەراورد لەگەڵ سەرەتای شۆڕشی ٥٧ی هەتاویی ئێران، گەلێك گۆڕاوە و بۆتە کۆمەڵگەیەکی فرەحیزبی و تەنانەت چوار کۆمەڵە و دوو حیزبی دێموکراتیش بەهۆی دابڕانی ئەندامەکانیانەوە پێك هاتوون؟ بێگومان هیچ حیزب و ڕێکخراوەیەکی کوردستانی و سەرانسەری بە تەنیایی ناتوانێ ئەم ئیدیعایە بکات و ئەگەریش بیکا بە دوور لە ڕاستییە و، تەنیا پڕۆپاگەندەیەکی بێکەلك و بێسوود و سەمەرە دەبێ.
بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ بڕیارنامەی شۆڕای دێموکراسیخوازەکانی ئێران دەکرێ ئاماژە بکرێ بە خاڵی ٦ و ٧ی بڕیارنامەکە کە لە هیچ حاڵەتێکدا تەبایی لەگەڵ بەرژەوەندیی درێژخایەن و پرەنسیپی خەباتی هێزێکی نەتەوەیی، بە تایبەتی کورددا نییە.
لە خاڵی ٦ لە پێوەندی لەگەڵ زمانی فارسیدا هاتووە:

*"کەلکوەرگرتن لە زمانی فارسی وەکوو زمانی سەرانسەری و پێوەندی لە نێوان تەواوی زمانە جۆراوجۆرەکانی وڵات وێڕای بەفەرمی ناسینی زمانی میللییەتەکان لە ئاستی وڵات و ناوچەکانیدا."*

هەڵبژاردنی زمانی فارسی وەکوو زمانی فەرمی یان سەرانسەری لە وڵاتێك بەناوی ئێران نەك بە ویست و هەڵبژاردنێکی ئازاد لە لایەن نەتەوەکانی ئێران بەڵکوو بە هۆی داسەپاندنی ئیرادەی شوێنیستە ئێرانییەکان لە پێناوی دامەزراندنی "یەك وڵات، یەك نەتەوە و یەك زمان" بووە، ئەمەش دژایەتی لەگەڵ تەواوی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤدا هەیە. بەم پێیە پێویست نەبوو لە بڕیارنامەیەکی وەهادا کە زۆربەی ئەندام و دامەزرێنەرانی لە نەتەوەکانی نافارسن هەر لە ئێستاوە و بەبێ گشتپرسی و بیروڕای خەڵك لە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و فیدراڵدا زمانێکی فەرمی دیاری بکەن! پێویست بوو نوێنەرانی حدك لانیکەم پێبەند بە پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٦ی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ زمانی ڕەسمی لە فەسڵی چوارەم، خاڵی دووی مادەی دەهەم بوایەن کە دەڵێ:

*"ئەو زمان یا زمانە ڕەسمییانەی بۆ نامەنووسین و پێوەندییە ئیدارییەکانی نێوان هەرێمەکان و دەوڵەتی فیدراڵ بەکار دەبرێن و هەروەها سیاسەتی زمانی لە ئاستی دەوڵەتی فیدراڵدا بە ڕێککەوتنی گشتیی پێکهاتەکانی نێو فێدراسیۆن بڕیاری لەسەر دەدرێ."*

لە خراپترین حاڵەتیشدا دەکرا ئەم بڕیارە دابنێن بۆ سەردەمی پاش ڕووخانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران. بێگومان دەکرێ لە دادێدا لە ئەزموونی وڵاتە فرە نەتەوەییە فیدڕاڵەکان کەلك وەربگیرێ، بۆ وێنە خەڵکی هەر ئەیالەتێکی فیدڕاڵ بێجگە لە زمانی زگماکی خۆیان فێری یەکێك لە زمانەکانی دیکەی ئێران بن، هەروەها کەسێك کە بۆ کار و ژیان بۆ ناوچەیەکی دیکەی ئێران دەچێ فێری زمانی فەرمیی ئەو وڵاتە بێ و هتد ...! نابێ لە بیربچێتەوە کە گەشەکردنی زمانی فارسی بە حیسابی وەپاشخستن و لەنێو بردنی زمان و فەرهەنگی گەلانی نافارس لە ئێران بەڕێوە چووە. بەدرێژایی دەستەڵاتداری پەهلەوی و مەلاکانی ئێران، نووسەر و شاعیرانی نافارس بە ئیجبار فێری زمانی فارسی بوون و زۆرتر خزمەتیان بە زمانی نەتەوەی چەوسێنەر و داگیرکەر کردووە هەتا زمان و فەرهەنگی نەتەوەی خۆیان. منداڵی کورد لە ڕۆژی هەوەڵی مەدرەسەوە مەجبوور بە فێربوونی زمانی بێگانە بووە و ئەمە لەباری ڕەوانییەوە کاریگەرییەکی نەرێنی لە ژیانی منداڵی و سەردەمی دواتریدا بووە و هەیە. بێهۆ نییە کە زۆرینەی خەڵکانی نافارس توانای نووسین و خوێندنیان بە زمانی زگماك نییە و نەیانتوانیوە بە زمانی خۆیان بخوێنن و پەرە بە گەشەکردنی زمانەکەیان بدەن.

لە خاڵی ٧دا هاتووە:

> *"باوەڕ بە پاراستنی تەواوییەتی ئەرزی و یەکپارچەیی وڵاتی ئێران و پێبەندبوون بە بنچینەی بەرامبەری و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی میللییەتەکان و گرووپە ئەتنیکییەکانی ئێران."*

ئەم خاڵە دژایەتی لەگەڵ بنەواشە (پرەنسیپ)ی مافی چارەنووسی گەلان هەتا ئاستی جیایی و پێکەوەژیانی دڵخوازانەی نەتەوەکان لە چوارچێوەی وڵاتێکدا هەیە. چ پێویست دەکا ئێمەی کورد کە بڕوامان بە مافی چارەی خۆنووسین و پێکهێنانی کۆماری کوردستان هەتا مافی جیابوونەوە هەیە، بۆ دڵخۆشیی هێزە سەرانسەرییەکان لە ئێستاوە پێبەندیی خۆمان بە پاراستنی سنوورەکانی ئێران بسەلمێنین و بەڵێنی مانەوە وەك "مرزداران غیور و دلیر"ی ئێران بدەین؟!

هەتا کەی بەشێك لە حیزبە کوردییەکان بۆ کار و هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە ناکوردەکان دەبێ پرەنسیپی گشتیی خەبات و تەنانەت خاڵەکانی بەرنامەی پەسەندکراوی کۆنگرەکانی خۆشیان پێشێل بکەن؟ بۆ نابێ هەر لە ئێستاوە لەسەر

مافەکانی خۆمان سوور بین و بەپێی جاڕنامەی مافی مرۆڤ ڕاشکاوانە باس لە مافی چارەی خۆنووسین هەتا ئاستی جیایی بکەین؟ بێگومان هەبوونی ئەم مافە بەو مانایە نییە کە ئێستا کورد دەیەوێ جیا بێتەوە، بەڵام پێویستە ئەم خاڵە گرنگە وەکوو مافێکی ئینسانی و نەتەوەیی لە هەموو ڕێکەوتنێك لەگەڵ هێزە سەرانسەرییەکان بەڕەسمییەت بناسێنرێ. حیزبێکی کوردستانی پێویستە لە ڕوانگەی بەرگری لە مافی نەتەوەییەوە بچێتە بازنەی مامەڵە لەگەڵ هێزەکانی دیکەوە، دەنا چ جیاوازییەك لە نێوان حیزبێکی کوردستانی و سەرانسەریدا هەیە!

بێجگە لە سەرانسەری ناساندنی زمانی فارسی و پێبەندی بە تەواوییەتی ئەرزیی ئێران، خاڵەکانی بڕیارنامەی شۆڕای دیموکراسی‌خوازانی ئێران لە بەراورد لەگەڵ ویستی بەشێکی بەرچاو لە حیزبە سەرانسەرییەکان یاخود کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێران، فیدڕاڵ شتێکی وەها تازە و سەرنجڕاکێشی تێدا نییە و هەر وەکوو پێشتر ئاماژەی پێکرا، بە پێچەوانەی بەرنامەی خودی ئەم حیزبانەشە! بۆ وێنە لە بەرنامەی پەسەندکراوی حدك لە کۆنگرەی شازدەدا باس لە "وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکی فیدڕاڵ و یەکیەتیی داخوازانە و دادپەروەرانەی نێوان نەتەوەکانی ئێران" دەکرێ نەك باوەڕ بە پاراستنی یەکیەتی و یەکپارچەیی خاکی ئێران (بڕوانە خاڵی١ تا ٣، مادەی یەکەم: ئامانج و پرەنسیپە بنەڕەتییەکان).

مافی دیاریکردنی چارەنووس و یەکیەتیی داخوازانە بەمانای ڕێژەیی بوونی سنوورەکانی ئێرانە و ئەم مافە بە کورد دەدا ئەگەر پێویست بێ بەپێی ڕاگەیەنراوی مافی مرۆڤ و ڕای خەڵکی خۆی، جیا بێتەوە و وڵات و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان پێك بێنێ.

هەروەها، لە فەسڵی دووهەمی ئامانج و ستراتێژیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە بزووتنەوەی کوردستان، پەسەندکراوی کۆنگرەی نۆهەمی کۆمەڵە، پووشپەڕ — گەلاوێژی ١٣٨٠، مادەی شەشدا هاتووە:

*"[...] ئێمە بەپێی جیهانبینی و بەرنامەی سۆسیالیستیی خۆمان، مافی هەموو میللەتانی دانیشتووی ئێران بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، یانی ئازادیی ئەو نەتەوانە لە جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆدا بەڕەسمی دەناسین. لە هەمان کاتدا ئێمە خوازیاری یەکگرتنی ئازادانە و*

*برایانەی نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران لە پێکهاتەیەکی سیاسیی فیدراتیڤدا ین و لەسەر ئەو بڕوایەین کە ئەم یەکگرتنە بە قازانجی دێموکراسی و بە قازانجی جەماوەری زەحمەتکێشە."*

ئەم بۆچوونەی کۆمەڵە تەبایی لەگەڵ دەقی واژۆکراو لە شۆڕای دێموکراسیخوازانی ئێراندا نییە. نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە واژۆکردنی ئەم بڕیارنامەیە نەك هەر دەسکەوتێکی وەهایان بۆ گەلی کورد لە ڕێککەوتنیان لەگەڵ هێزەکانی بێناو و نیشانی سەرانسەری و ناوچەیی دەستەبەر نەکردووە بەڵکوو بەرنامەی پەسەندکراوی کۆنگرەکانی خۆیشیان پێشێل کردووە.

لە کۆتاییدا، پێویستە باس لە خاڵی دووهەمیش بکرێ کە جەخت لە "تێپەڕینی ئاشتیخوازانە لە کۆماری ئیسلامی بەپێی خەباتی دێموکراتیکی شارستانییانە" لە ئێران دەکا. بێگومان هیچ حیزب و نەتەوەیەك پێی ناخۆش نییە بتوانێ بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە دەسەڵات بگۆڕێ. کەمتر دەسەڵاتدارێکیش هەیە کە بە خۆشی و ڕەزامەندیی خۆی حکوومەت ڕادەستی ئۆپۆزیسیۆن بکا. هێزێکی سیاسی سەرەڕای ئەوەی کە هەوڵی خۆی دەدا لە تەواوی شێوەکانی شارستانییانە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کەلك وەربگرێ، هاوکات خۆیشی ئامادە دەکا لە ڕۆژی پێویستدا لە شێوەکانی دیکەی خەبات وەکوو شەڕی چەکدارانە کەلك وەربگرێ. حیزبێکی سیاسی بەپێی بارودۆخ و گۆڕانکاری و لاسەنگیی هێز، شێوەی خەباتی خۆی هەڵدەبژێرێ و خۆی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا قەتیس ناهێڵێتەوە. لە ڕاستیدا ئەگەر ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێران باوەڕیان بە خاڵی دووهەمی ئەم بڕیارنامەیە هەیە، جێی خۆیەتی تێبکۆشن هەرچی زووتر خۆیان لە چوارچێوەی حیزبێکی سیاسی—نیزامی دەرباز بکەن و ببنە هێزێکی سیاسی— مەدەنی!

بریا حیزبە کوردستانییەکانمان، کە ئاوا لە بەرامبەر ڕێکخراوەکانی سەرانسەری و هتدی ناکورددا پاشەکشە لە بەرنامەکانی پەسەندکراوی کۆنگرەکانیان دەکەن، بیانتوانیایە بەدوور لە پاوانخوازی و بەرژەوەندیی تاکەکەسی و ...، لەسەر چەند خاڵێکیش پێکەوە ڕیکەوتبان و سەرەتا بە پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی بەرەو پیری هاوکاری و دانوستان لەگەڵ هێزەکانی سەرانسەری و ناکورد ڕۆیشتبان.

کورد دەڵێ: "تا ماڵ گەرەکی بێ بۆ مزگەوت حەرامە."

٢٣ی نوامبری ٢٠١٧

# تێرۆری شەوی یەڵدا!

حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بەدرێژایی مێژووی دەسەڵاتداریی خۆی لە ئێران نیشانی داوە کە بۆ لەنێو بردنی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی خۆی لە هیچ کارێکی نائینسانی کۆتایی ناکا و لە تەواوی ئامرازەکان و یەك لەوان تێرۆر کەلك وەردەگرێ. هەر لە سەرەتای شۆڕشی ٥٧ـەوە یەکێك لە هەوەڵین کارەکانی حکوومەتی تازەپێکهاتووی ئێران، سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ساواك لە جلوبەرگی تازەی ساواما، هەروەها پێکهێنانی هێزی تێرۆر لە دەرەوەی وڵات و بەتایبەتی کەلکوەرگرتن لە تێرۆریستە نائێرانییەکان بووە. لەم ڕەوتەدا ئێران توانی زۆر بەباشی بەتایبەتی لە عەرەبەکانی لوبنان و فلستین کەلك وەربگرێ. بەڵام لە باشووری کوردستانیش بەپێی پێگە و نفووزی خۆی لەوانەی کەلك وەرگرتووە، کە لە جلوبەرگی کوردایەتیدا خزمەت بە نەیارانی نەتەوەکەی خۆیان دەکەن. تێرۆری سەدان کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە لە کوردستانی ئازادکراو نموونەیەکی بەرچاو لەم هەوڵانەی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانە. تا ئەم دواییانە و هەتا پیلانی سەرنەکەوتووی تێرۆری تێکۆشەری کورد کاك ڕەزا کەعبی و پووچەڵبوونەوەی تەقاندنەوەی بارەگای کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، حیزبە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵات بە چەشنێك ئەرخەیان بوون کە بەتایبەتی پاش دادگای میکۆنووس و تاوانبار ناساندنی حکوومەتی ئێران، بەڕێوەچوونی کاری تێرۆریستیی ئێران وەکوو جاران لە کاردا نییە و، ئاوا دێتە بەرچاو کە تا ڕادەیەکیش لە ڕوانگەی ئەمنیەتییەوە کەمتر خەمییان کردبێ. کەم نەبوون ئەوانەی کە کۆمەڵکوژیی موجاهیدینی خەڵکیان لە لایبێرتی وەکوو زەنگێکی مەترسیدار بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێناسە کرد، بەڵام بەشێك پێیان وابوو باشووری کوردستان جیاوازی لەگەڵ بەشی عەرەبنشین هەیە و ڕادەی ئەم مەترسییە لە ئاستێکی نزمدایە. لە لایەکی دیکەشەوە مێژووی دەستەڵاتداریی مەلاکانی ئێران نیشانی داوە ئەگەر کاربەدەستانی ئێران بە هۆی جۆراوجۆر پاشەکشەیەکی کاتیشیان لە سیاسەتی تێرۆری

ڕۆشنبیران و ئازادیخوازانی ئێرانی و بەتایبەتی کورد کردبێ، قەت لە جەوهەری سیاسەتی تیرۆر و گرتن و لە بەندیخانە خستن و هتد پاشگەز نەبوونەتەوە و تەنیا بەپێی گۆڕانکارییەکانی ناوچە و جیهان شێوەی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی خۆیان گۆڕیوە. لەم دواییانەدا ڕەوتی ناردنەوەی بەشێك لە پێشمەرگەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پرۆپاگەندەی میدیایی و هتد، بۆ حکوومەتی ئیسلامی ئەمرێکی نەخوازراو بووە و هەڕەشە و گوڕەشەی فەرماندەکانی سپای پاسداران و میدیاکانی ئێرانی لێ کەوتەوە. ئەمە پیشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە حکوومەتی ئیسلامی ترسی لە هێزەکانی کوردی ڕۆژهەڵات هەیە کە لە باشووری کوردستان جێگیر بوون. لێرەدا پێویستە حیزبێکی کوردستانی کە باس لە زیندووکردنەوەی خەباتی چەکداری دەکا یان بە ڕاشکاوی دان بە ناردنی پێشمەرگە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەنێ، شێوەی کار و چالاکیی حیزبەکەی لە دەرەوەی ئێران، هاوئاهەنگ لەگەڵ سیاسەتەکەی بکا و تێبکۆشێ بە سەرلەنوێ خۆڕێکخستنەوەی ڕێکخراوەکانی لە نێوخۆ و دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ئەو ڕادەیەی کە دەکرێ هێزەکانی خۆی لەژێر مەترسیی کارەساتی وەکوو شەوی یەڵدا بکێشێتە دەرێ. ئەم ڕووداوە و پیلانی تیرۆری کاك ڕەزا کەعبی و بۆمبڕێژکردنی بارەگای کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، کارەساتی شەوی یەڵدا و شەهیدبوونی پێشمەرگەکانی حدك و دوو کارمەندی ئاسایش، گرتن و کوشتنی خەباتکارانی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هتد تەنیا نیشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە بوونی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران کۆسپێکی گەورە بۆ گەیشتنی کوردی ڕۆژهەڵات بە ئامانجە نەتەوەییەکانیەتی و بەبێ ڕووخانی حکوومەتی تیئۆکراتیکی تاران و دابینبوونی حکوومەتێکی سێکۆلار و باوەڕمەند بە مافی نەتەوکان لە ئێراندا، هیچ ئاسۆیەك بۆ گەیشتن بە وڵاتێکی ئازاد و دێموکراتیك نابیندرێ. لەم ڕەوتەدا پێویستە حیزبەکان و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵات بەدوور لە پاوانخوازی، بەرەیەکی هاوبەش دژبە حکوومەتی ئیسلامیی ئێران پێك بێنن تا بتوانن ئەرکی مێژوویی خۆیان باشتر بەجێ بێنن.

بەرز بێ یادی شەهیدانی شەوی یەڵدا و تەواوی تێکۆشەرانی ڕێگەی ئازادیی نیشتمان.

٢٧ دسامبری ٢٠١٦

## مێژوویی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی

## یادگاری شیرین

بایەخی مەدرەسە و خوێندەواری لە کۆماری کوردستاندا

بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان

و ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان

بەدرێژایی مێژووی کورد، ڕووناکبیرانی ئەم نەتەوەیە لە دەس چەند دوژمنی نێوخۆیی یەك لەوان نەخوێندەواری و پاشکەوتن لە ڕەوتی گەشەسەندنی عیلم و فەننی هاوچەرخ و کاریگەریی نەرێنیی ئەم کەمایەسییە لەسەر چارەنووسی تاڵی میللەتی کورد ناڵاندوویانە. شاعیران و ئەدیبانی کورد لە نووسراوەکان و لە کاتی دەربڕینی هەستی خۆیان لەمەڕ چارەنووسی ئەم میللەتە زۆر جار باسی کەمایەسییەکانی کۆمەڵگەی کوردەوارییان کردووە. بۆ وێنە یەکێك لە ئاواتەکانی مەزنی حاجی قادری کۆیی شاعیری پایەبەرزی کورد لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەدا گەیشتن بە کوردستانێك بوو کە لەوێدا زانست و هونەر پەرە بگرێ و دادپەروەری و یەکسانی زاڵ بێ. بۆ شاعیر بنەبڕکردنی نەخوێندەواری لە پەنای تەواوکردنی دوژمنایەتی و چەندبەرەکیی نێوان عەشیرەتەکان، یەکگرتوویی نێوان تەواوی قەوم و عەشیرەتەکان و ڕۆشنگەری و خەباتی چەکداری، یەکێك لە مەرجەکانی گەیشتنی کورد بەم ئاواتە بەرزە بووە. شاعیر لەژێر کاریگەری دەستکەوتەکانی ئوروو‌پادا بانگەوازی نەتەوەی کوردی بەم چەشنە بۆ فێربوونی فەن و زانست کردبوو:

«تۆ وەرە فەننێ فێر بە چیتە لەوە
گاورە، هیندووە و یاخود جووە
ئەهلی جەننەت نە شوان و گاوانە
ساحیبی فەن و عیلم و عیرفانە»

کاتێك کۆمەڵەی ژ.ك پێك دێ، لە هەوەڵین ژمارەی نیشتمان لە پووشپەڕی **١٣٢٢**ی هەتاوی لەژێر بابەتێك بەناوی "آمانجی ایمه" باسی «بەرهەڵست و چەڵەمەیەکی وەکوو دوژمنایەتیی خۆبەخۆ، دووبەرەکی و خۆخۆری، پووڵپەرستی و بیگانەدۆستی» لەسەر ڕێگای بزووتنەوەی کورد دەکا و ئاماژە بەوەی دەکا کە «تەنیا ڕێگایەکی کورد ئەبێ بەرە و سەربەستی پێیا بڕوا شەقامی شارستانییەتە». هەر لەو ژمارەیەدا لە شێعرێکی م.م هووشەنگ ئەندامی ژمارە ١٦ی کۆمەڵەدا هاتووە:

«ملتی دیچیه ئەگەر کردی تەرەقی علتی؟
بوچی تیناڤکری؟ کورد آخرئەتوش ملتی؟
شد نفاق تو سبب گر تاکنون در ذلتی
بیوەتەن وەك جولەکەی دایم هەتیو و سەر هەژار
اتحادو گەرببی جا لازمه علم و سەواد
چونکه بی علم و هونەر ناکا تەرەقی هیچ کار
هیچ کەس ناژی لەویدا به بی علمو هونەر
ملتی عالم که دەگرن عالەمیك نیه بی ئەثەر
گەر نەبی علم و هونەر، حەیوانن ئەبنائی بەشەر
مایلی دەشتو دەرو سەحراو و کیو و کیوسار»

هێمن شاعیری پایەبەرز و میللیی کوردیش لە ساڵی **١٣٢٤**ی هەتاوی لە «یادگاری شیرین»دا بە گلەییەوە ڕوو بە کچی کورد دەڵێ:

«لادە چارشێوی ڕەشت با دەرکەوێ کوڵمەی گەشت
چون لە قەڕنی بیستەما زۆر عەیبە ئەو ڕوو گرتنە
کیژی خەڵکی بۆمی ئاتۆمی دروست کرد و ئەتۆش
هەر دەزانی ناوی «ئەستێوڵك» و « دەرخۆنە» و «پنە»
فێری زانست و هونەر بوو ئەو لە سایەی خوێندنی
تۆش تەشیمان بۆ دەڕێسی، یادگاری شیرنە
ئەو بە ئاسمانا فڕێ، دنیا گەڕا، چووە بن بەحر

دەك نەمێنم کاری ئێوەش هەر لە ژوور دانیشتنە»

بێگومان کاتێك لە کۆتایی سەدەی ١٩ و دەستپێکی سەدەی ٢٠ی زایینیدا، کۆمەڵگەی پاشکەوتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر زوڵم و زۆری دەوڵەتێکی داگیرکەردا بوو کە بۆخۆشی یەکێك لە وڵاتە پاشکەوتەکانی ئەو کاتی جیهان بوو، کورد چۆن دەیتوانی بەبێ هەبوونی کەیان و سەروەریی خۆی بە ئاستێك بگا کە تەنانەت دەرفەتێك لە وڵاتەکەیدا پێك بێ کە منداڵی کورد ڕێگای قوتابخانە بگرێتە بەر و فێری زمانی زگماك و فەنن و زانستی هاوچەرخ بێ. ئەویش کاتێك بە قەولی هێمن لە «دوارۆژی ڕووناك»دا:

«لە مێژ بوو هەققی کورد دەخورا بە فیڕۆ
لە مێژ بوو کورد بوو دەیکرد شین و ڕۆڕۆ
لە مەیدانی شەقێنی دوژمنیدا
سەری سەردای کوردی بوو وەکوو گۆ
....
کوڕی کوردی لە خوێنی خۆی دەگەوزێ
کچی کوردی سەری کربوو وە ئەژنۆ
ئەوەی سووکایەتی بوو کردی پێمان
نەدەکرا کەس بڵێ بۆ وادەکەی تۆ؟»

ئاواتی ژیانێکی ئازاد و سەربەخۆ هەرچەند بۆ ماوەیەکی کورتی یازدە مانگەش بوو بۆ هەوەڵین جار لە مێژووی کورد بە پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەممەد و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان وەدی هات و منداڵی کوردیش توانی بەپێی دەستوور بۆ مەدرەسە بچێ و فێری زمانی زگماك و زانست و فەنی هاوچەرخ بێ. هەر لە ژمارەی یەکی کوردستان بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێکەوتی لە ڕێکەوتی ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤دا لە

ئاگادارییەك کە لە لاپەڕەی ٤دا چاپ کرا، ناردنی کچ و کوڕی سابلاغی کرا بە یاسا. لەم ئاگادارییەدا ڕاگەیەندرابوو:

بە تەواوی ئەهالی خۆشەویستی (سابلاغ) ڕادەگەیەندرێ ـ لەسەر ئەمری پێشەوای موعەززەم و قەراری (حیزبی دێموکراتی) کوردستان لەوەی بەولاوە پێویستە بۆ پەرە پێدان و ڕەواجی زمانی کوردی خوێندن لە مەدرەسەکاندا بە کوردییە لەو (تاریخەوە) تا دە ١٠ — ڕۆژی دیکە هەر کەسێك کوڕ و کچی هەبێ کە عومری ئیقتزای خوێندن بکا دەبێ بینێرێتە مەدرەسە ئەڵبەتە هەر کەس لەو ئەمرە ڕوو وەرگێڕی بە توندترین موجازات تەنبێ دەکری. (کومیتەی مەرکەزیی حیزبی دێموکراتی کوردوستان معاونی حیزب تەهازادە.)

هەر لەو ژمارەیەدا باسی کۆبوونەوەی هەیئەتی فەرهەنگیی کوردستان و قەرار بۆ کۆکردنەوە و دابەشکردنی ئەو منداڵانە لە نێو میللەت و ناردنیان بۆ مەکتەبی گەلاوێژ دەکرێ کە بەهۆی بێکەسییەوە ناچار بە سواڵکردنن. ڕەنگدانەوەی ئەم دەستوورە لە هەوەڵین ژمارەی کوردستاندا نیشان دەدا کە ڕێبەرایەتیی کورد تا چ ڕادەیەك هەستی بەم کەمایەسییە لە کۆمەڵگەی کوردستان کرد و دڵسۆزانە هەوڵی بۆ کۆکردنەوەی منداڵە هەژارەکان و ناردنیان بۆ مەدرەسە دا، دەرفەتێك کە بە درێژایی سەڵتەنەتی ڕەزاخان و قاجارەکان بۆ منداڵی کورد نەڕەخسابوو. پێشەوا قازی محەممەد لە بەشێك لە وتەکانی خۆی کە بەبۆنەی "جێژنی سەربەخۆیی و ئیستقلالی کوردستان" لە ژمارەی ١١ی کوردستان ڕێکەوتی ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٢٤دا بڵاو بۆتەوە زۆر بەوردی زوڵم و زۆری حکوومەتەکانی تاران لە بواری زمان و فەرهەنگی نەتەوە نافارسەکان شی ئەکات و بەم چەشنە باسی دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان لەو ماوە کورتەی باش دامەزرانی دەکا:

"زمانی زگماکمان کە لەگەڵ شیری دایك تێکەڵی خوێن و گۆشتی ئێمە بووە لە زەمانی دیکتاتۆریدا سەخت قەدەغە کرابوو. زمانی فارسی بەزۆر تەحمیلی

ئێمە و منداڵەکانمان دەکرا و ئەوە پتر سەبەبی پاشکەوتنی کورد بوو. لە مەدارسدا ڕەسمیەتمان پێدا و خوێندن و تەحسیلمان بە سەبك و تەرتیبی دنیا خستە سەر باری کوردی. چەند مەدرەسەی کچان و کوڕانمان کردەوە مەدرەسەی شەوانەمان دایر کرد و، کتێب بەزمانی کوردی تەرجومە کران. چەند سەد کوڕ و کچ و پیاوی گەورە لە مەدارسی شەوانە و ڕۆژانە بەزمانی کوردی دەخوێنن. لە جیاتی ئەوەی شەش-حەوت ساڵ خەریکی خوێندن و فێربوونی فارسی بن لە مانگێك و دوو مانگدا دەبنە خوێندەوار و هەموو شتێك دەخوێننەوە و دەنووسن. بۆ ناساندنی لیاقەتی مللی و وەدەرخستنی حەیاتی ئەدەبی و فەرهەنگی **کورد** و بۆ ڕاگەیاندنی هاواری خۆمان بە گوێی دنیای بەشەریەت و عەداڵەت، موحتاجی وەسیلەی چاپ و بڵاو کردنەوە بووین، چاپخانەی زۆر چاك تەئسیس کرا و دامەزرا لە شاری خۆماندا بە زمانی خۆمان بە چاپخانەی خۆمان؛ گۆڤار و ڕۆژنامە دەدەچێ و بیر و فکر و داخوازی ئێمە لە دنیادا بڵاو دەکاتەوە."

هەروەها لە ژمارەی ٢٥ی کوردستان ڕێکەوتی ٢٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٤دا بەپێی دەستووری پێشەوا بەهۆی پێداویستییەکی زۆر، باسی کۆکردنەوەی کتێبەکانی "قەرائەتخانەی عیسازادە و فەرهەنگ و سازکردنی "کتێبخانەیەکی مللی و عموومی" لە شاری مەهاباد دەکردرێ. لە ڕاستیدا کەمتر ژمارەیەکی کوردستان هەیە کە تێدا بە چەشنێك باسی بایەخی زمانی کوردی و فەن و زانستی هاوچەرخ نەکرابێ.

بە دامەزرانی کۆماری کوردستان بە ڕێبەریی پێشەوای نەمر قازی محەممەد دەرفەتێك بۆ ڕۆڵەی کورد پێکهات تا لەم ماوە کورتەدا دەیان تێکۆشەر، شاعیر، نووسەر و ئەدیبی گەورە وەکوو حەسەن قزڵجی، هێمن، هەژار، ئاوات، حەقیقی، نووری، سەدیق ئەنجیری، عەزیز یۆسفی، غەنی بلووریان، قاسملوو، گەلاوێژ و هتدی لێ هەڵکەوێ و ببێتە ئەستێرەیەکی گەش بۆ مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستاندا. دووی ڕێبەندان و دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕووح

و لەشی برینداری نەتەوەی کوردی ساڕێژ کرد و هیوای دوارۆژێکی ڕووناکی خستە دڵی هەر کوردێکەوە. هێمن لەو پەڕی جوانیدا باسی دوارۆژی کوڕ و کچی کورد بەهۆی دامەزرانی سەروەری و کەیانی کورد لە "یادگاری شیرین"دا دەکا و دەڵێ:

«کوڕی کورد! هاتەوە دیسان هەلی تۆ
مەوێستە، خۆت مەگنخێنە، مەترسە
[...]
برۆ پێش بێوچان، لێ بخوڕە، باژۆ
نەما داخ و پەژارە و ماتەم و خەم
زەمانی هەڵپەڕین و بەزمە ئیمڕۆ
لە شایی ئێمەدا نابینی ئێستا
کچێکی دڵ بە خەم، لاوێکی بێدۆ»

ژانویەی ٢٠١٤

# ئەفسانەی دەوری یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەی ژ.ك

چەواشەکردنی ڕاستییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، سووکایەتی کردن بە سەرۆك و قارەمانانی ڕێگای رزگاری، تێرۆری کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد لە لایەن نەیار و دوژمنانی کوردەوە کەم نەبووە. ٤٠ ساڵ سەرکوتی فیزیکی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، جیا لە بێزراوکردنی ڕێژیم لەبەر چاوی کورد سوودێکی بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەبووە. پەنابردنی کۆماری ئیسلامی بۆ هەر فێڵ و فەرتەنەیەك دژبە کورد چاوەڕوانکراوە. شەڕی فیزیکی دژبە تاکەکانی کۆمەڵ بهبێ شەڕی ڕەوانی گشتی بۆ شکاندنی ئیرادەی پتەوی خەڵك بێئاکامە. لەو ڕووەوە دوژمن لەهەموو شێوەکارییەکی نەشیاو وەکوو وەگەڕخستنی کەسانی ساختەچی بۆ خەوشخستنە سەر کەسایەتییە نەتەوەییەکانی کورد کەلك وەردەگرێ. ئەو سیاسەتە تایبەت بە کۆماری ئیسلامی نییە و بەرلەو ڕێژیمە، لە سیستمی گۆڕکراوی پاشایەتی و هاوکووفەکانی لە تورکیە و عێراق و سووریەش ئەو سیاسەتە بەڕێوە چووە. لەمێژە دەزگای ئیتلاعاتیی ئێران، بە پشت بەستن بە سەنەد و بەڵگەکانی ساواك، ساواما و هتد دەیەوێ مێژوویەکی تازە بۆ کورد بنووسێ. بۆ ئەوەش لە کەسانی ناوزڕاوی وەك عیرفانی قانیعیفەرد و هتد لە هەموو دەرفەتێك بۆ بەدناوکردنی کورد کەلك وەردەگرێ. پەروەردەکردن و ناردنی کەسانێکی نادروست و چەواشەکار بۆ مووزەی مێژوو کە هەژگەڵی مێژوونووسیی بێلایەنی وێدەخەن، ناتوانێ سیمای قارەمانانی مێژوویی کورد خەوشدار بکا. بێگومان لەم بەربەرەکانییە نابەرامبەرەدا کە دەسەڵات خاوەنی ئیمکاناتێکی ماددیی فەراوانە، نووسینی ئەم چەشنە کتێب و بابەتانە کارێکی دژوار نییە و نەبووە، بەڵام هەروەك شۆڕشی گەلانی ئێران لەساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی ڕێژیمی کۆنەپەرستی پاشایەتی و تێئۆریسییەنەکانی وەك یادێك بۆ مێژوو هێشتەوە، بێگومان لە داهاتوویەکی نیزیکدا ئاکامی ئەم ڕێژیمە و سەرکوتکەرانی فیزیکی و فیکریی ئەوان

باشتر لە حەمەڕەزا شا و دەوروبەرەکەی نابێ و تەنیا بێئابڕوویەکی مێژووییان بۆ دەمێنێتەوە.

بۆ نووسینی مێژوو و تەنانەت هەر ڕووداوێکی تاریخی، نووسەر پێویستی بە کەلکوەرگرتن لە تەواوی سەنەد و بەڵگەکانی هێزە بەشەدارەکانی بزووتنەوەکە و تەنانەت سەرکوتکەران هەیە. بەڵام شێوەی کەلکوەرگرتن، بەکارهێنان، لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی زانستیی ڕووداوەکان لەلایەن نووسەرەوە و دەرهێنانی ڕاستییەکانی مێژوو لە نێوان ئەم هەمووە فاکت و بەڵگە بەربڵاوانەدا ئەوە دەسەلمێنێ کە نووسەر تا چ ڕادەیەك لە کاری خۆی سەرکەوتوو بووە و توانیویەتی ڕاستییەکانی مێژوو بخاتە بەرچاوی خوێنەر. ئەو کاتەی کە نووسەر تەنیا لە چاوی دەسەڵاتەوە و بە کەلکوەرگرتن لە ڕاپۆرتی سیخوڕەکانی ڕێژیم و پشتبەستن بەو بەڵگە خەیاڵییانەی کە بۆخۆی نەبێ کەس ئاگاداری نییە، یا لە هیچ جێیەك سەرچاوە و نیشانییەکانی ئەم بەڵگانە دیاری نەکراون، مێژوو دەنووسێ یا پێی دەنووسن، تەنیا بەرهەمێکی بێکەلك بڵاو دەکاتەوە کە خۆینەر بە جوانی لە نێوان وشە بە وشەی ڕستەکانیدا، جێ پێی ڕێکخراوەکانی ئیتلاعاتی سەرکوتکەری ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئێران دەبینێ.

نووسەری ئەم دێڕانە تێدەکۆشێ بەیارمەتی وەرگرتن لەو بەڵگانەی کە لەبەر دەستن بەکورتی باسی ڕۆڵی یەکیەتیی سۆڤیەت لە پێکهێنان و چالاکیی کۆمەڵەی ژ.ك لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکا کە لەلایەن مێژوونووسانی بەناو سەربەخۆ و بێلایەنی! کۆماری ئیسلامیی ئێران چەواشە کراوە.

## ئەفسانەی دەوری یەکیەتیی سۆڤیەت

لەکاتی پێکهاتنی کۆمەڵەی ژ.ك تا ئەمڕۆ بیر و بۆچوونی یاران و نەیارانی کورد سەبارەت بەم ڕووداوە مەزنە لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا یەکسان نەبووە و هەرکام لە ڕوانگەی تایبەت بەخۆیان بەرەو شیکردنەوەی ئەم مەسەلەیە چوون. چەواشەکەرانی سەربە دەسەڵات بۆ سەربە بێگانە نواندنی ئەم ڕێکخراوەیە باسی پێکهاتنی کۆمەڵە بە فەرمانی ڕاستەوخۆ یاخود لەژێر چاودێریی سۆڤیەت دەکەن و بەم چەشنە دەیانەوێ بیسەلمێنن کە ئەم چەشنە ڕێکخراوانە دەستسازی بێگانەن و بێگومان پێکهاتنی بزووتنەوەکانی سەربە ئەوانیش، نە بەهۆی ئاگایی نەتەوەیی و پێویستیی مێژوویی گەلی کورد بە ڕزگاریی وڵاتەکەی لەژێر چەپۆکەی حکوومەتە

سەرکوتکەر و داگیرکەرەکان، بەڵکوو بەپێی کەلکوەرگرتنی دوژمنانی ئێرانە بۆ ئاژاوەگێڕی لەم وڵاتە و تێکدانی تەواوییەتی وڵاتی ئێران. بەڵام ئەگەر سەیری ئەو بەڵگانەی کە ئێستا لەبەر دەستدان بکەین، دەبینین کە یەکیەتیی سۆڤیەت نە تەنیا ڕۆڵێکی لە پێکهێنانی کۆمەڵەی ژ.کافدا نەبووە، بەڵکوو پاش چوونی نۆێنەرانی کۆمەڵە بۆ لای نۆێنەرانی یەکیەتیی سۆڤیەتی لە تەورێز ئەوان لە پێکهاتن، ویست و چالاکیی ئەم هێزە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ئاگادار بوونەتەوە. بۆ وێنە لە ڕاپۆرتی حەسەنۆف سەرکونسوولی یەکیەتیی سۆڤیەت لە تەورێزدا هاتووە: "زەبیحی وتەکانی ئیلخانیزادەی دووپات کردەوە و وتی ئەم ڕێکخراوەیە نزیکەی دوو ساڵە پێك هاتووە و ناوی پارتی ژ.ك بە واتای پارتی ژیانەوەی کوردستانە."[٢٦]

هەروەها لە یادداشتەکانی هاشمۆڤ سەرکونسوولی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ورمێ لە یەکی ژانویەی ١٩٤٥دا لەمەڕ نەبوونی پێوەندی دەگەڵ کۆمەڵەی ژ.ك هاتووە: "من بە چاوی خۆم هەستم کردووە بە بوونی پارتی (ژ.ك) و زۆربەی خەڵك پارتی (ژ.ك) بە (کۆمەڵە) ناو دەبەن. زۆربەی کوردەکان و پیاوە بەناوبانگەکانیان لایەنگریی سۆڤیەت دەکەن و بەهیوان لەخەباتیاندا بۆ سەربەخۆیی لەسۆڤیەت یارمەتی وەربگرن. کومیتەی کوردیی (ژ.ك) خەڵك دڵنیا دەکات کە لە ئیش و کارەکانی خۆیدا پەیوەندی دەکا بە یەکیەتیی سۆڤیەتەوە. بەڵام لەنێوان ئێمە و (ژ.ك)دا هیچ پەیوەندییەك نییە [...]."[٢٧]

لە لایەکی تریشەوە تەواوی فاکت و بەڵگەکان دەیسەلمێنن کە یەکیەتیی سۆڤیەت نە تەنیا پشتیوانی لە کۆمەڵەی ژ.ك نەکرد بەڵکوو "بەرپرسانی سۆڤیەت لە ئێران، کوردەکانیان لە ئەندام بوونی کۆمەڵەی ژ.ك دەپرینگاندەوە، تێدەکۆشان چالاکیی ئەم ڕێکخراوەیە بەرتەسك کەنەوە."[٢٨]

مۆلۆتۆف وەزیری کاروباری دەرەوەی وڵاتی سۆڤیەت لە گەرماوگەرمی شەڕی دووهەمی جیهانیدا ڕق و بێزاریی خۆی و دەوڵەتەکەی لە کورد دەردەبڕی و

---

[٢٦] بەڵگەنامەی ژمارەف ٠٩٤/ ئو ٣٠/ د٦٥/ پ ٣٤٨ ل ١٤٩ لە ئارشیوی وەزارتی دەرەوەی ڕووسیەی فێدراتیف، ڕابوون ژمارە٢٢ ـ ١٩٩٧، لاپەڕەی ٥٣

[٢٧] ڕووداوەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە چەند بەڵگەنامەیەکی شۆڕەویدا (١٩٤٥ ـ ١٩٤٧)، لاپەڕەی ١٤، د. ئەفراسیاو هەورامی

[٢٨] تاریخ کردستان، مؤلفان: لازاریف، محوی، حسرتیان، ژیگالینا. واسیلیەوا- مترجمان: منصور صدقی، کامران امین آوە، ص ٢٢٥، انتشارات فروغ، آلمان، چاپ اول فروردین

"ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کوردی بە دەرەبەگ "ناو دەبا"[29] ئەمەش لە حاڵێکدا بوو کە بەپێچەوانەی بۆچوونی سۆڤیەت، نە تەنیا ڕێبەریی کۆمەڵە و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەستی دەرەبەگ و کۆنەپەرستان نەبوو، بەڵکوو ڕووناکبیرانی ئەو کاتی کوردستان وەك عەبدولڕەحمان زەبیحی، حوسێن فرووهەر (زێڕینگەران)، عەزیز زەندی، مەحەمەد نانەوازادە و هتد کە بیر و باوەڕێکی پێشکەوتووخوازانەیان هەبوو، ڕۆڵی سەرەکییان لە پێکهێنانی کۆمەڵەدا گێڕا و توانییان زۆربەی ئازادیخوازان و ڕۆشنبیرانی کورد وەك حەسەن قزڵجی، هێمن، هەژار، حەقیقی و هتد لە سابلاغەوە هەتا کرماشان و لە سلێمانییەوە هەتا هەولێر بەرەو خۆیان ڕابکێشن و بۆ پێکهێنانی کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ تێبکۆشن. ئەم ویستە بەرحەقەی کورد بۆ پێکهێنانی کەیانی خۆی دەگەڵ ژێئۆپۆلیتیکی زلهێزانی جیهان و بەتایبەتی یەکیەتیی سۆڤیەت نەیدەخوێندەوە. بۆ وێنە مۆلۆتۆف لەنامەی ٣١ی ئاگۆستی ١٩٤٩دا بۆ سیمیرنۆڤ باڵوێزی سۆڤیەت لە ئێران بەڕاشکاوی "بە حیساب هێنانی ڕێبەرانی کورد وەك لایەنگر و وەفادارترین و بەمتمانەترین پاڵپشتی سۆڤیەت لە ئازەربایجان" وەك ئیدەعایەکی ساویلکانە (لەلایەن نوێنەرانی سۆڤیەت لە ئێران ـ نووسەر) لەقەڵەم دەدا و ڕادەگەیەنێ: "هەڵەی نوێنەرەکانمان دەرخەری ئەوەیە کە ئەوان هێشتا لە پێوەندییە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکانی ئێران تێناگەن، ئەوان لەخۆیان ڕوون نەکردۆتەوە کە خەباتی کوردەکانی ئێران بۆ خودموختاری و سەربەخۆیی بەپێی نێوەرۆکی کۆمەڵایەتییەکەی، دیفاعێکی کۆنەپەرستانەیە لە فێئۆدال-عەشیرەی جیاییخوازی کورد دژبە سیاسەتی سانترالیزم لە ئێران"[30] لە بەشێکی تری نامەکەدا پاش هێرش هێنانێکی دووبارە بۆ سەر "سەرۆکە کۆنەپەرست و خۆفرۆشەکانی کورد" ڕادەگەیەنێ "[...] لە کارە سیاسییەکانمان لە باکووری ئێراندا دەبێ لەسەر ئازەربایجانییەکان حیساب بکەین، بەتایبەت لەنێوان ئەواندا دەتوانرێ کەسانی باوەڕپێکراو و لایەنگری ئێمە لە جیاتی کوردان بدۆزرێتەوە. لەپێناو ئەو مەبەستە دەبێ بە لێبڕاوی لە پشتیوانی

---

[29] سەرچاوەی سەرێ لاپەڕەی ٢٢٧

[30] چەند" بەڵگەنامەی سۆڤیەت" لەسەر مەسەلەی کورد، وەرگێڕان لە ڕووسییەوە: ئەفراسیاو حەلیمی، گۆڤاری گزینگ ـ ژمارە، بەهاری ـ ١٣٧٥ (١٩٩٦)، سوێد

کردنی کوردان دوورەپەرێزی بکرێ و هیچ چەشنە کۆسپێك لە ئاست دەسەڵاتدارانی ئێران لەپێناو ڕاگرتنی هێمنایەتیدا پێك نەهێنرێ."[31]

لە زۆربەی ئەم بەڵگانەدا کاربەدەستانی سۆڤیەت هەمیشە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەك بەشێك لە ئازەربایجانی ئێران و سەرۆکەکانی کورد وەك کۆنەپەرست و خۆفرۆش ناو دەبەن و نەتەنیا هیچ یارمەتییەك بەم ڕێکخراوەیە ناکەن بەڵکوو کۆسپێکن لەسەر ڕێگای پەرەسەندن و کار و چالاکیی ئەم حیزبە. تۆ بڵێی یەکیەتیی سۆڤیەت بەم بۆچوونەوە ڕۆڵێکی لە پێکهێنانی کۆمەڵەی ژ.ك و ڕێکخستنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بووبێ؟

ژانویەی ٢٠١٤


---

[31] سەرچاوەی سەرێ

# کورتەباسێك لەسەر کەموکورتییەکانی وەرگێڕانی پەرتووکی مێژووی کوردستان

**- وشیار عەبدوڵڵا سەنگاوی لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی -**

لەساڵی ١٩٩٩ زایینیدا کتێبی «مێژووی کوردستان» کە لەلایەن کوردناسە بەناوبانگەکانی سۆڤیەتی پێشوو وەکوو لازاریف، ژیگالینا، حەسرەتیان، ڤاسیلییەڤا و مەحۆی نووسرابوو لە مسکۆ لە چاپ درا. ئەم کتێبە یەکێك لەو کتێبە دەگمەنانەیە کە بەشێوەیەکی زانستی لەلایەن کەسانێکی پسپۆڕەوە نووسراوە کە بەشی هەرە زۆری کات و ژیانیان تەرخانی لێکۆڵینەوە لەسەر کێشەی کورد کردبوو. لەم کتێبەدا بۆ




ئەوەڵین جار بە چەشنێکی زانستی باسی مێژووی کورد نە لەلایەن گەشتیار یاخود ڕۆژنامەنووسێکەوە، بەڵکوو لەلایەن پسپۆڕانی پرسی کوردەوە دەکرێ و مەودایەکی بەرچاو لە سەدەی حەوتەوە هەتا کۆتایی سەدەی بیستی زایینی لەخۆ دەگرێ. نەبوونی ئەم کتێبە بە کوردی دەیتوانی و دەتوانێ وەکوو کەمایەسییەك بۆ کتێبخانەی کوردی پێناسە بکرێ. ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی گرینگە نە تەنیا بۆ کەسانێك کە خولیای ئاگاداربوون لە مێژووی کوردن، بەڵکوو بۆ کۆمەڵناس، مێژووناس و ئەو لێکۆڵەرانەی کە کار لە سەر کێشەی کورد و کوردستان دەکەن. هیوام ئەوە بوو ڕۆژێك ئەم کتێبە لە کوردستانی ئازادکراودا بکرێتە کوردی و بە دەستی خوێنەری کورد بگات. لە هاوینی ساڵی ٢٠١٣ی زایینیدا لە سەفەرێك بۆ باشووری کوردستان بە خۆشحاڵییەوە چاوم بە چاپی پێنجەمی وەرگێڕاوی کتێبی «مێژووی کوردستان» کەوت کە ڕێزدار وشیار عەبدوڵڵا سەنگاوی لە عەرەبییەوە وەریگێڕابۆوە سەر زمانی کوردی، بەداخەوە خۆشحاڵبوونی من زۆری نەخایاند و بە خوێندنەوەی کتێبەکە چاوم بە دەریایەك هەڵەی ڕێنووسی، ڕێزمانی و نێوەرۆکی کەوت. بەداخەوە من

شارەزای زمانی عەرەبی نیم تا لێکی بدەمەوە تا چ ڕادەیەك وەرگێڕدراوە کوردییەکەی ئەم کتێبە تەبایی لەگەڵ وەرگێڕدراوە عەرەبییەکەیدا کە لەلایەن د. عەبدی حاجییەوە هەیە کە لەلایەن دەزگای سپیریزەوە لە ساڵانی ٢٠٠٦(چاپی یەکەم) و ٢٠١١ (چاپی دووهەم) بڵاو بۆتەوە، بەڵام وەکوو یەکێك لە وەرگێڕەکانی ئەم کتێبە لە ڕووسییەوە بۆ فارسی بەبێ ئەوەی کە بمەوێ لە بایەخ و زەحمەتی بەڕێز سەنگاوی کەم بکەمەوە، دەمەوێ ئاماژە بە بەشێك لە خاڵە لاوازەکانی ئەم کتێبە بکەم.

## به هەڵە نووسینی ناوەکان

یەکەم شتێك کە لە سەرەتاوە دەکەوێتە بەرچاو، بە هەڵە نووسینی ناوی کەسایەتی، شار و گوندەکان و هتدە کە بەپێی تایبەتمەندیی زمانی عەرەبی و نەبوونی پیتەکانی «پ»، «چ»، «ژ» و هەروەها «گ» نووسراوە. لە لایەکی دیکەوە لەوە دەچێ وەرگێڕی بەڕێز شارەزای ناوی ڕاستیی بەشێك لە کەسایەتییەکان، شار و بنەماڵەکان و هتد نەبووبێ. بەشێکیشی دەکرێ وەکوو هەڵەی ڕێنووسی لەبەرچاو بگیرێ. بەپێی ئەوەی کە چاپی ئەم کتێبە بە چاپی پێنجەم گەیشتووە، بێگومان وەرگێڕی بەڕێز دەرفەتی هەبووە کە لانیکەم بە پێداچوونەوەیەك هەڵەکانی ڕاست بکاتەوە. ئەو جۆرەی کە دیارە وەرگێڕی ئەم کتێبە مێتۆدێکی ڕوونی بۆ نووسینی ناوەکان نەبووە، جاروبار لە لاپەڕەیەکدا ناوێك بە دوو جۆر نووسراوە، بۆ وێنە ناوی نەمر شاکرۆ خدۆیویچ مەحۆی بە هەڵە (شاکرمەحوی و شاکرو محوی) نووسیوە (بڕوانە لاپەڕەی ٤٠)، یاخود ناوی شاری شاپوور بە ٣ جۆری وەك (سابور، شابور و شاهپور) نووسراوە - (بڕوانە لاپەڕەکانی ٦٤، ٦٦ و ٥٩٦). یان حەلوان وەکوو (حلوان و حەلوان) هاتووە - (بڕوانە لاپەڕەی ٥٤). بەشێك لە ناوەکان بە شێوازی عەرەبی یان فارسی نووسراون، تەنانەت ئەگەر بە کوردیش نووسرابن هەر بە هەڵە نووسراون. ئەگەر وەرگێڕ بیویستبایە ناوەکان هەر وەکوو لە زمانی سەرەکیی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان دابەش کردووە، بنووسێ، زۆر جێگەی ڕەخنە نەدەبوو، بەڵام شێوەی نووسینی ناوەکان تێکەڵ و پێکەڵە و هەروەکوو ئاماژەم پێکرد، وەرگێڕ زۆر لەسەر ئەم ناوانە ورد نەبۆتەوە، تەنانەت ناوی نووسەرانی ئەم کتێبەشی بێجگە لە نەمر لازاریف بە هەڵە نووسیوە، ناوی نەمر «ئۆڵگا ئیوانۆونا ژیگالینا» بە سێ جۆری (اولغا میغالینا (لاپەڕەی

٢) یان اولفا جیغالینا و جیغالیا) (لاپەڕەی ٤٠) هێناوە. لە زۆر جێگادا ناوەکان هەروەکوو ئاماژەم کرد بەپێی تایبەتمەندیی زمانی عەرەبی و نەبوونی ئەو پیتانەی کە لە سەرێ ئاماژەم پێدان نووسراون، ئەوەش لە حاڵێکدایە کە لە زمانی کوردیدا پیتی پێویستمان بۆ دەربڕینی ئەم وشانە هەیە، بۆ نموونە بە جێگای پۆلیبی، مارکۆپۆلۆ، واشنگتۆن، نووسراوە (بۆلینی، مارکوبولو، واشنتۆن)، بڕوانە (لاپەڕەکانی ٣٤، ٥٠و ٥٧٤). لە زۆر جێگای تریشدا ناوی شارەکان، بنەماڵە و هتد دروست نەنووسراون، بۆ وێنە بەجێگای فاس و دارابگرد کە لە شارەکانی پارێزگای فارس بوون، نووسراوە (داربجرد و فارس)، بڕوانە (لاپەڕەی ٦٢). لە خشتەی خوارێ ئاماژە بە بەشێکی کەم لەم هەڵانە دەکەین. بەداخەوە ژمارەی ئەم ناوانەی کە بەهەڵە نووسراون لە ڕادەبەدەر زۆرە و لێرە ناکرێ باسی دانە بە دانەیان بکەین.

| لاپەڕە | هەڵە | ڕاست |
|---|---|---|
| ٤٠ و١ | اولغا میغالینا، اولفا جیغالینا، جیغالیا | ئۆلگا ژیگالینا |
| ١ | حسرتیان | حەسرەتیان |
| ١ | شاکرو محوی | شاکرۆ مەحوی |
| ١ | فاسیلیفا | ڤاسیلییەڤا |
| | امین سانوفتیش مصطفایف | ئەمین ئاسانۆویچ مستەفایف |
| ٣١ | لۆلۆییەکان، کاشیەکان | لولو یان لولوبییەکان، کاسییەکان |
| ٣٣ | میدیەکان، فارسەکان، سەکیف، سەرمات، ئاریەکان | مادەکان، پارسەکان، سکیفەکان، ساورماتییەکان، ئارياییەکان |
| ٣٤ | بۆلیبی، سترایون، بۆلینی گەورە، تاتسیت، زەینفۆن، اناباسیس | پۆلیبی، سترابۆن، پلینیی گەورە، تاسیت، گزنفۆن، ئاناباسیس |
| ٤٠ | پترسبۆرغ | پترسبورگ یان سەن پترزبورگ |
| ٤١ | ئیمبراتۆریەتی | ئیمپراتۆری، ئیمپراتۆریەتی |
| ٤١ | لینیگراد | لێنینگراد |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٩ | رشیدالدین فچل الله همدانی | بە فارسی رشیدالدین فضل‌الله همدانی |
| ٥٠ | مارکوبولوی | مارکۆپۆلۆی |
| ٥٤ | حلوان، حەلوان | حەلوان |
| ٥١ | ابن الاپیر | ابن اثیر |
| ٥٤ | قومسین | قەرەمسین (کرماشان) |
| ٥٤ | آ.ب. بولدیان | ئا. پ، پۆلادیان (بەفارسی: آ. پ. پولادیان) |
| ٥٦ | میسۆبۆتامیا | میزوپۆتامیا، |
| ٥٨ | اوشنۆ | شنۆ، ئوشنۆوییە |
| ٦٢ | داربجرد | دارابگەرد |
| | فارس | فاس |
| ٦٣ | دلێم | دیلَم |
| ٦٤ | سابور | شاپوور |
| ٦٧ | خەرمینیەکان | خوڕەمدینەکان، خوڕەمییەکان، خوڕەمیان |
| ٧٥ | سورهاب بن بدر | بە فارسی سرخاب بن بدر |
| ٨٣ | ئۆزۆن | ئوزون (وشەیەکی تورکی بە مانای درێژ) |
| ٨٦ | ئۆرستقراتیەکان | ئاریستۆکراتەکان |
| ٥٢٣ | عبدولرەحمان قاسملۆ | عەبدولڕەحمان قاسملوو |
| ٥٧٤ | واشنتۆن | واشنگتۆن |
| ٦٠١ | سایکس بیکۆ | سایکس-پیکۆ |

هەروەکوو ئاماژەم پێ کرد ئەمانەی سەرەوە تەنیا بەشێکی زۆر کەم لە هەڵەکانی نێو ئەم کتێبەن کە دەتوانێ بەشێکی بگەڕێتەوە بۆ تەرجومەی عەرەبیی کتێبەکە و ناشارەزایی وەرگێڕە عەرەب و کوردەکەی ئەم کتێبە و تا ڕادەیەکی زۆریش کەمترخەمیی ئەو بەڕێزە بۆ دۆزینەوەی ناو و چەمکەکان بە زمانی کوردی. ئەمڕۆ تەنانەت لە سێبەری تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا دەکرێ بە کەمێك خۆماندووکردن بەشێکی زۆری ئەم ناوانە بدۆزرێنەوە.

**خاڵبەندی**

خاڵێکی دیکە دەگەڕێتەوە سەر دانانی نەشیاوی خاڵ، کۆما یان دەستپێکردنی ڕستە بە وشەی پێوەندییەوە وەکوو «کە» یان «و»، هەروەها داڕشتنی ڕستە نە بەپێی تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی، بەڵکوو بەپێی زمانی عەرەبی. بێگومان بۆ ئەوەی کە کاری وەرگێڕ جێگای متمانە بێ پێویستە شارەزای تایبەتمەندییەکانی زمانی بیانی و زمانی خۆی بێ. وەرگێڕانی بابەتێك نابێ وشە بە وشە بێ، بەڵکوو دەبێ بەپێی پێوەندیی ئەو ڕستانەشەوە بێ کە زۆر جار لە پاراگرافێکدا لەیەك دوور کەوتوونەتەوە، بەڵام پێوەندییان بە یەکەوە هەیە. لێرەدا پێویستە بەبێ ئەوەی کە مانا و مەفهوومی ڕستە و پاراگرافەکە تێكبدرێ پەیامی نووسەر بە خوێنەر بگەیەندرێ. زۆرجار بۆ وەرگێڕانی پاراگرافێك لە زمانی ڕووسییەوە بە کوردی یان فارسی پێویستە جێگای ڕستەکان بەپێی پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر بگۆڕدرێ و چوارچێوەی پێکهاتەکە بە چەشنێکی دیکە دابڕێژرێتەوە کە تەبایی لەگەڵ ڕێزمانی زمانی کوردیدا هەبێ و مانای ڕستەکە بەجوانی بگوازرێتەوە، دەنا ڕستەکان کە زۆرجار بەپێی خاڵ و کۆما لە یەك جیا دەبنەوە، حاڵەتێکی پچڕ پچڕ و بێمانا بە خۆوە دەگرن، دەبنە هۆی سەرلەشێوانی خوێنەر و پێویستە بابەتەکە چەندین جار بخوێندرێتەوە تا ڕوون بێتەوە کە لەم ڕستەیەدا باسی چی کراوە. ئەم چەشنە پاراگرافانە لەم کتێبەدا لە ڕادە بەدەر زۆرن. بەپێی ئەوەی کە کتێبەکە ٦٠٨ لاپەڕە لەخۆ دەگرێ ئێمە لێرەدا بۆ ئەوەی خوێنەر ماندوو نەکەین تەنیا ئاماژە بە دوو سێ نموونە دەکەین. ئەگەر قەرار وابێ تەواوی ڕستەکان لێكبدەینەوە ئەوە بە قەولی فارسەکان دەبێتە "مثنوی هفتاد من".

**لە لاپەڕەی ١٢ لەژێر دێڕی «وتەی دانەرەکان»دا ئاوا هاتووە:**

ئەم کتێبە باس لە مێژووی کوردستان و نیشتمانی مێژووی دەکات. دەبێ مەبەست «مێژوویی» بێ [لەوە بەولاوە تێبینییەکانی نووسەری ئەم دێڕانە لە کرۆشەدا دێ]، ئەوانەی کە بە یەکێك لە هەرە نەتەوە کۆنەکانی ئاسیای ڕۆژئاوا هەژمار دەکرێن کە نیشتمان و شوێنی نیشتەجێبوونیان نەگۆڕ بووە، ئەم توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیە [ئەم دوو وشەیە هەر یەك مانایەکەیان هەیە و پێویست بە نووسینی هەر دووکیان ناکا، لە کتێبە ڕووسییەکەدا نە باس لە لێکۆڵینەوە، بەڵکوو لە «چوارچێوەی ڕووداوە مێژووییەکان» دەکرێ] لە سەردەمی هێرشەکانی سپای عەرەبەوە دەست پێدەکات، لەو کاتەوە کە

پێکهاتەی گەلی کورد بە شێوەیەکی کۆتایی پێکهات، [مەبەست کام شێوەیە، بۆ خوێنەر ڕوون نییە باس لە چ شێوەیەك دەکرێ] و، تا ئەو سەردەمەی ئێمە، [شێوەی دەستپێکی پاش ئەم فاریزە و کامایە ڕوونی ناکاتەوە کە « تا ئەو سەردەمەی ئێمە» پێوەندی بە ڕستەی پێشووەوە هەیە یان بەو ڕستەیەی کە پاشان دێ]، دەبێت ئەم ڕاستیە بزانین کە کورد بەشداری کردوە لە زۆربەی ئەو ڕووداوە گەورانەی کە لەم ناوچەیەدا ڕوویانداوە و پشك و بەشی بەرچاویان هەیە لە شارستانیەتی ناوخۆیی و جیهانیدا، گەلی کورد کە ژمارەیان دەگاتە (٣٠) ملیۆن کەس، بەردەوام لە خەبات و تێکۆشاندایە بە هەموو هێز و توانایەکی لە پێناو بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی و مافی چارەی خۆ نووسین. هەروەها کێشەی کورد یەکێکە لە زیندووترین کێشە و پرسە نێودەوڵەتییە هاوچەرخەکان، بۆیە بەردەوام ئەو بزاڤە رزگاریخوازانەی کە لە مێژووی کورد دا سەریانهەڵداوە بە گشتی جێگای بایەخی نووسەر و دانەرەکانی ئەم کتێبەن.

**با بزانین لە دەقی ڕووسییەکەدا ئەم پاراگرافە چۆن نووسراوە:**

لەم کتێبەدا بۆ ئەوەڵین جار لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووی کوردستان -نیشتمانی مێژوویی و شوێنی بێبڕانەوەی نیشتەجێبوونی یەکێك لە کۆنترین نەتەوەکانی ئاسیای ڕۆژئاوا یانی کوردەکان دەکرێ- چوارچێوەی ڕووداوەکانی مێژووی ئەوان [کوردەکان] لە کاتی سەرکەوتنی عەڕەبەکانەوە، یانی ئەو کاتەی کە قەومی کورد بە یەکجاری شکڵی گرت دەست پێدەکات و هەتا ئێستا بەردەوامە. کوردەکان یەکێك لە بەشدارانی هەمیشەیی بەلانی کەمەوە تەواوی ڕووداوە سەرەکییەکانی ئەم ناوچەیەن و ڕۆڵێکی بەرچاویان لە پێکهاتنی شارستانییەتی جیهان و ئەم ناوچەیەدا بووە. ئێستاش گەلێکی ٣٠ میلیۆنی کورد پێداگری لەسەر بەدەستهێنانی مافی ڕەوای خۆی، یانی مافی چارەنووسی خۆی دەکا و کێشەی کورد بۆتە یەکێك لە پرسە نێونەتەوەییەکانی سەردەمی ئێمە. بزاڤ و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد کە وەکوو هێڵێکی سوور لە سەرتاسەری مێژووی ئەم گەلەدا درێژەی بووە، بۆتە جێگای سەرنجی سەرەکیی نووسەرانی ئەم کتێبە. لە جێیەکی دیکەدا هاتووە: «ئەم (مۆنۆغرافیانە) [مەبەست مۆنۆگرافی یان "تامیلکە"یە] کە دانراوە لە سەر بناغەی سەرچاوە سەرەتاییەکان و ئەو سەرچاوانەی کە تا ئێستا نەخوێندراونەتەوە و توێژینەوەی بۆ نەکراوە، [لە ڕووسییەکەدا باس لەو سەرچاوانە دەکا کە جارێ کاریان

لەسەر نەکراوە] هەروەها ئەو کارە بڵاوکراوانەی توێژەرەکان و کوردناسەکان (کۆردۆلۆژین) بەکار هێنراوە لەم کتێبەدا. [لە کتێبەکەدا باسی نووسراوەکانی دیکەی نووسەرانی ئەم کتێبە و کوردناسەکانی دیکە دەکرێ.] » لێرەدا تەرجومەی ئەم بەشەش دەخەینە بەر چاوی خوێنەر:

نووسینی ڕووداوە مێژووییەکانی ئەم نووسراوەیە [کتێبەکە] بەپێی سەرچاوە سەرەتاییەکان یان ئەو سەرچاوەگەلەیە کە هەتا ئێستا لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە، هەروەها نووسراوە چاپکراوەکانی نووسەرانی ئەم کتێبە و کوردناسەکانی تر.

**لە لاپەڕەی ١٨دا لەژێر سەردێڕی «دەروازەیەك» ئاوا نووسراوە:**

گەلی کورد، یەکێکە لەو گەلە دەگمەنانەی چ لە ئاسیای ڕۆژئاوا بێت یان جیهان بە گشتی کە هەر لە کۆنەوە تا ئەم ڕۆژگارەی ئێستامان توانیویتی بە شێوەیەکی گشتی پارێزگاری لە روخساری ڕەگەزی خۆی بکات. ئەگەر سەرەتا لەو تێبینیە سەرەتاییانەوە دەست پێبکەین کە لە سەر کورد و پێشینە نزیکەکانیان(الاسلاف الاقربین) هاتووە، کە زانستیش دانی پێداناوە. دەبینین [ڕستەکەی پێشوو بە «ئەگەر» کە حاڵەتێکی شەرتییە دەست پێدەکا، بەڵام بە دانانی نوختەکە پاش «پێداناوە» خوێنەر بۆی ڕوون نابێ کە «زانستیش» دانی بە چی داناوە؟! پاش نوختەکە بەپێی هاتنی وشەی «دەبینین» دروستر بوو بە جێگای نوختە کۆما دابندرێ تا ئەو دوو ڕستەیە بە یەکەوە پەیوەند بدرێن، نەك لە یەك جیا بکرێنەوە] مێژووی ژیانیان دەگەرێتەوە بۆ (٢٥٠٠) ساڵ، و [لێرەدا «و» دوو بەشی ڕستەکە بە یەکەوە پێوەند دەدا و پێویست بە کۆمای پێش ئەو ناکات]. پێکهاتەی گەلی کورد وەك ڕەگەز دەگەرێتەوە بۆ نزیکەی (١٥٠٠) ساڵ لەوەپێش، کە [لێرەدا دەستپێکی ڕستەکە بە «کە» دەست پێدەکا کە وشەیەکە بۆ پێوەنددانی دوو ڕستە کە یەکتری تەواو دەکەن، بەم حیسابە پێویست بە دانانی نوختەی پێش ئەو ناکا]، ئەمەش ناکرێت بە هیچ گەلێك لە گەلەکانی ئۆروپای هاوچەرخ یا بەشێکی زۆر لە گەلانی ئاسیا و ئەفریقاش بڵێین، هەروەها ئەوەشی دەخەمە سەر [لە ڕستە ڕووسییەکەیدا باسی «بێجگە لەوە» دەکرێ نە ئەوەشی دەخەمە سەر] کە ئەم پێکهاتە سەرەتایەی گەلی کوردی و ئەوی بە دوایدا هات [ چ بە دوایدا هات؟؟] لە یەکگرتنی گەلێکی ڕەسەنی نەتەوەیی لە سەر ئەو خاك و نیشتمانە ڕوویدا کە ئێستا ناسراوە بە کوردستانی هاوچەرخ. بەم شێوەیە دەتوانین کورد وەك

گەلێکی ڕەسەنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست(کە نموونەی ئەوانی تێدا کەمە) هەژمار بکەین، ئەمەش نیشانە و هێمای یەکەم و سەرەکییە بۆ مێژووی کورد.

لێرەدا وەرگێڕاوی ئەم بەشەش دەخەینە بەر چاوی خوێنەر:

**پێشەکی**

کوردەکان یەکێك لە گەلە دەگمەنەکانی نە تەنیا ئاسیای ڕۆژئاوا، بەڵکوو تەواوی جیهانن کە پێناسەی نەتەوەیی خۆیان لە سەردەمی کۆنەوە هەتا ئێستا پاراستووە. ئەگەر ئەو لێکۆڵینەوە زانستییانە کە بۆ هەوەڵین جار ئاماژەیان بە کورد و پێشینە نیزیکەکانیان کردووە وەکوو بناغەیەك لەبەرچاو بگرین، مێژووەکەیان نزیك بە ٢٥٠٠ ساڵ مەزەندە دەکرێ. نیزیك بە ١٥٠٠ ساڵ لەمەپێش قەومی کورد وەکوو ئەتنیکێك پێکهات. ئەم پێشینەیە نە تەنیا لەنێوان گەلەکانی ئەمڕۆی ئورووپا، بەڵکوو لە نێوان زۆربەی گەلەکانی ئاسیا و ئەفریقاشدا نابیندرێ. بێجگە لەوەش پێکهاتەی سەرەتایی گەلی کورد و گۆڕانی بە قەومێك (ئیتۆژنێز - ڕەوتی پێکهاتنی قەومێك) هەر لەو شوێنەیدا ڕووی دا کە کوردستانی ئەمڕۆ لەوێدایە. بەم پێیە دەکرێ کوردەکان بە حەق وەکوو خۆجێیی‌ترین نەتەوەی خۆرهەڵاتی نیزیك پێناسە بکرێن. (لەم ناوچەیەدا نەتەوەگەلێك بەم تایبەتمەندییانەوە زۆر کەمن.) ئەمە ئەوەڵین تایبەتمەندیی سەرەکیی مێژووی کوردە.

**لە بارەی توودەوە**

لە لاپەڕەکانی **٣٩٨-٣٩٧** ئاوا هاتووە:

لە مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٢ یەکەم شانەی حزبی گەلی ئێرانی **[**دروستەکەی ئێران- ـە و «ی»ـیی کۆتاییەکەی زیادییە، لە لایەکی دیکەوە «ناوی ئەو حیزبە «توودە»یە و ناوی «تایبەتە»، باشتر دەبوو هەر وەکوو خۆی بنووسرێ**]** دامەزرا (شیوعی) **[**لە کتێبەکەدا نووسراوە حیزبی کۆمۆنیست**]**، کە پارتێکی بچووك بوو **[**لە کتێبەکەدا باسی بچووك یان گەورە بوونی ئەم حیزبە ناکا، بەڵکوو باسی کەمبوونی ئەندامەکانی لە کوردستان دەکا، دەنا لەو کاتەدا حیزبی توودەی ئێران یەکێك لە گەورەترین حیزبەکانی ئێران بوو کە بەشێکی زۆری لە کرێکاران، جووتیاران و ڕووناکبیرانی

ئێرانی لە دەوری خۆی کۆ کردبۆوە]، کوردەکان زۆرتر هاوسۆزیان لەگەڵ (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) دابوو، بەردەوام لە بانگەشە و دروشمەکانیدا لە دژی سیاسەتەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران لە بەرامبەر کورد رادەوەستانەوە. [ڕستەکە زۆر ئاڵۆز و ناڕوون تەرجومە کراوەتەوە، لە کتێبەکەدا باس لە لایەنگریی کوردەکان لە کۆمەڵەی ژ.کاف دەکا کە لە بەیاننامە و پەیامەکانی خۆیدا دژایەتی لەگەڵ سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئێران بەرامبەر بە کوردەکان دەکرد، لێرەدا وشەی «ڕادەوەستانەوە زۆرتر دەگەڕێتەوە سەر کوردەکان نە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و مانای ڕستەکە بە گشتی دەگۆڕێ]. لە ساڵی ١٩٤٤ ئەم پارتە بە ناوی کوردەکانی ئێرانەوە داوای دەست لە کار کێشانەوەی حکومەتەکەی محەمەد سەعید موراغەی کرد [دەبێ مەبەست محەممەد ساعید مەراغەیی بێ]، و مافی دەرهێنانی نەوت لە باکوری ئێران بدرێت بە یەکیەتی سۆڤیەت، لەگەڵ ئەمەشدا هزر و بۆچوونەکانی «کۆمەڵە» پشتگیری هەموو کوردەکانی بەگشتی بەدەستهێنا، لە ئەنجامدا بەشێك لە نوخبە خێڵەکییەکانی کورد لە دژی کۆمەڵە راوەستان، [لێرەدا ڕوون نییە بۆچی لە کاتێکدا هەموو کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لایەنگری کۆمەڵە بوون «لە ئەنجامدا» بۆ بەشێك لە نوخبە ئەویش خێڵەکییەکان دژ بەو ڕادەوستن؟ پاش کۆتایی ئەم پاراگرافە نیشان دەدەین کە تا چ ڕادەیەك مانای ڕستەکان بە هەڵە تەرجومە کراوەتەوە] هەروەها چەندین پەیوەندی دروست کرد لەگەڵ تۆری بەرفراوانی بەکرێگیراوی بێگانە کە لە کوردستانی ئێراندا کاریان دەکرد، هەروەها دژی هاتنە ناوەوەی سوپای ئێران بوون بۆ ناو شار و گوندەکان کە لە ئامادەباشیدا بوو بۆ پێشەوایەتی کردنی هێزەکانی بەرگریکەر. [ڕوون نییە کێ پێوەندی لەگەڵ تۆڕی بەرفراوانی بەکرێگیراوی بێگانە گرت یاخود دژ بە هاتنەوەی سپای ئێران بوو، کۆمەڵە یاخود نوخبە خێڵەکییەکان؟] ئەمانەش بوونە هۆی دروست بوونی بارودۆخێکی شڵەژاو و ناجێگیر لە کوردستانی ئێراندا.

با بزانین لە کتێبی «مێژووی کوردستان»دا چۆن باسی ئەم ڕووداوە کراوە:
لە ساڵی ١٩٤٢ی زایینیدا شانە سەرەتاییەکانی حیزبی توودەی ئێران (حیزبی کۆمۆنیست) کە ژمارەی ئەندامەکانیشی کەمبوون لە مەهابادیشدا پێکهات. کوردەکان زۆرتر لایەنگرییان لە حیزبی «ژیانەوەی کوردستان» دەکرد کە لە ڕاگەیەنراو و

پەیامەکانی خۆیدا دژبەری سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئێران لەبارەی کوردەکانەوە بوو. ئەم حیزبە (ژیانەوەی کوردستان) لە ساڵی ١٩٤٤ی زایینیدا لەلایەن کوردەکانی ئێرانەوە داوای دەست لەکار کێشانەوەی حکوومەتی محەممەد ساعید مەراغەیی و پێدانی مافی تایبەت بە یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ دەرهێنانی نەوتی باکووری ئێرانی دەکرد. سەرەڕای ئەوەش بیروباوەڕە ڕاگەیەندراوەکانی «ژ-کاف» لە لایەن تەواوی کوردەکانەوە پشتگیری نەکرا. بەشێك لە سەرۆکخێڵەکان کە دژی ژ-کاف بوون پێوەندییان لەگەڵ بەشێکی زۆر لە کارگێڕانی چالاکی بیانی لە کوردستانی ئێران هەبوو، لە پاڵ دژایەتی کردن لەگەڵ هاتنی سپای ئێران بۆ نێو شار و گوندەکانی [کوردستان] ئامادە بوون ڕێبەریی بەرگری وەئەستۆی خۆیان بگرن. تەواوی ئەم شتانە بوونە هۆی ناسەقامگیریی بارودۆخی کوردستانی ئێران.

**بارودۆخی هەرێم**

ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان بەهۆی ڕووخانی حکوومەتی بەعسی عێراقەوە، پێکهاتنی دەوڵەتی هەرێمی کوردستان و دەزگا جۆراوجۆرەکانی چاپی کتێب، ئەم دەرفەتە بۆ کوردیش هاتۆتە پێش کە پاش ئەم هەمووە چەرمەسەری و کوێرەوەرییە بتوانێ لەسەر تەواوی بوارەکاندا یەك لەوان زمان و مێژووی خۆی بکۆڵێتەوە هەتا وەچەی ئەمڕۆی کورد شارەزای مێژووی خوێناویی گەلەکەی بێ و بزانێ ئەم دەرفەتەی کە ئەمڕۆ لە کوردستانی ئازادکراودا ڕەخساوە ئاکامی چەندین سەدە خەبات، ئەنفال و شەهیدبوونی هەزاران ڕۆڵەی ئەم خاك و نیشتمانەیە. ئەوەی کە چاپی کتێبی «مێژووی کوردستان» کە لەلایەن ڕێزدار وشیار عەبدوڵڵا سەنگاوییەوە کراوەتە کوردی بە پێنج جار گەیشتووە، نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە ڕۆڵەی کورد خولیای ئاشنا بوون لەگەڵ مێژووی خۆیەتی، بەڵام بێگومان شێوەی ڕاگەیاندنی پەیامی نووسەری بیانی بە خوێنەری کورد پێویستی بە پاراوبوونی زمانەکە و وەرگێڕانی دروستی نێوەرۆکی کتێبەکە هەیە، دەنا وەرگێڕ ناتوانێ ئەرکی خۆی بەجێ بێنێ و، دەبێتە سەرچاوەی ڕاگەیاندنێکی ناڕاست. بەداخەوە کورد بەهۆی دابەشبوونی وڵاتەکەی و نەبوونی دەوڵەتی خۆی تا ئێستا بەدرێژایی مێژوو لەژێر چەپۆکەی دەوڵەتە داگیرکەرەکاندا بووە و سەرەڕای خەبات و خۆڕاگری هەتا ڕادەیەکی زۆر زمانەکەشی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی نەتەوەی زاڵ، ئێمە ئەم حاڵەتە

لە شێوازی نووسینی بەشێکی زۆر لە نووسەران و وەرگێڕەکانی کوردستان بەتایبەتی لە باشووری کوردستان دەبینین. هەروەکوو گەورە شاعیری کورد بەڕێز عەبدوڵڵا پەشێو لە هەولێر ئاماژەی پێ کرد «ئەمڕۆ ئەو کارەی کە دوژمن تا ئێستا نەیتوانیبوو بیکا، کورد بە دەستی خۆی دەیکا و زمانەکەی بە دەستی خۆی لەنێو دەبا». ئەرکی ڕووناکبیری کورد پاراستنی زمانی کوردی و هەوڵدان بۆ دەوڵەمەندکردنی لە تەواوی بوارەکانی زانست، فەرهەنگ و ئەدەبیاتدایە. ئەرکی نووسەر یاخود وەرگێڕ گەیاندنی پەیامی خۆی یان نووسەری بابەتێك بە دروستی چ لەباری مانا و مەفهوومەوە چ لەباری دروست نووسینی ڕستەکەیە، تەنانەت لێرەدا بەرپرسیارییەتیی وەرگێڕ زۆرتر لە نووسەریشە. ئەرکی وەرگێڕ گەیاندنی پەیامی نووسەر بەخوێنەرە؛ بەو چەشنەیە کە لە بابەتەکەدا هاتووە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە وەرگێڕ بۆ خۆی لەبابەتەکە چاك تێبگا تا بتوانێ چاکیش تەرجومەی بکاتەوە.

ژووەنی ٢٠١٤

## کورتەیەک بۆ ناساندنی فیلمی"استاد"

## ژیان و بەسەرهاتی شاعیری شۆڕشگێڕی کورد لاهووتی کرماشانی

فیلمی"استاد" واتە "مامۆستا" لە ساڵی ١٩٨٨ لە لایەن تاجیك فیلم بە ڕژسیۆری دەوڵەت خودانەزەرۆڤەوە بە زمانی ڕووسی بڵاو بۆتەوە کە هاوکات سناریۆکەشی نووسیوە. ئەوانەی خوارەوە بە یارمەتی دەقی ئەو سیناریۆیە نووسراون و هەندێك زانیاری زیاتریشیان ئاوێتە کراوە:



لە سەرەتای فیلمەکەدا باس لە سەردەمی ژیانی لاهووتی دەکرێ. لاهووتی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە[ساڵی ١٨٨٧] لە کرماشان لە بنەماڵەیەکی هەژار لە دایك بوو. باوکی لەبەر هۆگری و خۆشەویستی ئەبولقاسمی فیردەوسی شاعیری ئێرانی، ناوی ئەبولقاسمی لەسەر داناوە.
جارێکیان لە کاتی منداڵیدا دەچێتە مەدرەسە، مامۆستا لە لاهووتی دەدات و باوکی بە زانینی ئەم کارە ئیتر لاهووتی بۆ ئەو مەدرەسەیە نانێرێ. لە جەوانیدا لاهووتی لە ژێر کاریگەریی بیر و نووسراوەکانی میرزا مولکم خان بوو. لە بزووتنەوەی مەشروتەی ئێران (١٩٠٦) و گرتنی تاراندا بەشدار بووە. بۆ هەوەڵ کەرەت لە کاتی بوونی سپای تزار لە کرماشان لە ساڵی ١٩١٦ لە ڕێگای ئەفسەرێکی بۆلشویك بە ناوی 'کلانیسۆڤ'ەوە لەگەڵ نێوی لێنین ئاشنا دەبێ. لە ١٩١٧ دا لە کرماشان ڕۆژنامەی "بیستون"ی چاپ و بڵاو کردۆتەوە. لە ساڵی ١٩١٨ چووەتە تورکیا و لەوێ لەگەڵ حسن مقدم ڕۆژنامەی "پارس"ی چاپ و بڵاوکردۆتەوە و پاشان گەڕاوەتەوە ئێران. لە ساڵی ١٩٢١ کاتی

سەرهەڵدانی شۆڕشی ناسراو بە جەنگەڵ لە گیلان بووە و لە تەوریز بەشداری بزووتنەوەی شێخ محەمەدی خیابانی کردووە، ئینجا هەر خۆی بە یارمەتی ژاندارمەکانی ژێردەستی خۆی لە شارەکەدا حکوومەتی سووری دامەزراندووە و پاش شکستی حکوومەتەکەی، کۆچی بۆ سۆڤییەت کردوە.
لە سەر سنووری ئازەربایجان لە گەڵ هاورێکانی چەك دەکری و بۆ نەخجەوان و پاشان باکۆی دەنێرن. لەوێ بە هۆی دەسەڵاتداریی مساواتچی‌یەکان دەیگرن و لە بەندیخانەی دەخەن و گەلێك شکنجە و ئازاری دەدەن. بە هاتنی سپای کیرۆڤ یەکێك لە فرماندەکانی سپای سوور و ئەندامی ڕێبەری حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤییەت بۆ باکۆ ئازاد دەکرێ. لاهووتی لەسەرەتا دەچێتە مۆسکۆ و پاشان شاری دوشنبە پایتەختی تاجیکستان. هەوەڵ کتێبی لاهووتی لە ساڵی ١٩٢٣ لە مۆسکۆ چاپ کراوە. لە ساڵی ١٩٢٤ ساڵی مەرگی لێنین دەبێتە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤییەت. لە تاجیکستان ڕۆڵێکی گەورە لە گەشەپێدانی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی تاجیکی و پەروەردەکردنی گەنجانی ئەو وڵاتە دەگێڕێ. ئەو هەوڵێن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و ڕۆژنامە بۆ دوشنبە دێنێ، خەڵکی تاجیك لەگەڵ شکسپیر و نووسەرە بە ناوبانگەکانی جیهان ئاشنا دەکات، هەوەڵین ڕۆژنامە واتە "بیداری تاجیك" بڵاو دەکاتەوە. لە دامەزرێنەرانی یەکەمین ئۆپێرا-بالێتی تاجیکستانە. یەکەم سروودی میللی تاجیکستانی نووسیوە. لە کاتێکدا "صدرالدین عینی" نووسەری بەناوبانگی تاجیك بە بیانووی ئەوەی کتێبەکانی شا پەرەستانە و ناسیۆنالیستین، ئیزنی بڵاوکردنەوەی نووسراوەکانی پێ نادرێ، ئەو کتێبەکەی بۆ چاپ دەکات. لە ساڵی ١٩٣٧ کە عینی دەگرن و کتێبەکانی دەسوتێنن، بوێرانە دەچێتە لای یەکەم سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی تاجیکستان عوسمان یۆسوفۆڤ و داوای ئازاد بوونی ئەوی لێ دەکات. ئەمە بۆ کەسێك کە بۆخۆی پەنابەری ئەو وڵاتە بووە کارێکی گەلێك مەترسیدار بەڵام بوێرانە بووە. عەینی لە نامەیەکدا بۆ لاهووتی دەنووسێ، ئەگەر شتێکم بەسەر هات دەزانم تۆ تەنیا کەسێکی دەتوانی فریای منداڵەکانم بکەوی.

لاهوتی لە بەشدارانی سەرەکی یەکەمین کۆنگرەی نوسەرانی یەکیەتی سۆڤییەت لە ساڵی ١٩٣٣ بووە و لە فیلمەکەدا لە تەنیشت ماکسیم گۆرگی دانیشتووە، لە ساڵی ١٩٣٥ بەشداری لە کۆنگرەی "بەرگری لە ئەدەبیات" لە پاریس کردوە و وتاری خوێندۆتەوە. چەندین جار میداڵیای جۆراوجۆر و یەکێك لەوان میداڵیای لێنینی وەرگرتووە. لە ساڵی ١٩٤٦ پاش دامەزرانی حکوومەتی ئازەربایجان و کوردستان هیوای گەڕانەوە بۆ وڵات تێدا زیندوو دەبێتەوە و بە وتەی کوڕەکەی "دلێر"، بەردەوام هەوای "مامیرویم ما میرویم بە کرماشان"[١] دەلێتەوە، بەڵام شکستی ئەم بزووتنەوانە کاریگەرییەکی ناخۆشی لەسەر دەبێ. منداڵی بە گشتی زۆر خۆش ویستووە و ماڵەکەی جێی هاتوچووی کاڵخۆزنیکەکان بووە و پێوەندییەکی گەلێك خۆشی لەگەڵ خەڵکی زەحمەتکێش هەبووە. لە ڕۆژنامەی پراودا و گۆڤارەکانی دیکەی سۆڤییەتدا زۆرجار بابەت لە سەر گەورەیی کەسایەتیی ئەو لە گەشەسەندنی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی تاجیك نووسراوە.

لەم فیلمەدا کوڕەکانی، گیو و دلێر، کچەکەی لەیلا و خێزانەکەی خاتوو سیسیلیا لاهووتی، شاعران و نووسەرانی ئێرانی وەکو خاتوو ژالەی اصفهانی، نێرسیس نێرسیسیان، ڕەحیم خۆشیم، شەریف حوسێنزادە، میر سەعید میرشاکار، دیمتری لیاشکۆیچ، ئاندرێ ستانسینسکی و ... باسی بیرەوەری و کەسایەتی لاهووتی دەکەن.

لە کۆتاییەکانی دەیەی ٤٠ی زایینیدا کەسانێك لە کاربەدەستانی حیزبی کۆمۆنیستی تاجیکستان نارەحەتی دەکەن و ئەو بە بنەماڵەکەیەوە دەچێتە مۆسکۆ . کاتێك لە ساڵی ١٩٤٧ لە کۆنگرەی ٢ی نووسەرانی تاجیك بەشداری دەکات سەرەڕای ئەوەی دەنگۆی ٦٠ ساڵە بوونی بڵاو دەبێتەوە کەس پیرۆزبایی لێ ناکات و گوڵی ناداتێ. لە ڕاستی‌دا ڕێبەرانی ئەو کاتەی تاجیکستان دژایەتی و نارەحەتیان کردوە. لە ساڵی ١٩٥٤ لە دووهەمین کۆنگرەی نووسەرانی یەکیەتی سۆڤییەت لە مۆسکۆ بەشداری دەکات. بە هۆی ئەو خۆشەویستییەی کە بە ستالینی بوو، کۆنگرەی ٢٠ی حزبی کومۆنیستی

یەکیەتی سۆڤییەتی و زانینی هەواڵی ئەو کارەساتانەی کە لە کاتی ئەودا ڕووی داوە شوێنێکی زۆر ناخۆشی لەسەر دادەنێ. کاتێك خرۆشۆڤ سەردانی شۆلۆخۆڤ نووسەری کتێبی"دۆنی هێمن" دەکات لێ دەپرسن خرۆشۆڤ بۆلای تۆ نەهاتووە؟، دەڵی نا، ئەگەر بێ بۆ لام دەبێ چی بڵێم، ئێمە نووسەر و شاعیرەکان بووین کە ئەو سیمایەمان [مەبەست سیمای باشە]لە ستالین بۆ خەڵکی درووست کرد و لەم کارەدا هەموووومان شەریکین. لە زستانی ١٩٥٧ لە نەخۆشخانەیەك لە مۆسکۆ کۆچی دوایی دەکات، پەرستارەکان باسی ئەوەیان کردوە لە ئاخر خولەکەکانی ژیانی بە زمانی زگماکی قسەی کردوە و کەس لێی حاڵی نەبووە دەیەوێ باسی چی بکات، کوڕ و خێزانی باس لەوە دەکەن کە بە فارسی یان تاجیکی دەبێ قسەی کردبێ. ڕێورەسمی ١٠٠ساڵە بوونی لاهووتی لە ساڵی ١٩٨٧ بە چەشنێکی شکۆدار لە تاجیکستان بەرێوە چوو. لە خولەکانی ٥٣ و ٥٧ هەروەها ئاخرین خولەکی ئەم فیلمەدا گۆرانی و شێعر بە دەنگی لاهووتی بڵاو دەبێتەوە.

ئەم فیلمە مێژووییە، گەلێك زانیاریی سەبارەت بە کەسایەتی و شیعر و ژیانی لاهووتی لە کرماشان، تاران، تەورێز، باکۆ، مۆسکۆ و دوشنبە بە بینەر دەدات کە لەگەڵ ڕووداوە ڕاستەقینەکانی مێژووییدا یەك دەگرنەوە. هیوادارم بکرێت فیلمەکە دوبلە بکرێتەوە یان ژێرنووسی کوردیی لەسەر دابنرێت و لەسەر تەلەفیزیۆنێکی کوردی لە باشووری کوردستان پیشان بدرێت. لاهووتی ڕۆڵەیەکی گەلی کوردە کە لە یەکیەتی سۆڤییەتیدا گەیشتۆتە پلەی بەرزی وەك جێگری یەکیەتی نووسەرانی سۆڤییەتی.

یادی بەرز و بەڕێز بێت!

**لینکی فیلم:**

https://www.youtube.com/watch?v=AmN7vwLb-og

١. دەرۆینەوە، دەرۆینەوە بۆ کرماشان

## زمانی زگماك هێڵی سووره، بۆ گاڵتەپێكردن نابێت!

له وڵاتگەلی نادێموكراتیك وەك ئێران نەتەوەی سەردەست و دەسەڵاتدار، بە پێی تێزی "یەك دەوڵەت و یەك نەتەوە" یاخود بەناوی "ئومەتی ئیسلامی" و بە بەكارهێنانی شێوازی جۆراوجۆر هەوڵی تواندنەوەی نەتەوەكانی دیكە دەدات. ئەم چەشنە دەسەڵاتدارە بێجگە لە بەكارهێنانی زەبر و زۆری فیزیكی و كوشتن و بڕین و لەبەندیخانە خستنی ئازادیخوازانی نەتەوەی ژێردەست، بەگەمراندن، چەواشەو بێ بەها كردنی بایەخە مەعنەوییەكانی ئەوان، تێدەكۆشێت بە شێوەیەكی ئارام بەڵام بەردەوام، مێژوو، كولتور و زمانی ئەو خەڵكانە بكاتە ئامانج و خەڵكەكە لەباری مەعنەوییەوە بێ ناوەڕۆك و كلۆر و، لە كۆتاییدا ئاسیمیله بكات.

حكوومەتەكان بە هۆی دەسەڵاتی ماددی و مەعنەوییەك كە هەیانە، لە هەموو ئامرازێكی خۆیان وەكو فێرگە، ڕادیۆ و تەلەویزیۆن، فیلم و شانۆ و بە گشتی لە تەواوی بوارەكانی میدیایی و ڕاهێنان بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتی فەرهەنگی خۆیان كەڵك وەردەگرن. بە هاسانی مێژوو و ڕاستییەكانی چەواشە دەكەن، قارەمانە نەتەوەییەكان دەكرێن بە چەتە، خائین و سیخۆڕی بێگانە و؛ سەركوتكەر، خۆفرۆش و شا و پاشا و مەلاكان دەكەنە سێمبولی ئازادی، مرۆڤ دۆستی و نیشتمانپەروەری. لە ئێرانی سەردەمی ڕەزاشا و محەمەد ڕەزاشای كوڕیدا، كە قاتڵی هەزاران ئازاردیخوازی كورد و لۆر و ئازەری و بە گشتی پێشكەوتنخوازنی ئێرانی بوون، دەكران بە باوك و دڵسۆزی گەل، بەڵام قازی محەمەد، پیشەوەری، سلێمان موعینی، سمایل شەریفزادە، ڕوزبە، جەزەنی و ڕەزاییەكان وەك نوكەری بێگانە و نیشتمانفرۆش پێناسە دەكران. ئەم سیاسەتە پاش شۆڕشی ساڵی ۱۳۵۷ی هەتاوی لە ئێران لە لایەن حكوومەتی ئیسلامییەوە بە چەشنی دیكە بەڵام هەر لەهەمان سۆنگەوە درێژەی پێدرا.

ساڵانێکی زۆره که بەرگری و قەدەغە و دانانی ئاستەنگ لەبەر نووسین به زمانی زگماکی گەله نافارسەکان و ڕێگری کردن له خوێندن و نووسین به زمانی دایکی له فێرگەکان یەکێکی دیکه له شێوەکانی ئاسیمیله کردن و زەبرلێدان له کولتور و زمانی نەتەوەکانی نافارسە. ڕۆڵەی کورد و ئازەری و عەرەب و بەلووچ و هتد هەر لەمنداڵییەوه ناچار کراون به زمانی فارسی بیربکەنەوه، بخوێنن و بنووسن و جوانترین هەستەکانیان به زمانی فارسی دەرببڕن.

لەم سۆنگەیەوه نووسەر، وەرگێر و شاعیره نافارسەکان وەکو ئەحمەد محموود، عەلی محەمەد ئەفغانی، محەمەد قازی، محەمەد عەلی دەرویشیان، برایم یوونسی، سەید محەمدحوسێن بێهجەت تەوریزی (شهریار)، سەمەد بێهرەنگی، غولامحوسین ساعیدی، مەنسوور یاقووتی و هتد له مێژووی سەد ساڵی ڕابردوودا زیاترین خزمەتیان به گەشەسەندنی زمان و کولتوری فارسی کردوه. مخابن ئەوان به هۆی نەبوونی دەرەتان و ئیزنی نووسین به زمانی دایکییەوه نەیانتوانی ئەو خزمەتەی پێویست بوو به زمان و فەرهەنگی خۆیان بکەن. ئەمه شتێکی ئاشکرایه که بەشێك له ئاهنگساز و گۆڕانی بێژه به ناوبانگەکانی کورد وەك کەیهان کەڵهۆر، شەهرام نازەری، عەندەلیبی و کامکارەکانیش خزمەتێکی زۆریان به ڕەوتی گەشەسەندنی مۆسیقای فارسی کردوه، هەرچەند هەتا ڕادەی ڕێ پێدراو بەڵام نەك له ئاستی گۆڕانی فارسیدا، خزمەتیان به موسیقیای کوردیش کردبێ.

بەڵام سیاسەتی بێ بایەخکردنی زمان و ویژەی نافارسەکان تەنیا له بواری قەدەغەکردن یان ڕێگری و ئاستەنگ دانان لەسەر ڕێگای بەکار هێنانی زمانی زگماکی و ڕوو کردنه زمانی فارسی و خوێندن و نووسین به زمانی حکوومی نییه، بەڵکوو بواری ئیزندان به چەشنێکی ئامانجدار به زمانی نافارسەکان به تایبەتی کوردی و تورکی و لوڕی لەسەر شاشەی تەلەویزیۆن و شانۆ و سینەماش لەخۆدەگرێ. کاتێك سەیری بەشێك له بەرنامەکان وەك کێبەرکێی بەناو "هوش برتر" و کێبەرکێی "٢١ سئوالی" و بەرنامەی هاوشێوه دەکرێت که

لەژێر ناوی "طنز" یان کورتەفیلمی کوردی لە سنە و کرماشان و ئازەربایجان و لوڕستان و هتد بە زمانی گاڵتەجاڕی کوردی یان لوڕی و تورکی تێکەڵاو لەگەڵ فارسی ئامادە دەکرێ، دەبینین کە ئاکتەرەکان وەکو ئەوەی خەڵکی ئەم ناوچانە نەبن و هیچ ناسیاوییەکیان لەگەڵ زمانی فارسیدا نەبێت، بە تێکەڵ و پێکەڵکردنی فارسی و کوردی یان بە لەهجەیەکی کوردیی سەیر و سەمەرە قسە دەکەن و وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە. ئەو بەرنامانە بە ئامانجی پێکەنینی بینەری فارس و ناکورد ئامادە دەکرێن و بەدەسی خۆیان و بە پێی سیاسەتی نادیاری نەیاران، گاڵتە و سووکایەتی بە زمان و ئاستی تێگەیشتوویی خەڵکەکەی خۆیان دەکەن. لە زنجیرە بەرنامەکانی "هوش برتر"دا، سیمایەکی نەزان و گەوج بە بەشدارە کوردەکان و لە ڕاستیدا بە گشت کۆمەڵگای کوردی دەدرێ.

لە لایەکی دیکەشەوە، بەردەوام لە سەر یووتیووب، ئینستاگرام و تلیگرام و واتساپ گەلێك بەرنامەی کورت دەس بە دەس بڵاودەبێتەوە کە ئاشکرا سووکایەتی کردنە بە فولکلۆر و وێژەی نەتەوە نافارسەکان. بۆ وێنە، کاتێك لەسەر سکۆی شانۆی شارێکی ئازەربایجانی ئێران "سکینه دای قیزی نای نای" ئازەرییەکان بە فارسی تەرجومە دەکرێ و قاقای پێکەنین ساڵۆنەکە پڕدەکات، کەس نییە بپرسێت گۆرانی فولکلۆر چۆن بەوشێوەیە تەرجومە دەکرێت و بە گشتیی چ پێویستیەك لەوەدایە کە هونەرمەندانی نەتەویەك بۆ خۆشی فارس زمانەکان، گاڵتە بە خۆیان و فەرهەنگەکەیان بکەن؟ ئەگەر ئەمڕۆ کەسێك بیەوێ گۆرانی "شەمامە خاڵ خاڵ" و زۆر گۆرانی حەسەن زیرك و هتد وەربگێڕێتە سەر هەر زمانێکی دیکە، بێ گومان شتێکی سەیرو سەمەری لێ دەردێ، بەڵام ئەم گۆرانییانە بەشێکن لە مێژووی ئەدەب و فەرهەنگی فولکلۆریی کوردی و خەڵکیش چێژ لە بیستنیان دەبەن و تەرجومە کردنیان بە زمانێکی دیکە نەك پێویست ناکات بەڵکوو بە تەواویەتی خزمەت بەوانە دەکا کە دەیانەوێ پیشان بدەن ئەم چەشنە زمانانە تەنیا بۆ دەربڕینی گۆرانی و شێعرە

و، له ئاستێکی وەها نزمدان که تەنیا بۆ گاڵته پێکردن و پێکەنین دەبن و لەئەنجامدا توانای بەرانبەری کردنیان لەگەڵ زمانی "حافظ" و "سعدی" نییه!

دوژمن بۆ بچووك و بێ بەها کردنی هەر شتێکی پیرۆزی نەتەوەکانی دیکه کەڵك لەهەموو چەشنه ئامرازێك و یەك لەوان ئاسیمیلەکردنی فەرهەنگی وەردەگرێ، هەتا ئەو ڕادەیەی بۆ بەشێك له کورد و ئازەری و ... کارەکه دەگاته ئەو شوێنەی که قسەکردنی بێ لەهجه به فارسی دەبێته شانازییەك و تێدەکۆشری تەنانەت له بەشێك له بنەماڵەکان و به تایبەتی ئەوانەدا که له دەرەوەی کوردستان دەژین، لەگەڵ منداڵەکان تەنیا به زمانی فارسی قسه بکرێ، بۆ ئەوەی نەکا له دەرەوەی ماڵێ و له فێرگه و شەقامەکان گاڵتەیان پێ بکرێ و لەم سۆنگەیەوە زەبرێکی زۆر دەدرێت له متمانه بەخۆیی ئەم منداڵانه و ڕووخانی پردی پێوەندییان لەگەڵ گشت بنەماڵه و نەتەوە و نیشتمان.

کارەسات له هەوڵی دوژمن بۆ پێشبردنی ئەرك و بەرنامەکانی خۆیدا نییه، کارەسات له هاوڕێیی کردنی بەشێك له ڕۆڵەکانی کورد به چەشنێکی خوازیار و ناخوازیار لەگەڵ ئەم هێڵ و سیاسەتەیە، که بێ ئەوەی بیری لێ بکرێتەوە دەبنه ئامرازی دوژمن بۆ لەناو بردنی ڕێز و کەرامەت و کەسایەتی خۆ ونەتەوەکەیان و، به قەولی کرماشانییەکان وامان لێ دەکەن "ودس خومان ئاگر نینه غژ خومان" یان " وەکو مریشك بۆخۆمان خۆڵ بەسەر خۆماندا بکەین".

بێگومان دوژمن و نەیارانی کورد و گەلانی دیکەی ئێران بۆ گەیشتن به ئامانجه ناپیرۆزەکانیان و سڕکردن و تواندنەوەی ئەوان، لەهەر چەشنه ئامرازێك و یك لەوان سرینەوەی زمان و ئەدەبی نافارس یاخود به گەمراندنیان کەڵك وەردگرن، بەڵام ئەوە ئەرکی ڕووناکبیرانی ئەم نەتەوانه و به تایبەتی کوردە که بەلانی کەم ڕێخۆشکەر و بڵاوکەرەوەی ئەم فیلم و کلیپ دزێوانه نەبن و ڕێ به پەرەسەندنی ئەم کاره قیزەنانه له نێوخەڵکدا نەدەن.

ڕۆڵەکانی گەلی کورد دەبێ بەرانبەر بەو سووکایەتییانه بوەستن و به دەنگی بەرز نارەزایی خۆیان بەرانبەر بەو سووکایەتییه ئاشکرایه دەربڕن. هەروەها

کۆمەڵانی خەڵك پێویستە بەرگر بن لە بڵاوکردنەوەی ئەو کلیپە قیزەوەنانەی وا تێیدا سووکایەتی بە هۆش و لێهاتوویی خەڵك و زمانی نەتەوایەتییان دەکرێت. ئەوانە بۆ پێکەنین نین بەڵکوو کورد دەبێ بە دیتنیان بگری و تووڕەیی خۆی بەسەر ئامادەکاران و ئەکتەرەکانیاندا ببارێنێت کە بوونەتە کەرەسەی بەڕێوەچوونی سیاسەتێکی دژە نەتەوەیی نامرۆڤانە.

ئۆکتۆبری ٢٠٢٠

# ژنکوژی، شەڕەف و نامووس و یاسا لە باشووری کوردستان

(بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنان)

شێوەی هەڵسوکەوتی خەڵك و ئەرزشە ئەخلاقییەکانی هەر وڵاتێك پێوەندی لەگەڵ ئاستی گەشەسەندنی فەرهەنگی کۆمەڵگە، سەروەریی یاسا و پاراستنی مافی مرۆڤ بەپێی پرەنسیپە گشتییەکانی جیهانی هەیە. لە کۆمەڵگەیەك کە قانوون لەوێ سەروەر بێ و هەر کردارێك کە لە لایەن قانوونەوە مەنع نەکرابێ و تاوانێکی بۆ دیاری نەکرابێ، تاوان نییە. هەرچەندیش لە لایەن ئۆلی و شەریعەتەوە، حەرام یان مەباح لەقەڵەم درابێ. فەرهەنگ بۆخۆی ئاکامی دوایین دەستکەوتەکانی مادی و مەعنەویی




هەر وڵاتێکە. بەپێی ئەم پێناسەیە مەسەلەی بۆچوونی خەڵك لەگەڵ چەمکی شەڕەف و نامووس، خۆشەویستی و ئەوین و دڵداریی گەنجانی وڵات و بەتایبەت کچەکان لە چوارچێوەی فەرهەنگ و داب و نەریتی کۆمەڵگە ڕەنگ دەداتەوە. لە وڵاتێکی پێشکەوتوودا هەرچەشنە توندوتیژییەك دژبە ژنان و منداڵان بەپێی یاسا سزا دەدرێ و میکانیزمی پێویست بۆ بەرگری لە گیانی ئەو ژنانەی کە دەستدرێژییان لێکراوە یاخود گیانیان لە مەترسی کوشتن یاخود هەر چەشنە دەستدرێژی و ئازاری جەستەیی و ڕووحیدایە، لەبەرچاو گیراوە. ئەم کەسانە نە تەنیا لەلایەن سیستمی دادوەری و پۆلیسی وڵات بەڵکوو لەلایەن ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی مەدەنیش پشتیوانی دەکرێن. بەڵام لە وڵاتێکدا کە داب و نەریتی کۆن و وەدواکەوتوو ئاخرین قسە دەکا و یاسا بەهۆی باڵادەست نەبوونی لە کۆمەڵگەدا لەبەرامبەر توندوتیژی لەدژی ژنان بێدەنگی پێشە دەکا و بەشێکی بەرچاو لە عالمە ئایینیەکان لە مزگەوت و هتد لە وروژاندنی پیاوان بۆ ئەنجامی توندوتیژی دژی ژنان دەورێکی سەرەکی دەگێڕن، گیانی ژنان بەهۆی پاراستنی شەڕەفی بنەماڵە زۆرتر لەژێر مەترسی کوشتندایە و ڕادەی کوشتنی ژنان و کچان بە پاساوی شەڕەف

ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە زیادبوون دەکا. زۆرجار بەشێك لە دیاردە نەرێنییەکان بە تێپەڕینی کات دەبنە فەرهەنگی زاڵی نێو کۆمەڵگە و وەکوو دیاردەیەکی ئاسایی لەبەرچاو دەگیرێن، یەك لەوان کوشتنی کچ و ژن لەو وڵاتانەیە کە فەرهەنگی خێڵەکی-ئایینی و پیاوسالار هێشتا باوە و ڕەخنەی لە پێست و گۆشت و خوێنی بەشێکی زۆر لە ئەندامەکانی کۆمەڵگە کردووە. لەم وڵاتانەدا پشتیوانیی شەریعەت و قانوونی دادوەری و دەستەڵات یاخود بێدەنگی ئەوان سەبارەت بەم چەشنە جەنایەتانە بەئاشکرا دەبیندرێ. ڕەنگدانەوەی بەشێکی زۆر لەم جەنایەتانە لە دەزگای ڕاگەیاندنی گشتی و گۆڤاری حیزبە سێکۆلارەکانیش زۆرتر لە چوارچێوەی بڵاوکردنەوەی خەبەر و جاروبار دەربڕینی دڵسۆزییەکی بەتاڵ لە نێوەرۆك و ڕاستیدایە تا لێکدانەوە و خەسارناسیی ئەم دیاردەیە یاخود پێدانی پێشنیارێکی دروست بۆ لەنێو بردن یان پێشگیری‌کردن لە سەرهەڵدانی ئەم ئاکارە نائینسانییانە!؟

لە باشووری کوردستان کە پتر لە ٢ دەیەیە حکوومەتی نیوەسەربەخۆی کورد پێکهاتووە، ڕۆژ نییە کە خەبەری دیتنەوەی تەرمی ژنێك یاخود کچ‌و کوڕێکی لاو بەهۆی پاراستنی شەرەف و نامووسی بنەماڵە بڵاو نەبێتەوە. بەپێی ئەو ئامارانەی کە لەلایەن سایتی وەزارەتی نێوخۆی کوردستان[٣٢] و بەڕێوەبەرایەتیی توندوتیژی دژی ژنان و هتد بڵاو بوونەتەوە؛ ڕادەی سکاڵاکان و توندوتیژی و ژن‌کوشتن بە بۆنەی پاراستنی شەرەف و نامووس لەلایەن ئەندامەکانی بنەماڵە ساڵ بە ساڵ زیاد دەکا و لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا ڕێژەی توندوتیژیی جەستەیی-سێکسی، کوشتن، خۆکوشتن و ئەشکەنجەی ژنان بەهۆی کێشەی نامووسی و خۆشەویستی لە پانتایی هەرێمی کوردستاندا پتر لە پێنج هەزار حاڵەتە. ئەمانە تەنیا بەشێك لەو ئامارانەن کە لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت بڵاو بوونەتەوە، دەنا ڕەهەندی کارەساتەکە زۆر لەمە زۆرترە کە باسی دەکرێ. بەڕاستی چۆن دەکرێ لە وڵاتێکی ئاوا لە چەشنی باشووری کوردستان خەبات لەگەڵ ئەم چەشنە هەڵسوکەوتانە لە کۆمەڵگەدا بکردرێ؟ ئێستا کە کورد لەم بەشەی کوردستاندا حکوومەت و یاسای خۆی هەیە، بۆ بە چەشنێکی جیدی بەربەرەکانی بۆ پێشگیریی لەم کارەساتانە ناکردرێ و بەشی سەرەکیی بکوژانی نامووس‌پەرست بەڕاحەتی و بەبێ هەر چەشنە سزایەك دەرباز دەبن؟ بۆچی لە دەزگای بڵاوکردنەوەکانی گشتیدا ڕەخنەیەکی جیدی لە یاسا و بێدەنگی و بێعەمەلیی

---

[32] http://bgta-krg.org/ku/index.php

حکوومەت و پارلمان و پۆلیس و دەزگای دادوەری ناکردرێ و بایەخێك بە خەسارناسیی فەرهەنگیی کۆمەڵگە نادرێ؟ بەڕاستی چۆن دەکرێ لە ولاتێك کە بیر و فەرهەنگی عەشیرەیی و ئیسلامی یەکێك لە هۆیە سەرەکییەکان و خولقێنەری ئەم چەشنە جەنایەتانەیە، پێشگیری لەم چەشنە کارەساتانە بکردرێ؟

بەباوەڕی من لێرەدا چەند خاڵی گرینگ دەبێ لەبەرچاو بگیرێ، یەکەم فەرهەنگی کۆمەڵگەیە کە گۆڕینی خاڵە نەرێنییەکانی پێویستی بە کارێکی درێژخایەن لە لایەن دەوڵەت، سیستمی پەروەردە و دەزگای ڕاگەیاندنی گشتی و پسپۆڕانی کۆمەڵناس هەیە. دووهەم پەسەندکردنی قانوونێکی ئەمڕۆیی و ئینسانی دژبە هەر چەشنە توندوتیژی، دەستدرێژی، ژنکوژی، هەروەها جیاکردنەوەی قانوونی شەریعەت و سزای ئیسلامی لە قانوونی دادوەری بەپێی مافی مرۆڤە. هەر وەك پێشتر کوترا خاڵی یەکەم نیازی بە کاتێکی زۆر هەیە و ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر شێوەی بارهێنانی وچەی نوێ لە مەدرەسەکان، هەروەها پەرەپێدانی زانست و فەرهەنگی ئەمڕۆیی لە کۆمەڵگەدا. بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجە دەبێ سیستمی پەروەدە لەژێر کاریگەریی ئایین و شەریعەت و داب و نەریتی کۆن و فەرهەنگی خێڵەکی بێتە دەرێ. لەم ڕەوتەدا بێگومان دەزگای بلاوکردنەوەی گشتی و بەتایبەتی تەلەڤزیۆن دەتوانێ ڕۆڵێکی گەورەی بێ و بە پیشان دانی ڕیپۆرتاژ و بەرنامەی بەکەلك دەورێکی باش لە بارهێنان و پەرەسەندنی بیری نوێ و ئەمڕۆیی بگێڕێ.

خاڵی دووهەم یانی پەسەندکردن و جێبەجێکردنی یاسا بەپێی مافی مرۆڤ لە کوردستانە کە پێویستی بە هەنگاوی خێرا هەیە. ئەرکی ڕووناکبیران، حیزبە سێکۆلارە پێشکەوتووخوازەکان، ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ و بە تایبەتی ژنان و مندالانە کە لە هەر چەشنە شێوە و ڕێگایەکی مەدەنی بۆ گوشار هێنان بە دەوڵەت و پارلمانی کوردستان بۆ جیاکردنەوەی قانوونی شەریعەت لە سیستمی پەروەردە و دادوەری و سزادانی سەختی ئەوانەی بکردرێ کە دەستدرێژیی جەستەیی و دەروونی دەکەنە سەر ژنان و کچان و مندالان و، بە بیانووی پاراستنی شەرەف و ناموس ئاوا بێبەزەیانە گیانیان لێ دەستێنن. بۆ ئەوەی ولاتێکی پێشکەوتوومان هەبێ، پێویستە ژن وەك ئەندامێك بە مافی بەرامبەرەوە نە تەنیا لە ژیانی ماڵێدا بەڵکوو لە ڕەوتی گەشەسەندنی تەواوی بوارەکانی کۆمەڵگەدا نەخش بگێڕێ، ئەمە پێداویستی بە پێکهێنانی ولاتێك هەیە کە قانوونێکی سێکۆلار و ئەمڕۆیی بەپێی مافی مرۆڤ لەوێدا

سەرووەر بێ و ڕێگا بە توندوتیژی و سووکایەتی‌کردن بە هیچ تاکێکی کۆمەڵگە نەدا و، ژنان بتوانن بە ئازادی و بەدوور لە هێرشی جەستەیی و دەروونی کەڵك لە ژیانی خۆیان وەرگرن. بەجێ هێنانی ئەم ئەرکە کارێکی هاسان نییە بەڵام کارێکی پێویست و ئینسانییە. خەڵکی کورد بەبێ لادانی ئەم داب و نەریتە وەداوکەوتووە ناتوانێ ڕێگای خۆی بۆ گەیشتن بە ژیانێکی مۆدێرن و ئەمڕۆیی ببڕێ. ئەم ڕاستییە پێویستە وەکوو دیاردەیەکی ئەمڕۆیی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا جێ بکەوێ کە ژن نە کەرەستەی جینسییە و نە کلفەتی ماڵە، ژن نە ناوەندی گوناهە و نە هۆی بێکەرامەت کردنی بنەماڵە، بەڵکوو ژن سەرچاوەی ژیان، هێمنی و خۆشەویستییە. ژن هەر ئەو دایکەیە کە ئێمەی لە باوەشی خۆیدا گەورە کردووە و ڕێگای ژیانی پێ نیشان داوین و بە تەواوی هەستی خۆی گیان و سلامەتیی ئێمەی پاراستووە. ژن سەرچاوەی جوانترین هەستی ئینسانییە کە لە ژیانی ڕۆژانەی ئێمەدا لە دڵسۆزی و خۆشەویستیی دایك و خوشك و ئەوینی هاوسەر و هەست و نازی کچەکانماندا ڕەنگ دەداتەوە.

مارسی ٢٠١٤

# مرۆڤ لە بەرزەخی وتە و کردەوەدا

"مرۆڤ بوونەوەرێکە کە جیهانی
خۆی و بوونی خۆی دەخولقێنێ."
مارکس- دەستنووسە ئابوری و فەلسەفییەکان

زۆر جار بۆ هەڵسەنگاندنی کەسایەتییەکان بایەخ بە وتەکانیان دەدرێ هەتا ئاکاریان. ئەو ئاکارانە تەنیا ناگەڕێنەوە بۆ سەر بۆچوون و هەڵوێستی کەسەکان لەسەر رووداوێکی نێو کۆمەڵگە یان کێشەیەکی سیاسی، بەڵکوو بەشێکی زۆری دەگەرێتەوە سەر شێوازی ژیانی ئاسایی و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بنەماڵە و دۆست و کەسەکانیان. هەروەکوو لە نێو کورداندا زۆر باوە کە دەڵێن: "قسە هەزارە و یەکی بە کارە."

دەڵێن پاش شۆڕشی ئۆکتۆبری ۱۹۱۷ی زایینی و بە دەسەڵات گەیشتنی بۆلشویکەکان لە ڕووسیەدا زۆرجار بەبۆنەی ڕێوڕەسمی ۸ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن، کەسێکیان بۆ باسکردن لەسەر مافەکانی ژنان و ڕێزگرتن لەوان بۆ نێو کۆڕ و کۆبوونەوەکان دەنارد.

ڕۆژێك وتەبێژێکی بەناوبانگیان بۆ کارخانەیەك نارد تا لەسەر کەرامەتی ژن و بنەماڵە قسەیان بۆ بکا، ماوەیەك تێپەڕبوو، هەموو چاوەڕوان بوون، دیتیان متەقی لێوە نایە و ئامادەی قسەکردن نییە. ناوبراو خۆی خافڵاند و بە بیانوویەك وەدەر کەوت و ئیتر نەچووەوە. لێیان کۆڵیەوە، دیتیان لە ڕیزی ئەوەڵی کۆبوونەوەکەدا هاوژینەکەی دانیشتووە. دەرکەوت کابرا بۆخۆی چاکی دەزانی کە ئاکاری خۆی و قسەکانی یەك ناگرنەوە و ژنەکەی دەتوانێ لەوێ بە درۆی بخاتەوە، لەو ڕووەوە وازی لە قسەکردن هێنا و بۆی دەرچوو.

لە نێوان ئەوانەی کە خۆیان بە کەسایەتییەکی سیاسییەوە پێناسە دەکەن و جاروبار لاپەڕەیەکی زۆر بۆ بەرگری لە مافی مرۆڤ و گەلی کورد ڕەش دەکەنەوە، کەم نین ئەوانەی کە لە ژیانی ئاسایی خۆیان لە هیچ چەشنە ئاکارێکی نەشیاو وەکوو

توندوتیژی و قسەی پیس و تۆمەتبارکردنی ئەم و ئەو کۆتایی ناکەن، بەڵام تێدەکۆشن لە بەرامبەر کەسانی نامۆ یان ئەوانەی کە شارەزاییان لەسەر نییە، خۆیان وەکوو ئینسانێکی باش، باوکێکی مێهرەبان، هاوسەرێکی دڵسۆز و خۆشەویست، هاورێیەکی جێگای متمانە و مرۆڤێکی ئەمرۆیی و مۆدێڕن نیشان بدەن؛ بەڵام بەپێی کاراکتێر، فەرهەنگ و کەسایەتیی دوولایانەیان لەهەوەڵین کاتدا ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان نیشان دەدەن و بۆ دەوروبەرەکانیان دەردەکەوێ کە ئەمانە گورگێکن لە کەوڵی مەڕدا.

بەشێك لەم کەسانە تەنانەت سەرەڕای بەسەربردنی ژیانێکی درێژخایەن لە وڵاتە ئورووپاییەکان و دوورکەوتنەوەیان لە کۆمەڵگەی پیاوسالار– ئایینیی خۆیانیش، بەپێی بەرژوەندیی جنسیی وەکوو "پیاو" و "گەورە"ی ماڵ، پارێزەری هەر ئەو داب و نەریتی خێڵەکی-ئۆلییە وەدواکەوتووەی کۆمەڵگەیەکن کە بەپێی بارودۆخی سیاسی و فەرهەنگیی ئەوێ، هەروەها نەبوونی دەرفەت بۆ ژیانێکی ئازاد و ئینسانی بە ناچار بەجێیان هێشتووە.

ئەم چەشنە کەسانە لەژێر کاریگەریی فەرهەنگیی تاك و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی بەجێهێشتووی خۆیان نایانهەوێ کەلك لە بەشە ئەرێنییەکانی فەرهەنگی ڕۆژئاوا وەرگرن، لەنێو بنەماڵەی خۆیان و بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانیان وەکوو خاوەن ملْك هەڵسوکەوت دەکەن.

سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە بەشێك لەوانە کە بەهەڵکەوت یان ئاگادارانە ماوەیەك لایەنگر یان ئەندامی ڕێکخراوەیەکی سیاسیش بوون یان هەن، جاروبار وانەی ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ بە خەڵکی دیکە دەدەن و دەیانەوێ کاریگەریشیان لەسەر ژیان و داهاتووی گەلەکەیان هەبێ و هیوای باش و ئینسانی بەم و ئەو دەدەن، کەچی بۆخۆیان بەشێك لە سناریۆی وەداوکەوتووی فیکر و پەروەردەی پیاوسالار– ئایینین و، هیچ وانەیەکیان لە ئاڵوگۆڕەکانی دنیای ئەمرۆ وەرنەگرتووە و پێیان وایە دەتوانن لە وڵاتێکدا کە یاسا لەوێ سەروەرە بە شێوەیەکی خێڵەکی هەڵسوکەوت بکەن.

ئەو قسەیە دوور لە ڕاستی نییە کە دەگوترێ "لە ماوەیەکی کەمدا دەکرێ شۆڕشێك سەر کەوێ و، دەوڵەت و سیستمێکی سیاسی بگۆڕدرێ، یاخود لەچەندین دەیەدا باری ئابووریش ئاڵوگۆڕێکی گەورەی بەسەردا بێ، بەڵام بۆ گۆڕینی بیر و هزر و

فەرهەنگ و هەڵسوکەوتی بنەڕەتیی نێو کۆمەڵگە جاروبار پێویستی بە ماوەیەکی درێژخایەن و تەنانەت چەند سەدە هەیە."

بێگومان تەنیا نووسین و دەربڕینی وتەی زێڕین و جوان نیشانی ئەمڕۆیی بوونی ئینسان نییە، بەڵکوو هاوئاهەنگیی نێوان قسە و کردەوە و ڕێزگرتن لە کەرامەت و گەورەیی ئینسان کە لە بنەماڵەی هەر کەسێکەوە دەست پێدەکا، پێوەری کەسایەتی و ئەخلاقی هەر مرۆڤێکی دادپەروەر و ئازادیخوازە. پێویستە ئینسانی بەرپرس بۆ ڕۆڵگێرانی ئەرێنی لە ژیانی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا لە پەروەردەکردنی خۆیەوە دەس پێبکا و بەر لە هەموو شتێك خۆی لە کاریگەریی داب و نەریتی کۆن و دواکەوتوو ڕزگار بکا و پاشان وانەی بەڕێوەبردنی ژیانی هاوچەرخ، مرۆڤانە، پێشکەوتوو و بەختەوەرانە بە ئەم و ئەو بڵێتەوە.

سێپتامبری ٢٠١٤

کورته باسێك لەسەر:

## دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە "حکوومەتی بەڕاست ئیسلامیی ئێراندا"

یەکێك لە دروشمە سەرەکییەکانی گەلانی ئێران لە شۆڕشی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا گەیشتن بە دادپەروەریی ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەروەها لەنێوبردنی هەر چەشنە جیاوازییەکی چینایەتی بوو. لە پەنای دروشمە ئازادیخوازییەکاندا، دروشمی"زەوی بدەن بە جووتیار، کارخانە بۆ کرێکار" جێی تایبەتیی خۆی هەبوو. گەلانی نافارسیش بێجگە لە ویستی چینایەتییان، بە هیوای گەیشتن بە مافی ڕەوای نەتەوایەتیی خۆیان لە چوارچێوەی تەسکی"خودموختاری"دا پێشوازی و بەشدارییان لەم بزووتنەوەیەدا کرد. ئەو کەسانەش کە بە هەڵکەوتێکی مێژوویی و لەبەر نەبوونی ئاڵتێرناتیڤ و بەرەیەکی چەپ و نەتەوەیی توانیان لەژێر ئاڵای سەوزی ئیسلامدا بزووتنەوەی تەواوی گەلانی ئێران بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان، بەڵێنی هێنانی پارەی بۆشکەی نەوتیان بۆ بەر درگای ماڵان و هەروەها گەیشتنی تەواوی جەماعەتی بێماڵ و حاڵیان لە ماوەیەکی کورتی ٦ مانگەدا بە ماڵ و ئاوەدانی دەدا.
بە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ڕێبەندان و هاتنەسەرکاری "ئیمام خومەینی" و دەوروبەرەکەی، زۆری نەخایاند داخوازەکانی خەڵك بە گرتن، بڕین و کوشتن وڵام درایەوە و ویستی نەتەوەیی گەلی کوردیش بە تانگ و تۆپ پێشوازی لێکرا. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە خۆپێشاندانەکاندا هاواریان دەکرد: "جێژنانەی بازرگان تۆپ و گوللەیە بۆ کوردان." ڕێبەریی "شۆڕش"یش کە بە گوتنی"هیچێکی" مەزن و مێژوویی لە سەفەری ١٥ ساڵەی گەڕابۆوە، لە پەیامی نەورۆزیی خۆیدا لە وڵامی ئەو کەسانەی داوای"نان، ماڵ و ئازادی" و بەجێهێنانی بەڵێنەکانی کاتی شۆڕشیان دەکرد، فەرمووی: "ئێمە شۆڕشمان نەکردووە شووتی هەرزان بێ، هەر مەڵێن شۆڕش چی بە ئێمە داوە، ئێوە چیتان بە شۆڕش داوە؟" وەك بڵێی ئاغا و نۆکەرەکانی بەبێ ئەوەی خوێن لە لووتی کەسێك ڕژابێ، بە هیممەتی دەستی غەیبی ئیمامی زەمان تەشریفیان هاتۆتەوە ئێران و ئەوە خوێنی بە هەزار مرۆڤی بێگوناە، ئازادیخواز و بەگیان هاتوو لە

زۆر و زوڵمی تاج و تەختی پاشایەتی نەبوو؛ کە تەواوی شەقام و کۆڵانەکانی پێ سوور کرابوو.

بەداخەوە شۆڕشی مەزنی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی نەك، باری ئابووری و کۆمەڵایەتیی خەڵکی باشتر نەکرد، بەڵکوو بەرهەمێکی بەناو ئازادی و دێموکراسیشی نەبوو و بەهۆی یاساکانی سەدەی نێوەڕاستی ڕێژیمی تازە، خەڵکی ئێران زۆربەی ئەو دەسکەوتانەی کە بەرهەمی دەیان ساڵ خەبات و بزووتنەوەی چینی کرێکار و جووتیار و ڕۆشنبیران و ژنان لە سەردەمی حکوومەتی پاشایەتیدا بوو، لەدەستیان دا و دەسکەوتیان هەژاری، کوێرەوەری، شەڕ و گرانی، هەروەها بێکاری، برسییەتی و هتد بوو.

ئەمڕۆ بەپێی لێکۆڵینەوەکانی دوکتور عاشووری کۆمەڵناسی ئێرانی پتر لە ٦٠٪ی خەڵکی ئێران لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین [کاربەدەستانی حکوومەتی ئیسلامی باسی ٣٠ ٪ دەکەن]. بە وتەی ئەبولقاسمی وەحدەتی ئەندامی لێژنەی بەرێوەبەریی ڕێکخراوەی "ئاوەدانکاری و چاکسازی"[٣٣]ی شاریی ئێران لە هەر ٥ ئێرانی یەکیان پەراوێزنشینە، کە ئەوە بۆخۆی نیشاندەری هەژاری و بەرزبوونەوەی ئاستی جیاوازیی چینایەتیی نێو کۆمەڵگەیە. بەپێی ئاگادارییەکی دیکە، شەوانە تەنیا لە شاری تاران پتر لە ٢٠ هەزار کەس لە شەقام و کۆڵانەکاندا دەخەون و هیچ سەرپەنایەکیان نییە. باوکێك لەبەر نەداری و هەژاری گورچیلەی منداڵەکەی و باوکێکی دیکە کچە ١٣ ساڵەکەی خۆی دەفرۆشێ. لە خەڵکی ٧٠ میلیۆنیی ئێران تەنیا نۆزدە میلیۆن و نیو لەم جەماوەرە کاریان هەبوو و لەم ژمارەیەش چوار و نیو میلیۆنیان ئێستا تووشی بێکاری بوون (بە وتەی فەریبورز ڕەییس‌دانا مامۆستای زانستگا، لە ماوەی ٦ ساڵدا ژمارەی بێکاران لە یەك میلیۆن و چوارسەد و پەنجا هەزار کەس بە چوار میلیۆن و نیو گەیشتووە). ڕێژەی ژنانی لەشفرۆشیش لە ئێران بەپێی وتەی دوکتور موعتەمەدی سەرۆکی گشتیی بنکەی زیان پێگەیشتوانی کۆمەڵایەتیی سازمانی بێهزیستی، تەمەنی مامناوەندی لەشفرۆشتن لە ئێراندا گەیشتۆتە ١٦ ساڵ. بەپێی ئاماری کاربەدەستانی حکوومەتی ئیسلامی، ئەمڕۆ یەك میلیۆن و ٧٠ سەد هەزار ژن (واتە ٦٪ ژنانی ئێران) ڕۆژگاریان لە شەقامەکاندا دەبەنە سەر و، بەپێی ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەی "انتخاب" لە کۆتایی مانگی نوامبری ٢٠٠٢ی زایینیدا "لەم ٦ مانگەی دواییدا سەدان جێی ڕابواردن

---

[٣٣] عمران و بهسازی

ئاشکرا کراون و ٢٥ هەزار کەس لەم پێوەندییەدا گیراون". بەپێی ئامارەکانی فەرمیی ئێران، ٧٠٪ی ئەم ژنانە لەبەر هەژاری، بێکەسی و باری خراپ و دڵتەزێنی ئابوورییان پەنا بەم کارە دەبەن. ساڵانە پتر لە ١٦٨ منداڵی ساوا لەنێو زبڵدانەکانی تاراندا دەبیندرێتەوە. هەر حەوتوو ٣٥ کچ لە ماڵەکانیان دەرباز دەبن و ناگەڕێنەوە. ڕۆژانە دەستدرێژیی جینسی لە کچێك دەکرێ، تەنانەت لەشفرۆشتن لەنێو لاوان و کچە خوێندکارەکانیش ٣٦٥٪ چۆتە سەر و تەنیا لە چوار مانگی هەوەڵی ساڵی ١٣٧٩ی هەتاویدا ٣٣٨٦ کەس بە تاوانی"ناتەبایی لەگەڵ داوێنپاکیی گشتی"[٣٤] ڕێیان کەوتۆتە بەندیخانە.

زۆربوونی ژنانی لەشفرۆش سەرچاوەی چوونەسەرەوەی نەخۆشییە جۆراوجۆرەکانی جینسی و عفوونییە. بەپێی ئامارێك ٥٠٪ ئەم ژنانە تووشی نەخۆشیی جینسی وەکوو سووزەنەك، هالۆق (بای بوور)[٣٥] و ئیدز بوون. بەپێی ئامارێکی فەرمی ڕێژەی نەخۆشانی ئیدز لە ئێران بە ٢٠ هەزار کەس گەیشتووە. ٢٤٪ی ئەم کەسانە لە ڕێی پێوەندیی جینسی و ٥٧ هەتا ٦٩٪یان بەهۆی پێوەندی بە مادەی سڕکەرەوە تووشی ئەم نەخۆشییە بوون. ئاماری مامناوەندیی ئەم ڕێژەیە لە جیهاندا ١٢ لەسەدە. بەپێی وتەی دوکتور "یگانە" سەرۆکی ڕێکخراوەی ئیدز و نەخۆشییە جینسییەکانی سەر بە وەزارەتی تەندروستی، لە شاری بیرجەند "٢٠ هەزار کەس لە دانیشتووانی ٦٠ هەزار کەسی یەکێك لە شارەکانی سەر سنووری ئێران ئالوودە بە نەخۆشیگەلی جینسی بوون."

هەژاری و نەداری یەکێك لە هۆیە سەرەکییەکانی چوونەسەرەوەی ڕێژەی جیابوونەوەی ژن و مێرد و هاتنەخوارەوەی ڕادەی زماوەند لە ئێراندایە. جیابوونەوە هەتا ٢٥٪ و زماوەند تەنیا ٢٪ چۆتە سەر و تەمەنی مامناوەندیی زەماوەند بە ٢٦ ساڵ گەیشتووە.

نەبوونی داهاتوویەکی بەرچاو، مەترسیی کۆمەڵایەتی و ئابووری، سترێسی ڕۆژانە لە نێوان خوێندکارانی زانستگاکاندا بۆتە هۆی چوونە سەرەوی ڕادەی خۆکوشتن و کۆچکردنی پسپۆڕان و زانایان. بەپێی وتەی دوکتور مرادی جێگری سەرۆکی لێکۆڵینەوەی زانستگای ئامادەکردنی مامۆستا، لە ساڵی ٨٠-٧٩ی هەتاوی لەنێو

[٣٤] خلاف عفت عمومی

[٣٥] سیفیلیس

کۆمەڵی ٤٥٠ هەزار کەسی خوێندکاردا، ٢٠٠ جار هەوڵی خۆکۆشتن دیتراوە کە سەرەنجامی ٢٠ جاریان مردن بووە.

٦٠ لەسەدی ئەوانەی زانستگای "زانست و سەنعەتیی شەریف" و پەیمانگاکانی پێوەندیدار بەم زانستگایەیان تەواو کردووە کۆچیان بۆ یەکێك لە وڵاتانی ئورووپایی یان ئەمریکا کردووە. کۆچکردن بۆ وڵاتانی ئورووپایی لەم ساڵانەدا زۆرتر باری ئابووری بووە. بەپێی لێکۆڵینەوەی حوسێن لاجەوەردی کۆمەڵناسی ئێرانی، لە ساڵی ١٩٩٧ز.دا پەنابەرانی ئێرانی لە ڕیزی ئەو ١٠ وڵاتەی پێکهێنەری زۆرینەی پەنابەرانی نیشتەجێ لە وڵاتێك وەك بریتانیا بوون، نەدەبیندران، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٠دا، ئێرانییەکان پلەی یەکەمیان لەنێو پەنابەرەکانی ئەم وڵاتە گرتۆتەوە.

چوونەسەرەوەی قەیرانی کۆمەڵایەتی، خەمۆکی، بێکاری و هتد بۆتە هۆی چوونەسەرەوەی ژماری گیرۆدە و تووشبووەکان. ئەمڕۆ پتر لە ٣ میلیۆن و ٧٠٠ هەزار کەس گیرۆدەن و ٧ میلیۆن و ٤٠٠ هەزار کەس لە ئێران دەرمانی سڕکەر و هێدی‌کەرەوە بەکار دێنن. لە ساڵی ١٣٨٠ی هەتاوی پتر لە ٤٠٠ هەزار کەس بەهۆی پێوەندی لەگەڵ مادەی سڕکەر ڕێیان کەوتۆتە بەندیخانە و ئێستا ٩٧ هەزار کەس لەم پێوەندییەدا لە بەندیخانەدان کە ٧٨٠ کەسیان منداڵ و لاوی ژێر ١٨ ساڵن. ئەم ڕێژەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرتر دەبێ. فەرمانداری پیرانشار ڕایگەیاند کە ڕێژەی گیرۆدەکانی ئەم شارە لە ٥ ساڵی ڕابردوودا لە ٣ کەس بە ٣٠٠ کەس گەیشتووە و بەپێی وتەی فەرەیدوون ئەحمەدی جێگری کاروباری فەرهەنگی و پێشگیریی سازمانی بێهزیستیی پارێزگای ئیلام تەمەنی مامناوەندیی گیرۆدەیی لەم پارێزگایەدا لە ٦٠ ساڵەوە گەیشتۆتە ١٦ ساڵ. لە وڵاتێك کە نرخی مادەی سڕکەر هەرزانتر لە شووشە شیرێکە، لە ڕاستیدا دەبێ هەر وەك سەرۆکی بنکەی خەبات لەگەڵ مادەی سڕکەر ئەم پرسیارەی ئاراستەی ئاغای خاتەمی سەرۆك کۆماری "چاکسازیخواز"ی ئێران کرد، لێی بپرسن بۆ لەنێوبردنی هۆگەلی دەروونی، ئابووری و کۆمەڵایەتی پەنا هێنانی لاوانی ئێرانی بە مادەی سڕکەر چ هەنگاوێکیان هەڵێناوەتەوە؟

بەداخەوە باری ژیانی منداڵانی ئێرانی بەتایبەتی دڵتەزێن و سەرسووڕ هێنەرە. ئەمڕۆ نیزیکەی ٢٠٠ هەزار منداڵ و لاوی ئەم وڵاتە ئاوارەی کووچە و کۆڵانەکانن. تەنیا لە شاری تاران پتر لە ٢٥ هەزار منداڵ ئاوارەن و ڕۆژانە ٢٠ هەتا ٢٥ کەسیان لێ زیاد

دەبێ. لێکۆڵینەوەکان پیشانیان داوە زۆربەی ئەم مندالانە خەڵکی پارێزگاکانی خوراسان، کرماشان، کوردستان و لوڕستانن. ئەم مندالانە پارووپەکی باشن بۆ باندە مافیاییەکانی ئێران کە بە دزین و کوشتنی ئەوان، ئەندامەکانی لەشیان لە تورکیە و ئەفغانستان دەفرۆشن و هیچ کەس و ڕێکخراوەیەکیش نییە کە بە هانا و هاواری ئەوانەوە بێ. بەپێی لێکۆڵینەوەکانی دوکتور فاتمەی قاسمزادە ئەندامی کۆمەڵەی لایەنگری لە مندالان، ٢٧٪ی ئەم مندالانە گیرۆدەن، ٤١٪یان خەریکی ئالۆێرچی کردنی مادەی سڕکەرن، ٥٠٪یان خەریکی دزین، ٥٠٪ی ئەم مندالانە دەستدرێژیی جینسییان لێ کراوە، ٨٤٪یان کەمخوێنن، بالای ٨٠٪یان کورت ماوەتەوە، کێشی ٨٦٪یان کەمتر لە ڕادەی ئاساییە، ٦١٪یان تووشی نەخۆشیی هەناسە و ٦٦ لەسەدیان نەخۆشیی دڵ و ڕەگەکانیان هەیە. ٥٦٪ی ئەوان شارەزای خوێندن و نووسین نین، هەروەها ٣٢٪ی ئەم مندالانە لەباری زەینییەوە وەدواکەوتوون. ٨٠٪ی ئەم مندالانە سەرپەرستیان هەیە و ٢٠ لە سەدیان بێسەرپەرستن.

هەرچەند بەپێی یاسای کار لە ئێران کارکردنی منالانی ژێر ١٥ ساڵ یاساغە، بەلام بەپێی ئاماری ساڵی ١٣٧٥ی هەتاویی ٦٠٠ هەزار منالی نێوان ١٠ هەتا ١٤ ساڵە خەریکی کارکردنن. زۆربەی کرێکارانی کارگەکانی قالیچنین مندالانی ژێر ١٤ ساڵن.

لە ناوچەیەك وەکوو سیستان و بەلووچستان ٩٠٪ی مندالانی قوتابخانەکان (لە ٥٥ هەزار قوتابی) بەهۆی هەژاری و نەداری لە گەرمای ٤٢-٣٧ پلە و لە سەرمای ژێروەی ١٢-٨ پلەدا بە پێخواسی و بە جلوبەرگی کۆن و دڕاو دەچنە قوتابخانە. لە ئازەربایجانی ڕۆژهەلاتیش بەپیی وتەی سیرووس سادقی سەرۆکی ڕێکخراوەی ڕاهێنان و بارهێنان[٣٦]ی ئەم پارێزگایە، ٧٣٪ی کچان و ٢٣٪ی کوڕان لە پلەی خوێندنی"ناوەندی"دا دەست لە دەرس خوێندن دەکێشنەوە، ٢٦٥ قوتابخانەی ئەم پارێزگایە مەترسیی ڕووخانیان لەسەرە و نرخی نەخوێندەوارییش ٣١٪ بەرز بۆتەوە، لەم ڕێژەیەش ٦٥.٥٪یان ژنانن. هەروەها بەپێی وتەی بەرپرسی سازمانی نوێژەنکردنەوە و گەشەکردنی پیشەسازیی ئێران[٣٧]، ٩٠٪ی کرێکارانی بەشی سەنعەت کەم خوێندەوار یان نەخوێندەوارن.

---

[٣٦] آموزش و پرورش

[٣٧] سازمان نوسازی و گسترش صنایع ایران

چوونە سەرەوەی نرخی خواردەمەنی و بێدەسەلاتی و نەداریی خەڵك بۆ کڕینی میوە، سەوزی و گۆشت و هتد بۆتە هۆی نەخۆشیی ١٥٪ی منالان. کێشی ١٠.٩٪ی منداڵان لە خوارێیە و ٤.٩ لەسەدیان کز و لاوازن. ئەم ئامارە لە گوندەکاندا ٢ قات لە شارەکان بەرزترە. بەپێی ڕاگەیاندنی دوکتور ڕوبابە شێخولئیسلام سەرۆکی بنکەی "لەشساغی و خۆراك"ی وەزارەتی تەندروستی ٨٠٠ هەزار منالی ئێرانی بەهۆی نەبوونی خواردەمەنی تووشی کورتەباڵایی بوون، تەنانەت لە پارێزگای سیستان و بەلووچستاندا ٣٨٪ی منداڵان لەم پێوەندییەدا کورتەباڵان، ٧٤٠ هەزار منداڵی ئێرانیش کێشی لەشیان لە خوارێیە. هەروەها بەپێی وتەی غوڵامحوسێن زەمانئابادی بەرپرسی بارهێنانی لەشی کوڕانی ڕێکخراوی ڕاهێنان و بارهێنانی تاران بەپێی ئامارێك، لە یەکێك لە قوتابخانەکانی "ناوەندی"ی تاران لە ١٥٠ قوتابی تەنیا ٩ کەس بە تەواوەتی لەشیان ساغە و لە قوتابخانەی شارستانەکانی تاران ئەم ڕەقەمە لە هەر ٦٠٠ کەس ٢ کەس بووە. بەپێی ڕاگەیاندنی پوورمەحیئابادی کارناسی خۆراك ٤٠٪ی خەڵکی ئێران تووشی دیاردەی کەمخواردن بوون. خواردنی گۆشت لە ٣٥٪ بە ٢١٪ گەیشتووە، بەڵام ڕادەی خواردنی ئارد و دانەوێڵە چۆتە سەر. ئەمەش پێشاندری هەژاریی نێو کۆمەڵگەیە. ڕادەی چوونە سەرەوەی نرخی خواردەمەنی لە کۆمەڵی شاری لە ١٢ ساڵی ڕابردوودا ١٣٠٪ بووە و خەرجی کەلوپەلی دیکە لە ٥٥٪ بە ٧١٪ گەیشتووە. کاتێك بەپێی ئاماری بانکی ناوەندیی ئێران نرخی ئاوسانی ئابووری لە چاو ساڵی ٨٠ی هەتاوی لە ١١.٤٪ەوە بە ١٦.٨٪ گەیشتووە، زۆر ڕوونە دەبێ چاوەڕوانی کارەساتی گەورەتریش بین.

ئەمڕۆ هەژاری، نەداری، بێکاری و بێعەداڵەتی، لەشفرۆشیی ژنان، ئاوارەبوون و بێکەسیی منداڵان، پەنابردن بۆ مادەی سڕکەر، زۆربوونی ئاستی جیاوازیی چینایەتی، خۆکوشتن و کوشتنی کەسانی دیکە، هەروەها مەترسیی کۆمەڵایەتی، سترێس و شێوانی باری دەروونیی خەڵك وەك دەسکەوت و بەرهەمەکانی حکوومەتی ئیسلامی ژیانی ٧٠ میلیۆن کەسی خستۆتە مەترسییەوە. ئەمڕۆ شێوانی دەروونی و سترێس لەنێو جەماعەتی هەژار و بەکار هێنانی مادەی سڕکەر بۆتە هۆی نەخۆشیی ڕاوەستانی دڵ وەکوو دیاردەیەکی دەگمەن و بێوێنەی جیهانی لە لاوانی تەمەن ژێر ٢٠ ساڵدا. ڕادەی مامناوەندیی نەخۆشییەکانی دڵ و دەمار لە ئێراندا ٢٠ ساڵ لەگەڵ ولاتانی ئورووپایی و ئەمریکا جیاوازی هەیە. بەپێی وتەی دوکتور هۆرمۆز مەهمەنش

پسپۆڕی نەخۆشییەكانی دڵ و دەمار لە ئێران، ئەو نەخۆشانەی بەهۆی بەسترانی دەمارەكانی دڵ لە ئێران نەشتەرگەری دەكرێن، تەمەنیان لە ٢٥ ساڵییەوە دەس پێدەكا و ئەوپەڕی تەمەنیان ٦٥-٦٠ ساڵە، بەڵام لە ئورووپا و ئەمریكا ئەوانەی تووشی ئەم نەخۆشییانە دەبن تەمەنیان پتر لە ٦٠ ساڵە. هەروەها بەپێی وتەی دوكتور یاسەمی سەرۆكی ئیدارەی بێهداشتی وەزارەتی تەندروستی و دەرمان و ڕاهێنانی بێهزیستی ٢٠٪ی كۆمەڵی ٧٠ میلیۆنیی ئێران واتە ١٤ میلیۆن كەس تووشی تێكچوونی حاڵەتی دەروونی و ڕەوانی بوون.

تاوانكاری بەهۆی بێكاری، گرانی، هەژاریی فەرهەنگی و بۆ دابینكردنی خەرجی ژیان بە نیسبەتی ساڵی ١٣٨٠ی هەتاوی، هەتا ٦٣٪ چۆتە سەرێ و بەپێی وتەی سەرۆكی هێزی دادوەری، ٦ میلیۆن و ٢٠٠ هەزار دۆسیەی تاوانكاری چاوەڕوانی پێڕاگەیشتنن. بەم حاڵەش ئەگەر حكوومەتی ئیسلامیی ئێران توانایی باشتركردنی ژیانی خەڵكی نەبووە، بەڵام بە زیادكردنی یارمەتی بۆ خەرجی كفن و دفنی بیمەكراوەكان لە ٨٠ هەزار تمەنەوە بۆ ١٠٠ هەزار تمەن لەو شارانەی دانیشتووانیان زۆرتر لە ٥٠٠ هەزار كەسە و لە ٥٠ هەزار تمەن بۆ ٧٥ هەزار تمەن لە شارەكانی دیكە، بە لانیكەم هەلومەرجی مردنی خەڵكی پتر بۆ ڕەخساندوون.

ئاخۆ بڵێی بەهۆی ئەو بارودۆخەی حكوومەتی ئیسلامی لە ئێراندا پێكی هێناوە، كاتی ئەوە نەهاتبێ "ئیمامی زەمان" سەرهەڵدا!!!

ڕێبەندانی ٢٠٠٤

# مادەی سڕکەر و قەیرانی ئینسانی لە ئێران

لە ماوەی دەسەڵاتی حکوومەتی ئیسلامیی ئێراندا یەکێك لەو خاڵانەی کە بۆتە هۆی قەیرانێکی ئینسانی و مەدەنی، پەرەگرتن و بڵاوکردنەوەی هەرچی زۆرتری مادەی سڕکەر لە ئێران بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتییە. بەپێی تەواوی ئەو ئامارانەی کە کاربەدەستان یان توێژەرانی ئەمڕۆی ئێران داویانە زۆربوونی ڕێژەی تووشبووانی مادەی سڕکەر و هاتنەخوارەوەی مامناوەندیی تەمەنی ئەم کەسانە گەلێك



بەرچاوە. ئەمڕۆ بەشێکی گەورە لە لاوانی کۆمەڵگەی ئێران گیرۆدەی چەشنە جۆراوجۆرەکانی مادەی سڕکەرن و تەنانەت لە حاڵێکدا ڕەوتی ساڵانەی زۆربوونی حەشیمەت لە ئێران لە سەتا ٢/٦ بەراورد کراوە. ئەم ڕەوتە لە پێوەندی لەگەڵ پەرەگرتنی ڕەوتی ئالوودە بوون بە مادە سڕکەرەکان لە ساڵدا بە سەتا هەشت گەیشتووە. بەهۆی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە کاتێك خۆی وەکوو ئاڵاهەڵگری خەباتی دژبە مادەی سڕکەر پێناسە دەکرد، ئەمڕۆ کۆمەڵگەی ئێران یەکێك لە هەرە نەخۆشترین کۆمەڵگەکانی جیهانە و لاوانی ئەم وڵاتە قوربانیی سەرەکیی ئەم قەیرانە کۆمەڵایەتییەن کە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە سیاسەتەکانی ئەم حکوومەتەوە هەیە؛ کە لە لایەکەوە باس لە پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی پاك و سالم دەکا و لە لایەکی دیکەوە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بۆخۆی هۆی پەرەگرتنی ڕەوتی ئالوودەبوونی ڕۆڵەکانی ئەم وڵاتەیە. قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەهۆی سیاسەتە سەرنەکوتووەکانی کۆماری ئیسلامی لە تەواوی بوارەکاندا، هەروەها بڵاوکردنەوە یان

ئیزن دان بە بڵاوکردنەوەی مادەی سڕکەر لە لایەن بەشێکی بەرچاو لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە، بەتایبەتیی لە کوردستاندا بۆتە هۆی سەرهەڵدانی ڕەوتێکی مەترسیدار کە هێز و توانای بەشێکی زۆر لە لاوان و ئەو کەسانەی کە دەتوانن بەهۆی قەیرانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و ئیدئۆلۆژیك ببن بە هێزێکی بەرچاوی دژبەری کۆماری ئیسلامی، بەرەو نابوودی دەبا. لەم کاتەدا بێگومان ئاشکرا کردنی ئەم چەشنە سیاسەتە گەندەڵانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێگای میدیا کوردییەکانەوە دەتوانێ لە ڕەوتی خاوکردنەوەی سیاسەتی بڵاوکەردنەوەی مادەی سڕکەر دەور بگێڕێ. کۆماری ئیسلامی لە لایەك ڕۆڵەکانی کورد گیرۆدەی مادەی سڕکەر دەکا و لە لایەکی دیکەوە بە بیانووی خەباتی دژی مادەی سڕکەر و پەروەندە دروست کردن ڕەوانەی بەندیخانەیان دەکا و تەنانەت لە سێدارەیان دەدا. سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی وەکوو شیری زولفەقارە و قوربانییەکانی گەنجانی کۆمەڵگەی ئێمەن.

ژووەنی ٢٠١٤

# کوردی ڕۆژهەڵات و هەرێمی کوردستان

# تامو چێژی زیندانی کوردان!

نیزیك به ٢ حەوتوویە ٧ کوردی چالاکی ڕۆژهەلاتی کوردستان له هەولێر پێتەختی باشووری کوردستان له بەندیخانه کراون تا تام و چێژی عەدالەتی حکوومەتێك بچێژن که ئالاهەلگری کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد له چوار بەشی کوردستانی دابەشکراودایە. ئەوەی که تا چ ڕادەیەك ئەم دروشمە له دنیای واقێعدا دروستە و مەسەلەی کورد دەکرێ له ڕێگای ئاشتی لەگەڵ دەوڵەتگەلێك چارەسەر بکرێ که وڵامیان تەنیا گولله، بەندیخانه و له سێداره دانی ڕۆڵەکانی کوردە، بۆخۆی جێگای پرسیارە. بەتایبەتی به لەبەرچاو گرتنی ئەم ڕاستییە که حکوومەتی باشوور و حکوومەتی خودموختاری ڕۆژئاوا بۆخۆیان ئاکامی شەڕ و خەباتێکی درێژخایەن و گۆڕانکاری له سیاسەتی ئەمریکا و ئورووپا له ناوچەی نێوەڕاستدان، نه ئەقڵیەتی ئاشتیخوازانەی سەدام و بەشار ئەسەد. ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانەی باکووری کوردستانیش نه تەنیا بەرهەمی ئاشتیخوازبوونی تورکەکان، بەڵکوو به ڕادەیەکی زۆر بەرهەمی ڕژانی خوێنی هەزاران ڕۆڵەی کورد، پەرەگرتنی بزووتنەوەی جەماوەریی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان و گوشاری وڵاتانی ئورووپاییە.

لەمێژه هەوڵی ئاشتیخوازانەی کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان بەرامبەر به وڵاتانی دراوسێ و پاراستنی بەرژەوەندیی ئەو بەشەی کوردستان به نرخی بەرتەسك‌کردنی چالاکیی حیزب و ڕێکخراوی پارچەکانی دیکەی کوردستان و گرتن و بەندکردنی کوردە بێتاوانەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان تەواو دەبێ. گرتنی ٧ کەس له کوردەکانی ڕۆژهەلات، هەڕەشە و گوڕەشەی فەرمیی کاربەدەستانی هەرێم بۆ سزادانی تاوانبارانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بەپێی یاسا؟؟ که له میدیای کوردستاندا بلاو بوونەتەوە، دەکرێ لەم چوارچێوەیەدا لەبەرچاو بگیرێ. هەمووش بۆ ئەوەی نەکا برادەرانی ئێرانی گومانێکیان بۆ دروست بێ لەسەر ئاشتیخوازیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دڵیان بشکێ!

ئەگەر بەپێی یاساش بوایە دەبوو تا ئێستا مەسەلەی ئەو ٧ کەسە چارەسەر کرابایە و ئەوان لەوە زیاتر لە بەندیخانەی کورداندا نەمابایەن. ئەگەر یاسایەك هەیە، ئەو یاسایە نابێ خۆی تەنیا لە گرتن و سزادانی بێماوە و نادیاردا ببینێتەوە، بەڵکوو پێویستە لەماوەی ٢٤ کاتژمێردا حاڵ و وەزعی تۆمەتبارکراوەکان ڕوون کرێتەوە تا ئەوانیش بزانن لەسەر بنەمای کام تۆمەت گیراون و سزایان چییە. ئایا تەنیا بە هۆی ئەوەی کە ئەم کەسانە ئیزنی پێکهێنانی خۆپیشاندانەکەیان لە ئەستۆ بووە دەکرێ بەم چەشنە بگیرێن و ڕادەستی زیندان بکرێن؟! ئەویش لە حاڵێکدا کە هیچ دەورێکیان لە بەردباران کردنی جاسووسخانەی ئێران لە هەولێر نەبووە! ئەمە سووکایەتی‌کردن نە تەنیا بە کوردی ڕۆژهەڵات بەڵکوو بە یاسای سەر لاپەڕەکانی باشووری کوردستانیشە.

بەداخەوە لەلایەن حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتیشەوە بایەخێکی وەها بەم کارە نەدراوە، تەنیا بەڕێز قادر وریا لە ژمارەی ٦٢٠ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا لە ستوونی نووسراوەکانی "مستەفا شێخە" یەکێك لە بەندکراوەکان، بابەتێکی جوانی لەسەر ئەم کەسایەتییە نووسیوە، بەڵام ئایا هەر ئەوەندە بەسە؟! بێگومان نا. پێویست بوو لە لایەن کومیتەی ناوەندیی ئەو حیزبانەی کە ئەندامەکانیان زیندانی کراون بە فەرمی دژبەم کارە هەڵوێست بگیرێ و داوای ئازادیی ئەوان بکرێ. ئەگەر ڕێبەریی حیزبێك لە وڵاتێکی بەناو ئازاددا وەکوو کوردستان بەرگریی لە مافی ئەندامانی خۆی نەکا چۆن دەتوانێ دەم لە بەرگری‌کردن لە مافی خەڵکی ئاسایی بدا. هەر بەو قانوونەی کە ئەندامی حیزبێك بۆ بەڕێوەبردنی بەرنامە حیزبییەکەی تێدەکۆشێ و تەنانەت گیانیشی لەسەر دادەنێ، هەر بەو قانوونەش پێویستە ڕێبەرایەتی و کاربەدەستانی ئەم حیزبانە پشتیوانی لە مافی ئەندامەکانیان لە کوردستانی ئازادکراویشدا بکەن و مافی ئەوان نەبێتە قوربانیی مەسڵەحەتی بوونیان لە باشووری کوردستان.

نوامبری ٢٠١٣

## "دار هۆرەی لەخۆی نەبێ، ناقەڵشێ!"

ئەم ڕۆژانە هاتنی شاندی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ باشووری کوردستان و پێشوازیی برایانە و گەرمی کاربەدەستانی هەرێم و نوێنەرانی حیزبە سەرەکییەکانی کورد بۆتە هۆی ناڕەزایەتیدەربڕینی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەتایبەتی بوونی بکوژی نەمر دوکتور قاسملوو لەنێو ئەم شاندەدا وەکوو سوکایەتی کردن نەتەنیا بە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو بە پێچەوانە، زۆرتر وەکوو بێڕێزی بە کوردەکانی باشوور و ئەقڵییەتی سیاسیی نەتەوەی کورد پێناسە دەکرێ. لەوەدەچێ بۆ کەس نەبێ کە ڕەخنە لە برادەرانی کاربەدەستی باشوور بۆ پێوەندیی سیاسی و دیپلۆماسییان لەگەڵ ئێران بگرێ، بەڵام جێگای ڕەخنە لەوەدایە کە بۆچی دەبێ کاتێك ئەم بەڕێزانە ئاوا شارەزای ڕووداوە تاڵەکانی خوشك و برایانی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی نگریسی ئیسلامیدان ئاوا بە بەژن و باڵای کۆماری ئیسلامی بێن، بۆچی ئێزن بە هاتنی کەسێك وەکوو سەحراڕوودی بدەن کە دەستی لە کوشتنی یەکێك لە ڕێبەرانی گەورەی کورد بووە و وەکوو بکوژی دوکتور قاسملوو پێناسە کراوە؟ بێگومان مێژوو ئەمانە وەکوو خاڵێکی ڕەش لە دەفتەری هەرێمی کوردستاندا تۆمار دەکا. سەرەڕای ئەمەش من قامك لەسەر خاڵێکی دیکەش دادەنێم، ئەگەر حیزبەکان و نوێنەرانی بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات ئاوا خۆیان بە کۆیە و زرگۆیزەکان و ... نەبەستبایەتەوە و پانتایی کار و چالاکیی خەباتیان، کوردستانی ڕۆژهەڵات بوایە، ئەگەر سەرچاوەی ژین و مانەوەیان نە هەولێر و سلێمانی و نە پارتی و یەکیەتی بەڵکوو چیاکانی کوردستان و پشتیوانیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوایە، ئەگەر بە جێگای لە یەك دابڕان و چەند بەرەکیی حیزب و کەسایەتییەکانی کوردستان، لەسەر چەند خاڵ بە

تەوافوق گەیشتبان و بەرەیەکی خەباتیان پێك هێنابایە، ئەگەر کەسایەتیگەلێك وەکوو کاك خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان — ئێران شانازیی بە دانیشتن لەگەڵ نوێنەرانی ئەمنیەتیی ئێران و هیوای گەڕانەوە بە بارودۆخی پەیامی خومەینی نەکردبا و لە میدیاکانی کوردی و ئێرانی بە بزەی سەر لێوانەوە کاری خۆی بۆ دانیشتنی لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەتی خوێنڕێژی ئیسلامی بەرز نەنرخاندبا، بڵێی ئاوایان پێکردبایەن؟ کورد گوتەنی" دار هۆڕەی لەخۆی نەبێ، ناقەڵشێ".

٢٦ دسامبری ٢٠١٤

# میدیای باشووری کوردستان و سووکایەتی کردنیان بە کوردی ڕۆژهەڵات!؟

یەکێك لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی پیشەیی-زانستیی کۆتایی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم گەشەکردنی تێکنیك لە تەواوی بوارەکان و یەك لەوان بوونی ئینتێرنێت، موبایل و وایبێر، فەیسبووك و زاتلیت و تەلەڤزیۆنی گشتییە. ئەگەر تا یەك دوو دەیە لەوە پێش پێوەندی گرتن لەگەڵ خەڵکی نێوخۆی کوردستان تەنیا لە ڕێگای ناردنی پێشمەرگە و ڕۆژنامە و بەیاننامە بوو، ئەمڕۆ لە چەند چرکەدا لە ڕێگای ئینتێرنێت و یاخود ئەو هەموو تەلەڤزیۆنەی کە بەتایبەتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتیش هەیانە دەکرێ پەیامی پێویست بە خەڵکی ڕابگەیەندرێ.
لە باشووری کوردستانیش بەپێی پێکهاتنی دەستەڵاتی کورد دەیان تەلەڤزیۆنی فەرمی و نافەرمی خەریکی کار و چالاکین و تەلەڤزیۆنەکانی زاگرۆس و کوردستان و بەتایبەتی ڕووداو بەرنامەی ٢٤ سەعاتەیان هەیە و ڕووداو تەنانەت ڕۆژانە بەرنامەیەکی نیوسەعاتەی بە ناوی ڕۆژهەڵات هەیە و جار و بار وتوویژ لەگەڵ بەشێك لە بەرپرسان و چالاکوانانی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکانیش دەکا کە زۆرینەیان ساڵانێکی زۆرە دانیشتوو یاخود میوانی باشوورن و، برایانی باشوور هەرچەند ڕۆژ جارێك وەکوو میواندارێك کە لە بوونی میوانی نەخوازراو ماندوو ببێ بە چەشنێکی زۆر ناشیاو و ناحەز وەبیریان دێننەوە "میوان بوونیش حەد و ئەندازەی هەیە و ئیتر قەرار نییە ئاوا بێتامی کەن و باشترە کەم کەم ڕێگای ماڵیان بگرنە بەر و لەوە زۆرتر نەبنە هۆی کێشە بۆ ئەوان لەگەڵ برایانی لەمێژینەی ئێرانییان" کە بە ٧٠ کەسەوە تەنانەت هەولێریان لە مەترسی گیرانی لە لایەن داعشەوە ڕزگار کرد.
لەو نێوانەدا "ڕووداو" دەورێکی گەلێك خراپ دەگێڕێ و بە ڕۆژی ڕوون سووکایەتی بە ڕۆژهەڵاتیان دەکا. ماوەیەك تا پێش شەهید بوونی نەمر هەژار حوسێنی و شەڕی نیوان پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵات و پاسدار و جاشەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی، پرسی "ئەوە بۆ لێرە دانیشتوون و بە جێگای بەشداری لە شەڕ دژی داعش

و پارێزگاریی خاکی کوردستان و لەبەرچاو گرتنی بەرژوەندیی باشوور ئایا باشتر نییە بچنەوە ڕۆژهەڵات و ئەو هێزەتان لەوێ بەکار بگرن؟" بنێشتەخۆشەی بەرنامەکەیان بوو و زۆر جار شێوەی پرسیار کردنیان وەبیرهێنەرەوەی بازجوویی دەزگا ئەمنییەکانی ئێران بوو، بەڵام ئێستا بە بارێکی دیکەدا کەوتن و پرسیاری سەرەکییان ئەوەیە "بۆ پێشمەرگە دەنێرنەوە و بە شەڕی دژی ئێران بەرژوەندیی ئەوان دەخەنە مەترسییەوە و باشتر نییە بچن لە کۆبانی دژی داعش شەڕ بکەن؟"

لە هەر حاڵدا کوردی ڕۆژهەڵات بەهەر بارێکدا بسووڕێ هەر خەتابارە و تەنیا بەرهەمی ئەم بەرنامەیە بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لاواز و بێکەلك نیشان دانی حیزبەکان و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتە. خاڵێکی دیکەش کە برایانی باشوور و بەرنامەگێڕانی ڕووداو لە بیریان چۆتەوە یان نایانەوێ وەبیری بێننەوە و هەر باسی ئەوە دەکەن کە بۆچی کوردی ڕۆژهەڵات لە باشوور دانیشتوون و ناچنەوە خاکی کوردستانی خۆیان و توانایی ڕووخانی دەوڵەتی تارانیان نییە، ئەوەیە، ئەگەر لە دەیەی ٩٠ی سەدەی ڕابردوودا بارودۆخی نێونەتەوەیی و دژایەتیی ئەمریکا و ئورووپا لەگەڵ عێراق نەبوایە و مەداری ٣٦ دەرجە دروست نەکرابایە و برایانی ئەمریکایی سەدامیان بۆ نەڕووخاندبایە، ئێستاش کوردی باشوور دەبوو قاچێکی لە ئێران و قاچەکەی دیکەی لە سووریە بوایە. بەڵام کورد گوتەنی ڕووی دونیا ڕەش بێ، زەمەن لەگەڵ دۆڕاو و بێدەستەڵاتەکاندا نییە و هەر تازەپێگەیشتوویەك ئەو ئیزنە بە خۆی دەدا ئاوا گاڵتە بە حیزب و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵات بکا، ئەویش لە حاڵێکدا کە سەرۆکەکانیان باش دەزانن لە مێژووی ٥٠- ٦٠ ساڵی ڕابردوودا کاتێك کوردی ڕۆژهەڵات بۆخۆی لەژێر گوشاری حکوومەتە داگیرکەرەکانی ئێران بوو چ خزمەتێکیان بە کوردی باشوور کردووە و ئێستاش لەم بارودۆخەدا پشتیوانیی خۆیان بە کردەوە چ لە نێو خۆی وڵات و چ لە هەندەران بەجێ هێناوە.

ئۆکتۆبری ٢٠١٤

## گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان و ئێمەی ڕۆژهەڵاتی



بەپێی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی هەرێم و پشتیوانیی زۆرینەی حیزبەکانی باشووری کوردستان، ٢٥ی سێپتامبری ٢٠١٧ وەکوو ڕۆژی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دیاری کراوە. بێگومان لە باشوور و دەرەوەی کوردستان ئەم ڕەوتە یار و نەیاری خۆی هەیە و بە چەشنی جیاواز ڕەنگدانەوە و کاردانەوەی بووە.

هەر وەك چاوەڕوانیش دەکرا، ئێران و تورکیە، بەپێی بەرژوەوندیی خۆیان و بەتایبەتی بە هۆی مەترسیی کاردانەوەی سەربەخۆیی باشووری کوردستان لەنێو کوردەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە بەرامبەر ئەم بڕیارە ڕاوەستاون و هەوڵی خۆیان بۆ پێشگرتن لەم هەنگاوە مێژووییە دەدەن.

دەوڵەتی ناوەندیی عێراقیش کە نایهەوێ ئەم وڵاتە دوو لەت بکرێ، دژایەتیی خۆی لەگەڵ ئەم ڕەوتە ڕاگەیاندووە. بەپێی دیپلۆماسی و یاسای نێونەتەوەیی، دەوڵەتەکان بۆیان نییە پێش لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، پشتیوانیی خۆیان لەم چەشنە هەڵوێستانە ڕابگەیەنن.

پێش پێکهاتنی دەوڵەتی هەرێمی کوردستان، دەوڵەتە دراوسێکانی کوردستان، دژی پێکهاتنی هەرێم بوون، بەڵام ڕاستییەکانی ژیان و گۆڕانی بارودۆخی عێراق و ناوچە،

ئەوانی ناچار کرد کە دان بەم ڕاستییەدا بنێن و تەنانەت هەوڵ بدەن پێوەندیی بازرگانی و سیاسی لەگەڵ ئەم ناوچەیە بگرن. لەلایەکی دیکەوە، دەوڵەتی هەرێمی کوردستان پتر لە ٢٠ ساڵە هەیە و تەنیا ماوە قۆناغە فەرمییەکەی بۆ گۆڕانی ستاتووسی خۆی ببڕێ و ببێتە وڵاتێکی نوێ و بچێتە نێو بنەماڵەی دەوڵەتەکانی جیهانەوە. لە ڕاستیشدا دەوڵەتی عێراق لەمێژە زۆرتر لەسەر لاپەڕەکانی یاسای بنەڕەتیی ئەم وڵاتەدایە هەتا لەسەر عەرزی واقیع. ساڵگارێکە کە بەشی عەرەبی (بە سوونە و شیعەوە) و هەرێمی کوردستان وەکوو دوو دەوڵەتی جیا دەجووڵێنەوە و پەتی پێوەندییان گەلێك لەرزۆکتر لەوەیە کە بیری لێدەکرێتەوە.

لە باشووری کوردستان، بێجگە لە ڕەوتی گۆڕان و هێزێکی ئیسلامی، دژایەتییەکی بەهێز لەبەرامبەر گشتپرسی نەکراوە.

لەلایەن خەڵك و زۆرینەی حیزبەکانی باشووری کوردستان، پێشوازی لە ئیدەی گشتپرسی کراوە و دەکرێ ئەم بزاڤە وەکوو ویستێکی مێژوویی لەبەرچاو بگیرێ، تەنانەت ئەگەر ئەم ڕەوتە بەهەر هۆیەك سەرنەکەوێ، نەفسی کارەکە بۆ مێژووی کورد گەلێك پڕبایەخە. ئەم کارە دۆزی ڕزگاریخوازانەی کورد هەنگاوێك بەرەو پێشتر دەبا. پاش چەندین دەیە، ئەمڕۆ کورد لە بەشێك لە وڵاتە دابەشکراوەکەی بە جێگای خودموختاری، خودگەردانی، حوکمی زاتی و هتد، باس لە سەربەخۆیی دەکا و توانیویەتی بیروڕای جیهانیی بۆ ئەم پرسە ڕابکێشێ و ئەو فیکرەی بباتە نێو ڕەوانی کۆمەڵگەی کوردییەوە. ئەم ڕەوتە لە دوارۆژدا کاردانەوەیەکی مێژوویی لەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دەبێ.

ئەمڕۆ پرسی کورد و سەربەخۆیی، بۆتە پرسێکی نێونەتەوەیی و بەشێکە لە هەواڵی ڕۆژانەی بیروڕای گشتیی جیهان. بەخۆشییەوە زۆربەی حیزبە کوردستانییەکانیش وەکوو ئەرکێکی نەتەوەیی پشتگیریی لەم ئیدەیە دەکەن، تەنانەت بەڕێز جەمیل بایك، هاوسەرۆکی "کۆما جڤاکێن کوردستان" ڕادەگەیێنێ کە "گشتپرسیی باشووری کوردستان مافێکی ڕەوای دێموکراسییە و نابێ هیچ کەسێك دژایەتیی بکا."

لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆی باشوور کە بەرەو گشتپرسیی سەربەخۆیی دەڕوا، بەردەوام ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ: بڵێی کێشە سیاسی و ئابوورییەکانی باشووری کوردستان کە بەردەوام لەلایەن دژبەرانی گشتپرسییەوە پێداگری لەسەر دەکرێ، کۆسپێك بۆ گشتپرسی بێ و کوردی باشوور و حیزبە سەرەکییەکانی لەم

قۆناغە مێژووییەدا هەتا چارەسەرکردنی تەواوی کێشە نێوخۆییەکان واز لە پێکهێنانی دەوڵەت و کەیانی کورد بێنن؟
یاخود سەربەخۆیی دەکرێ وەکوو قۆناغێکی تازە پێناسە بکرێ کە ئەرکەکانی بزووتنەوەی کورد دەخاتە ئاستێکی بەرزتر و کاتێك کورد سنوور، دەوڵەتی فەرمی و کەیانی خۆی بە پێناسەیەکی جیهانی و نێونەتەوەییەوە هەبێ، بەپێی ململانێی حیزب و چینەکانی نێو کۆمەڵگە دەتوانێ بەرەو چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوخۆیی بڕوا و بەپێی یاسا و هاوسەنگیی هێزەکان، دەستەڵات تووشی گۆڕانکاری بکا؟
لەم ڕەوتەدا، بێگومان ئەوەی بڕیاری کۆتایی دەدا، کوردی باشووره و ئەگەر پرسی سەربەخۆیی بەپێی بیروباوەڕی ئەوانەی کە بە هۆگەلێك لەگەڵ پرسی گشتپرسی نین تەنیا ویستی یەك یا چەند حیزبی پاوانخواز بۆ چەواشەکاری، ڕاگرتنی دەسەڵات و بێ پێوەندی بە ویستی کوردی باشوور بێ، بێگومان دەبێ چاوەڕەوانی ئەوە بین کە کوردی باشوور لەم گشتپرسییەدا بەشداری نەکا یان دەنگ بە سەربەخۆیی نەدا و خوازیاری مانەوەی لە چوارچێوەی عێراقدا بێ.
بەداخەوە کورد لە مێژووی خۆیدا زۆرجار بە هۆی کێشە نێوخۆییەکان، دەرفەتی باشی لەدەست داوە، ئەگەر ئێمە وانەمان لە هەڵەکانی پێشوومان نەگرتبێ، ئەوە مافی وەچەکانی داهاتوومانە کە بێبەزەییانە دادوەریی نەرێنیمان لەسەر بکەن. لەم پێوەندییەدا پێویستە ئێمەی ڕۆژهەڵاتی لەم هەلومەرجە ئاڵۆزە مێژووییەدا بیر لەسەر چەند خاڵێك بکەینەوە:
١ .کێشە نێوخۆییەکانی باشووری کوردستان وەکوو کێشەی ئەم بەشە لەبەرچاو بگرین و ئەم ڕاستییە قەبووڵ کەین کە ئەو مافی خەڵکی باشووره هەتا بەپێی بەرژوەندیی خۆی لەگەڵ دەسەڵات و حیزبەکانی خۆی هەڵسوکەوت بکا و بڕیار بۆ چارەنووسی خۆی بدا.
٢ .لەهەر حاڵەتێکدا نەکەوینە نێو شەڕ و ململانێی هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان. باشتر ئەوەیە سەرەڕای مافی ڕادەربڕین و هەبوونی هەڵوێست لەمەڕ تەواوی ڕووداوەکانی کوردستان و جیهان، هێز و وزەی خۆمان لەسەر دیتنەوەی نەخشەڕێگایەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەییمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆ بکەینەوە و فارس گوتەنی لە پێوەندی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان نەبینە "کاسەی گرمتر از آش" و "دایە مهربانتر از مادر". کوردستانی باشوور سەربەخۆ بێ

یان نا، ئێمە وەکوو کوردی ڕۆژهەڵات پێویستە سیاسەتی خۆمان نەبەستینەوە بە ڕەوش و بارودۆخی ئەم بەشەی کوردستان و بەپێی هەڵسەنگاندن و بەرژوەندیی خۆمان بەرەو پیری خەبات بۆ مسۆگەرکردنی مافی نەتەوەییمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەنگاو بنێین.

٣ .ڕەخنەگرتن لە سیاسەتەکانی دەسەڵاتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، دێموکراسی، بارودۆخی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی هەرێم، هەروەها شێوەی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئێران، بەتایبەتی ئەگەر لە دژایەتی لەگەڵ بەرژوەندیی نەتەوەیی و بە زیانی ئێمە بێ و هتد، مافی بێ ئەملاولای ئێمەیە، بەڵام ڕەخنەگرتنێك کە هاوڕێ لەگەڵ ڕێز و پێشنیار بێ، نەك بێڕێزی و ڕقهەڵگرتنێکی کوێر.

حوزەیران ٢٣، ٢٠١٧

**موجاهیدین و**

# ئاكامی هێرشی دەوڵەتی عێراق بۆ بنكەی ئەشرەف

بەپێی ڕاگەیاندنی ڕێكخراوی موجاهیدینی گەلی ئێران لە ڕۆژی سێشەممە ٦ی گەلاوێژی ١٣٨٨ (٢٨ی جوولای ٢٠٠٩)، هێزەكانی پۆلیسی عێراق هێرشیان هێنا سەر بنكەی ئەشرەف و لەم ڕووداوەدا پتر لە ٣٠٠ كەس بریندار و ٥ كەسیش كوژراون. هەرچەند ئەم ڕێكخراوەیە بەهۆی نیزیك بوونی بە دەوڵەتی سەدام، بەشداری لە سەركوتی بزووتنەوەی باشووری كوردستان، شێوەی خەباتی هەڵەی لە نێوخۆی ئێران و دژایەتی لەگەڵ بەشێكی زۆر لە هێزە كوردستانی و سەرانسەرییەكان بۆتە هۆی زیان و خەسارەتێكی زۆر نە تەنیا بۆ بزووتنەوی پێشكەوتنخوازی ئێران بەڵكوو بۆ ئەندامانی ئەم ڕێكخراوەیەش، ئەم چەشنە وێكەوتنە لە لایەن دەوڵەتی عێراق لەگەڵ مەسەلەی پتر لە ٣٠٠٠ كەس كە پەنابەری ئەم وڵاتەن و هیچ هیوایەكەیان بۆ وەدەست هێنانی پەنابەری لە وڵاتێكی سێهەم نییە، كارێكی نادێموكراتیكە و تەنیا بۆ دڵخۆشكردنی هەرچی زۆرتری دەوڵەتی ئەحمەدی‌نێژادە كە لە قەیرانی سیاسیی ئەمڕۆی ئێراندا مەترسی لە بوونی هێزەكانی ئەم ڕێكخراوەیە لە ٨٠ كیلۆمیتریی سەرسنووری ئێران هەیە. پێشنیاری دەوڵەتی عێراق بۆ گەڕانەوەی موجاهیدین بۆ ئێران ئەویش لەم بارودۆخەدا بە مانای بۆ سهل‌لاخ‌خانە ناردنی ئەم كەسانەیە كە نیزیك بە ٣٠ ساڵە بەهۆی خەباتی چەكدارانەوە لەگەڵ حكوومەتی ئیسلامیی ئێران لە هەندەرانن، پێشنیاری چوونی موجاهیدین بۆ وڵاتێكی تریش بەبێ یارمەتیی دەوڵەتی عێراق، ڕێكخراوەی نەتەوە یەكگرتووەكان و دەوڵەتانی ئوروپایی و ئەمریكا ئیمكانی وەدیهاتنی نییە. دەوڵەتی ئەمڕۆی عێراق كە بەشێكی زۆر لە ئەندامانی، كاتی خۆی پەنابەری ئێران بوون و تەنانەت بەشێك لەوان بە یارمەتیی ئێران بوون بە كەسایەتیی سیاسی و ڕابردوویەكی پاك و خاوێنتریان لە موجاهیدین نییە، ئەمڕۆ كەوتوونەتە بازنەی مەعامەلەیەكی سیاسی لەگەڵ ئێران كە دەتوانێ لە داهاتوویەكی نیزیكدا داوێنی هێزەكانی تری پەنابەر لە عێراق و كوردستانیش بگرێتەوە. هەر وەك لە ماوەی پتر لە دە ساڵی ڕابردوودا بۆتە هۆی تەسك بوونی سنووری كار و

چالاکیی سیاسیی هێزە کوردییەکانی پەنابەری ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان و دەتوانێ بەو چارەنووسە بگا کە ئەمڕۆ بۆ موجاهیدین پێك هاتووە. بێدەنگیی لەسەر ئەم کارە ناڕەوا و نائێنسانییە خەتایەکی گەورەی سیاسییە کە دووکەڵەکەی دەتوانێ لە داهاتوودا بە چاوی کوردەکانی پەنابەری رۆژهەلاتیش لە باشووری کوردستاندا بچێ. با وەك شێعرەکەی بێرتۆلت برێشتمان لێ بەسەر نەیە کە وتی:

"کەسێك نەمابوو"
هەوەڵ بۆ گرتنی کۆمۆنیستەکان هاتن
من هیچم نەکوت
لەبەر ئەوەی من کۆمۆنیست نەبووم
دوایی بۆ گرتنی کرێکار و ئەندامانی سەندیکا هاتن
من هیچم نەکوت
لەبەر ئەوەی من ئەندامی سەندیکا نەبووم
پاشان بۆ گرتنی کاتۆلیکەکان هاتن
من دیسان هیچم نەکوت
لەبەر ئەوەی من پرۆتستان بووم
سەرئەنجام بۆ گرتنی من هاتن
ئیتر کەسێك بۆ قسە کردن نەمابوو.

"لە وەیشوومەی فاشیستە نازییەکاندا"

جوولای ٢٠٠٩

## "ئاش بە نۆرەیە"

وانەی مووشەکبارانی موجاهیدین لە لیبێرتی
بۆ کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان

وا دەگێڕنەوە، یەکێك لە ڕۆژان "ئیزرائیل" بۆ گیانکێشانی کەسێك دێ، هاتنی ئیزرائیل دەبێتە هۆی پەشۆکانی ئەم کەسە و ئاراستەکردنی پرسیارێك، کە کاکی برا بۆ ئاوا بێخەبەر، ناوەخت و کوتوپڕ بۆ گیانکێشانم هاتووی و پێشتر بە چەشنێك ئاگادارت نەکردمەوە کە کاتی مردنم نیزیکە، تا بەلانیکەم بە بەشێك لە کارەکانم ڕابگەم؟ ئیزرائیل لە وڵامیدا دەبێژێ: مەگەر چەند حەوتوو لەوەپێش چەند شەقام ئەوبەرتر لە ماڵی تۆ، گیانی فلان کەسی ئاشناتم نەگرت، دەڵێ وایە، دیسان دەڵێ مەگەر حەوتووی ڕابردوو ڕووحی فلان کەسم چەند کووچە ئەوبەرتر لە ماڵی تۆ دەرنەکێشا، مەگەر ... و ... ، ئەویش دیسان وڵام دەداتەوە و دەڵێ بەرێوەڵلا وایە! لە کۆتاییدا ئیزرائیل دەڵێ کاکی برا ئەوە ئێستاش نۆرەی تۆ هاتووە، من پێش هاتنم ئەو هەموو شتەم نیشان دای بەڵکوو تۆ بە خۆتدا بێیەوە و پێش مردن بە بەشێك لە کارەکانت ڕابگەی، بەڵام تۆ وەرت نەگرت و بێخەیاڵ دانیشتی !!! ئەوە ئێستاش هاتوومەتە خزمەتت و ئیتر کاتت بەسەر چووە!!

بەداخەوە ئێستاش ئەمە بۆتە نەقڵی ئەمڕۆی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەتایبەتیی لە دوو دەیەی ڕابردوودا شایەدی کارەساتی گەورە وەکوو تێرۆر و کوشتنی بەشێك لە ڕێبەران و سەدان کادر و پێشمەرگەی لێهاتوو و فیداکاریان لە بەشی ئازادکراوی باشووری کوردستان و دەرەوەی کوردستان واتە لە ئورووپا لەلایەن کۆماری سێدارەوە بوون، لەم ساڵانەدا چەندین جار شایەدی کوشتار و گوللەبارانی ئەندامە چەککراوەکانی موجاهیدین و ئێستاش مووشەکبارانیان لە ئۆردووگای لیبێرتی لە بەشی عەرەبیی عێراق بووین، لەم دوایانەشدا شایەدی پیلانی تێرۆری کاك ڕەزا کەعبی، تەقاندنەوەی کەمپەکەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمتکێشانی کوردستان و تێرۆری سێ پێشمەرگەی پارتی ئازادیی کوردستان لە

بەرەی شەڕی دژی داعشدا بووین، بڵێی ئەم نیشانانە بۆ ئەوەی کاتی کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان گەیشتووە، بەس نەبێ؟ بڵێی دەرفەت و دەسەڵاتی کۆماری سێدارە لە باشووری کوردستان بەتایبەتیی لە بەشێ یەکیەتی و گۆڕاندا کەمتر لە بەغدا بێ؟ ئێستا کەوایە ئایا کاتی ئەوە نەگێشتووە قۆڵبەدەست چاوەڕێی سەرهەڵدانی کارەساتێکی ئاوا وەکوو موجاهیدین نەمێنینەوە و ڕێگا چارەیەك بۆ هاتنە دەر لەم قەیرانە بدۆزینەوە؟ بەڕاستی کاتی ئەوە نەهاتووە پێداچوونەوەیەکی جیددی بە شێوەی حیزبایەتی و چارەسەرییەك بۆ ژیانی ئەندامەکان و ئەو بنەماڵانە بکرێ کە ئاوا بێئاسۆ و بێئاوات لەو کەمپانەدا ژیان دەبەنە سەر؟ لەوەدەچێ گوتنی ئەم شتانە بە باوەڕی کەسانێك ئاسان بێ، وایە، بەڵام ئەوانەی کە ئەرکی ڕێبەریی حیزبێك و ژیان و داهاتووی ئەندامەکانیان وەئەستۆ گرتووە لەم بابەتەوە بەرپرسن و دەبێ پێش قەومانی کارەساتەکە ڕێگاچارەیەك بدۆزنەوە، دەنا پاش قەومانی کارەساتەکە شین و گریان چ فایدە!!؟؟

٣٠ تشرینی یەکەم ٢٠١٥

# ئابڕووبەرەی ئابڕووچوو!

" ژیر ئەگەر ناکەسان بیرەنجێنن
دڵی خۆی ئازار نەدا تێ نەگلێ
بەردی بێ قەدر گەر دەفری تەلا بشکێنێ
قیمەتی بەرد ناچێتە سەر، زێڕ داناشکێ "

سەعدی

وەرگێڕ بۆ کوردی: حەسەن ئەییوبزادە.

مارکس دەڵێ: مێژوو دوو جار دووپات دەبێتەوە. هەوەڵ جار تراژیکە و دووهەم جار گاڵتەیە. لە ماوەی سی ساڵ حکوومەتی ئیسلامیدا تۆبە پێکردنی کەسایەتییە سیاسییەکان، ئۆپۆزیسیۆنی دژبە کۆماری ئیسلامی و نیشان دانیان لەسەر شاشەی تلەڤیزیۆن کارتێکەریی خۆی لەنێو خەڵکی ئێراندا نەماوە. ئەو کاتەی کە کۆماری ئیسلامی نامەی سەعادەتی یەکێك لە ئەندامانی ڕێبەرایەتیی "سازمانی موجاهیدینی خەڵکی ئێران"ی لە ڕۆژنامەکان بڵاو کردەوە و ڕۆمای زۆریەك لە کەسایەتی و ئەندامانی هێزە چەپەکان لە پەیکارەوە تا حیزبی توودە لە دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی نیشان دران، بۆ بەشێك لە هێزەکانی دەرەوە و بۆ نێوخۆی ڕێژیم ئەو کارە وەکوو تێکشکانی دوژمنانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و بەرحەق بوونی حکومەتی ئیسلامی دەهاتە بەرچاو. تەنانەت بەڕێوەبەرانی بزووتنەوەی ئازادیی ئێران (نهضت آزادی ایران) و کەسایەتی و هێزەکانی نێوخۆیی ئێران یا پێشوازییان لەم خۆتاوانبار کردنانە کرد یا بێدەنگیان گرتە پێش. بەڵام ئەو کاتە کە ڕیفۆرمخوازەکان خرانە ژێر گوشار، هەلومەرجەکە گۆڕا. تەنانەت دوکتور بازەرگان یەکەم سەرۆك وەزیرانی کۆماری ئیسلامیی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ڕێبەندانی ساڵی ٥٧ گوتی: «... من

باوەڕم بەو قسانە هەیە کە پێش کەوتنە نێو بەندیخانە دەیکەم، ئەگەر کەوتمە بەندیخانە و لەوێ شتێکی ترم کوت، جیدی مەگرن و باوەڕی پێ مەکەن ...».

ئێستاش دوای هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری لە ئێران و سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی و بزووتنەوەی جەماوەریی گەلانی ئێران، دیسان بە شێوەیەکی نەشیاو و ناقانوونی بەندکراوەکان ناچاردەکەن خۆیان لەقاودەن و درۆ بۆ خۆیان هەڵبەستن تا ئەو جێگایەی بە وتەی مووسەوی "ددانی ئەشکەنجەگەر بە ئێسکی ئەشکەنجەکراو گەیشتووە." محەممەد عەلی عەموویی لە ئەندامانی پێشووی دەفتەری سیاسیی حیزبی توودەی ئێران کە پتر لە ٣٥ ساڵ لە بەندیخانەکانی شا و خومەینیدا زیندانیی بووە، چەند ساڵ لەمەو پێش ئاماژە بەم مەسەلەیە کرد کە کاری ساواما لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بە پێچەوانەی ساواك، تەنیا داتەکاندنی زانیاریی بەندکراو نییە، بەڵکوو ئەوان ناچار دەکەن ئەو شتانە بڵێن کە ئەشکەنجەگەر دەیەوێ. شکاندنی کەسایەتی و حورمەتی ئینسانی ئازاد تەنیا نیشاندەری نائینسانی بوونی ڕەفتاری ئەو حکوومەتەیە کە کەرامەتی ئینسان پێشێل دەکا. بیر و نەزەری هەر کەس کاتێك ئەرزشی هەیە کە بەئازادی ڕاگەیەندرێ. ئەو نمایشانەی کە ئەمڕۆ لە ئێراندا، ئەویش دژبەو کەسانەی کە پێکهێنەر و دڵسۆزانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوون دووپات دەکرێتەوە، تەنیا نیشاندەری قووڵتر بوونی ناکۆکییەکانی نێوان کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و گەلانی ئێرانە. وەرگرتنی ئێعتراف لە هەر کەسێك بە تایبەت لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاردا نەك لە کەسایەتیی بەندکراو کەم ناکاتەوە، بەڵکوو دەبێتە هۆی پێکهاتنی نەنگ و نفرینی مێژوویی لە ئەشکنجەکار و ئەو حکوومەت و کارگێڕانەی کە دەیانەوێ بە زۆر بەسەر خەڵکدا زاڵ بن. مێژوو نیشانی داوە کە ئەو جۆرە حکوومەتانە دەوام ناهێنن.

# وەرگێڕانەکان

# زمانی کوردی، گرووپی ئێرانی لە نێوان بنەماڵەی زمانەکانی هیند و ئۆرووپاییدا

ڕۆژنامەی فەڕانسەویی Le Français Dans Le Monde [لە ساڵی ٢٠٠٨ی زایینیدا] سیایی گرینگترین زمانەکانی جیهانی بڵاو کردۆتەوە و زمانی کوردی لە نێوان پتر لە هەزار زمانی جیهاندا لە ڕیزی ٣١دا جێگیر بووە.

گرینگی زمانەکان بەپێی ئەم پێوەرانە بووە:

- ڕێژەی خەڵکێك، کە ئەم زمانە، زمانی زگماکی ئەوانە،
- ڕێژەی وڵاتەکان، جێگایەك کە زمان کاربەریی دەوڵەتی هەیە.
- ڕێژەی حەشیمەتی وڵاتێك کە بەم زمانە قسە دەکەن.
- ڕادەی بەکارهێنانی زمان لە تۆڕی ئینتێرنێتدا
- ڕێژەی بەرهەمی بیانی کە بەم زمانە وەرگێڕدراونەتەوە.
- ڕێژەی تۆمارکردنی فیلم، مۆسیقا و بڵاوکردنەوەی کتێب بەم زمانە و هتد ...

گرینکترین ١٠ زمانی هەوەڵی جیهان بریتیین لە:

١. ئینگلیسی

٢. فەڕانسەوی

٣. سپانیایی

٤. ئاڵمانی

٥. ژاپۆنی

٦. فلامانی (Flemish)

٧. عەرەبی

٨. سویدی

٩. ئیتالیایی

١٠. دانمارکی

زمانی تورکی ٦ پلە سەرتر لە زمانی کوردی واتە لە ڕیزی ٢٥دا جێگیر بووە، بەڵام زمانی فارسی بە پێچەوانە، بە ٥ خاڵ کەمتر، لە نێوان گرووپی ئێرانیی بنەماڵەی زمانەکانی هیند و ئوروپاییدا بە ڕادەیەکی نزمتر دابەزیوە و بەم پێیە زمانی کوردی جێگەیەکی گەلێك گرینکتری [لە بەراوەرد لەگەڵ زمانی فارسی. و] هەیە.

ژووەنی ٢٠١٦

وەرگێڕان لە ڕووسییەوە

# میدالیای سپایی ناودێر کراو به "میدالیای کوردستان"



میدالیای برۆنزی "کوردستان"( له ئارشیوه‌کانی مووزه‌خانه‌ی مێژوویی و ده‌وڵه‌تیی مۆسکۆ پارێزراوه)

له‌تیف مه‌ممه‌د

له ساڵی ١٨٤٢ زایینی ڕاپه‌ڕینێکی‌تری[کوردان] له باکووری کوردستان به ڕێبه‌ریی ئه‌میر به‌درخان، ئه‌میری بۆتان دژ به کۆت‌و به‌ندی عوسمانییه‌کان سه‌ری هه‌ڵدا.

سه‌رهه‌ڵداوه‌کان بۆ ماوه‌ی چوار ساڵ خه‌باتێکی سه‌رکه‌وتووانه‌یان دژ به [تورکه] چه‌وسێنه‌ره‌کان به‌ڕێوه برد. سپای تورکیا له باشترین و لێوه‌شاوه‌ترین یه‌که شه‌رڤانه‌کانی سه‌ر به ناوچه‌کانی خارپوت، ئورڤا، ئامێد(دیاربه‌کر)، ئه‌رزروم، به‌غدا و مووسڵ به ڕێبه‌ریی مارشال حافیزپاشا پێك هاتبوو. هێزه دژبه‌ره‌کان هاوسه‌نگ نه‌بوون و، له ئاکامدا له ٢٧ی جولای ١٨٤٧ به ڕووخانی ئاخرین قه‌ڵای کورده خۆ ڕاگره‌کان – قه‌ڵای ئیروح (Eruh) ، ڕاپه‌ڕینه‌که سه‌رکوت کرا و کۆتایی پێهات.

سوڵتانی عوسمانی عەبدول مەجیدی یەکەم بۆ گرینگی پێدانێکی تایبەتی بەم سەرکەوتنە و پیشاندانی ئەوەی دیسان پادشای "وڵاتە" سەرلەنوێ داگیرکراوەکەیە، فەرمانی لێدانی میدالیای سەرکەوتنی لەژێر ناوی"کوردستان"ی دەرکرد و پاشان پێشکەشی تەواوی ئەو کەسانەی سپای تورکیای کرد کە لە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی کورد بەشدار بوون.

سێ چەشنە میدالیای بە ناوی"کوردستان" بە ڕیز لە زێڕ، زێو و برۆنز دارێژرا: وێرای وێناکردنی شکڵی کێوەکانی کوردستان لەسەر میدالیاکان، وشەی"کوردستان" و ڕێکەوتی[ساڵی] "١٢٦٣" بە پێی مێژووی هیجریی موسڵمانەکان لەسەرەوەی کێوەکان دا نووسرا. لە پشتی میدالیاکە مۆری ئیمپراتووریی عەبدول مەجید دەبیندرێ. ئەستووریی میدالیاکە ٢٩ میلیمیترە.

ئەم میدالیایە پیشاندەری گرینگیدانی ستراتێژیکی عوسمانییەکان بە کوردستانە. گوتەیەکی مستەفا کەماڵ پاشا(ئاتاتورك) دامەزرێنەری کۆماری تورکیای هاوچەرخ هەیە کە دەبێژێ:" ئەوەی خاوەنی کوردستان بێ، خاوەنی ڕۆژئاوای باشووری ئاسیاشە".

سەرچاوە:

http://kurdist.ru/ Воинская медаль «Курдистан»

# شەڕی ناگۆرنی قەرەباغ [قەرەباغی کوێستانی]هیچ شانسێك بۆ بووژاندنەوەی دادگەریی مێژوویی بە دەست کوردەوە ناهێڵێت!

نووسەر: ستانسیلاڤ میخایلۆویچ ئیوانۆڤ[٣٨]

ئەو کوردانەی سۆڤییەت کە لە کۆتایی ساڵەکانی دەیەی ٣٠ی سەدەی ڕابردوو بە زۆر لە ناگۆرنی قەرەباغەوە بۆ وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست (کازاخستان، ئوزبەکستان، قرقیزیا) دوورخرابوونەوە، [بەردەوام] خوازیاری دادگەریی بوون و بۆ ماوەیەکی دور ودرێژ هیوای گەڕانەوە بۆ زێدی مێژووییان لەدەست نەدا.

ئەوەی ئاشکرا و ڕوونە، کوردەکان بە چەشنێکی فەرمی وەکو یەکێك لە گەلە ڕەسەنەکانی ڕووسیا پێناسە کرابوون و چەندیین سەدە لە باشووری قەفقاز ژیابوون. هەرێمی کوردستان کە ناوەندی بەرێوبەرایەتییەکەی شاروچکەی آبدالیار (دواتر کرایە لاچین) بوو، لە ساڵی ١٩٢٣ زایینی لە چوارچێوەی کۆماری ئازەربایجانی یەکیەتی سۆڤییەتی سۆسیالیستی و لە سەر سنووری کۆماری ئەرمەنستانی یەکیەتی سۆڤییەتی سۆسیالیستی پێکهێندرا.

ئەم ناوچەیە بە شێوەیەکی بەربڵاو وەك"کوردستانی سوور" بەناوبانگ بوو و، ڕۆڵی لە بەرزبوونەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی – ڕزگاریخوازی کورد لە تورکیا و ئێران، ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی فەرانسە(سوریا) و بریتانیای گەورە(عێراق) هەبوو. یەکێك لە هۆیەکانی دروستکردنی کوردستانی خودموختار لەم ناوچەیە، هەوڵی حکوومەتی سۆڤییەتی بۆ کەمکردنەوەی ئاستی توندوتیژی لە بەرەنگاربوونەوەی ئەرزیی ئەرمەنستان – ئازەربایجان، لە ڕێگای پێدانی چەند ناوچەی کێشە لەسەر بە لایەنی"سێهەم" و دروستکردنی "ناوچەی ناوبڕە" لە نیوان ئەرمەنستان و هەرێمی خودموختاری ناگۆرنی قەرەباغی ئازەربایجان بوو. ناوی کوردستان ئیتر لە ساڵی ١٩٢١ وە، واتە دوو ساڵ پێش دامەزراندنی فەرمی هەرێمی کوردستان بەکاردەبرا.

---

٣٨ نووسەری وتار ناودێری زانستی مێژووە لە ڕووسیا،

کوردە موسڵمانەکان بە گشتیی بە چەشنێکی چڕ لە هەرێمی کوردستان دەژیان، هوسی حوسێنعەلی ئوغلی حاجیف یەکەم سەرۆکی کومیتەی بەڕێوەبەریی هەرێمی کوردستان بوو. ئەو هەرێمە ناوچەکانی(دایرەی) قەرەقشلاق، کەڵبەجار، قۆتورلو، قوباتلی، کورد – حاجی و موراداخانلی لە خۆی دەگرت. ڕێژەی دانیشتووانی ئەو هەرێمە ٥١،٢ هەزار کەس بوو و، کوردەکان ٣٧،٤٧٠ کەس(٧٣،١٪)، تورکەکان ١٣،٥٢٠ کەس(٢٦،٣٪) و ئەرمەنییەکان ٢٥٦ کەس(٠.٥٪) لەم دانیشتووانەیان پێك دەهێنا. لە تەواوی ناوچەکان بێجگە لە تورکزمانەکانی قوباتلی، کورد زۆرینەی دانیشتووانی پێك دەهێنا. بە پێی زانیارییەکانی ساڵی ١٩٢٥، هەرێمی کوردستان بریتی بوو لە ٦ ناوچە و ٣٣٠ ئاوایی کە لە نێو ٦٣ شوورای دێدا یەکیان گرتبوو. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەم خەڵکە بە ڕادەیەکی زۆر خەسڵەتی عەشیرەیی خۆیانی پاراستبوو، شێوەی ژیانی بەشێك لە کوردەکان لە چەشنی نیوەکۆچەریی بوو، بەشێکی زۆریش لە ئەشکەوت و خێوەتەکاندا دەژیان.

بە هۆی دروستکرانی فێرگە و خوێندن بە زمانی کوردی، هەروەها فێرگە پیشەیی ناونجییەکان لە لایەن حکوومەتی سۆڤییەتەوە، دەیان کورد دەرفەتی خوێندن لە زانستگاکانی یەکیەتی کۆمارەکانی سۆڤییەتی سۆسیالیستیان وەدەست هێنا، ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردی چاپ و بڵاوکرایەوە و ڕادیۆی خۆجیی دەستی بەکار کرد. لەو سەردەمەدا لەو کۆمارانەی سۆڤییەت وەك ئازەربایجان، ئەرمەنستان، گورجستان و تورکمەنستان کە خەڵکی کوردی تێدا دەژیا، ناوەندەکانی کولتوری کوردی و فێرگە و فێرکاریی بە زاراوەکانی زمانی کوردی سازکرا. ئەو بارودۆخ و ڕەوشەی دەرفەتی گەشەسەندنی بە کورد وەکو گرووپێکی ئەتنیکی لە ساڵە سەرەتاییەکانی حکوومەتی سۆڤییەت دابوو، لە ساڵانی دەیەی ١٩٣٠دا گۆڕا. کاربەدەستانی کۆمارەکان دەستیان بە سیاسەتی تواندنەوەی ئیجباریی گەلە کەمینەکان کرد. لە کۆماری ئازەربایجانی یەکیەتی سۆڤییەتی سۆسیالیستیدا ڕێبازی بە تورك کردنی کوردان دەستی پێکرد. لەو کاتە بەدواوە کۆتایی ناوی بنەماڵەتی خێزانێکی زۆری کورد پاشگری" ئوغلی"، "ئیڤ"، "ئۆڤ"، "یان"، " شویلی"، "دزی" و لەم چەشنەی بەخۆیەوە گرت. هەر بە هەمان شێوە، مانەوەی هەرێمی کوردستانیش ئیتر زۆری نەخایاند و بە پێی بڕیاری شەشەمین کۆنگرەی سەراسەری شووراکانی ئازەربایجان لە ٨ ئاوریلی ١٩٢٩ ئەم هەرێمە هەڵوەشێندرا. وێڕای ئەوەش کوردستانی خودموختار لە یەکیەتی کۆمارەکانی

سۆڤییەتی سۆسیالیستی لە ساڵانی ١٩٢٩-١٩٢٣ چووە نێو مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و بڕگەیەکی گرینگی یادەوەری مێژوویی کوردی پێکهێنا.
لە ساڵانی ٤٠-١٩٣٠ کوردەکانی سۆڤییەت هاوچارەنووسی زۆربەی گەلە سەرکوتکراوەکانی تر بوون. بەشێکی زۆریان کە بە گشتی موسلمان بوون لە شوێنی ژیانی هەمیشەییان بۆ ناوچەگەلێك لە کازاخستان، ئوزبەکستان و قرقیزیا دوور خرانەوە کە بۆ ژین شوێنێکی گونجاو نەبوون. تەنیا دانیشتووانی کوردی ئیزیدی لە ئەرمەنستان و گورجستان، هەروەها کۆمەڵگای کوردەکانی تورکەمەنستان لە شوێنی خۆیان مانەوە.
کاربەدەستانی سۆڤییەت ئەگەری هەڵوێستی لایەنگری کردن لە تورکیا و ئێرانیان لە کاتی سەرهەڵدانی شەڕێکی نوێ یان تێکهەڵچوونی چەکداری لە لای باشووری[سۆڤییەت] یان وەکو بیانوو بۆ دوورخستنەوەی کوردان بۆ قەفقاز دەهێناوە. ستالینیستەکان مێژوویان باش نەدەزانی، کاتی شەڕی ڕووس و تورکەکان، تابوورەکانی کورد لە ژێر ڕێبەرایەتی ژنراڵی کورد عەلی ئەشرەف ئاغای شەمسەدین و پاڵەوانییەکی بێوێنەیان لە خەبات لەگەڵ تورکەکان پیشان دابوو. کوردە گیانبەدەربردووەکان وێڕای دوورکردنەوەی بە زۆر و سەرکوت کرانیان لە سەردەمی یەکیەتی کۆمارەکانی سۆڤییەتی سۆسیالیستی، ئازایانە دژ بە داگیرکەرانی هیتلێریی لە ساڵانی شەڕی گەورەی نیشتمانی بەشداریان کرد و، سێ لەوان عینوانی بەرزی قارەمانی یەکیەتی سۆڤییەتیان پێ بەخشراو و هەزاران کەس لەوان بە پێدانی پلە و مێدالیا خەلات کران.
باوەڕیی پێدانەوە بەو کوردە ئازار پێگەیشتوو و بێتاوانانەی کە پاش مردنی ستالین لە ساڵەکانی دەیەی ٥٠ی سەدەی ڕابردوو دەستی پێکرد، بە داخەوە نەبوو بە هۆی بووژاندنەوەی دادگەرییەکی مێژوویی. کاربەدەستانی کۆماری سۆڤییەتی ئیزنی گەڕانەوە بە ماڵ و زێدیان بە زۆرینەی کوردەکان نەدا. هەتا ئێستاش کۆمەڵگای کوردە دوورخراوەکان لە کازاخستان، ئوزبەکستان و قرقیزیا دەژین و، تەنیا کوردە ئیزیدییەکان توانیویانە لە ئەرمەنستان و گورجستان بمێننەوە. پتر لە سەد هەزار کوردی باوەڕپێدراوە هاتنە ڕووسیا و بوون بە شارومەندی تەواو مافی فدراسیۆنی ڕووسیا.
کاربەدەستەکانی ئازەربایجانی سۆڤییەتی بە چەشنی جۆراوجۆر دژایەتیان لەگەڵ گەڕانەوەی کوردەکان بۆ لاچین و ناوچەکانی نزیك بە ناگۆرنی قەرباغ کرد و، پاش

هەڵوەشانی یەکیەتی کۆمارەکانی سۆڤییەتی سۆسیالیستی، ناسیۆنالیزم بوو بە بەشێك لە سیاسەتی حکوومەتیی دەوڵەتی نوێی ئازەربایجان. کوردەکانی ئازەربایجان لەو سەردەمەدا ئیتر بە ڕاستی ئاسیمیلە ببوون و باکو ڕێی نەدا کوردە دەرکراوەکانی پێشووی کوردستانی سوور بگەڕەنەوە بۆ ناگۆرنی قەرباغ.

کاربەدەستانی کۆماری خۆ بە ناگۆرنی قەرەباغ(ئارساخ) ناسێنراو و حکوومەتی ئەرمەنستانیش سەبارەت بە کوردە باوەڕپێدراوەکانی لاچین هەتا رادەیەکی زۆر هەر ئەو هەڵوێستەیان هەبوو. ئەوان پێیان وایە، کوردەکان بە هۆی باوەڕی ئیسلامییان لە کێشەکانی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان ئەگەری ئەوەیان هەیە ببن بە ستوونی پێنجەم.

هەوڵی تازەی حکوومەتی ئازەربایجان بۆ گەڕاندنەوەی کۆنترۆڵی خۆی لە ناگۆرنی قەرەباغ هیچ هیوایەك بۆ کوردە میراتبەرەکانی کوردستانی سوور ناهێڵێت بۆ گەڕانەوەیان بۆ لای گۆڕی پێشینیان و زێدی خۆیان. لە بارودۆخی خراپتربوونی ڕەوشی ناوچە و خۆتێوەردانی تورکیا لەم کێشەیەدا شانسی کوردەکانی لاچین بۆ بووژاندنەوەی دادگەرییەکی مێژوویی دەگاتە سیفر.

سەرچاوە:

***Иванов Станислав Михайлович*** ،Война за Нагорный Карабах не оставляет шансов курдам восстановить историческую справедливость
https://riataza.com/

**بەرهەمەکانی دیکەی ئەم نووسەرە:**

**بە کوردی:**

١. بنەماکانی نەخۆشیی دڵ و ڕەگەکان، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠٢٠

٢. بنەماکانی شێرپەنجەی گەدە – ڕیخۆڵەیی، تیرۆید، مەمك و پرۆستات، د،حەسەن شەتەوی، د.کامەران ئەمین ئاوە، بلاوکراوەی ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی، ٢٠١٨

٣. زانستی پزشکی بە زمانێکی ساکار، چاپی یەکەم دەزگای سپیرێز، باشوری کوردستان ٢٠٠٧، لە چاپدانەوەی دەزگای موکریانی ٢٠١٤

٤. نەخۆشییەکانی هەناو، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠١٢

٥. شوانی کورد، عەرەبی شەمۆ، وەرگێڕان لە ڕووسییەوە، چاپی کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدی خانی، سۆران، باشوری کوردستان، ساڵی ٢٠٢٠

ئامادەی چاپ:

٦. چوار کەسایەتی بە ڕەچەڵەك کورد، وەرگێڕان لە ڕووسی و ئینگلیزیەوە

٧. چوار چەمکی سیاسی، لە ڕوانگەیەکی چەپ و کوردییەوە (دیموکراسی، لیبرالیزم، نیولیبرالیزم، سۆسیالیزم)

٨. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی، کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، (سێ وتار)

**بە فارسی:**

٩. سالم زیستن آموختنی است! انتشارات زانکو بوکان، چاپ اول ١٣٩٠، چاپ دوم ٢٠١٦ آلمان

١٠. واژەنامە پزشکی روسی بە فارسی، انتشارات انوشە، مینسك ١٩٩٤

١١. فرهنگ پزشکی روسی – لاتین بە فارسی و فرهنگ روسی بە فارسی زیست شناسی، انتشارات انوشە، مینسك ١٩٩٦

١٢. تاریخ کردستان، لازاریف، محوی و ... ترجمە از روسی، منصور صدقی و کامران امین آوە، انتشارات فروغ، کلن ٢٠٠٧

۱۳. چپ سنتی و جنبش ملی کرد در ایران، انتشارات روشنگری، آلمان ۱۳۹۵
۱٤. کردستان معاصر، لازاریف، محوی و دیگران ترجمه از روسی، چاپ اول، ۱۳۹۵، چاپ دوم ۱۳۹٦ نشر روشنگری، آلمان
۱۵. افعال و مبانی دستور زبان آلمانی، چارلز جی. جیمس، ترجمه از انگلیسی، نشر روشنگری، چاپ اول ۱۳۹۵
۱٦. شبان کرد، عرب شمو، ترجمه از روسی، نشر توکلی، تهران، ۱٤۰۰ (۲۰۲۱)

آماده چاپ:

۱۷. مبانی پزشکی اعتیاد